ئۆسا ڤەدین Åsa Wedin

# زمان و فێربوون

## ئاخافتن لە زارۆخانە و ساڵانی بەرایی فێرگەدا

نووسەر: ئۆسا ڤەدین Åsa Wedin

ناوی کتێب

Språkande i förskolan och grundskolans tidigare år

زمان و فێربوون – ئاخافتن لە زارۆخانە و ساڵانی بەرایی فێرگەدا

Studentlitteratur 2010

www.studentlitteratur.se

Översättning till kurdiska: Asos Shafeek

تەرجەمەی لە سویدییەوە: ئاسۆس شەفیق

دیزاین: حەمە زانکۆ Designed by M. Zanko

ستۆکهۆلم 2016

تۆڕی فێرکاریی برادۆست www.bradost.net

وەشانخانە و نووسەر مۆڵەتیان داوە بە تەرجەمەکردنی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی. ئەم تەرجەمە کوردییە پێشکەشە بە مامۆستایانی کوردستان، بۆ بازاڕ و فرۆشتن نییە.

تێبینی: پەراوێزەکانی ئەم کتێبە بەرهەمی تەرجەمە کوردییەکەن.

ئەم بەرهەمە بە ئەلفبێی لاتینی:

https://komak.nu/B21/pdf/Ziman_u_Feerbun_B21.pdf

## پێڕست


پێشگوتار ........ 4

پاژی یەکەم: دەستپێک ........ 5

پاژی دووهەم: مرۆڤی ئاخێوەر ........ 11

پاژی سێهەم: فراژووتنی زمان لای زارۆک - زارۆکی ئاخێوەر ........ 24

پاژی چوارەم: «تۆماری زمانەکی» و «شێوەزار»ی هەمەڕەنگ ........ 39

پاژی پێنجەم: تۆماری ئاکادێمیی زانیاربێژ ........ 52

پاژی شەشەم: لە ئاخافتنەوە بۆ نووسین ........ 69

پاژی هەفتەم: ژانرە لە بەرایی تەمەندا ........ 86

پاژی هەشتەم: خوێندنەوەی دەنگدار ........ 95

پاژی نۆهەم: ئاخافتنی نووسراوی ئەلەکترۆنی ........ 101

پاژی دەهەم: فراژووتنی زمان و زانیار - ڕێبازێکی تێکبەستە ........ 109

سەرچاوە ........ 118

**پێشگوتار**

مرۆڤ، وەک زۆربەی شیردەرەکانی دیکە، خولیایەکی بەهێزی هەیە بۆ کاروباری جڤاکی و بۆ ڕاگەیاندن، بەڵام توانای بەرزی ئافراندن و خواستی هەمەجۆر، تایبەتە بە مرۆڤ. ئەم کتێبە باس لەوە دەکات زارۆک و مرۆڤی ڕسکاو چۆن وێکرا و بە شێوازی فرەجۆر، بە زمانی فرەجۆر و بە دەستاوێژی فرەجۆر، پەرە بە ڕاگەیاندن دەدەن. مرۆڤ هەتا زێدەتر بچێتە بنجوبناوانی و بکۆشێت بۆ پەیبردن بە ڕاگەیاندنی مرۆڤکار[1] و فراژووتنی ئەو ڕاگەیاندنە، پتر سەرسام دەبێت بەو فرەڕەنگییە سنووربەدەرە، بەو ئاڵۆزی و گۆڕانە بەردەوامە. ئەوجا ئێمە دەرک دەکەین بەوەی هەرگیز ناتوانین بە تەسەلی تێبگەین مرۆڤ چۆن فێری زمان دەبێت و چۆن پەرەی پێ دەدات. ئێمە تەنها دەتوانین گریمانەی هەڵکشیو داڕێژین دەربارەی ئەو ڕەوتە. لەم کتێبەدا دەمەوێت وێنەیەکی بناخەیی پێشکەش بکەم لەوەی دەیزانین دەربارەی زارۆک چۆن لەتەک دەوروبەردا پەرە بە زمان دەدات و بەکاری دەهێنێت، هەم زارەکی و هەم بە نووسین.

هەم تۆژینەوەکانی ئەم بوارە و هەم ئەزموونەکانی ژیانی خۆیشم بوونەتە دەراوی ئەم کتێبە. بەشێکی ئەزموونەکانم دەگەڕێنەوە بۆ ئاوایی Docksta ی سەربە دەڤەری Ångermanland ی باکووری سوێد، کە نشیمەنیی منداڵیمە و لەوێ ئەزموونەکانی زمانەکیی خۆم هاتنە داڕشتن. کارگەی داربڕینەکەی «دۆکستا» و هەلومەرجی دەوروبەری ئەو کارگەیە تاوی گەورەی لەسەر فراژووتنی من هەبوو. خوێندنم لە فێرگەکانی ئەو دەڤەرە: Dockstaskolan, Nätraskolan & Ådalsskolan وێنەیەکی سەرەتایی پێ بەخشیم دەربارەی زاراوە[2] (دیالەکت) چۆن دیدی مرۆڤ لە خۆی و لە بەرانبەر دەرەنگێنێت. بۆ خوێندنی ئاستی باڵا[3] ئۆتۆبوسی فێرگە بە نێو Skuleskogen دا ڕووەو باکوور دەیبردین بۆ Bjästa. پاشان بۆ خوێندنی ئامادەیی ئۆتۆبوس بەرەو باشوور دەیبردین بۆ Kramfors. ئەم هاتووچۆیانە جێگۆڕکێیەکی تەنها فیزیکی نەبوون، هاوکات «زاراوەکی»یش بوون. بەبیرم دێت چۆن بەدەم ڕەوتی ئۆتۆبوسەوە هەستم دەکرد زمان دەگۆڕم.

ئەو کەسانەی لە تەمەنی خۆمدا تووشم هاتوون، وەک فێرخواز، فەریکەمامۆستا، مامۆستای ئاستی بەرایی، مامۆستای فێرگەی مامۆستایان و تۆژەر، گشتیان و بە شێوەی فرەجۆر یاریدەر بوون لە داڕشتنی زانستی من دەربارەی زارۆک، زمان و فێرکاری.

سوپاسی تایبەتم بۆ...

Vikmanshyttan, september 2010

Åsa Wedin

---

[1]– مرۆڤکار: سەربە مرۆڤ. ئەم پاشگری «کار»ە لێرەدا بۆ ئاوەڵناوە، وەک سوورکار و سپیکار.

[2]– زاراوە: Dialect، دیالەکت. بڕوانە «شێوەزار».

[3]– خوێندنی فێرگەی بنەڕەتی کراوەتە سێ ئاست: بەرایی: بۆ پۆلەکانی یەکەم تا سێهەم، ئاستی نێوەند: بۆ پۆلەکانی چوارەم تا شەشەم و ئەوجا ئاستی باڵا بۆ پۆلەکانی هەفتەم تا نۆهەم.

## پاژی یەکەم: دەستپێک

زمان سەنگی تایبەتی هەیە بۆ فێرگە و خوێندن. سەختە کاروبارێکی فێرگە بدۆزیتەوە زمان شانۆرەی تێدا نەبێت. لێرەدا فێرگە جودایە لە بوارەکانی دیکەی جڤاک، بۆ نموونە تەنسازی،[4] بازرگانی و پیشەسازی. لە سەرانسەری خوێندندا گرینگە، دەرکی زووتری فێرخواز، توانا و زانستیان بکرێتە سەرشار. کەواتە ئێمە دەبێت وێنەیەکی دروستمان هەبێت لەو ئەزموونە زمانەکییەی فێرخواز هەیەتی و لەو توانا زمانەکییانەی پەرەی پێداون. ئەم کتێبە لە ڕوانگەیەکی «جڤاکی – فەرهەنگی»[5]یەوە دەڕوانێتە زمان (Säljö 2005)، زمان دەبێتە دیاردەیەکی جڤاکی، فەرهەنگی و مێژووکرد بۆ توێژینەوە.

زارۆک دێتە بەستێنی جڤاکییەوە و بەدەم بەشداربوون لە ئافراندنی زماندا، پەرە بە زمان دەدەن. زارۆک لە نێوان ژینگەی زمانەکیی جوداوازدا خەریکی هاتوچۆن و لەوێدا ڕاگەیاندن و کارلێکی فرەجۆریان دەبێت لەتەک ئەوانە تووشیان دێن. کەواتە سەرشاری باس ئەوەیە، ئێمە لە جڤاکێکی فرەزماندا دەژین و ئەو زارۆکانەی لە زارۆخانە و فێرگەدا تووشیان دێین، زووتر لە بەستێنی جودادا تووشی زمانی جودا هاتوون. ئەو فرەزمانییەی لای ئەوان گەشەی کردووە دەبێت پاشان لە فێرگەدا پتر گەشەی پێ بدرێت بۆ ئەوەی فێرخواز ببنە مرۆڤی فرەزمانی خاوەن توانای ڕاگەیاندن و کارلێک لەتەک کەسانی دیکەی ئەم جڤاکە فرەزمانە. بۆیە فرەزمانەتی[6] لەم کتێبەدا وەک نۆرم هەڵسوکەوتی لەتەک دەکرێت.

نەریتی فێرگە لە سوێد نۆرمێکی تاکزمانی هەبووە. پێشمەرجی خوێندن ئەوە بووە گشت فێرخوازان بە پاشخانی وێکچووی زمانەکییەوە دێنە فێرگە، واتە یەک تاکەزمانی سوێدی. بەڵام جڤاکی سوێد تاکزمان نییە و هەرگیز وەهایش نەبووە. ساڵانی 1600-1500، کاتێک هەڵمەتی بەرنامەدار بۆ خوێندەواریی جووتیاران لە سوێد خرایە گەڕ، هەمەڕەنگیی زمان بەرین بوو. گەل بە زاراوەی جۆراوجۆر دەئاخفین، کە زۆریان بە سەختی لای یەکدی بەردەرک[7] بوون. لە هەرێمی Tornedal[8] شێوەزارێکی[9] فینیی[10] برەوی هەبوو جوداواز لە شێوەزاری دیکەی برەویان هەبوو لە دەڤەرەکانی دیکەی دانیشتووی فینییان زۆر بوو، بەتایبەتی لە دەڤەری دارستانە بەرینەکان. سامەکان[11] بە شێوەزاری جۆراوجۆری زمانی سامی دەدوان و بەهاسانیش لە نێو خۆیاندا بەردەرک نەبوون. جگە لەوانەش، بازرگانی ئاڵمان ماوەیەک لە سوێد دەگەڕان و هەروەها ڤالۆنی[12] Walons فرانسیزمانیش سەنگێکی

[4]– تەنسازی: تەندروستی، ساخڵەمی، بە کەمێک چاوپۆشین دەبێتە چەمکێکی گشتی، ساخڵەمیی هەم لەش و هەم دەروون دەگرێتەوە.

[5]– ڕوانگەی جڤاکی – فەرهەنگی: Sociocultural perspective.

[6]– فرەزمانەتی: Multilingualism. فرەزمانەکی: Multilingual.

[7]– بەردەرک: Comprehensible. دەکرێت دەرکی بکەیت، پەی پێ بەریت، تێی بگەیت.

[8]– تورنەدال Tornedal هەرێمێکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوێد و باکووری ڕۆژاوای فینلاند.

[9]– شێوەزار: Variety (linguistics). چەمکی «شێوەزار» سەربە بواری زمانەوانییە و مەبەست لێی شێوەیەکی زمانە و خۆپەرێزە لە بەکارهێنانی چەمکی «زمان» یان «زاراوە» کە جار هەیە دەرهاویشتەی هەستیاری دەبێت. بڕوانە «زاراوە».

[10]– فینی: زمانی فینی Finnish language، زمانی گەلی فینی، دانیشتوانی وەڵاتی فینلاند.

[11]– سام: Sami, Saami گەلێکن هەرێمەکانی باکووری وەڵاتانی سکاندیناڤیا و ڕووسیا نیشتیمانیانە، پێی دەگوترێت سامەستان: Sápmi, Sameland. زمانەکەیان، زمانی سامی Sami دەستەزمانێکە، وەک فینی، سەربە خێزانی زمانە ئورالییەکان: Uralic languages.

[12]– ڤالۆنی Walons، گەلی هەرێمی ڤالۆن Wallonia لە وەڵاتی بەلژیک.

گەورەیان هەبوو لە کانکاریدا.[13] پاشایەتی و بەگزادان لە سەردەمانێکدا کەموزۆر فرانسیزمان بوون و هەروەها گرووپانی ڕۆمان (دۆم)[14] – یش لەمێژە بە زۆر شوێنی وەڵاتدا بڵاون. کەسانی کەڕیش هەردەم هەبوون و زمانی فرەجۆریی ئاماژەیان بەکار بردووە.

ئەم فرەزمانییە هەمیشە لە سوێد هەبووە، لەم پەنجا ساڵەی ڕابوردوودا فرەوانتر بووە، هۆکاریش زیادبوونی کۆچ، گەشت و ڕاگەیاندنە کە باڵ دەکێشێت بەسەر هەرێمی ئێتنی و زمانەکیی جۆراوجۆردا. لەبەر ئەوە کارێکی لەبارە گەر خۆمان لە نۆرمی تاکزمانەتی لابدەین و تێبگەین کە زارۆک لە دەوروبەرێکی فرەزماندا هەڵدەسووڕێت و پێویستییان بە یارمەتییە بۆ پەرەدان بە توانای فرەزمانەکیی خۆیان. دەبێت ئەم دیدە بکەینە سەرشار بۆ کاروباری زارۆخانە و فێرگە.

دەشبێت بزانین کە پلەی فرەزمانەتی جۆراوجۆرە و لەبەر ئەوە بەستێن هەیە باس لە فێرخوازی تاکزمان و فێرخوازی فرەزمان دەکات. بۆ نموونە ئەو زارۆکەی لە نێو خێزانی خۆیدا زمانێکی دیکەی هەیە و هێشتا زمانی زۆرینە (سوێدی لە سوێد) بە هەمان ئاستی هاوپۆلی سوێدیزمان – ئەوانەی زمانی نێو خێزانیان تەنها سوێدییە – نازانێت، پێویستی بە جەختی زێدەترە لەسەر گەشەی زمان. کەواتە ئەو چەمکەی زارۆکی تاکزمان و فرەزمان لەم کتێبەدا بۆ ئەو مەبەستانە بەکار دەهێنرێن. تەنانەت چەمکی یەکەمزمان و دووهەمزمان دێتە پێش بۆ ڕاڤەکردنی دۆزی پەیوەند بەو زارۆکەی زمانی سوێدی پێش یەک یان چەند زمانێکی دیکە فێر دەبێت.

هەڵگێڕانەوەی چەمکەکان بەوەی فرەزمانەتی ببێتە نۆرم کار دەکاتە سەر دیدمان لەوەی فێرگە چی بە کێشە بزانێت. نۆرمی تاکزمانەتی پەلکێشمان دەکات بەرەو باوەڕهێنان بەوەی فرەزمانەتی کێشەیە. لە مێژووی فێرگەی سوێددا دەبینین کە تەنها لە بوارێکی بەرتەسکدا توانیومانە پێداویستیی فێرخوازی فرەزمان دابین بکەین. ئەدی گەر فرەزمانەتی بە نۆرم بگرین چ کاریگەرییەکی دەبێت؟ لەوانەیە ئەو دەم بتوانین ئەو بوونە هێزەکییە[15] ببینین کە هەیە لە زانستی فێرخوازی فرەزماندا. لەوانەیشە ببێتە مایەی دەرککردنمان بەوەی فێرخوازی تاکزمان هەیە پێویستی بە یارمەتییە بۆ پەرەدان بە تۆمار و شێوەزاری دیکەی زمانەکی.

مرۆڤی فرەزمان هەر ئەوە نییە چەند زمانێک دەزانێت، لەتەک ئەوەشدا هونەری بەکارهێنانی ئەو زمانانەش دەزانێت، کەی و لەتەک کێ بیانخاتە کار. کەواتە، لەبری ئەم ڕوانگە کەماسیبینەی ئەمڕۆ هەمانە، دەتوانین ئەو توانا، زانست و ئەزموونانەی فێرخوازی فرەزمان دەرک بکەین کە لەگەڵ خۆیان دەهێننە فێرگەوە.

لە نەریتی فێرگەی سوێددا، فێرگەی بنەڕەتی و بەتایبەتی ساڵی یەکەم، جەختی خستۆتە سەر فراژووتنی «سەواد».[16] بەتایبەتی فێربوونی خوێندنەوە شانۆرەی هەبووە. بەڵام ماوەی بیست ساڵێک دەبێت سەواد پتر وەک ڕووکار لە فراژووتنی زمان سەیر دەکرێن. هاوکات دەرکیش بەوە کراوە کە دنەدانی چالاکیی زمانەکی لە زارۆخانە و پۆلی ئامادەکار[17] سوودبەخشە نەک تەنها بۆ پەیداکردنی سەواد، بەڵکوو بۆ فێربوونیش بەگشتی. لەبەر ئەوەیە ئێستا چەمکی «فراژووتنی زمان، سەواد» برەوی پەیدا کردووە و بۆتە بەشێکی گرینگ لە

---

13– کانکاری: Mining، کارکردن لە کاندا بۆ دەرهێنانی کەرەستەی ناخی زەوی.

14– ڕۆمان: دۆم Romani people.

15– بوونی هێزەکی: Potential، سەرچاوە: جەلیزادە، «مرۆڤ و دەوروبەر».

16– سەواد: توانستی خوێندنەوە و نووسین، Literacy.

17– پۆلی ئامادەکار: پۆلی سفر، پۆلی بەر لە پۆلی یەکەمی فێرگە.

چالاکییەکانی نە تەنها ساڵانی بەرایی فێرگە، بەڵکوو ساڵانی بەر لە فێرگەش. هاوکات هۆشیارییش فرەوانتر بووە دەربارەی گرینگیدان بە فراژووتنی سیستەمی نووسین لە گشت ماوەی خوێندندا.

ئەم گۆڕانکارییانە بۆتە هۆی گۆڕانی ئەو مەرجانەی هەن لەسەر کارمەندی ئەم بوارە: زارۆخانە، پۆلی ئامادەکار و ساڵانی بەرایی فێرگە. زۆربەی مامۆستایان خاوەن بڕوانامەی مامۆستایەتی لە ساڵانی بەرایی فێرگەدا، خوێندنێکی بناخەییان هەیە دەربارەی هەلومەرجی فراژووتنی سەواد لای منداڵ، بەڵام لە زۆر باردا چ خوێندنێکیان دەربارەی فراژووتنی زمان بەگشتی لای منداڵ، نەدیوە. مامۆستایان و چاودێرانی زارۆک لە زارۆخانە لە هەندێک باردا جۆرە خوێندنێک دەبینن دەربارەی فراژووتنی زمان لای منداڵ بەڵام بەگشتی دەربارەی هەلومەرجی فراژووتنی سیستەمی نووسین نییە. فراژووتنی زمان لای ئەو زارۆکانەی لە ژینگەیەکی فرەزماندا گەورە بوون، بەشێک نییە لە خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتی، مەگەر دەگمەن.

لەبەر ئەوە مەبەستێکی ئەم کتێبە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە. کتێبەکە باس لە هەلومەرجی بناخەیی بۆ فراژووتنی زمان دەکات و جەختی لەسەر زارۆکی یەک تا دوازدە ساڵە، هەم ئەو زارۆکەی لە ژینگەی تاکزماندا گەورە دەبێت و هەم ئەوەی لە ژینگەی فرەزماندا.

لە پاژی دووهەمدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئاخێوەر ڕاڤە دەکرێت. مەبەست لە زمانزانی، زانینی زمانێک واتای چییە، هەروەها جوداوازیی زمانی زارەکی و نازارەکی چییە، لێرەدا دێنە بەرباس. ویڕای ئەوەش، دۆزی زمانی گرینگ بۆ کاروباری زارۆخانە و فێرگە، بۆ نموونە زمانی خوێندن بەرانبەر زمانی ستاندارد و هەروەها پرسی جوداوازیی زمان و زاراوە، بەسەر دەکرێنەوە.

پاژی سێهەم باس لە هەلومەرجی فراژووتنی زمان دەکات لای زارۆک، هەم ئەوانەی بە پلەی یەکەم لە ژینگەی تاکزماندا گەورە دەبن و هەم ئەوانە لە ژینگەی فرەزماندا گەورە دەبن. چەند بیردۆزەیەک[18] دەربارەی فراژووتنی زمان پێشکەش دەکرێن و هەروەها سەنگی «بەستێنی جڤاکی» بۆ فراژووتنی زمان ڕوون دەکرێتەوە. بەتایبەتیش جەخت دەخرێتە سەر پەیوەندیی نێوان فراژووتنی زمان و زانیار لە فێرگە و زارۆخانەدا.

پاژی چوارەم تەرخانە بۆ ڕاڤەی فراژووتنی تۆمار یان شێوەزاری جۆراوجۆری زمانەکی، هەم فراژووتنی فرەزمانەتی و هەم فراژووتنی زمانی جودا بۆ بەستێنی جودا. سەنگی تایبەت دەدرێتە فرەزمانەتی لە زارۆخانە و لە فێرگەدا. ئەنجامی تۆژینەوە دەربارەی ڕێکخستنی جۆراوجۆر بۆ خوێندنی فێرخوازی فرەزمان، پێشکەش دەکرێن.

لە پاژی پێنجەمدا، ڕاڤەیەکی بنەڕەتی هەیە دەربارەی ئەو زمانەی خوێندن کە زانیاربێژە[19] و لە فێرگەدا بەکار دەهێنرێت بۆ دەربڕین لە زانیار و بەدەم هەڵکشانی ساڵانی خوێندن لە فێرگەدا، گەشاوەتر دەبێت. چەمکی وەک:

[18]- بیردۆزە: Theory، تیئوری، تیۆری، نەزەرییە... لەم کتێبەدا «بیردۆزە» بەکارهێنراوە لەبەر ئەوەی لە هەموان پتر خۆشکار و خۆشگەردانە، بۆ نموونە بیردۆز: theorist، بیردۆزەکی: theoretic, theoretical، بیردۆزانە: theoretically، بیردۆزاندن: theorization و... هتد.

[19]- زانیاربێژ: پەیوەندیی هەیە بە زانیارەوە. لێرەدا زمانی خوێندنی زانیاربێژ واتە ئەو زمانەی لە خوێندندا بەکار دێت و پەیوەندیی هەیە بە زانست و هونەرەوە. بڕوانە چەمکی «زمانزانیی زانیاربێژ».

ژێرخان، ژوورخان، زمانی نێزیک[20] و زمانی دوور،[21] و هەروەها «زمانزانیی ڕاگەیەن»[22] Basic interpersonal communicative skills (BICS) و «زمانزانیی زانیاربێژ»[23] Cognitive academic language proficiency (CALP) گوتوبێژ دەکرێن.

پەیوەندیی نێوان ئاخافتن و نووسینی جۆراوجۆر لە لایەک و «تۆماری ئاکادێمی»[24] لە لایەک، دێتە بەرباس. سەرباری ئەوەش کاریگەریی هەم «کارلێکی نێو پۆل» و هەم خوێندن لەسەر گەشەی زمانزانیی زانیاربێژی فێرخواز لە فێرگەدا، ڕاڤە دەکرێت.

پاژی شەشەم باس لە توانای فرەجۆری زمانەکی دەکات کە وەها باشە زارۆک پەرەیان پێ بدات بەر لەوەی فراژووتنی سیستەمی نووسین بکەوێتە گەڕ. دەستپێکی ئەم پاژە کورتەباسێکە دەربارەی خوێندنی زمانی نووسین لە سوێد. ئەوجا ئامۆژگاریی کردەکیشی تێدایە بۆ پەرەدان بە زمانی زارۆک، بەتایبەت لە زارۆخانە و پۆلی ئامادەکاردا. لێرەدا جەخت دەخرێتە سەر توانای تێکستکاری[25] و هەروەها سەنگی کارلێکی نێو پۆل. کە دێتە سەر ڕاڤەی فراژووتنی سیستەمی نووسین، سەر سەواد، جەخت دەخرێتە سەر فێرخوازی سەربە زمانی دیکە. تۆژینەوە دەربارەی هەلومەرجی بنەڕەتیی بۆ فراژووتنی زارۆک لە ئاخافتنەوە بۆ نووسین، بە یەک یان چەند زمانێک، ئەزموونی وەڵاتان بەراورد دەکات. ئامۆژگاریش هەیە بۆ فراژووتنی هەمەڕەنگی لە خوێندنی سیستەمی نووسین لە ئاستی جوداوازدا.

لە پاژی هەفتەمدا، ژانرە[26] Genre -ی جوداوازی زمانەکی دێنە بەرباس کە گرینگن بۆ فراژووتنی زمانی فێرخواز لە ساڵانی بەرایی فێرگەدا. ژانرەی «بێژاندن»[27] بەتایبەت باسی دێت. ئامۆژگاری دەدرێت دەربارەی چۆنەتیی بەکارهێنانی بێژاندن بە شێوازی جۆراوجۆر لە خوێندندا و چۆن چیرۆکی زارەکی و نووسراوی فێرخواز دەتوانێت ببێتە دنەدەری فراژووتنی زمان و زانیار لە لایان.

پاژی هەشتەم باس لە شانۆرەی خوێندنەوەی دەنگدار دەکات، وەک بەشێک لە فراژووتنی زمانی زارۆک. بەتایبەتی ڕاڤەی خوێندنەوەی دەنگدار دەکرێت لە فەرهەنگی جوداوازدا و ئەو دەرئەنجامانەی خوێندنەوەی

---

[20]– زمانی نێزیک: زمانی سادە، ئەو زمانەی بەکاری دەهێنیت بۆ ڕاڤەی باسی نێزیکەدەست، ئەوەی ئێستا و لێرەدا ڕوو دەدات و بیسەر یان خوێنەر ئاگاداریەتی. بۆ نموونە ئەو زمانەی دوو کەس بەکاری دەهێنن بۆ باسی بابەتێکی هەنووکەیی کە هەردووکیان پێی ئاشنان. بڕوانە «زمانی دوور».

[21]– زمانی دوور: زمانی فەرمی، ئەو زمانەی بەکاری دەهێنیت بۆ ڕاڤەی باسێکی دوورەدەست، ئەوەی کات و جێی ڕوودانی دوورە لێمان و بیسەر یان خوێنەر شارەزایان نییە. بۆ نموونە ئەو زمانەی تۆ لە فێرگەدا بەکاری دەهێنیت بۆ ڕاڤەی باسێکی سەربە زانست و هونەر. بڕوانە «زمانی نێزیک».

[22]– زمانزانیی ڕاگەیەن: Basic interpersonal communicative skills (BICS) واتە توانای ڕاگەیاندنی ڕۆژانە، بۆ نموونە لە نێو دۆستاندا، BICS بە پلەی یەکەم باسی لە ڕاگەیاندنی ڕووبەڕووە، ڕاگەیاندنی دۆخبەند و بەستێنبەندە. بۆ بەراورد بڕوانە چەمکی «زمانزانیی زانیاربێژ» CALP.

[23]– زمانزانیی زانیاربێژ: Cognitive academic language proficiency (CALP) کارامەیی زمانزانینە لە خوێندندا. بۆ بەراورد بڕوانە چەمکی «زمانزانیی ڕاگەیەن» BICS.

[24]– تۆماری ئاکادێمی: ئەو زمانەی لە بەستێنی فێرگەدا، لە لایەن مامۆستا، فێرخواز و کتێبی فێرگەوە بۆ خوێندن دێتە بەکارهێنان.

[25]– تێکستکاری: سەوادی تێکست.

[26]– ژانرە: Genre، ژانر، شێواز، جۆر، ڕێباز.

[27]– بێژاندن: Narration، باسکردن، گێڕانەوە. بڕوانە بێژەکی: Narrative.

دەنگدار لە فەرهەنگی جوداوازدا هەیەتی بۆ کاروباری زارۆخانە و فێرگە. چەند ڕووکارێکی کاریگەرییان هەیە لەسەر فێرخوازی فرەزمان، لێرەدا ڕاڤە دەکرێن.

لە پاژی نۆهەمدا باس لەو زمانکارییە دەکرێت کە زۆر منداڵ بەدیار دیمەندەری[28] کۆمپیوتەرەوە پێوەی خەریکن. ئامۆژگاریی هەمەجۆریش دەدرێت دەربارەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ فراژووتنی زمان، بەتایبەتیش گەشەی سیستەمی نووسین لە فێرگەدا. هەروەها پرسی جێوڕێی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە فێرگەدا دێتە بەرباس، بۆ نموونە مەرجی زانستیی نوێ، پێویستیی ستراتێژی نوێی خوێندنەوە و دۆزی سەربەر ئاکار و پێداگۆگی. تێکستی فرەدۆخ Multimodality[29]، واتە تێکستی وەها کە نووسین، ئاخافتن، دەنگ، وێنە... هتد تێهەڵکێش دەکەن، دەرفەتی هەمەجۆر دەرەخسێنن، دەستاوێژی ئەلەکترۆنیش دەرفەتی دیکە بۆ فێرخوازی فرەزمان دەرەخسێنن، ئەمانە لێرەدا باسیان دێت.

لە کۆتاپاژی دەهەمدا، وەک دەرفەتێک بۆ فراژووتنی زمان لە زارۆخانە، پۆلی ئامادەکار و ساڵانی بەرایی فێرگەدا، ڕێبازێک ڕاڤە دەکرێت لە ڕووی زمانەکییەوە بەرۆکگیرە. ئامۆژگاریی بەرهەست[30] پێشکەش دەکرێت دەربارەی پلانرێژیی وانە، بە شێوازێکی وەها کە یارمەتیی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە بدات بۆ فراژووتنی هەم زمان و هەم زانیار بە هەمان جۆری فێرخوازانی دیکەی تاکزمانی پۆلەکە.

---

[28]- دیمەندەر: display/monitor، بە کرمانجی: Dîmender، شاشەی ئامێری ئەلەکترۆنی، کۆمپیوتەر، مۆبایەل، تەلەڤیزیۆن و... هتد.

[29]- فرەدۆخ: Multimodal، فرەدۆخەتی Multimodality، مەبەست لەو دیاردەیەیە کە پەیدا دەبێت کاتێک تێکستێک سیستەمی دەربڕینی فرەجۆر لەخۆ بگرێت و بەوەش دەستاوێژی فرەجۆر بەکار بهێنیت، وەک تێکست، دەنگ، وێنە، ئەنیمێشن...

[30]- بەرهەست: بەرجەستە، کۆنکرێت - بەرهەستاندن Concretization. بۆ پێچەوانەکەی بڕوانە «دەرهەست».

## پاژی دووهەم: مرۆڤی ئاخێوەر

مرۆڤ بەوەی ئاخێوەرە دەبێتە بوونەوەرێکی تاک و زمانیش بۆ مرۆڤ شانۆرەی هەیە. زۆر جار زمان بە وشە و ڕێزمان باس دەکرێت. لە فێرگەدا زۆر جار لە مامۆستایانی دەبیستم کە باس لە فێرخوازی کۆچهێن[31] دەکەن، دەڵێن: «زمانی نییە» یان «چار نییە، هەر دەبێت وشەکان فێر بێت». ئەمەش دەربڕینێکی بەرتەسکە لە زمان، چونکە زمان زۆر فرەوانترە لەوەی تەنها وشە بێت. نێوان دێڕەکان دەربڕینە لە گەلێک باس. جگە لە دەربڕینی ڕاستەوخۆی زارەکی، مرۆڤ پەنا دەباتە بەر چەند سیستەمێکی دیکەی سیگناڵدان. گەر دەربڕینێکی بەرفرەوان بۆ زمان بەکاربهێنین دەتوانین بڵێین زمان گشت جۆرەکانی ڕاگەیاندنە.

گیانەوەرانیش بە سیگناڵی جۆراوجۆر ڕاگەیاندنیان هەیە بەڵام تەنها مرۆڤە توانای هەیە زمان بە شێوەیەک بەکار بهێنێت دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ ئافراندنی دەربڕین بە ئەندازەیەکی سنووربەدەر.

**زمانی گیانەوەر**

بۆ پەیبردن بە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئاخێوەر، وەها باشە بەراوردێک بکەین لەتەک سیستەمی ڕاگەیاندنی گیانەوەران. زۆر لە شیردەران سیستەمی هەڵکشاوی ڕاگەیاندنیان هەیە و بەکاری دەهێنن بۆ ئاگادارکردنەوەی نێوخۆیان. ئەم سیستەمە بە پلەی یەکەم بۆ پاراستنی بوونی جۆری گیانەوەرەکەیە. هەسپ، بۆ نموونە، لە دۆخی سروشتیدا گیانەوەری نێچیرە. کەواتە پێویستیان بە سیستەمی باشە بۆ ئاگاداری و هەڵاتن گەر گۆشتخۆر[32] نێزیک بێتەوە. هەسپ لەبەر ئەوەی بە ڕەو دەژین، سیستەمی سیگناڵی هەڵکشیویان هەیە بۆ ئاگادارکردنەوەی یەکدی.

لەبەر ئەوەیە چاوی هەسپ وەها کەوتوون ڕوانگەیان بە لای جوداوازدا هەبێت، بەڵام گیانەوەری گۆشتخۆر چاوەکانی وەها کەوتوون سێرەگیری یەک خاڵ بن. ئەو هەسپەی هەست بە مەترسییەک دەکات خێرا سیگناڵ دەداتە ئەندامانی دیکە ڕەوەکە بەوەی سەری بەرز و گوێی جووت ڕووەو شوێنی مەترسیدار ڕادەگرێت.[33] گەر بارەکەش ئارام بێت ئەوا سەر دانەواندن، وەک ئەوەی خەریکی لەوەڕ بێت، دەکاتە سیگناڵ. گەر هەسپێک مەبەستی بێت دۆستایەتیی بەرانبەر هەسپێکی دیکە بنوێنێت، بەو شێوەیە بۆی ناچێت کە گۆشتخۆر پەلاماری نێچیر دەدات، بەڵکوو بە سەری نەوییەوە، کەمێک ئەمسەر و ئەوسەر دەکات، وەک ئاژەڵێکی کاتی لەوەڕ. جگە لەوەش هەسپ چاو نابڕنە چاوی یەکدی چونکە ئەمیان بە ڕەفتارێکی هێرشبەری گیانەوەری گۆشتخۆر لێکدەدرێتەوە. لەبری ئەوە هەسپ وەهای پێ خۆشە بە تەنیشت یەکدیەوە ڕاوەستن و سەیری شوێنی جوداواز بکەن. لە نێو هەسپەکاندا ئەمە ڕەفتارێکی دۆستانەی نێوخۆیە بۆ پاسگرتن، کە دەکاتەوە چاوگێڕان بە دەروبەردا. لەبەر ئەوەیە زۆر جار هەسپێک دەبینیت لە نێو ڕەودا ڕاوەستاوە و پاس دەگرێت کاتێک ئەوانە دیکە ڕاکشاون و لە پشوودان.

---

[31]- کۆچهێن: ئەو مرۆڤەی کۆچ دەکات بۆ ئێرە. کۆچبەر: ئەو مرۆڤەی لێرە کۆچ دەکات بۆ نشیمەنێکی دیکە.

[32]- گۆشتخۆر: Carnivora.

[33] - بەدەم تەرجەمەکردنی ئەم باسەوە، مامۆستا ڕێبین حەمەد لە «فێرگەی برادۆست»ـەوە ئەم سەرنجەی فەرموو: «بۆ پاسگرتن هەمیشە دوو هەسپ، نەک یەک، پاس دەگرن. تەنانەت گەر تەنها دوو هەسپیش بن، هەردووکیان بۆ پاسگرتن ڕاستە و چەپ دەوەستن. هەسپ گەر هەست بە مەترسی بکات گوێی قوت دەکات، گەر دڵنیاش بوو لە بوونی ئەو مەترسییە، بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی دیکە، دەپڕمێنێت».

سەگ، وەک گیانەوەرێکی دیکەی ماڵی لە دۆخی سروشتیدا گیانەوەرێکی گۆشتخۆرە. سیستەمێکی فراژیی هەیە بۆ پەلاماردانی گەلدەستی نێچیر. واتە سەگ دەبێت توانای ڕاگەیاندنیان هەبێت لەتەک یەکدی بۆ ئەوەی کاتی هێرش بزاوتنیان هاوئاهەنگ بێت. بەڵام ئەو توندوتیژییەی پێویستە بۆ ڕاو، لە نێو سەگگەلدا دەبووە مایەی سەرگەردانی گەر هاوکات سیستەمێکی سیگناڵی فراژییان نەبایە بۆ ڕێکخستنی فەرمانداری و فەرمانبەریی نێو خۆیان.

سیستەمی سیگناڵی سەگ وەک سیستەمی مرۆڤ وایە چونکە هەردووکیان گیانەوەری گۆشتخۆرن. ئەمە هۆکارێکی گرینگە بۆ ئەوەی سەگ توانیوەتی جێی خۆی بکاتەوە لە نێو «مرۆڤگەل»ـدا و تەنانەت لە نێو ماڵەکانماندا بژییێت. بەڵام هەسپ کە گیانەوەرێکی نێچیرە، زۆری بەلاوە سەختە سیستەمی سیگناڵی ئێمە دەرک بکات و خۆی لەتەک شێوەژیانی ئێمەدا بگونجێنێت. کەواتە ئەو مرۆڤەی بیەوێت ڕاگەیاندنی لەتەک هەسپدا باش بێت ناچارە خۆی فێری ئەو سیستەمی سیگناڵە بکات گیانەوەری نێچیر دەیزانێت. هەسپ وەک ڕەوەگیانەوەر چاوی لە بوونی ڕێبەرێکە لە مەترسیی چەپارەی بدات. نهێنی گەورەش لە ڕامکردنی هەسپدا هەر دروستکردنی متمانەیە لای هەسپەکە.

جار هەیە مرۆڤ تێکۆشیوە بۆ ڕاهێنانی گیانەوەری جۆراوجۆر بۆ ناسینەوەی وشە، نیشانە یان وێنەی وەها کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت. دیاردەیەکی باوە مرۆڤ ببینیت سەگ و هەسپی فێری وشەی فەرماندەر کردووە، وەک: دانیشە، ڕاکشێ، ڕاوەستە... بەتایبەتی شیمپانزێکی لەتەک مرۆڤدا ژیاوە جار هەیە فێربووە نیشانە و سیگناڵ لێک بداتەوە و بەکار بهێنێت. بەڵام مرۆڤ نەیتوانیوە شیمپانز فێر بکات خۆی نیشانەی جۆراوجۆر تێکببەستێت بۆ دروستکردنی دەربڕینی واتادار، بەو جۆرەی زارۆکی بچووک دەیکەن. جار هەیە مرۆڤ توانیوەتی شیمپانز فێری زێدەتر لە سەد وشە کردووە و تەنانەت تێکبەستنی بەشێک لەو وشانەش. بەڵام هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەوەی شیمپانز بتوانێت ڕێزمان فێربێت و دەربڕینی تازەکرد پێک بێنێت کە زووتر تووشی نەهاتبێت. کەچی زارۆک دەتوانی لە تەمەنێک زوودا ئەو کارە بکات. لەبەر ئەوە دەشێت بڵێین ئاستی هەرە بەرزی زمانی مرۆڤ کە شیمپانز توانیوەتی بیگاتێ، ئاستی زارۆکی دوو ساڵانە.


بەڵام مرۆڤ نازانێت هۆکاری ئەو هەڵنەکشانەی شیمپانز دروست چییە، ئایا توانای زمانەکییان کورتی دەهێنێت یان نەخواستنە. فێربوونی زمانی مرۆڤ لای شیمپانز وابەستەی خەڵاتکردن بووە بە خۆراک، چ کونچکاویەکی زمانەکی لە لای شیمپانز بەدی نەکراوە وەک ئەوەی لای زارۆکی دەیبینیت کە ئاماژە بۆ شتێک دەکات و دەڵێت: «ئەوە چییە؟».

## زمان چییە؟

هەموو گەلێک زمانێکی پێکهێناوە بۆ دەربڕین لەوەی لە نێو ئەو گەلەدا پێویستی بە دەربڕین هەبووە. وەها باوە کە پێنج هەزار تا شەش هەزار زمانی مرۆڤکار هەیە. بە هەر یەک لەو زمانانە مرۆڤ دەتوانێت ژمارەیەکی سنووربەدەر لە دەربڕین داڕێژێت. دەیسا زمان چییە؟ زووتر گوتمان «چەمکێکی بەرفرەوانی زمان» دەڵێت زمان دەکاتەوە گشت جۆرەکانی ڕاگەیاندن. بەوەش ئەم پێناسەیە زۆر سیستەم دەگرێتەوە، بۆ نموونە سیستەمی ڕاگەیاندنی گیانەوەران، کێلەڕێی ترافیک، نۆتەنامەی موزیک، زمانی ڕووخسار و جەستە و تۆنی دەنگ. وەها باوە مرۆڤ «زمانی زارەکی» لە «زمانی نازارەکی» جودا بکاتەوە. زمانی زارەکی بۆ زمانی مرۆڤکار تەرخان کراوە کە

خاوەن وشە و ڕێزمانە. زمانی نازارەکیش بۆ سیستەمی سیگناڵی گیانەوەرانە، بۆ زمانی جەستەی مرۆڤە و بۆ سیستەمی نیشانەیە بۆ نموونە نیشانەکانی ترافیک و تۆنەکانی موزیک.

بەڵام سنووری نێوان زمانی زارەکی و نازارەکی تەواو ڕوون نییە. Gisela Håkansson (1995) پێشنیازێکی دیکەی هەیە و جوداوازیی نێوان زمانی زارەکی و نازارەکی بە زنجیرەبەند[34] دەبینێت. ئەم ڕستەی گریمانە دەکاتە نموونە بۆ جەمسەری زارەکی، ئارەقەکردنەوە و چاوفرەواندنی ڕیفلێکسکارانەش دەکاتە نموونەی ئەوەی دیکەیان. ئەم نیگارە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو زنجیرەبەندەیە:



زنجیرەبەندی زمانی زارەکی – نازارەکی

زمانی نازارەکی تاڕادەیەکی زۆر نێزیکە لە سیستەمی سیگناڵی گیانەوەرەوە. لەوانەیە بۆ دەربڕینی هەست دەست بدات بەڵام بۆ دەربڕینی هەڤبەندی و ئەنجامگیریی ئاڵۆز، کەمتر لەبارە. زمانی زارەکی دەکاتەوە زمانەی مرۆڤکار. ئەمیان ناتوانێت تەواو جێی زمانی نازارەکی بگریتەوە. مرۆڤ ناتوانێت، بۆ نموونە، هەستی بەهێز تەنها بە زمانی زارەکی دەربڕێت.

تەنانەت «زمانی ئاماژە»ی[35] سەربە میللەتانی جۆراوجۆر، دەچنە خانەی زمانی زارەکییەوە. زمانی ئاماژە وێکچوونی لەتەک زمانی ئاخافتندا زۆرە بەڵام جوداوازیشی هەیە. زمانی ئاماژەی میللی هەر وەک زمانی ئاخافتنەکەی، توانای دەربڕینی هەیە لە ژمارەیەکی سنووربەدەری دەربڕین و بەگشتیش هەرچی بە زمان بگوترێت دەشێت بە زمانی ئاماژەش بێتە دەربڕین. زمانی ئاماژە بە هەمان شێوەی زمانی ئاخافتن نایەتە نووسین بەڵام باشتر دەتوانێت سوود لە «شوێن» ببینێت، بۆ نموونە دەتوانێت ئاماژە بدات یان شوێنی نشیمەن پێشان بدات.

بەگشتی کاتێک مرۆڤ باس لە زمان دەکات، مەبەستی زمانێکە خاوەن ناو، وەک سوێدی، چینی و ئینگلیزی، بەڵام هێشتا مەبەست لە زمان ڕوون و یەکلاکەرەوە نییە. هیچ زمانێکی زیندوو نییە نەگۆڕ و داوەستاو بێت، بەڵکوو گشت زمانێک لە گۆڕانی بەردەوامدایە. ئەوەی ئێمەی پێی دەڵێین زمانی سوێدی لە ڕاستیدا بریتییە لە کۆمەڵێک شێوەزاری هەمەجۆر. هەرێمی جۆراوجۆری جیۆگرافیی خاوەن زاراوە و شێوەزاری جۆراوجۆری ناوچەیی

[34]– زنجیرەبەند: Continuum، کۆنتینیوم.

[35]– زمانی ئاماژە: Sign language, signed language.

خۆیانن. مرۆڤی سەربە گرووپی جوداوازیش، «لازاری جڤاکی»،[36] لازاری گرووپ، لازاری گەلێر[37] و ژارگۆن[38] ی تایبەتی خۆیان هەیە. گشت ئەو شێوەزارانە بەشێکن لەوەی ئێمە پێی دەڵێین زمانی سوێدی و لە بواری مێژووی زماندا ڕەوتی فراژووتنیان، بەدەم تێپەڕینی کاتەوە، دەخرێتە بەرباس.

جار هەیە کەمێک بە شۆخی دەگوترێت: جوداوازیی نێوان زمان و زاراوە بریتییە لەوەی زاراوە زمانێکە لەشکری نییە. لێرەشدا ئاماژە هەیە بە ڕەهەندی دەسەڵات لە چەمکی زماندا. زمانی سوێدی نموونەیەکە لەو زمانانەی لەتەک هەڵبەستنی دەوڵەتی ناسیۆنالدا، دروست کران. دەسەڵاتدارانی گەورەترین شاری ئەوەی دەبا ببێتە پێتەختی سوێد، زۆر بە هاسانی یەک لە زاراوەکانی وەڵاتەکەیان هەڵبژارد و کردیانە زمانی ستاندەرد و زمانی میللی. هەڵبەت چ سەیر نییە لەوەدا کە زاراوەی مالەردالەن[39] Mälardalen ـنیان هەڵبژارد کە خۆیان پێی دەدوان.

لە زۆر وەڵاتی دیکەی ئەورووپاش هەر هەمان باس بوو. لە فرانسە زاراوەی Francien بە زمانی میللی هەڵبژێردرا کە شێوەزاری دەڤەری پاریس بوو. شێوەزاری وەک بیرتۆنی Breton، کۆرسیکی Corsican و ئۆکسیتانی Occitan خەفە کران و جاروباریش یاسابەدەر کران، بۆ نموونە لە فێرگەدا. لە سپانیا شێوەزاری کاستیلیانی Castilian بەرز کرایەوە بۆ زمانی میللی کەچی شێوەزاری گالیسیان Galician، باسکی Basque، کاتالانی Catalan، ڤالینسیانی Valencian و هەروەها بالێریک Balearic تەنها ستاتویەکی بەرتەسکی هەرێمییان پێ درا.

تەنانەت لە سوێدیش بۆ ماوەیەکی درێژ بەکارهێنانی زمانی وەک سامی، فینی و مەینکەیلی Meänkieli (فینیی تورنەدال) لە فێرگەدا یاسابەدەر بوو. «زمانی ئاماژە»ی سوێدیش، گەرچی زمانێکی بێلایەنە بۆ کەسانی کەڕ، بۆ ماوەیەکی درێژ لە فێرگەدا چالاکانە دژایەتی دەکرا. هەر ئەوەی هاوکات خوێندن بە زمانی دیکە هەبووە، وەک ئینگلیزی، ئاڵمانی، لاتین و فرانسی، تەنانەت بۆ ئینگلیزییەکە ناچارییش بووە، پێشانی دەدات کە هەڵبژاردنی زمان پەیوەستە بە هۆکارەکانی دەسەڵاتەوە.

کەواتە هەڵبژاردنی شێوەزارێک بۆ زمانی میللی و بەرزکردنەوەی بەسەر شێوەزاری دیکەدا پەیوەند نییە بەوەی ئەمیان فراژێتر یان پاراوترە، بەڵکوو بە پلەی یەکەم خواستی سیاسیی بووە شێوەزارێکی دیاری کردووە بە زمانی میللی. هەر ئەم خواستە سیاسییەشە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی چی بە زمان ناوزەد بکرێت و چی بە زاراوە. هەر لەبەر ئەمەیشە دیاریکردنی ژمارەی زمانەکان جیهان هاسان نییە. ئەوەتا لە هەر جێیەک هۆکاری خۆی هەیە بۆ ناوزەدکردنی شێوەزارێک بە زمان یان بە زاراوە.

جوداوازیی نێوان سوێدی و نۆروێژی، بۆ نموونە، هێندە کەمە زۆربەی ئاخێوەرانی ئەمیان زمانەکەی دیکەش تێدەگەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەربەیار بە دوو زمانی جودایان ناوزەد دەکەین. سەرباری ئەوەش، لە نۆروێژ

---

[36]– لازاری جڤاکی: Sociolect or Social dialect، چەمکێکی سەربە «زمانناسیی جڤاکی» Sociolinguistics ـیە، مەبەست لێی شێوەزار یان «لازار»ی تایبەت بە گرووپی جڤاکیی تایبەت.

[37]– لازاری گەلێر: Slang، شێوەزار یان «لازار»ی ڕۆژانەی مرۆڤگەل.

[38]– ژارگۆن: Jargon، شێوەزار یان «لازار»ی تایبەت بە دەستە و تۆڕی تایبەت، لازاری پیشەیی، بۆ نموونە لازاری مامۆستایان، لازاری ئەندازیاران...

[39]– مالەردالەن: Mälardalen، هەرێمێکی سوێدە و ستۆکهۆلمی پایتەخت دەگرێتەوە.

بوکمۆل Bokmål و نوێنۆروێژی Nynorsk بە دوو زمانی جودا دادەنێن گەرچی زۆربەی گەلی سوێد و دانمارک جوداوازیی نێوان بوکمۆل و نوێنۆروێژی نابیستن.

وەڵاتی چین وەهای پێ باشە زمانی چینی بە یەک زمان بزانێت، کەچی شێوەزاری باڵادەست: پوتۆنگهوا Putonghua یان کانتۆنی Cantonese هێندە جوداوازە لە دووهەم شێوەزاری گەورە، ماندارین Mandarin ئاخێوەرانیان لە یەکدی ناگەن. لەبەر ئەوە ماندارین کە زمانی 55 میلیۆن مرۆڤە، بە زاراوە دەزانرێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی سیستەمی نووسینی هاوکۆ لە چین لەسەر گوتن (دەربڕینی زارەکی) هەڵنەنراوە، ئاخێوەرانی کانتۆنی و ماندارین دەتوانن تێکستی یەکدی بخوێندنەوە.

نموونە زۆرن پێشانی دەدەن چۆن شێوەزار وابەستەی دەسەڵات و پێگەیە. یەک لەوانە کۆمێدیای پویگمالیۆن[40] *Pygmalion* ـە کە موزیکالی[41] *My Fair Lady* لێ ساز کراوە، لەوێدا پرۆفیسۆر Higgins بڕیاری خۆی دەدات Eliza بەوە بکاتە کەیبانوو فێری شێوەزاری ئەریستۆکراتانەی ئینگلیزیی بکات لەبری ئەو شێوەزارەی «کەکنی cockney»[42] کە پێی دەدوێت. لە نموونە سوێدییەکەی ئەم شانۆگەرییەدا، کە Margareta Garpe ساڵی 2010 سازی کردووە، Eliza شێوەزاری لە کەکنی-یەوە دەبێتە شێوەزاری جەوانانی گەڕەکی ڕوسەنگۆرد[43] Rosengård ی شاری مالموێ Malmö ی سوێد.

مرۆڤگەل بە شێوەزاری جۆراوجۆر دەپەیڤن و ئەو شێوەزارانەش بەردەوام لە گۆڕانکاریدان. لە زۆر باردا، لەبری زمانی جودای خاوەن سنووری ڕوون لە نێواندا، دەکرێت باس لە «زنجیرەبەندی زمانەکی» بکەین. لە باشووری «بیابانی مەزن» Sahara ی ئافریکا، زۆر نموونەی وەها هەیە. زمانگەلی[44] بانتوو Bantu languages کە گەورەترین زمانگەلی ئافریکایە، بریتییە لە 600-500 زمانی جودا. لە زۆر هەرێمدا زمانە جوداوازەکانی بانتوو زنجیرەبەندن، زمانە هاوسێکان وێکچوونیان زۆرە لەتەک یەکدی بەڵام جوداوازییان زۆرە لەتەک زمانە دوورەکان. هەر بۆ بەراورد دەشێت ئاوڕ لە زمانگەلی هیندۆئەورووپایی بدەینەوە کە زمانی سوێدی تێیدا ئەندامە. دەبینین سوێدی و نۆروێژی وێکچوونی زمانەکییان زۆرە بەڵام فارسی، بۆ نموونە، کە ئەویش هەر ئەندامە لەو خێزانە زمانەکییەدا، لەتەک سوێدیدا جوداوازیی زۆرە.

لە وەڵاتێکی وەک تانزانیا پتر لە 120 زمان لە ئارادان. بەشێکیان تەواو لەیەکتر جودان و جوداوازییان زۆرە لەتەک زمانانی دەوروبەری خۆیان، بەڵام زۆربەی زمانەکان سەربە زمانگەلی «بانتوو»-ن و زۆر جار ئاخێوەرانی زمانێکیان لە زمانەکانی دەوروبەر تێدەگەن، وەک ئەوەی ئێمە [ی سوێدی] لە نۆروێژی و دانمارکی تێدەگەین. دوورکەوتنەوەی ناوچەکانیش دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەی زمانیان. لە باری وەها کەسێکی سێیهەم کە سەربە ناوچەیەکی نێوانی ئەو دوو هەرێمە دوورەیە دەکەوێتە نێوان و دەتوانێت بە تەرجەمە و لێکدانەوە یاریدەر بێت. ئەم دیاردەی تەرجەمەکردنە بۆ یەکدی لە زۆر شوێنی ئافریکادا باوە. تەنانەت لە سوێدیش، گەرچی جوداوازیی

---

[40]- پویگمالیۆن: Pygmalion، داستانێکی نێو ئەفسانەکانی یۆنانی دێرینە و لەوێدا ناوی دوو پاشایە. جۆرج برنارد شەو George Bernard Shaw (1856-1950) شانۆنامەی My Fair Lady لێ داڕشتەوە.

[41]- موزیکال: Musical theatre، شانۆی موزیکال.

[42]- کەکنی cockney، شێوەزاری ناوچەی East End ی لەندەنە.

[43]- گەڕەکی ڕوسەنگۆرد لە شاری مالموێ بیانی زۆرە و جەوانی ئەو گەڕەکە شێوەزاریان تایبەتە. لێرەدا ئاماژەیە بەوەی ئەو شێوەزارە، وەک کەکنیی ئینگلیزی، پێگەی جودایە.

[44]- زمانگەل: گرووپی زمان.

زاراوەکان زۆر کەمبۆتەوە و گشتمان بۆ ئاخافتن نێزیک بووینەتەوە لە سوێدیی ستاندارد، دیاردەی «زنجیرەبەندی زاراوە» هەر دەبینین.

دۆخی خۆڕسک لە هەموو جیهاندا ئەوەیە گەلان بە شێوەزاری جۆراوجۆر بدوێن. هەیە فرەزمانە و هەیە «لازاری جڤاکی» بەکار دەهێنێت، واتە لە بەستێنی جڤاکیی جوداوازدا بە لازاری جوداواز دەپەیڤێت. وەها باوە مرۆڤی فرەزمان، لە بەستێنی جودادا یان بواری زمانەکیی جودادا، زمانی جودا بەکار بهێنێت. بەوە دەڵێین: مرۆڤ زمانی جودا لە «کایە»ی[45] جوداوازدا بەکار دەهێنێت، لە «کایەی خێزان»ـدا زمانێک بەکار دەهێنێت، لە کووچە و بازاڕدا زمانێکی دیکە و لە «کایەی فەرمی»ـدا، واتە لە فێرگە و بواری کار و پەیوەندی لەتەک دەسەڵاتدا، زمانێکی سێهەم.

لە سوێد و لە زۆر وەڵاتانی دیکەی ئێمە پێی دەڵێین جیهانی ڕۆژاوا، زمانی ستاندارد تەواو نۆرمبەخشە. واتە زمانی سوێدی زمانی خوێندنە لە فێرگە و گشت فێرخوازانیش لە ڕێی زمانی سوێدییەوە فێر دەکرێن. جگە لەوەش چاوەڕێ دەکرێت گشت فێرخوازان توانایەکی بەرزیان هەبێت لە سوێدیدا، ئەوجا لە زۆر بواری گرینگیشدا، بۆ نموونە خوێندنی بەرزتر و بواری کار، سوێدیزانینی باش دەکرێتە مەرج.

کێشەی ئەم دۆخە لەتەک زیادبوونی کۆچدا ئاشکراتر بووە، بەڵام گرینگیشە بزانین کە سوێد هەرگیز وەڵاتێکی تاکزمان نەبووە بەو واتایەی سوێدیی ستاندارد زمانی یەکەمی گشت دانیشتوانی بێت. هەمیشە فێرخواز هەبوون بە زمانی دیکەوە هاتوونەتە فێرگەی سوێد. کەواتە فێرخوازی فرەزمان دیاردەیەکی نوێ نییە.

لە سوێد، جگە لە کەمایەتییە فەرمییەکان: سام، ڕۆمانی، فینی و ئاخێوەرانی یدیش[46] Yiddish کە بەزمانێک دەدوێن تەواو جودایە لە سوێدی، هەتا ڕابوردوویەکی کورتیش زاراوە هەبوون تەواو جودا لە زمانی ستاندارد. لە دەڤەری Ångermanland ی سالانی ڕسکانم لە پەنجاکان و شێستەکانی سەدەی پێشوودا، دانیشتوانی بە زاراوەیەکی تایبەت دەدوان: زاراوەی Vibyggerå. فێرگە بۆ زۆربەی منداڵانی سەربە گوندەکانی دەوروبەر دەبووە بەرکەوت لەتەک سوێدیی ستاندارد کە زۆروکەم لای ئەوان نامۆ بوو.

شاشتین یوهانسۆن Kerstin Johansson لە کتێبی *«هەر دەڵێی بوونم نەبوو»* (2003) *Som om jag inte fanns* ڕوونی دەکاتەوە سالانی فێرگە لە کچێکی دەڤەری «تورنەدال»ـی ئەو دەمە چۆن دەگوزەرا کە زمانی مەینکەیلی Meänkieli یاسابەدەر بوو. هەروەها Johannes Marainen کە «سام»ـێکی باکوورییە، دەستپێکی فێرگەی خۆی باس دەکات. یەکەم ڕۆژی فێرگە دێت و تووشی زمانی سوێدی دەبێت کە لای ئەم تەواو نامۆیە، گەرچی پێش هاتنی لانیکەم ئاشنای سێ زمانی دیکە بووە. لە ماڵ بە زمانی سامی دواون و دەشڵێت هێندەی نۆرویژی زانییوە توانیویەتی لە دووکان بنێشتی پێ بکڕێت. بەم جۆرە باس لە دیدارێکی خۆی دەکات لەتەک زمانی سوێدی:

> لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە دەستپێکی فێرگە بۆ من بەسەرهاتێکی شۆکبەخش بوو. «زمانی دایکزا» لە سالانی بەرایی فێرگەدا وانەی هەرە باو بوو، بەڵام من زۆر درەنگتر تێگەییشتم کە «زمانی دایکزا» واتە زمانی دایک.
>
> چەمکی «زمانی دایکزا» لای من تەواو ڕوون نەبوو بەڵام سەلماندم کە دەکاتەوە زمانی سوێدی - خۆ نەیدەکردەوە Eatnangiella (کە زمانی دایکزای خۆمە). منیش هەر ئەوەندەی هاپۆلەکانم لەم «زمانی دایکزا»یە دەگەیشتم، واتە هیچ. سالانێکی زۆری برد هەتا توانیم ئەم زمانە بۆ ئاخافتن بەکار بهێنم. بەهیچ جۆرێک بۆم نەبوو

[45]- کایە: Domain، دومەین، وارگە، بوار، بەستێن.

[46]- یدیش Yiddish، زمانێکی جێرمانییە نێزیکە چوار میلیۆن جووی جیهان بەکاری دەهێنن.

> له فێرگە زمانی خۆم بەکار بهێنم، تەنانەت لە وچانیشدا. تومەز مەبەست «گونجاندن»ـمان بوو لە چێوەی «زمانی دایکزا»دا بە زووترین کات. پاشان تێگەیشتم کە بڕیارێک هەیە لە پەیڕەوی «فێرگەی کۆچەران»ـدا دەڵێت منداڵی سامەکان دەبا سزا بدرێن گەر زمانی خۆیان لە کاتی فێرگەدا بەکاربهێنن و ئەم بڕیارە کاتی وچانیش دەگرێتە. ئەم بڕیارە هەتا 1956 کارا بوو. (Marainen 2007)

ئەمڕۆ سوێدیی ستاندارد تەواو زاڵە بەتایبەتی لە ڕێی فرەوانبوونی تاوی ماسمێدیاوە. هاوکات گرووپی دیکەش خەریکی کۆشانن بۆ ڕاهێزانی شێوەزاری خۆیان. لە زمانی کەمایەتییەکان، پێنج زمان: مەینکەیلی Meänkieli، سامی، یدیش Yiddish، ڕۆمانی و فینی بە فەرمی پێگەی زمانی کەمایەتییان پێ بەخشراوە، کە دەکاتەوە چەند مافێکی زمانەکی، بۆ نموونە مافی خوێندنی زمانی دایکزا تەنانەت گەر ژمارەی فێرخواز کەمتریش بێت لە پێنج کەس. هەروەها زمانی ئاماژەی سوێدیش لە هەندێک بواردا پێگەی زمانی کەمایەتی پێ دراوە. دانیشتوانی دەڤەری Älvdal پێکهاتوون لەسەر پاراستنی شێوەزاری خۆیان، بەشێکی خوێندنیان بە شێوەزاری خۆیانە، کتێبی پێ چاپ دەکەن و لە ڕێورەسمی فەرهەنگیدا بەکاری دەهێنن.

هاوکات شێوەزاری نوێ دێتە مەیدانەوە، بۆ نموونە لەو گەڕەکانەی بیانیان زۆرە لە شارەکانی ستۆکهۆلم، مالموێ و یۆتەبۆری. وەها باوە بەم شێوەزارانە بگوترێت: زمانی فرەفەرهەنگی جەوانان. Natalia Ganuza (2008) لە تۆژینەوەیەکی نێو جەوانانی چەند گەڕەکێکی شارە گەورەکاندا پێشان داوە جەوانان چۆن لە نێوان سوێدیی ستاندارد و شێوەزاری ناوچەی خۆیاندا، زمانگۆڕکێ دەکەن. لێرەدا نموونە دەهێنێتەوە و پێشان دەدات ئەم جەوانانە چۆن ڕستەبەندی چەوت بەکار دەهێنن لە شێوەزاری خۆیاندا بەڵام ڕستەبەندی دروست بەکاردەهێنن گەر لەتەک کەسانی دەرەوەی گرووپی خۆیان بدوێن. بەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو چەوت بەکارهێنانە بەرهەمی نەزانین نییە، بەڵکوو پێشاندانی دەستەبەندی و گرووپبەندییە. زاراوە و لازاری جڤاکیش ڕێک وەها بەکار دەهێنرێن. زۆر کەسی لە ماڵ بار دەکەن بۆ خۆیان تێبینی دەکەن چۆن لەتەک نشیمەنی تازەدا خۆ دەگونجێنن بەڵام کە دێنەوە سەر ئاخافتن لەگەڵ خێزان و خزمی ناوچەکەی خۆیان، دەگەڕێنەوە سەر زاراوی نشیمەنی کۆنی خۆیان.


لە جڤاکی دێمۆکراتدا دەبێت زارۆک مافی خوێندنێکی هەبێت ئەو زانست و ئەزموونە جۆراوجۆرانەی ئەو زارۆیە زووتر هەیبووە و لە پاشخانی جۆراوجۆری خۆی پەیدای کردوون، بکاتە بناخە. واتە مامۆستا، لە جڤاکێکی فرەفەرهەنگ و فرەزمانی وەک ئەمەی لە سوێد هەیە، و زووتریش هەبووە، پێویستی بە زانستە دەربارەی ئەم فرەفەرهەنگییە. مامۆستا پێویستی بە داڕشتنی هەڵوێست و دەستاوێژە بۆ پێشوازی لەم دۆخە. هاوکات جڤاکی خاوەن ئارمانجی دێمۆکرات دەبێت دەرفەتی وێکچوو بۆ فێرخوازان بڕەخسێنێت بۆ پەرەدان بەو توانا زمانەکییەی لە ساڵانی داهاتووی خوێندندا پێویستیان پێی دەبێت.

گشت فێرخوازان پێویستیان بە ڕاگەیشتنە بەو زمانە ستانداردە بەرزنرخێندراوە، بەڵام کار بەوە تەواو نابێت کە فێرگە فێرخواز ئامادە بکات بۆ خوێندنی باڵا. ئەوانەیش کە بەردەوام نابن لەسەر خوێندنی زانکۆ، پێویستیان بە پەرەدانە بەو زمانەی پێویستیانە.

**زمانزانی**

دەیسا زانینی زمانێک واتای چییە و زمانزانی دەکاتەوە چی؟ زمانزانی بە چەندین شێوە ڕاڤە دەکرێت. یەکەم پێناسەی مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە زانینی وشەی زۆر و ڕێزمانی زۆرە. لێرەشدا دوور نییە مرۆڤ ڕۆژگاری خوێندنی خۆی لە زمانی ئینگلیزی یان هەر زمانێکی دیکەی بیانی کردبێتە سەرشار. ئاخر وەها باو بوو مرۆڤ بۆ فێربوونی زمان خەریکی وشەزانی و ڕێسا و ساختاری ڕێزمان بێت. ئەویش دروستە کە وشەزانی و ڕێزمان لایەنی گرینگن لە زمانزانیدا. بۆ زاڵبوون بەسەر زمانێکدا، دەبێت مرۆڤ زۆر وشە بەو زمانە بزانێت، دەشبێت بزانێت چۆن وشەکان لە دەربڕینی ڕاگەیندا دادەڕێژرێت. بەڵام ئەمانە بەس نین. خاڵی دیکە زۆرن دەبنە بەشێک لە زمانزانی.

Bachman & Palmer (1996) زمانزانی دەکەنە دوو بەش: «توانای ڕاگەیاندن»[47] و «ستراتیژزانی».[48] توانای ڕاگەیاندن ئەوەیە لە گفتوگۆدا کاری پێ دەکرێت. ئەم وێنەیە سەرچاوە لە توانای ڕاگەیاندنی ئەوانەوە دەگرێت:




توانای ڕاگەیاندن - Bachman & Palmer

---

47- توانای ڕاگەیاندن: Communicative competence

48- ستراتیژزانی: Strategic competence

توانای ڕاگەیاندن بریتییە لە «توانای سازمانەکی» و «توانای کردەکی». توانای سازمانەکی دەشێت بە «توانای سەربە زمانەوانی» ناوزەد بکەین. ئەمیشیان دەبێتە دوو بەش، «توانای تێکستزانی» و «توانای ڕێزمانزانی». توانای ڕێزمانزانی بریتییە لە وشەزانی، ڕستەسازی[49] Syntax، وشەسازی[50] Morphology و دەنگناسی[51] فۆنۆلۆژی Phonology (دەربڕینی وشە). «توانای تێکستزانی» سەرلەبەری تێکست دەگرێتەوە، هەم زارەکی و هەم نووسراو، واتە ڕێساکانی ڕێکخستنی زمان لە یەکەی درێژدا بۆ ڕاگەیاندنی پەیامی ڕوون بە لایەنی وەرگر. باس لەوەیە ئاخێوەر چۆن چیرۆکی خۆی دەبێژێت، فەرمان دەدات یان گوتارێک دەنووسێت. هەروەها باس لە «ڕێزمانی تێکست»ـە، واتە چۆن لە ڕستەکەدا پەیوەندیی کات، پەیوەندیی نێوان شاکەس[52] و لاکەس[53] پێشان دەدەیت، چۆن تێکستەکە تێک دەبەستیت و چۆن تێکستەکە سێرەگیر دەکەیت بۆ ئەوە خاڵی گرینگی تێکستەکە ڕوون بێت.

«توانای کردەکی» دەکاتەوە چۆنەتی گرێدانی دەربڕین و نووسین لەتەک ئامانجی ڕاگەیاندنەکەی ئاخێوەر (توانای کارکردانە) و هەروەها لەتەک بەستێنەکەدا (توانای جڤاکی - زمانەوانی). «توانای کارکردانە» پەیوەندیی نێزیکی هەیە لەتەک بەستێندا. گریمانەیەکی فەرمیی وەک: «ئێرە زۆر گەرمە»، لەوانەیە لە بارێکی تایبەتدا بکاتەوە: «من پێم وایە ئێرە ڕادەبەدەر گەرمە. دەتوانیت پەنجەرەیەک بکەیتەوە؟». واتای ڕاستینەی کە دەستەواژەکە وەری دەگرێت پەیوەستە بە بەستێن و بە کەسانی بەشداری باسەکە. «توانای جڤاکی - زمانەوانی» دەکرێت بە پەندی «جووتیار بە زمانی جووتیاران بدوێنە، باسەوادان بە لاتینی!» لێکی بدەینەوە. مەبەست توانایە بۆ بەرهەمهێنان یان لێکدانەوەی زمان بە جۆرێکی گونجاو لەتەک وەرگر و بەستێندا. مرۆڤ بە یارمەتیی «توانای جڤاکی - زمانەوانی» دەتوانێت وابەستەبوونی خۆی بە گرووپێکەوە، یان مەوداگیریی خۆی لێیان، پێشان بدات.

کە دێتە سەر «ستراتێژزانی»، Bachman & Palmer (1996) باس لە ستراتێژی سەربە «مێتازاناندن»[54] (مێتاکۆگنەتیڤ)، بڕیاردانی ئارمانجی گوتار، هەڵسەنگاندن (خۆ-پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوە) و هەروەها پلانرێژی، دەکەن. Rod Ellis (1985) ئەو چەمکی «ستراتێژزانی»یە فرەوانتر دەکات و سێ بەشی تێدا دیاری دەکات: «ستراتێژی فێربوون»، «ستراتێژی بەرهەمهێنان» و «ستراتێژی ڕاگەیاندن».

«ستراتێژی فێربوون» ئەو هونەرانەیە مرۆڤ دەیانگرێتە بەر بۆ فێربوونی زمانێک. بە نموونە، مرۆڤ بۆ فێربوونی وشە دێت وشەکان دەستەبەند دەکات، بۆ ئەوەی وشەی هاودەستە وێکڕا فێر بێت. وەک ئەندامانی لەش، پۆشاک، میوە، کار، دەستەواژەی سەر بە کەش، ڕێگەدۆزی... هتد. ستراتێژی دیکەی فێربوون لەوانەیە فرەپاتکردنەوەی وشە بێت، گوتنیان بێت بە دەنگی بەرز، فرەپات نووسینەوەیان... ستراتێژی فێربوون لەوانەیە دۆزینەوەی دەرفەت بێت بۆ بەکارهێنانی زمانەکە، گەڕان بێت بە دوای بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بەو زمانە.

---

[49]- ڕستەسازی: Syntax، سینتاکس، داڕشتنی ڕستە.

[50]- وشەسازی: Morphology، مۆرفۆلۆژی بەشێکی زمانەوانییە خەریکی وشە، ساختار، شێوە و گەردانی وشەیە.

[51]- دەنگناسی: Phonology، فۆنۆلۆژی.

[52]- شاکەس: کەس یان کەسایەتیی یەکەم. بڕوانە «لاکەس».

[53]- لاکەس: کەس یان کەسایەتیی لاوەکی. بڕوانە «شاکەس».

[54]- مێتازاناندن: Metacognition، مێتادەرک، دەرک دەربارەی دەرک، واتە پرۆسەی هزریی بەرز دەربارە پرۆسەی زاناندنی مرۆڤ خۆی، چۆن بیر دەکاتەوە چۆن فێر دەبێت...

«ستراتیژی بەرهەمهێنان» ئەو هونەرانەیە مرۆڤ دەیانگریتە بەر بۆ بەرهەمهێنانی زمان، ئەوەی دەچەرخێت لە نێوان بیر و دەربڕیندا. بەشێکی زۆری ئەم ستراتیژانە ئاگابەدەرن. بەڵام ڕاهێنان و خۆڕەوتاندن[55] دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی دەربڕینی دروستتر. لێرەدا باس لە چەرخاندنی[56] زمان دەکرێت، بۆ نموونە: هەڵبژاردنی وشە، داڕشتنی دەربڕین، هەڵبژاردنی ڕێسای گونجاوی ڕێزمان و گوتنی ئەو دەربڕینە.

جۆری سێهەمیان «ستراتیژی ڕاگەیاندن»ـە. ئەمیان بریتییە لەو هونەرانەی مرۆڤ پەنایان بۆ دەبات کاتێک دەیەوێت باسێک دەربڕێت بەڵام توانای زمانەکیی خۆی بۆ ئەو دەربڕینە تەواو بڕ ناکات. هەم منداڵ و هەم کەسانی دیکە خەریکی فێربوونی زمانن، گەر توانای زمانەکیی خۆیان بڕ نەکات، ستراتیژی لەم بابەتە بەکار دەهێنن. لەوانەیە مرۆڤ وشەیەک نەدۆزێتەوە و ناچار مەبەستی خۆی بە جۆرێکی دیکە دەردەبڕێت، وشەی نێزیک بەکار دەهێنێت، ڕاڤەی دەکات، زمانێکی دیکە بەکار دەهێنێت یان پەنا دەباتە بەر زمانی جەستە. لەوانەیشە بۆ گۆڕینی شێوازی دەربڕینێک بێت، لەبری «دوێنێ چووم» بڵێت: «دوێنێ من چوون».

«ستراتیژزانی» بەتایبەتی بۆ کەسێکی خەریکە فێری زمان بێت، چ منداڵ بێت و چ کەسانی دیکەی فێرخواز. ئەوەی ژمارەیەکی زۆر ستراتیژی ڕاگەیاندن بەکار بهێنێت دەرفەتی بۆ ڕاگەیاندن زۆرتر دەبێت، زمان هەم وەردەگرێت و هەم دەهێنێتە بەرهەم. ئەمەش بۆ فێربوون سوودبەخشە. دەبێتە یاریدەر بۆ فێربوونی وشە و ساختاری وەها کە مرۆڤ جارێ ئاشنایان نییە. بەڵام گرینگیشە بزانین کە زۆر جار زمانەکە تەواو دروست دەرناچێت. مرۆڤ لێرەدا، بۆ پێکانی ئامانجی ڕاگەیاندنەکە، چاو لە کەماسیی زمانەکە دەپۆشێت.

زمانزانی بە شێوەی جۆراوجۆر دێتە ڕاڤەکردن. Hansegård (1986) بەم جۆرەی باس دەکات:

- جۆرایەتیی شێواز، نەخشی ڕستەکارانە، وشە، دەستەواژە... هتد کە مرۆڤ تێیان دەگات یان دەتوانێت بەکاریان بهێنێت
- زماندروستی
- ڕادەی خۆڕەوتی، خۆشڕەوتی
- توانای ئافراندن و داهێنان لە زمانەکەدا
- زاڵبوون بەسەر کارکردەکانی بیر، ویست و هەست لە زمانەکەدا
- زەنگینی بە لێکدانەوەی کەسەکی
- سەواد

سێ خاڵی یەکەم بەگشتی بەشێکن لە خانەی «توانای سازمانەکی» و لەوەی باوە پێی بگوترێت «زمانزانی». بەڵام لەوانەیە وەها باو نەبێت بابەتەکانی چوار خاڵەکەی کۆتا بە بەشێکی زمانزانی دابنرێن کەچی مەرجی گەورە دادەنێن بۆ زاڵبوون بەسەر زماندا. «توانای ئافراندن و داهێنان لە زمانەکەدا» جۆرێکە لە زمانزانی، هێندە بیری لێ ناکرێتەوە. مرۆڤێک ئەم توانایەی هەبێت زمان بە شێوەیەکی داهێنەرانە بەکار دەهێنێت، وەک داڕشتنی پەخشان و هەڵبەست. تەنانەت لە ئاخافتندا، لە شێوەزاری گەلێر و لازاری پیشەیی (ژارگۆن)ـیشدا

[55]- خۆڕەوتاندن: Automatization، ئاوتۆماتیکاندن، ئەوتۆماتیکاندن.

[56]- چەرخاندن: Processing خستنە نێو پرۆسەوە، جەرخاندن لە پێڤاژۆدا.

داهێنان لە زماندا باوە. لە نێو موزیکی جەواناندا، بەتایبەتی لە هونەری «ڕاپ» و «هیپهۆپ»ـدا ڕێک ئەم داهێنانی زمانەکییە گرینگە.

خاڵی «زاڵبوون بەسەر کارکردەکانی بیر، ویست و هەست لە زمانەکەدا» بریتییە لە بەکارهێنان زمان وەک دەستاوێژێکی هزری، بۆ دەربڕینی ویست و هەست. جار هەیە مرۆڤ لە زۆر بواری هەمەجۆردا زاڵە بەسەر زمانەکەدا، بەڵام هەست دەکات زمانەکەی بڕ ناکات بۆ دەربڕینی هەستی توند، بۆ نموونە ئەڤین، ڕک و تووڕەیی. پیادەکردنی پەیڕەوکاریی[57] ئاڵۆز و هەڵکشیوی هزری بە یارمەتیی زمان، مەرجی بەرز لەسەر زمانزانی دادەنێت.

«لێکدانەوەی کەسەکی» واتە مرۆڤ وێنەیەکی تایبەت لە ناخی خۆیدا پەیدا بکات لە وشە یان دەستەواژەیەکی دیاریکراو. بۆ نموونە، واتاکێشەکێ[58] لە ئەزموونی زووتر و ڕووداوی مرۆڤ تێدا بووبێت، یان هەستێکی دێتە وروژان. ئەمیش هونەرێکە کاتی دەوێت هەتا مرۆڤ لە زمانی نوێدا فێری دەبێت. بۆ نموونە بەراوردێک بکە لە نێوان بەرتەکی خۆت لە وشەیەکی خاوەن واتای بەهێز، وەک وشەیەکی پەیوەست بە تەمەنی منداڵیی خۆت یان ئەندامانی خێزانی خۆت، لەتەک وشەیەکی هاوواتا بەڵام بە زمانێکی دیکەی کەمتر دەیزانیت.

کاتێکی درێژخایەن دەوێت هەتا مرۆڤ فێری زمانێک دەبێت لە گیانیدا ڕەنگ بداتەوە. هەر بۆ نموونە بەبیرم دێت کاتێک لە وەڵاتی ژەنگەوار (ژەنگەبار، زەنگبار) Zanzibar مامۆستای ڕشتەی مامۆستایەتی بووم، گەر فێرخواز ئەرکی ماڵەوەی جێبەجێ نەکردایە یان درەنگ هاتبا، پەنام دەبردە بەر زمانێکی توندتر و گرژتر لەوەی لە سوێد بەکارم دەهێنا. کەچی پاشان ئەو هەستی خەجاڵەتییەم نەدەکێشا کە هەمیشە دەیکێشم گەر بە زمانی سوێدی فێرخواز سەرزەنشت بکەم. لەوێ بە زمانی سواهیلی (سواحیلی) Swahili دەرسم دەگوتەوە، کە زۆر باشم دەزانی بەڵام دیارە ئەو ڕەنگدانەوەیەی لە هەستەکانمدا نەبووە.

نموونەیەکی دیکەی کەمێک دژوار دەهێنمەوە: لە وانەیەکی خۆمدا لە سوێد داوام لە مامۆستایانی بیسەر کرد نموونە بهێننەوە لە داهێنانی دەربڕین لای ئاسترید لیندگرێن[59] Astrid Lindgren و یەکیان گوتی: «تۆ لێم کەمیت Du fattas mig». ئەم گوتەیە وەهای هەژاندم ناچار بووم بۆ چەند خولەکێک داوای مۆڵەت بکەم ئەوجا بێمەوە سەر خۆم. ئەم دەستەواژە جوانەی Mattis لە داستانی «ڕۆنیای چەتەزادە Ronja Rövardotter» -دا بە Skalle-Per ی دەڵێت کە دەمرێت، هەر ئەوە بوو منیش بە باوکم گوت کە خرایە تابووتەوە. من چاوەڕێ نەبووم کەسێک ئەم دەستەواژەیە بڵێت و زووتر هەرگیز وەها بە ڕوونی هەستم بەوە نەکردبوو «لێکدانەوەی کەسەکی» کە مرۆڤ لە دەستەواژەیەکی دروست دەکات، چ هێزێکی کاریگەری هەیە.

دوا خاڵ لە لیستەکەی Hansegård ـدا «سەواد» ە. ئێمە لە فێرگەی سوێدیدا پێمان وایە کارێکی بەڵگەنەویستە فێرخواز سوێدی بخوێنێتەوە و بنووسێت، بەڵام ئایا چەند بیر لەوە دەکەینەوە کە فێرخوازی فرەزمان پێویستی هەیە بەوەی بە زمانی خۆیشی بخوێنێتەوە و بنووسێت؟ کەسی ڕسکاو چاوەڕێی لێ دەکرێت سەوادی هەبێت، ئەمە تەنها سوێد ناگرێتەوە. کەواتە ئەو فێرخوازانەی کە یەکەم یان دووهەم وەچەی کۆچهێنن، پێویستیان هەیە

[57]- پەیڕەوکاری: Procedure. ڕوتین و خشتەی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی کاروباری دیاریکراو.

[58]- واتاکێشەکێ: Association. بڕوانە مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەڕە 456. سایتی مامۆستا: www.mamosta.net.

[59]- ئاسترید لیندگرێن (1907-2002) Astrid Lindgren نووسەرێکی سوێدییە، بە تایبەتی لە واژەی زارۆکاندا ناودارە. «پیپپی گۆرەویدرێژ» یەک لە شاکارەکانیەتی.

بەوەی بە زمانی خۆیان بخوێندنەوە و بنووسن. دەنا مەترسی هەیە کە لە نیشتیمانی زووتری خۆیان ڕێزیان لێ نەگیرێت. ئەمانە تووشی ڕێبەست دێن گەر بۆ نموونە بیانەوێت ئاگایان لە دەنگوباسی وەڵاتەکەی خۆیان بێت، ڕۆژنامە و دەنگوباسی ئینتەرنێتیان پێ ناخوێنرێتەوە، واژەی نووسراو بە زمانی خۆیان پێ ناخوێنرێتەوە.

کچێکی لە تۆژینەوەیەکدا چوومە دیداری، پاشخانی فینییە و لە سوێد گەورە بووە، ڕوونی کردەوە کە ڕێک ئەم کەماسییەی سەوادی فینی کێشەی هەرە گەورەی بوو. ئەم کچە لە ئاست هاوتەمەنەکانی خۆی لە فینلاند هەستی بە شەرمەزاری دەکرد لەوەی خوێندنەوەی وەها خاوە و نووسینی هێند پڕ هەڵەیە. دایکوبابی فێرخوازی فرەزمان زۆرن کە نووسراوی زمانی دیکە بەکار دەهێنن و زۆر جاریش بە سیستەمی نووسینی جودا. Marilyn Martin-Jones & Kathryn E Jones (2000) لە تۆژینەوەیەکی وەڵاتی بریتانیادا پێشانیان داوە منداڵ چۆن دەکەوێتە ناکۆکیی نێوان مەرجەکانی سیستەمی نووسینی فێرگە و هی خێزان. بەشێک لەو خێزانانە بە «زمانلاواز» دادەنران گەرچی ئەندامی ڕسکاویان تێدا بووە خاوەن زمانێکی نووسینی زۆر چالاک و هەڵکشیو. ئەمانە هەڵبەست و تێکستی گۆرانییان بە زمانی جۆراوجۆر دادەڕشت و هەروەها سیستەمی نووسینی هەمەجۆریشیان بەکار دەهێنا. ئایا تا چەند زارۆخانە و فێرگەی سوێد گرینگی دەدات بە زمانی دیکە و سیستەمی دیکەی نووسین لای دایکوباوان؟

Monica Axelsson (2005) تۆژینەوەی هەیە دەربارەی منداڵ لە زارۆخانەی سوێدیدا کە خێزانەکانیان فرەزمانن و پێشانی دەدات گەرچی دایکوباب چالاکانە زمانی نووسین بە چەند زمانێک بەکار دەهنێن و پێشیان خۆشە منداڵەکانیان خاوەن سەواد بن بە زمانی خۆیان بەڵام لە زارۆخانەدا هاندان تەنها بۆ زمانی سوێدی بووە. زارۆخانە لە بەکارهێنانی نووسیندا پەیڕەوی نەخشی نەریتیی سوێدی کردووە، مەگەر منداڵێک خۆی بکەوێتە سەر باسی نووسینی زمانی دیکە و بۆ نموونە باس لەوە بکات کە خوێندنەوەی نووسینی عەرەبی لە ڕاستەوە بۆ چەپە، ئەوجا باسی وەها دەخرایە بەرباس. ئەمە باسێکی بەرۆکگیرە بۆ زارۆخانە و فێرگە کە سوودمەند بن بە ئەزموونی فێرخوازانیان لە سیستەمی دیکەی نووسین.

## پاژی سێهەم: فراژووتنی زمان لای زارۆک - زارۆکی ئاخێوەر

«گەر مەبەستتانە یارمەتیی کەسێک بدەن پەرە بە زمانی خۆی بدات، دەبێت ئەو کۆسپانە لابدەن کە دێتە ڕێی بەکارهێنانی زمانی ئەو کەسە لە بارودۆخی وەهادا کە پێویستی بە بەکارهێنانی زمان هەیە. دەبێت یارمەتیی ئەو کەسە بدەن پەی بەرێت بەوەی ویستی هەیە، خواستی هەیە، توانای هەیە، دەوێرێت، دەتوانێت، بۆی هەیە...»

Teleman 1991

مرۆڤ بوونەوەرێکی جڤاکییە و زمان لە گوزەرانی جڤاکیی مرۆڤدا شانۆرەی هەیە. منداڵی بچووک توانایەکی زگماکی هەیە بۆ فێربوونی زمانی مرۆڤکار لە ڕێی کارلێکی جڤاکییەوە لەتەک کەسانی دیکە. چەند دۆخێکی کەمژماری ناسراو هەیە کە تێیاندا زارۆک لە ژینگەیەکی دابڕاودا گەورە بوون بێ ئەوەی دەرفەتی هاوژینیی جڤاکییان هەبووبێت لەتەک کەسانی دیکە و فێری زمانێک نەبوون لەو جۆرەی ئێمە پێی دەڵێین زمان. دواییش کە دەرفەتیان بۆ ڕەخسا لەتەک مرۆڤی دیکە تێکەڵ ببن نەیانتوانی لە زمانێکی ساکار پتر تێهەڵکشێن. ئەوجا لەبەر ئەوەی باس لە تەنها چەند دۆخێکی کەمژمارە، ناتوانین بە دڵنیایی تەواوەوە هۆکاری دیاری بکەین بەڵام وەها پێدەچێت ئەو جڤاکاندن[60] و کارلێکەی بەرایی تەمەن کاریگەری هەبێت لەسەر فراژووتنی زمان لای منداڵ.

لە نێو کەسانی لە منداڵیدا کەڕ بوون زۆر هەیە دەڵێن پاش ئەوەی فێری «زمانی ئاماژە» بوون ئەوجا توانییان پەرە بە زمانی خۆیان بدەن، بۆ زۆریش لەوان ئەو باسە دواکەوت هەتا گەیشتنە ساڵانی خوێندن، جاریش هەیە گەییشتۆتە تەمەنی هەرزەکاری. هۆکاریش بۆ ئەوەی ئەم مرۆڤانە توانیویانە پەرە بە زمانی ئاماژە بدەن، پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە جڤاکییە خۆشرەوتە و ئەو ڕاگەیاندنە مرۆڤکارەی هەیانبووە لە بەرایی تەمەنەوە.

فێربوونی زمان دیاردەیەکە لە بەستێنی جڤاکیدا جێگیرە، واتە فراژووتنی زمان لە لای زارۆک جودا ناکرێتەوە لەو بەستێنە جڤاکییە تێیدا دەچەرخێت. زارۆک بە جڤاکاندن فێری زمان دەکرێن و جڤاکاندنیشان بە زمان دەکرێت. هەڤبەندیی هەیە لە نێوان هەردوو پرۆسەی فراژووتنی زمان و فێربوون لە ڕێی زمانەوە. جگە لەوە دەکاتەوە ئەوەی «جڤاکاندنی زمان» لە فەرهەنگی جوداوازدا بە شێوازی جوداواز چلوورەبەست دەبێت.

### جڤاکاندنی زمانەکیی زارۆک

لای زۆربەی خێزانی سوێد و بەشێکی گەورەی جیهانی ڕۆژاوا وەها باوە زارۆی کۆرپەلە بدوێنن زۆر زووتر لەوەی منداڵەکە خۆی فێری دەربڕینی وشە ببێت. مرۆڤی گەورەساڵ منداڵەکە ڕووبەڕووی خۆی دەگرێت و «گفتوگۆ»ی لەتەک دەکات. خنەخن و ڕووخسار گۆڕینی منداڵەکە وەک بەرسف وەردەگیرێت. Ragnhild Söderbergh (1988) ئەم نموونەیە لە Catherine Snow (1977) دەگێڕێتەوە وەک نموونەیەکی کارلێکی دایک و کیژۆڵەکەی کە سێ مانگی تەمەنە:

زارۆک (بزەی دێت)

دایک: دەی، ئەوە پێدەکەنیت ئەمڕۆ! ئای چەند جوان پێدەکەنیت...! هەی هەی!

زارۆک (کرپی دێت)

دایک: ئافەرین لەم کیژۆڵە زیرەکە! ئەمە کرپێکی دروست بووا دەی بۆ کرپێکی دیکەش؟

زارۆک (گروگاڵ دەکات)

دایک: دەی، ئاوهایە؟ ئەرێ منیش پێم وایە.

[60]– جڤاکاندن: Socialization، ئەو پرۆسەیەی مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە (لە ژینەوەرێکەوە) ببێتە بوونەوەرێکی جڤاکی.

زۆر جاریش بۆ دواندنی منداڵ شێوە زمانێکی تایبەت بەکار دەهێنین و پەنا دەبەینە بەر وشەی وەک: ئایئای، وەوە، پشە، جووجە... لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاهاتووین بەم جۆرە ئاخافتنە لەگەڵ منداڵ وەهای بۆ دەچین کە ئەمە کارێکی خۆڕسکە و دایکوبابی باش دەبێت منداڵی خۆیان بدوێنن. بەڵام ئەم ڕەفتارەی ئێمە کە کۆرپە بە هاودەم دادەنێت بەر لەوەی خۆیان فێری دەربڕین ببن، دیاردەیەکی جیهانییە.

تۆژینەوەی جوداواز هەیە دەربارەی شێوازی بەکارهێنانی زمان بۆ جڤاکاندنی زارۆک لە فەرهەنگی جوداوازدا و تۆژینەوەکان ئەنجامی فرەجۆر پێشان دەدەن. لە تۆژینەوەی وەها جەختی تایبەت دەخرێتە سەر ئەوەی پێی دەگوترێت «زمانی دایکانە» Caretaker talk, Motherese، واتە چەندوچۆنی کارلێکی زمانەکیی ئەو کەسانەی سەرپەرشتیی زارۆکی بچووک دەکەن. تۆژەران Bambi Schieffelin & Elinor Ochs (1986) باس لەم کردەوە زارەکییانە دەکەن کە باوە مرۆڤی ڕسکاو دەیکات بۆ یارمەتیی زارۆک کە تێبگەن لە ڕووداوی دەوروبەر و فێربن بە شێوەیەکی گونجاو ڕەفتار بکەن:

- ڕاکێشانی سەرنجی زارۆک بۆ ئەوەی خەریکە ڕوو دەدات، بۆ نموونە: «ئێستا ئەم کتێبە دەخوێنینەوە»، «ئێستا جەلوو[61] دێت».
- پرسیاری ڕێنوێن منداڵەکە هان دەدات بۆ گوتەی دروست، وەک، کاتێک منداڵەکە شتێک وەردەگرێت لێی دەپرسیت: «ئەوجا مرۆڤ دەڵێت چی؟».
- هاسانکردنی نێوەرۆک و ساختاری زمانەکە کاتی وریاکردنەوە لە ڕووداوێک یان هاندان بۆ باسێک، بۆ نموونە: «نا، دەست نا!» (دەستی بۆ مەبە!)، «تەماشا، بابە هاتەوە!».
- فرەپاتکردنەوەی ڕاهێنانێکی زارەکی کاتێک منداڵەکە تەماشاچییە.
- فرەواندنی دەربڕینی زارۆک بەرەو ئاستێکی دروستتر، بۆ نموونە زارۆک دەڵێت: «سەگ خواردن»، پێی دەڵێینەوە: «ئەرێ، سەگەکە خواردن دەخوات».

Schieffelin & Ochs جەخت دەکەن لەسەر ئەوەی هەموو جڤاکێک گشت ئەو کردەوانە پیادە ناکەن. خاڵی دووهەمیان، پرسیاری ڕێنوێن کە بۆ زارۆکی ڕوون دەکاتەوە چی بڵێت، خاڵێکە لە زۆر شوێن باوە، بەڵام خاڵەکانی دیکە بە پێی فەرهەنگ دەگۆڕێن. بۆ نموونە لە وەڵاتی ساموا Samoa[62] ی Schieffelin & Ochs تۆژینەوەیان لێ کردووە، ئەو خاڵانە باو نین. لەوێ زارۆک لە نێو خێزانی گەورەدا گەورە دەبێت و هەمیشە دەورەی بە کەسانی دیکە دراوە. زارۆکی بچووک بە لایەنێکی هاودەم نازانرێت و زمانی ساکاریشی لەتەک بەکار ناهێنرێت. گەر زارۆک بکەوێتە دەربڕینی خواست و پێویستیی خۆی بۆ کەسێکی ڕسکاو، ئەم کەسە ڕوو لە کەسێکی دیکەی جەوانتر دەکات و فەرمانی دەداتێ بەدەم منداڵەکەوە بچێت. ئەمیان دەبێتە وەڵامدەرەوەی منداڵەکە. بەم جۆرە منداڵ لە تەمەنێکی زوودا فێر دەبێت دەرک بە نەخشی ئاڵۆزی جڤاکی بکات کە نەخشی ئاڵۆزی ڕاگەیاندنیش دەگرێتەوە.

---

61- جەلوو: Train، ترێن، شەمەندەفەر، قطار. بڕوانە مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەڕە 192. سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

[62]- Samoa, Independent State of Samoa (Western Samoa).

Bambi Schieffelin ڕوونی دەکاتەوە چۆن کەسانی ڕسکاو لە نێو گەلی «کالولی» Kaluli ی وەڵاتی «پاپوا گینیای نوێ» Papua New Guinea، زارۆک، جەوان و گەورەساڵ لە خێزاندا تێکدەبەستن. ئەم زارۆکانە هەتا چەند ساڵێک نەبرِن چاوەڕێی گوتنیان لێ ناکرێت. یەکەمین وشەی لە زارۆک وەردەگیرێت «دایە» و «مەمە»یە. هەرچی پێش ئەوە دێتە دەربرین ناچێتە خانەی گوتنەوە. بەر لەوە، کەسی ڕسکاو لەبری منداڵەکە قسە دەکات. کەسی ڕسکاو منداڵەکە ڕووبەڕووی کەسێکی دیکە دەگرێت، بۆ نموونە دایەگەورەی منداڵەکە، ئەوجا بەو شێوازە سڵاو لە دایەگەورە دەکات کە لە منداڵەکە چاوەڕوان دەکرێت. ئەو دەنگ و هەوڵدانەی منداڵ بۆ گوتنی بەر لە ئاخافتن، واتە بەر لەوەی منداڵەکە ئەوە بڵێت کە بە وشە دێتە ژماردن، وێڵ دەکرێن. زارۆک لێرەش لە نێو گرووپی گەورەی مرۆڤدا گەورە دەبێت و ئاخافتنێکی زۆری لە دەورە بەڵام ئاخافتن ئاڕاستەی منداڵەکە ناکرێت.

ئەم شێوازانە، لای کەسانێکی ڕاهاتوون بە شێوازەکانی خۆمان بۆ جڤاکاندنی زارۆک، زۆر سەیر دێنە پێشچاو، بەڵام زارۆکی کالولی و ساموا، هەر وەک زارۆکی نێو خێزانی جیهانی ڕۆژاوا، فێری زمان دەبن. جوداوازییەکە لەوەدایە منداڵی کالولی و ساموا لە تەمەنێکی زوودا فێری هونەری جڤاکی دەبن، بۆ نموونە چۆن بدوێن لەتەک کەسانی خاوەن تەمەن یان پلەی جودا. Schieffelin & Ochs (1986) لە بەراورددا پێشانی دەدەن کە خێزانی سەربە چینی مامناوەند لە جیهانی ڕۆژاوادا دەوروبەر دەگونجێنن لەتەک زارۆکدا، ئەوەتا بە زمانێکی ساکار دەیدوێنن و هەر زوو وەک لایەنێکی هاودەم ڕەفاتی لەتەک دەکەن، بەڵام لە کالولی و ساموا زارۆک دەگونجێنن لەتەک دەوروبەر. هەر ڕێک ئەوەی لە کالولی و ساموا فێری زمان دەبێت بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاخافتنی ئاڕاستە بکرێت پێشانی دەدات کە ئەم ڕەفتارەی ئێمە پێویستییەک نییە بۆ فراژووتنی زمان لای زارۆک. بەمەش تۆژەران دەگەنە ئەنجامگیرییەکی دەڵێت هۆکاری یەکەمی گەشەی زمان لای زارۆک لاساییکردنەوە نییە، بەڵکوو شێوەی فێرکردنیانە.

ساڵانی هەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستەم تۆژەرانی دیکەش خەریکی وردبوونەوە بوون لە چۆنەتیی جڤاکاندنی زمانەکیی زارۆک لە ژینگەی خۆیدا. Kathryn Au & Claire Asam (1981) بۆ نموونە خەریکی تۆژینەوە بوون لە نەخشی داستانی سەرزار لە هاوایی Hawaii. تۆژەر Karen Ann Watson-Gegeo (1992) خەریکی تۆژینەوە بوو لە نەخشی کارلێک لە دوورگەکانی سولەیمان Solomon Islands. تۆژەر Susan Philips ساڵی 1993 خەریکی نەخشی کارلێکی نێو خێزانی Warm Springs Indian Community.

لەم بوارەدا تۆژینەوەیەکی Shirley Brice Heath لە Piedmont Carolina, USA بەرهەمێکی ڕێچکەشکێنە (Heath 1983). ئەمیان تۆژینەوەی لە نێو خێزانی سێ چینی جڤاکیدا ئەنجام دا، چینی مامناوەندی سپیپێست، چینی مامناوەندیی ڕەشپێست، و چینی کرێکارانی ڕەشپێست. تۆژینەوە پێشانی دا کە جڤاکاندنی زارۆک لە بواری زمان و سەواددا لە نێو خێزانی سەربە چینی مامناوەندی سپیپێست نەخشێکی هەیە ڕێک دێت لەتەک ئەو نەخشی کارلێکەی لە فێرگەدا پەیڕەوی دەکرێت، بەڵام زارۆکی خێزانە ڕەشپێستەکانی چینی کرێکار نەخشی وەهایان پەیڕەو دەکرد لە فێرگە جێی سەرنج نەبوون.

Heath ماوەیەکی درێژمەودا خەریکی چاودێریی کۆمەڵێک خێزانی ئەو سێ دەستەیە بوو. تۆژەر بۆی دەرکەوت جڤاکاندنی زارۆک لە نێو خێزانی ڕەشپێستانی سەربە چینی کرێکار، شێوازی هەڵکشیوی زارەکی دەکاتە ئامانج. ئەم زارۆکانە لە تەمەنێکی زوودا ستراتیژی بەرز بۆ ئاخافتن فێر دەبوون. جڤاکاندنی زارۆک لە خێزانی ڕەشپێستی مامناوەندا ڕووی لە بەهاگەلی مەسیحایەتی بوو. ڕاهێنانێکی گرینگی خوێندنەوە بریتی بوو لە

خوێندنەوەی گەلدەستی تەوجیل،[63] بەڵام بێژاندنی خۆیەکی و خەیاڵبازانە مایەی بایەخپێدان نەبوون. کاتی خوێندنەوە گرینگی دەدرا بە ڕێزگرتنی تێکست و لێکدانەوەی زۆر وردی تێکستەکە.

بەڵام چینی مامناوەندی سپیپێست بۆ جڤاکاندنی زارۆکی خۆیان پەیڕەوی نەخشێکیان دەکرد زۆری هاوبەش بوو لەتەک نەخشی فێرگە. کەسانی ڕسکاو خۆش خۆش چیرۆکیان بۆ منداڵان دەخوێندنەوە و بە شێوەیەکی ڕێک بێت لەتەک شێوەی فێرگەدا. زۆر جار منداڵ بە پرسیاری وەک: «ئەوە چییە؟» و «ئەمە ناوی چییە؟»... کە لە فێرگەدا باوە، هان دەدران شتان ناوزەد بکەن. تەنانەت پرسیاری کۆنترۆڵکار، وەک ئەوەی لە فێرگەی جیهانی ڕۆژاوادا باوە بۆ دڵنیابوون لە ئاستی زانستیی زارۆک، لە خێزاندا زوو زوو ئاڕاستەی زارۆک دەکرێت، بۆ نموونە: «چەند پشیلە لەم وێنەیەدا دەبینیت؟».

هەر ئەوەی جڤاکاندنی زارۆک لە فەرهەنگی جوداوازدا شێوەی جوداوازی هەیە، دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی لە جڤاکی فرەفەرهەنگدا زارۆک بە ئەزموون و زانستی جۆراوجۆرەوە بێنە زارۆخانە و فێرگە. ئەوجا بۆ ئەوەی کارمەندانی زارۆخانە و فێرگە بتوانن بە شێوازێکی یەکسان پێشوازیی لە گشت فێرخوازان بکەن، ئەوا دەبێت بەرانبەر بۆچوون و ڕەفتاری وێک نەچوو، سینەفرەوان بن. زۆر جار لە نێو فەریکەمامۆستا و مامۆستادا دەبیستم باس لە «خێزانی باش» و «خێزانی کەمتر باش» دەکرێت. مەبەستیشیان لە «خێزانی باش» ئەوانەن کە زارۆک تێیاندا بەم شێوەیەی مامۆستایان ڕەفتار لەتەک زمان دەکەن، واتە خێزانی وەها کە زارۆک تێیدا هان دەدرێت بۆ گفتوگۆ لەتەک کەسانی ڕسکاو. ئەمیان دیدێکی ڕەچەڵەکپەرست[64] (ئێتنۆسەنریست) Ethnocentrism ـە، واتا مرۆڤ فەرهەنگی خۆی، شێوازی بوون و گوزەرانی خۆی، بە سروشتی بزانێت و فەرهەنگی کەسانی دیکە بە کەمتر سروشتی. لێرەدا باس لە باشە و خراپەی شێوازی جڤاکاندن نییە، باس لەوەیە زارۆک گەر لە فەرهەنگێکدا بە شێوازێک بێتە جڤاکاندن و پاشان چاوەنۆڕی دیکەی لێ بکرێت و بە نەخشی جڤاکی دیکە بێتە هەڵسەنگاندن بێ ئەوەی دەرفەتی هەبێت بۆ ئاشنابوون بەم چاوەنۆڕی و پێوەرانە، تووشی کێشە دێت.

Heath (1983) ئەو توانا جوداوازانە پێشان دەدات کە زارۆک لەو سێ جفاتە جوداوازەدا فێری دەبوون. پێشانیشی دەدات کە ئەو منداڵانەی جڤاکاندنیان وێکچووی نۆرمی فێرگە بوو، ئەوانەی سەربە چینی سپیپێستی مامناوەند بوون، لە فێرگەدا لێی سوودمەند بوون بەڵام منداڵی سەربە ژینگەکانی دیکە کە جڤاکاندنیان جۆرێکی دیکەیە و سەرنجگیری تواناگەلی دیکەیە، زیانمەند بوون. Heath ئەوەش پێشان دەدات کە مامۆستا گەر دەستاوێژی هەبێت بۆ تێگەیشتنی شێوازەکانی کارلێک و بەکارهێنانی زمان و سیستەمی نووسین لای خێزان، دەتوانێت وانەبێژییەکەی خۆی باشتر بگونجێنێت. لە پاژەکانی شەشەم، هەفتەم و هەشتەمدا، لەتەک باسی گەشەی سیستەمی نووسین، ئەم خاڵە بەسەر دەکەینەوە.

گشت منداڵێک مافی هەیە پەرە بەو شێوازی بەکارهێنانی زمانە بدات کە لە ژینگەی خۆیدا زاڵە. لە سوێد دەکاتەوە ئەوەی گشت زارۆک پێویستیان هەیە بە فێربوونی توانای هەڵکشاو لە زمانی سوێدیی ستانداردا. ئەمەش دەکاتەوە ستراتیژی فراژی بۆ سەواد، هەروەها توانای هەڵکشیو لە ئاخافتندا. هاوکات گرینگە کاری زارۆخانە و فێرگە، زانست و ئەزموونی زووتری منداڵەکە بکاتە بناخە و هەروەها گشت زارۆکان بەو پاشخانە جوداوازانەی هەیانە، ڕێزیان لێ بگیرێت.

---

[63]- تەوجیل: Bible، کۆکورتەیە بۆ تەورات (پەیمانی کۆن) و ئینجیل (پەیمانی نوێ).

[64]- ڕەچەڵەکپەرست: Ethnocentrism، ئێتنۆسەنریست، دیدێک گیرۆدەی ڕەچەڵەک بێت.

لەبەر ئەوە گرینگە کارمەندان بڕیاری پێشدەستیان نەبێت دەربارەی مەرجی «خێزانی باش» و ڕەفتاری دایکوبابی باش. گەر مامۆستا پێشداوەری هەبێت دەربارەی خێزانی دیاریکراو، یان جۆرە پاشخانێکی زمانەکی بە کەم بگرێت، مەترسیی زۆرە بگات بەوەی منداڵەکە وەک کەسیش بەهاشکێن بکرێت. دەربڕینی وەک: «ئەو زارۆکە هیچ زمانی نییە» ڕێک پێشانی دەدات کە مامۆستا بایەخ دانانێت بۆ ئەو زانستەی فێرخوازی سەربە خێزانی تایبەت لەتەک خۆی دەیهێنێت. گەر مامۆستا لەبری ئەوە بڵێت: «ئەو فێرخوازە عەرەبی دەزانێت» ئەوا زانستی فێرخوازەکە بە شێوەیەکی تەواو جوداواز ڕەپێش دەخرێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی سەنگی گرینگیدان بە زانستی زووتری فێرخواز، چیرۆکێکی بچووک دەگێڕمەوە لە فێرگەیەکی خۆم کارم لێ کردووە. تۆنیا Tonia لە نێوەڕاستی تەرمینی خوێندندا ڕاستەوخۆ لە یۆنانستانەوە هاتبوو بۆ پۆلی سێهەم. خۆی هیچ سوێدی نەدەزانی بەڵام ئامۆزایەکی لە پۆلەکەدا هەبوو، هەم سوێدی و هەم یۆنانی دەزانی و دەبووە یاریدەر. تۆنیا کە هێشتا سوێدی نەدەزانی و ئاشنای پیتەکانی ئێمە نەبووبوو، کاتێک کە فێرخوازی دیکە خەریکی ئەرکی تاکەکەسیی خۆیان دەبوون، من ناچار دەبووم بابەتێک بدۆزمەوە ئەم لە پۆلدا خەریکی بێت. فێرخوازی دیکە دەبا چیرۆکی خۆیان لە نێو «گوزەرنامە»دا (کە بریتییە لە کاخەزی نوشتاوەی A4 تەرخانە بۆ نووسینەوەی چیرۆکی خۆیان) بنووسنەوە، من گوزەرنامەیەکم دەدایە تۆنیا و بە یارمەتیی ئامۆزاکەی داوام لێ دەکرد چیرۆکی خۆی بنووسێتەوە و نیگارکێش بکات. بەرهەمەکانی تۆنیا پێشانی دا کە نیگارکێشێکی بەهرەمەندە و دەستوخەتی یۆنانیشی زۆر جوانە. زۆری پێ نەچوو ئەم پیتە جوان و ناسکانە سەرنجی هاوپۆلەکانی ڕاکێشا و بە سەرسامییەوە لێی کۆبوونەوە.

هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە چ شانازییەیک لە گشت گیانیدا دەگەشایەوە. بەر لەوە، تۆنیا لای ئێمە تەنها کچێکی نوێ بوو کە ناتوانی لەتەکمان بدوێت، پاشان بە نووسیاری خۆی پێشانی داین چ کیژۆڵەیەکی دەساڵانەی بەرزەبەرهەمە. هەر ئەوەندەی مامۆستای «زمانی دایکزا»ی پەیدا بوو، داوام لێ کرد تێکستەکەی تۆنیا تەرجەمەی سوێدی بکات. مامۆستا تەرجەمە سوێدییەکەی لە ژێر دێڕەکانی خۆیدا نووسی. کە کاتی ئەوە هات فێرخوازان چیرۆکی خۆیان بخوێندنەوە، تۆنیا تێکستە یۆنانییەکەی خۆی دەخوێندەوە و نیگارەکانی پێشان دەدا و منیش تەرجەمە سوێدییەکەم دەخوێندەوە. ئەو پەسن[65] و بەهەندگرتنەی هاوپۆلان پێشانیان دەدا، بەتایبەتی بۆ ئەو خەتوخاڵە یۆنانییە جوانەی، بووە یاریدەرێکی گەورە بۆ فراژووتنی ئەم فێرخوازە لە خوێندنی فێرگەدا. بێ ئەوی پێویستمان بە دەرامەدی زیادە بێت و بێ ئەوەی من یۆنانی بزانم، توانیمان توانا و زانستی فێرخوازێک ڕەپێش بخەین.

### فراژووتنی بەرایی زمان لای زارۆک

بۆ جەختکردن لەسەر سەنگی «جڤاکاندن» بۆ فراژووتنی زمان لە لای زارۆک، چەمکی «جڤاکاندنی زمان» بەکار دەهێنرێت و مەبەستیش «جڤاکاندن»ی زارۆکە بۆ زمانێک. لێرەشدا جەخت لەسەر ئەوەیە کە زارۆک توانایەکی زگماکی هەیە بۆ فێربوونی زمان لە ڕێی هاوژینی و کارلێکی جڤاکییەوە. زارۆک هەیە هەر زوو فێری

[65]- پەسن: مەدح.

«ئاوازی زمان»،[66] ئاهەنگی توون[67] و جوداوازیی نێوان دەنگی کورت و دەنگی درێژ دەبێت. جار هەیە دەبیستیت زارۆک دەستەواژەی درێژ «دەڵێت» بێ ئەوەی وشەی دروستی تێدا بێت. جار هەیە زارۆک پێشانی دەدات کە «ئاوازی جۆراوجۆری زمان»ـەکە فێربووە بەوەی تەلەفۆن دەگرێت و بە شێوازێک «دەئاخفێت» بە ئاخافتنی دایکی دەچێت، یان کتێبێک دەکاتەوە و بە شێوازێک «دەخوێنێتەوە» بە شێوازی خوێندنەوەی باوکی دەچێت.

زارۆک هەن زوو دەکەونە ئاخافتن بە «لادان»ی زۆرەوە لە «زمانی ئامانج».[68] زارۆکی دیکە هەن درەنگ زمان دەگرن بەڵام دروستتر دێنە گۆ. زۆربەی زارۆک بەر لە تەمەنی دوو ساڵیدا دەتوانن ڕستەی ساکار ساز بکەن دوو پەیڤی هەبێت ئەوجا بەر لە سێ ساڵی ساختارە بنەڕەتییەکانی زمانەکەیان لە لا گەشە دەکات. ئەو زارۆکەی زمانی سوێدی یەکەم زمانیەتی، لەم تەمەنەدا شارستە و پارستە جودا دەکاتەوە. زمانی سوێدی یەکێکە لەو زمانانەی جیهان کە ڕیزبەندیی وشە تێیدا واتابەخشە و ئەو ڕیزبەندییەی وشە لە شارستەدا جودایە لە هی پارستە.

ئەو زارۆکەی لەتەک دوو زمان یان زێدەتری تەریبدا گەورە دەبێت، «فراژووتنی هاوکاتی دووهەم زمان»ی دەبێت. بۆ نموونە زمانی دایکزا جودایە لە زمانی باب و هەریەکەیان یەکنەوا[69] زمانی خۆی لەتەک منداڵەکەدا بەکار دەبات. ئەو دەم منداڵەکە تەریبانە زمانی جودا فێر دەبێت. لەوانەیشە دایکوباب یەک زمانیان هەبێت بەڵام منداڵەکە لە بەرایی تەمەنەوە بچێتە زارۆخانە و لەوێ زمانێکی دیکە کارا بێت. لێرەدا زۆر جار فراژووتنی زمانی سوێدییەکە لای ئەم زارۆکە دەبێتە «فراژووتنی پلەپلەی دووهەم زمان» چونکە فراژووتنی «یەکەم زمان»ی منداڵەکە زمانی ئاخافتنی ماڵەوەیە.

ئەو خاڵەی بڕیار دەدات لەوەی فراژووتنی زمان لای مرۆڤێک فراژووتنی «یەکەم زمان» بێت یان «دووهەم زمان»، بریتییە لەوەی ئایا ئەو مرۆڤە زووتر چ سیستەمێکی زمانەکیی دیکە فێربووە یان نا. فراژووتنی «دووهەم زمان» بە شێوازێک دەچەرخێت جوداواز لە فراژووتنی «یەکەم زمان». فراژووتنی «یەکەم زمان» لای زارۆک - ئەوجا یەک زمان بێت یان چەند زمانێک - لەو بەستێنەدا دەچەرخێت کە منداڵەکەی تێدایە. فراژووتنی «دووهەم زمان» - کە ئەمیشیان دەکرێت یەک یان چەند زمانێک بێت - پەنا بۆ زمانزانینی زووتر دەبات، بۆیە ئەم فراژووتنەیان جودایە لەوەی یەکەم، دەشکەوێتە بەر کاریگەریی خاڵی وەک: کامەیە ئەو زمانە/زمانانەی مرۆڤ زووتر فێریان بووە و دەستپێکی ئەم فراژووتنە لە کام تەمەندایە.

فراژووتنی بناخەی یەکەم زمان، واتە زمانزانیی بنەڕەتیی، بەگشتی بێکێشە بەدەم «فێربوونی نافەرمی»یەوە، دەچەرخێت، کە هیچ وانەبێژیی تێدا نییە. بەڵام بۆ فراژووتنی دووهەم زمان، وانەبێژی سەنگی گەورەتری هەیە بۆ یارمەتیی فێربوون و ئاماژەدان بەو کۆسپانەی دێنە ڕێ. هەتا دەستپێکی ئەم فێربوونەی دووهەم زمان دوا بکەوێت، سەنگی فێرکارییەکە زیاد دەکات.

---

[66]- ئاوازی زمان: Prosody.

[67]- ئاهەنگی توون: Intonation (linguistics)، ئەو توونەی لە ئاخافتندا بەکار دەهێنرێت. بەرزی و نزمیی توون بۆ نموونە بەکار دەهێنرێت بۆ جوداکردنەوەی گریمانە لە پرسیار.

[68]- زمانی ئامانج: Target language، ئەو زمانەی تەرجەمەی بۆ دەکەیت، ئەو زمانەی مەبەستە فێری ببێت. ئەمیان بەرانبەر «زمانی دەراو»: Source language دەوەستێت کە دەکاتەوە ئەو زمانەی تەرجەمەی لێوە دەکەیت، یان ئەو زمانەی خۆت دەیزانیت.

[69]- یەکنەوا: Consistently.

دیاردەیەکی باوە کە زارۆکی فرەزمان لە سالآنی بەراییدا زمان بە شێوازی جۆراوجۆر تێکەڵ دەکەن. جار هەیە وشەی ئەم زمانە بە ڕێزمانی زمانێکی دیکە بەکار دەهێنێنن. جاریش هەیە وشەی سەربە زمانی جودا لە یەک ڕستەدا تیهەڵکێش دەکەن. ئەویش هەر باوە کە زارۆک لە ماوەی جوداوازدا پەنا دەبەنە بەر ستراتێژی زمانەکیی جوداواز. بەگشتی گەشەی هەر زمانێک لە بەرایی تەمەندا لای زارۆکی فرەزمان خاوڕەوتە. بەڵام وەها دیارە پاشان زارۆک تێی دەهێنێتەوە و تۆژینەوەی جۆراوجۆر هەیە پێشانی دەدەن کە زارۆکی سەربە دوو زمانی جودا، گەر بەردەوام لە تەمەنی هەڵکشانیدا پشتیوانی بکرێت، ئەوا ئامادەیی تەواو دەکات و زاڵە بەسەر دوو زماندا. بەڵام ئەم گەشەکردنە خۆڕسک ناڕوات بەڵکوو بە درێژایی سالآنی خوێندن پێویستی بە یارمەتیی بەردەوامە.

کەواتە یارمەتیدانی هەردوو زمانەکە گرینگە بۆ فراژووتنی فرەزمانەتی و کەسانی ڕسکاوی دەوروبەر دەبێت دەرک بکەن بەوەی خاوڕەوتیی گەشەی زمان و تێکەڵکردنی زمان لە سالآنی بەراییدا دیاردەیەکی خۆڕسکە. هەر ئەوەی زارۆک، بێ فێرکاری پاتەوپات،[70] بەدەم کاتەوە فێر دەبن زمانەکان لە یەکدی جودا بکەنەوە، بەڵگەیە بۆ توانای زگماکی مرۆڤ بۆ پەرەدان بە زمان لە ڕێی بەستێنی جڤاکییەوە.

**بیردۆزە دەربارەی فراژووتنی زمان لای زارۆک**

لە سەدەی بیستەمدا دیدی مرۆڤ بۆ فراژووتنی زمانی زارۆک تەواو بەرتاوی ڕێبازی ڕەوشتایەتی[71] بوو. ڕەوشتایەتی دەڵێت زارۆک بە لاساییکردنەوەی گەورەساڵان فێری زمان دەبن. لێرەدا ژینگە دەکرێتە نموونەیەک لەوەی زارۆک دەبا لاسایی بکاتەوە. ڕاهێزانی ئایەتی بەرانبەر ڕەفتاری دروست و هەروەها ئاماژەی نایەتی و ڕاستکردنەوە بەرانبەر هەڵە دەبا زارۆک بخەنە سەر ڕێبازی دروست. Noam Chomsky لە گوتارێکی ناوداردا ساڵی 1959 لە دیدێکی نەیتیڤیزم[72] Nativism ـەوە ڕەخنە لە دیدی ڕەوشتایەتی دەگرێت. نەیتیڤیزم دەڵێت توانای زمانزانیی زارۆک و هەروەها توانای ڕێزمانزانی تایبەتمەندیی زگماکن. بیردۆزەی نەیتیڤیزم، کە مێنتالیزم[73] Mentalism یشی پێ دەگوترێت، دەڵێت زارۆک بە «زمانپژێن»[74] Language Acquisition Device (LAD) ـەوە دەزێت و بەشێک لەم «زمانپژێن»ـە بریتییە لە «ڕێزمانی جیهانی»[75] Universal Grammar (UG). گەرچی تۆژینەوەی بەرفرەوانی تێدا کرا بەڵام تەنها چەند بنەمایەکی گشتی دارێژرا بۆ شێوازی ڕێکخستنی ئەم ڕێزمانە جیهانییە.

---

[70]- پاتەوپات: explicit، ڕوون، ئاشکرا، دیاریکراو...

[71]- ڕەوشتایەتی: Behaviorism (behaviourism)، ڕووکارێکی زانستی - دەروونناسییە سەرنجگیری ڕەفتار و ڕاهێنانە.

[72]- نەیتیڤیزم: Nativism, nativist theory، بیردۆزەیەکە دەڵێت توانا و شێوازی تێگەیشتن تایبەتمەندیی زگماکن یان لە جیندا ئامادە کراون، ئەوەی فێرکاری دەیکات تەنها چالاکاندنی ئەو تواناگەلەی.

[73]- مێنتالیزم: Mentalism, mentalistic theory

[74]- زمانپژێن: Language Acquisition Device (LAD)

[75]- ڕێزمانی جیهانی: Universal Grammar (UG)، بیردۆزەیەکی زمانەوانییە دەڵێت فێربوونی ڕێزمان بەرنامەی زگماکی هەیە لە مێشکدا نەخشێنراوە.

لەم بەستێنە زانسیتەوە، تۆژینەوەی «دووهەم زمان» سەری هەڵدا. ئەمیان بیردۆزە و ڕێبازی نێو تۆژینەوەی «یەکەم زمان»ی دەکردە ڕوانگەی سرووش. تۆژەران فێربوونیان بە پرۆسە دەبینی و شاگردیان[76] بە ئەندازیارێکی چالاک دانا کە خەریکی هەڵبەستنی ڕێزمانێکی ناوەکییە. ئەم دۆخە سەرنجی لە فێرکارییەوە گۆڕی بە فێربوون.

تۆژینەوەی سەربە زمانی زارۆک، لە هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، سەرنجی لە کارلێک و لەوێشدا بەتایبەتی لە زمانکاریی زارۆک خۆی، گیر دەکرد. بەمەش دیدێک لە زمان پەیدا بوو، دەیگوت زارۆک کەسێکی چالاکە خۆی زمانی خۆی هەڵدەبەستێت و لەم کارەشدا خاوەن توانایەکی زگماکی دیاریکراوە. Ragnhild Söderbergh یەکێکە لەوانەی نووسینی هەیە دەربارەی فراژووتنی زمانی زارۆکی سوێدیی لە بەراییی تەمەندا و لەم کارەشدا ئەو ڕوانگەیەی هەیە کە دەڵێت زارۆک بە هاوسەمای دەوروبەر، چالاکانە زمانی خۆیەتی دەئافرێنێت (1988). ڕێک ئەو ڕاستییە کە زارۆک دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەڵدەبەستێت بێ ئەوەی زووتر بیستبێتی، لەم ڕوانگەیەدا کرایە گرینگترین بەڵگە دژ بەو دیدەی ڕەوشتایەتی کە دەیگوت فێربوونی زمان بە لاساییکردنەوە دەبێت.

تۆژینەوەش دەربارەی فێربوونی «دووهەم زمان» لای گەورەساڵان ئەنجامی وێکچووی دەدات، کە کەسی شاگرد بۆ فێربوونی زمانەکە، ڕێزمانێکی تایبەت بە خۆی، ڕێزمانێکی نێوەکیی، دادەڕێژێت. ئەو زمانەی شاگردەکە پێشانی دەدات، «زمانی کاتەکی»[77] Interlanguage یان «زمانی فێربوو»[78] Learner language، زمانێکی ڕێسابەندە بەڵام بەشێکی ڕێساکان تەواو ڕێک نایەن لەتەک ڕێساکانی زمانی ئارمانجدا، واتە ئەو ڕێساگەلەی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکە بەکاری دەهێنن.

Hatch (1979) دەڵێت زارۆک بۆ پەرەدان بە توانای ڕستەسازی خۆی، واتە توانای داڕشتنی ڕستە و دەستەواژەی خۆی، لە «ساختاری ستوونبار»[79]ـەوە دەچێت بۆ «ساختاری ئاسۆبار».[80] زارۆکی بچووک بە یارمەتیی کەسێکی شارەزاتر دێتە گۆ، کە بە پرسیار و بە فرەواندنی وشەکانی ئەو زارۆکە، هاریکاری دەکات، بۆ نموونە:

زارۆک: بووکەڵە

یاریدەر: ئەوە بووکەڵەی تۆیە؟

زارۆک: بووکەڵە خەوتن

یاریدەر: ئێستا بووکەڵەکە دەخەوێت؟

زارۆک: تەختەخەو

یاریدەر: کەواتە بووکەڵەکە لەسەر تەختەخەو دەخەویت

زارۆک: بووکەڵە خەوتن تەختەخەو

---

[76]- شاگرد: Learner، کەسێکی خەریکی فێربوونە.

[77]- زمانی کاتەکی: Interlanguage، ئەو زمانی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت لە نێوان دەستپێکی فێربوونی زمانێکی نوێ هەتا ئەو دەمەی باش فێری ئەو زمانە دەبێت.

[78]- زمانی فێربوو: Learner language، مەبەست زمانی ئامانجە، ئەو زمانە نوێیەی مرۆڤ فێری دەبێت.

[79]- ستوونبار: ستوونی، بە باری ستوونیدا. پاشگری «بار» لێرەدا بۆ سازکردنی ئاوەڵناوە. بڕوانە ئاسۆبار.

[80]- ئاسۆبار: ئاسۆیی، بە باری ئاسۆییدا. پاشگری «بار» لێرەدا بۆ سازکردنی ئاوەڵناوە. بڕوانە ستوونبار.

نموونەکە پێشانی دەدات چۆن زارۆک بە یارمەتیی کەسێکی دیکە لە دەربڕینی تاکوشەوە هەڵدەکشێت بۆ دەربڕینی فرەوشە. دەستەواژەی «ساختاری ستوونبار» و «ساختاری ئاسۆبار» ئاماژەن بە شێوەی زمانەکە لە نووسیندا. دەستپێک وشەکان لە ژێر یەکدا ڕیز دەبەستن، ستوونبارن. پاشان دەستەواژەی تاکوشە و دەربڕینی درێژتر لە ڕستەدا کۆ دەبنەوە، ئاسۆبارن. زارۆکی بچووک وابەستەی یارمەتییە لە کەسێکی شارەزاوە بۆ داڕشتنی دەربڕینەکەی خۆی، بە ساختاری ستوونبار. بەڵام بەدەم کاتەوە پەرە بە توانای خۆی دەدات بۆ ئەوەی خۆی بیرۆکەی درێژمەودا دەرببڕێت، بە ساختاری ئاسۆبار.

ڕوانگەی کۆتای نەوەدەکان و سەرەتای ساڵانی دووهەزار بۆ فراژووتنی زمان کەوتە بەرتاوی بیردۆزەکانی ڤیگۆتسکی Lev Vygotsky. ڤیگۆتسکی دەڵێت زارۆک، لە ڕێی هاریکاری و کارلێکی ساختارنبەندەوە لەتەک کەسانی لە خۆی ڕسکاوتر، پەرە بە توانای جڤاکی و هزریی خۆی دەدات. ئەم جەختیش دەخاتە سەر ئەوەی بەکارهێنانی زمانێک ڕێک هەورازتر لەوەی منداڵەکە زاڵە بەسەریدا، دەبێتە دنەدەر بۆ ئەو منداڵە. ڤیگۆتسکی بە چەمکی «نێزیکترین زۆنی فراژووتن»[81] Zone of Proximal Development (ZPD) پێشانی دەدات کە دەرفەتی فراژووتنی زارۆک ڕێک لە سەروو ئەو نهۆمەوەیە ئێستا ئەو زارۆکە تێیدا زاڵە. لەوێدا زارۆک دەتوانێت زمان بەکار بهێنێت بەڵام بە یارمەتیی بۆ نموونە مامۆستا.

ئەوجا تۆژەرانی دیکەی بۆ نموونە ئاوسترالیا، بە پشتیوانیی بەرهەمی دیکەی وەک «زمانەوانیی سیستەمداری کارکرد» Systemic Functional Linguistics (SFL)[82] ی M. A. K. Halliday و جەختکردنی Jerome S. Bruner لەسەر «ڕاهێزەی زمان»[83] Scaffolding Language، توانییان پەرە بەو بۆچوونانە بدەن. لێرەدا «ڕاهێزەی زمان» ڕێک لەو زۆنە هەرە نێزیکەی فراژووتندا ZPD، بووە مایەی گرینگی پێدان. پۆلێک تۆژەری وەک:

Pauline Gibbons (2006), Mary J Schleppegrell (2004), Lily Wong - Fillmore & Catherine Snow (2000), Beverly Derewianka (2004), Dolly van der Eerden & Maaike Hajer (2008)

... لە سەرشاری بیردۆزەکەی Halliday دەربارەی «زمانەوانیی سیستەمداری کارکرد SFL»، کەوتنە سەر تۆژینەوە لە فراژووتنی زمان و فراژووتنی زانیار بە چەندین زمان لای زارۆک. ئەمانە جەخت دەکەن لەسەر گرینگیی یارمەتیدان و پشتیوانی لە لایەن گەورەساڵانەوە بۆ فراژووتنی زمان لە لای زارۆک.

Stephen Krashen (1982)، جەخت دەکات لەسەر ئەوەی گرینگە فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، دەسترەسی هەبێت بۆ داخون[84] *Input* ـێکی زمانەکیی وەها لە ئاستێکدا بێت بۆ هەڵمشتن[85] *Intake* دەست بدات. زمان گەر لە نهۆمێکی زۆر دژوار بێت، نابێتە مایەی هەڵمشتن. ئەمیش، وەک ڤیگۆتسکی، جەخت دەکات لەسەر ئەوەی گرینگە داخون لە ئاستێکدا بێت ڕێک لە بان ئەو نهۆمەی شاگرد تێیدایە. ئەم بیردۆزەیەی Krashen

---

[81]– نێزیکترین زۆنی فراژووتن: Zone of Proximal Development (ZPD)، چەمکێکی «ڤیگۆتسکی»یە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو زۆنەی ڕێک لە بان ئەو نهۆمەوەیە کە زارۆک تێیدا زاڵە بەسەر زمانەکەی خۆیدا. ئەمیان دەبێتە کایەی دنەدەر بۆ هەڵکشان.

[82]– سیستەمی کارکردی زمانەوانی: Systemic Functional Linguistics (SFL) نۆڕینێکە لە زمانەوانیدا دەڵێت زمان سیستەمێکی «جڤاکی – نیشانەکی» Social semiotics ـیە، لە بەرهەمی Michael Halliday (1925-).

[83]– ڕاهێزەی زمان: Scaffolding Language، ڕایەڵەیەکە لە خاڵ و پەیکەری تێکبەستە بۆ پشتیوانی و یارمەتیدانی فراژووتنی زمان لە لایەن Jerome S. Bruner (1915-) داڕێژراوە.

[84]– داخون: Input.

[85]– هەڵمشتن: Intake.

کەوتە بەر ڕەخنەی زۆر لەبەر چەند هۆیەک، یەک لەوان بەهەند نەگرتنی دەرخون[86] *Output* ی شاگردەکەیە، بەرهەمەکەیەتی لە بواری زماندا.

Merrill Swain (1985) ئەو گرینگییە دەدات بە بەرهەمی زمانەکیی شاگرد و دەڵێت شاگرد خۆیشی زمان بەرهەم دێنێت. ئەمیان جەختی تایبەت دەخاتە سەر «دەرخونی تێپەستە»[87] *Pushed output*، کە تێیدا شاگرد دنە دەدرێت دەربڕینەکەی خۆی بخاتە زمانێکەوە کەمێک هەڵکشاوتر بێت لەوەی ئێستا دەیزانێت. کەواتە پێویستیی بەرۆکگیریی زمانەکی، هەم بەرەنگاربوونەوە و هەم بەرهەمهێنانی زمانێکی بەرزتر لەو زمانەی مرۆڤ خۆی دەیزانێت، لە چەند لایەکەوە و هەروەها لە چەند سەرشارێکەوە جەختی لەسەر دەکرێت.

لە سوێد، «ڕوانگەی جڤاکی - فەرهەنگی» لە بواری فێرکاریدا، کە Roger Säljö (2000, 2005) نوێنەرایەتی دەکرد، برەوێکی بەرینی لە سەدەی بیستویەکەمدا پەیدا کرد. لەم ڕوانگەیەدا جەخت دەخرێتە سەر پەیوەندیی نێوان فراژووتنی زمان لە لایەک و فێربوون لە لایەک، جەخت دەخرێتە سەر ئەوەی مرۆڤ لە بەستێنی سروشتیدا، بە کارلێک لەتەک کەسانی دیکە فێری زمان دەبێت. زمان بە دیاردەیەکی «دۆخبەند»[88] دادەنرێت، واتە جەخت دەکرێت لەسەر ئەو دۆخ و بەستێنەی فێربوون و فراژووتنی زمانی تێدا دەچەرخێت.

تۆژینەوە دەربارەی «دووهەم زمان» پێشانی دەدات کە جوداوازیی هەیە لە نێوان فراژووتنی زمانی زارۆک و هی گەورەساڵ و دەشڵێت بەتایبەتی «هەراشبوون»[89] Puberty کاریگەریی زۆری هەیە. ڕێک ئەو توانایەی مرۆڤ هەیەتی بۆ فێربوونی زمان لە ڕێی کارلێکی سروشتیی جڤاکییەوە لەتەک کەسانی دیکە، ئادگارێکی بەرچاوە لای زارۆک. ئاشکرایە کە زارۆک باشتر لە کەسانی ڕسکاو فێری وشە و دەستەواژەی سەرلەبەر دەبێت. کەسانی ڕسکاویش بە خوێندنی فەرمی و ڕاهێنانی ئاگایانە باشتر فێر دەبن. کەواتە گرینگە زارۆک لە ژینگەیەکدا گەورە بن لە ڕووی زمانەوە بەرۆکگیری دنەدەری تێدا هەبێت. تۆژینەوەش پێشانی داوە کە ڕاهێنانی ساختاربەند بۆ زارۆک بە مەبەستی پەرەدان بە زمانزانییان، گەر لە دەرەوەی بەستێنی سروشتیی خۆیان بێت، سوودیان کەمە.

خاڵی هاوبەش لە نێوان بیردۆزەکانی فراژووتنی زمان لە لای زارۆک بریتییە لە جەختکردن لەسەر ئەو لایەنەی زمانزانیی کە Bachman & Palmer نێوی دەنێن «توانای ڕێزمانزانی» (1996). هەرچی «توانای تێکستزانی» ـیە، توانای بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی تێکستی درێژتر، هەروەها «توانای کردەکی»، کە بریتییە لە «توانای کارکردانە» و «توانای جڤاکی - زمانەوانی»، بە دەگمەن بوونەتە مایەی تۆژینەوە. بەڵام لە بواری «زمانەوانیی سیستەمداری کارکرد SFL» و «ڕوانگەی جڤاکی - فەرهەنگی»دا ئەم بەشانەی فراژووتنی زمانی زارۆک بەهەند دەگیرێن.

[86]- دەرخون: Output.

[87]- دەرخونی تێپەستە: Pushed output.

[88]- دۆخبەند: Situated، دۆخبەندەتی: Situatedness. کە دەڵێت دیاردەیەک دۆخبەندە، بۆ نموونە زانیار دۆخبەندە situated knowledges مەبەست ئەوەیە دیاردەکە بەرتاوی دۆخ و بەستێنی خۆیەتی.

[89]- هەراشبوون: Puberty، تەمەنی نێوان منداڵی و ڕسکان. بالغبوون.

**مەرجی زمانەکی لە زارۆخانە، پۆلی ئامادەکار و ساڵانی بەرایی فێرگەدا**

دەیسا لە بواری فراژووتنی زمانی زارۆکدا، نۆرەی ئەو بنگەیانە چییە کە زارۆک تێیاندا گەورە دەبێت و کارمەندانی زارۆخانە و فێرگە چۆن دەتوانن بە شێوەیەکی باش پشتیوانی لە زارۆک بکەن؟ لە «ڕوانگەی جڤاکی - فەرهەنگی»دا جەخت دەخرێتە سەر ئەوەی فراژووتنی زمانی زارۆک دەبێت بخرێتە «بەستێن»ـەوە و دەبێت فراژووتنی زمان و فراژووتنی زانیار «هاوسەما» بن. ڕووکاری ئەم کتێبە بە پلەی یەکەم ڕووەو فراژووتنی یەکەم دە - دوازدە ساڵی زمانی زارۆکە، بەڵام ئەوانەی کار لەتەک زارۆک دەکەن، ڕوانگەیان لەوە فرەوانترە. ئاشکرایە کە زارۆخانە و ساڵانی بەرایی فێرگە ئامادەکارن بۆ ئاستی دیکەی باڵاتر و بۆ خوێندنی ئامادەیی. کەواتە وەها لەبارە دواساڵی خوێندنی ئامادەیی بکەینە ئامانج و لە هۆشی خۆماندا جێگیری بکەین کە زارۆک هەر لە تەمەنی زارۆخانەوە پێویستیان بە دەرفەتە بۆ پەرەدان بەو زانیار و تواناگەلەی لێیان چاوەنۆڕ دەکرێت هەیانبێت لە خوێندنی بەرزتر و لە گوزەرانی گەورەساڵیدا.

لێرەدا جێی خۆیەتی وردبینەوە لەو مەرجە هەمەجۆرانەی زمانەکی کە لە ساڵانی خوێندندا دێنە پێش و ڕووبەڕووی فێرخواز دەبنەوە. چەمکی «تۆمار»[90] Register ڕاڤەیە بۆ جۆرە جوداوازەکانی زمان کە لە بەستێنی جۆراوجۆر و کایەی جۆراوجۆردا دێنە بەکارهێنان. بۆ نموونە، کایەی خێزان تۆمارێکی زمانەکی بەکار دەهێنێت جودایە لە کایەی فێرگە کە تۆماری زمانەکی خۆی هەیە. گرینگە مرۆڤ فراژووتنی زمان بە پرۆسەیەکی هێڵەکی دانەنێت، بەڵکوو پتر وەک فراژووتنێک ڕووەو جۆرفرەواندن[91] Diversification ی زمان. وێنەیەکی باو بۆ ڕاڤەکردنی فراژووتنی زمان لای زارۆک، باس لە «ژێرخان» و «ژوورخان» دەکات (Viberg 1993). دەڵێن زارۆک ژێرخانی زمانەکیی خۆی لە نێو خێزاندا دادەڕێژێت. پاشان لە فێرگە ژوورخانی زمانی زارۆک پەرەی پێ دەدرێت بۆ ئەو زمانەی پێویستە بۆ خوێندن. بۆ نموونە فێربوونی ستراتێژی هەڵکشیوی سەواد. Jim Cummins (1979) تۆژەری «دووهەم زمان» لە کانادا، بە دوو چەمکی «زمانزانیی ڕاگەیەن» (BICS) و «زمانزانیی زانیاربێژ» (CALP) نێزیکەی هەمان جوداوازیی ڕاڤە دەکات. چەمکی دیکەی لەم بوارەدا باسیان دێت بریتین لە: «زمانی نێزیک» بەرانبەر «زمانی دوور» (Mål i mun 2002, Teleman 1979)، «زمانی ڕۆژانە» بەرانبەر «زمانی زانیار» (Axelsson 2005). جوداوازیی زمانەکیی نێوان ئەو دوو جۆرە لە پاژی پێنجەمدا ڕاڤە دەکرێن.

«پێداگۆگیی ژانرەبین»[92] Genre Pedagogy -ی ئاوسترالیازادە، کە بنەمای لە Systemic Functional Linguistics (SFL) ی Michael Halliday وەرگرتووە، پێشان دەدات چ فرەڕەنگییەک هەیە لە «تۆماری زمانەکی»ی فێرگەدا. ڕاپۆرتێکی ئەزموونگەی کیمیا ئەو زمانە بەکار ناهێنێت کە ڕاپۆرتێکی نووسراوی مێژوو پەنای بۆ دەبات. فێرگە بۆ ڕاڤەی زانستی فیزیا و جڤاکناسی زمانی تەواو جوداواز بەکار دەبەن. لە «پێداگۆگیی ژانرەبین»دا جەخت دەکرێت لەسەر ئەوەی زارۆکی بچووکیش دەبێت دەرفەتی هەبێت بۆ پەرەدان بەو تۆمارانەی پاشان لە خوێندنی فێرگەدا دەبنە پێویستی لە بابەتی جۆراوجۆردا. کەواتە یارمەتیدانی فراژووتنی زمان لای زارۆک دەبێتە ئەرک و دەکەوێتە ئەستۆی کارمەندانی زارۆخانە و ئاستی بەرایی فێرگە. ئەمیان بەتایبەتی

---

[90] - تۆمار: Register.

[91]- جۆرفرەواندن: Diversification، پرۆسەی فرەواندنی جۆر و بواری کار و بەرهەم. بۆ نموونە کۆمپانیایەکی گەڕۆکسازی خەریکی جۆرفرەواندنی بەرهەمی خۆیەتی و لە پەنا گەڕۆکدا دەکەوێتە سازکردنی جۆرە ماشینی دیکەش، بۆ نموونە فڕۆک، تانک و جەلوو.

[92]- پیداگۆگیی ژانرەبین: Genre Pedagogy.

گرینگە بۆ ئەو زارۆکانەی ئەم جۆرە زمانانە لە دەرەوەی فێرگە نابیستن، دیسان بەتایبەتی زۆربەی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە دەگریتەوە.

زمان، لە زارۆخانە، پۆلی ئامادەکار و سالانی بەرایی فێرگەدا، لە بابەتی جوداوازدا هێندە جوداواز نییە. جگە لەوەش مامۆستا یارمەتیی زۆری بەرهەست بۆ فێربوون پێشکەش دەکات. وێڕای ئەوەش گرینگە کارمەندان ئاگایانە کار بکەن بۆ پەرەدان بە زمانی فێرخواز لە بواری هەمەجۆری زانیاردا. کاتێک باس لە بابەتی جۆراوجۆر دەکەین، بۆ نموونە تەزین و تواندنەوەی ئاو لە پلەی ساردی و گەرمیی جوداوازدا، گرینگە مامۆستا ئەو چەمکانە ڕاڤە بکات کە لە بەستێنی زانستیدا دێنە پێش. بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕینی «پەیتی» (خەستی) ی ئاو بەپێی پلەی ساردی و گەرمی، وەک «خاڵی تەزین»، «خاڵی تواندنەوە»، «توند»، «شل». «گاز»... هتد. گەر بابەتی خوێندنەکە کرم بێت، ئەوا دەشێت چەمکی وەک کرمپلە، کۆزاخە، پلە و بازنەی ژیان پێشکەش بکرێن. کاتێک لە ماتەماتیکدا دەگەینە وانەی کێشانە و پێوانە، دەرفەتێکی سروشتی دێتە پێش بۆ باس لە ئاوەڵناوی وەک گرانتر، سووکتر، هەرە گران و هەرە سووک. گرینگە فێرخواز دەرفەتیان هەبێت زانستی خۆیان بەو زمانە نوێیە دەرببڕن.

بۆ فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، ئەمە باسێک نییە پێویست بکات چاوەڕێی بێت هەتا فێرخواز دەگاتە تەمەنێکی ئاستی زمانەکە [زمانی دووهەم کە لێرەدا دەکاتەوە سوێدی] لەبار بێت. یارمەتیدانی فێرخواز بۆ دەربڕینی زانستی وەها بە زمانی سوێدی دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی فراژووتنی زمان و فراژووتنی زانست دەبنە پشتیوانی یەکدی، چونکە نێوەڕۆکی باسەکە ئاستێکی هزری هەیە دەگونجێت لەتەک تەمەنی فێرخوازەکەدا.

Mary Macken-Horarick (1996) جوداوازیی کایەی فێربوون دەکاتە سەرشار بۆ جوداکردنەوەی تۆماری زمانەکی: «کایەی ڕۆژانە»، «کایە تایبەتکار» و «کایەی تەکدەر[93]/سەختانگ». «کایەی ڕۆژانە» خێزان و ئەو ژینگەیە دەگریتەوە جڤاکاندنی بەرایی دەبەخشێتە زارۆک. Mary جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کایەکان، کە دێتە زمان و چاوەنۆڕیی لە ژیان، بزۆز[94] و فرەلایەنەن چونکە بەرتاوی چەندین هۆکارن، وەک: زایەند، ڕەچەڵەک (ڕیشەی میللی)، چین و دین. لە «کایەی ڕۆژانە»دا، زمان بەشێکە لە داکەوت (واقیع) و تاکیش بە پلەی یەکەم ئەندامی دەستەیە. شێوازە گرینگەکانی فێربوون لەم کایەدا بریتین لە بەشداری، سەرنجدان و «ئەزموون و هەڵە» (ترایەل ئاند ئێرۆر) *trial and error*. فێربوون لە نێوان نەوەکاندا دەستاودەست دەکات. زارۆک تاڕادەیەک جۆرە کۆنترۆڵێکی هەیە بەسەر ئەوەی فێری دەبێت و بەسەر ئەو کاتەی پێویستە بۆ فێربوونەکە.

«کایەی تایبەتکار» باس لە خوێندنی تایبەت دەکات کە داڕێژگەی[95] دیاریکراوی هەیە. لە جڤاکی ئاڵۆزی ئەم ڕۆژگارەدا، فێرکاری لە بواری ڕشتەی جۆراوجۆردا پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤی جەوان ڕابگەن بە داڕێژگە باڵادەستەکانی زانیار، دەسەڵات و بیروڕادا. لەم کایەدا، بە پێچەوانەی «کایەی ڕۆژانە»، زانیار بە شێوەیەکی سیستەمبەند ڕێکخراوە. نموونەیەک لەم باسە خوێندنی بابەتەکانی فێرگەیە کە بەرهەمهێنانەوەی زانیار تێیدا کارێکی ئاساییە و زمانیش تێیدا چیدی گرێدراوی بارودۆخی ڕۆژانە نییە. لێرەدا تاک وەک بابەت (ئۆبژێکت) سەیر دەکرێت و پەیوەندییەکان وەها سنووررێژ دەکرێن مەودای جڤاکی پێشان بدەن (ئەم باسە لە پاژی پێنجەمدا بەسەر دەکرێتەوە). ئێمە لێرەدا چاوەنۆڕین مامۆستای پیشەوەر ڕێسای پێداگۆگییانەی وردبینانە پیادە بکات. Mary Macken-Horarick (1996) دەڵێت ئەم ڕوانگەیە، گەرچی دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ زانیاری پێویست

---

[93]- تەکدەر: Reflexive

[94]- بزۆز: Dynamic، پێچەوانەی «داوەستاو».


[95]- داڕێژگە: Form نیگاری بنەڕەتی، قاڵب. بڕوانە «فەرهەنگی خاڵ».

بۆ کایەی سێهەم، «کایەی تەکدەر»، کە تێیدا فێربوونی ڕۆژانە و فێربوونی تایبەکار کۆ دەبنەوە بەڵام دەشبێتە هاندەری دیدێکی داوەستاو[96] لە فێربوون و دیدێکی کۆنەوارانە[97] لە ڕێکخستنی جڤاک.

لە «کایەی تەکدەر»دا کە دەکاتەوە فێربوونی تەکدەر، کەس و زانین تێهەڵکیش دەکرێن، پەیوەندیی ناتەرازی دەسەڵات بەرەنگاری فرەڕەنگی دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی زانیاز بە هەڵبەستێکی جڤاکی دادەنرێت، دەبێتە بابەتێک بۆ وردبینی، بەرۆکگیری و گۆڕانکاری. ئەرکی تاک دەبێتە گواستنەوەی ڕوانگەی جۆراوجۆ لە زانیار. شاگرد هان دەدرێن ڕوانگەی ڕکابەر بەراورد بکەن، ڕەخنە بگرن و بۆچوونی دژوەستاو بەیەک بگرن. Macken-Horarick پێشانی دەدات چۆن پێداگۆگیی بزۆز دەرفەت دەڕەخسێنێت هەم بۆ پەیدابوونی دەنگی دیکە و هەم بۆ وردبوونەوەی ڕەخنەگرانە لە نەریتی فێرکاریی جێکەوتوو. لە پاژی پێنجەمدا، نێوەرۆکی ئەم خاڵە لە ڕووی زمانەکییەوە، دێتە بەرباس.

کە دێتە سەر فێرخوازانی سەربە زمانی دیکە، واتە ئەو فێرخوازانەی زمانی سوێدییان دووهەم زمانە و هێشتا لەم زمانەدا نەگەیشتوونەتە ئاستێکی وەها بەراورد بکرێن بە هاوپۆلەکانی دیکەی سوێدی یەکەم زمانیانە، تۆژینەوەی زۆر هەیە دەربارەی باشترین شێوە بۆ پەرەدانیان بە زمان و بە زانیار. ئاخر ئەمانە لە دۆخێکی تایبەتدان، هەم دەبێت زمانی سوێدی فێر بن و هەم دەبێت ئەو زمانەش وەک دەستاوێژ بەکار بهێنن بۆ فێربوون. واتە ئەمانە دەبێت هاوکات، هەم ژێرخانی زمانی خۆیان دابڕێژن و هەم ژوورخانی زمانەکەشیان هەڵبەستن و زانیاری فێرگە وەربگرن.

تۆژینەوەیەکی زۆر هەیە دەربارەی ئەم خاڵە بۆ ناسینی ئەو بارودۆخەی باشترین دەرفەتی دەڕەخسنیت بۆ پێشکەوتن لە فێرگەدا (بۆ نموونە: Axelsson et al. 2005, Thomas & Collier 1997, 2002, Cummins 2000). تۆژەر Monica Axelsson چوار هۆکار بە زۆر کاریگەر نێو دەبات بۆ خوێندنی فێرخوازانی سەربە زمانی دیکە. ئەم چوار هۆکارە لەم نیگارەی بەرەوە ڕوون دەکەینەوە.




**چوار هۆکاری گرینگ بۆ خوێندنی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە: Axelsson**

[96]– داوەستاو: Static, statical، مەند، پێچەوانەی «بزۆز».

[97]– کۆنەوارەتی: Conservatism، کۆنەوار: Conservative.

تۆژینەوە پێشانی دەدات کە خوێندنی «زمانی دایکزا»، کە دەکاتەوە پشتیوانییەکی تەواو لە خوێندنی زمانی دایکزا لە گشت سالآنی خوێندنی فێرگەدا، لەتەک «خوێندنی زمانی سوێدی وەک دووهەم زمان»، ئەو هۆکارەیە کە بە تەنێ گەورەترین تاوی هەیە لەسەر ڕەوتی خوێندنی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە (Thomas & Collier 1997, 2002). ئەمەش مەرج دەخاتە ئەستۆی مامۆستایانی ئەم دوو زمانە. لە سوێد، نە خوێندنی ڕشتەی زمانی دایکزا بەهەند گیراوە، نە فێرکردنی زمانی دایکزا (Hyltenstam & Tuomela 1996).

گەر بێینە سەر باسی «خوێندنی زمانی سوێدی وەک دووهەم زمان» ئەوا ڕشتەی خوێندنی هەیە بۆ مامۆستایان بەڵام بەشێکی زۆری ئەو مامۆستایانەی کاری لەتەک دەکەن ئەو خوێندنەیان نییە کە پێویستە بۆ شرۆڤە، هەڵسەنگاندن و پلانڕێژیی گەشەکردنی زمانی سوێدی لای فێرخوازی سەربە زمانی دیکە. کەواتە ئەم هۆکارانەی باسیان هات، بە پلەیەکی یەکجار لاواز لە فێرگەی سوێدیدا دابین کراون. گەر بێتە سەر زارۆخانە و پۆلی ئامادەکار ئەوا لەو پلەیەش دادەکشێت.

ئەوجا دێینە سەر دوو هۆکارەکەی دیکە و ئەوانیش کاریگەرن. هەڵبەت گرینگە وانەی بابەتەکان بە زمانێک بگوترێتەوە کە فێرخواز تێی بگات، بەڵام گرینگیشە زمانێک بێت دەرفەت بداتە فێرخواز گەشە بەو توانا زمانەکییەی خۆیان بدەن کە پێویستە بۆ سالآنی داهاتووی خوێندنیان. کارێکی باش ئەوەیە فراژووتنی زانیار بە هەردوو زمان بێت، هەم بە زمانی دایکزا و هەم بە سوێدی. بۆ ئەوەی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە بتوانێت بە زووترین کات پەرە بە سوێدییەکەی خۆی بدات تا ئەو ئاستەی پێویستە بۆ خوێندنی فێرگە، پێویستی دەبێت بەوەی بەردەوام لە ماوەی خوێندندا گەشە بە زمانەکە بدات نەک تەنها لە وانەی تەرخان بۆ زمانی سوێدی وەک دووهەم زمان. هەڵبەت ئەم باسە هەموو فێرخوازان دەگرێتەوە و پاشان لە پاژی دیکەدا باسی دێت.

هۆکاری چوارەم کە باس لە بوونی «ژینگەیەکی یاریدەری جڤاکی – فەرهەنگی» دەکات، گرینگیی هەیە بۆ گشت فێرخوازان. بۆ ئەو فێرخوازانەی لە خێزانێکەوە دێن زمان و فەرهەنگیان جودایە لە فەرهەنگی باڵادەستی فێرگە، بەتایبەتی گرینگە مامۆستا وریای هەڵویستی خۆیان بن دەربارەی بۆ نموونە بەها و بەکارهێنانی زمان لە خێزانی ئەو فێرخوازانەدا. گشت فێرخوازێک بەلایەوە گرینگە هەست بکات کە ئەو زانست و ئەزموونەی لە هەنبانەی خۆیدا هەن و دەیانهێنێتە فێرگە، مایەی ڕێزگرتنن، بۆ ئەوەی هەست نەکەن ناچاری هەڵبژاردنن لە نێوان بەهای خێزان و بەهای فێرگەدا. ئەم دۆخەش مەرج دەخاتە سەر هەم توانای هەڵسەنگاندن و هەم توانای هاوسۆزیی مامۆستا.

## پاژی چوارەم: «تۆماری زمانەکی» و «شێوەزار»ی هەمەڕەنگ

«وێڕای ئەزموونی دەیانساڵەی هەم میللی و هەم فرەمیللی، ئێستایش دەبینیت ئەو بیرۆکە چەوتەی زمان بەرانبەر زانیار ڕادەگرێت، بوونی هەر ماوە. زمان و زانیار تەوەری دژوەستاوی یەکدی نین، وەک ئەوەی بۆ نموونە دین و ئایدیۆلۆژی هەن. ئەمان لە ڕاستیدا ڕاهێزەر و تەواوکەری یەکدین [...] دروستە لە نێو ئێمەدا فرەلایەنی بوونی هەیە، بەڵام سنووردارییی گەوجانەشمان تێدایە».

Lainio 1999, p 189-90

سوێد جڤاکێکی فرەزمانە و هەتا ئاوڕ لە ڕابوردووش بدەیتەوە هەر وەها بووە. بەڵام سیاسەتی فێرکاریی سوێد نەریتێکی بەهێزی تواندنەوەی هەیە، واتە زمانی سوێد لە ماوەیەکی درێژخایەندا بە تاکە زمانی فێرگە دانراوە (بەدەر لەوانەی گۆیا زمانی هاوچەرخن: ئینگلیزی، فرانسی، ئاڵمانی و... هتد) و مەرجی بەکارهێنانی سوێدی ئەو نۆرمە بووە کە دەبا مرۆڤ ڕێزی بگرێت. ئەوجا بەدەم زیادبوونی ئەو تۆژینەوانەی ئەنجامی گەش پێشان دەدەن لە دۆخێکی پشتیوانی بکات لە فراژووتنی فرەزمان، دۆخێکی تێیدا زمانە تازەکەیش بکرێتە ئامرازێکی دیکەی نێو کۆگەی زمان، ئەوجا ڕێنامەکانی زارۆخانە و فێرگە بەرەبەرە هاتنە سەر پشتیوانیکردن لە فراژووتنی فرەزمانەکی.

Jim Cummins ئاماژە بە سێ هۆکار دەکات ئەمڕۆ کاریگەرییان بەهێزە لەسەر سیستەمی فێرکاریی لە جیهاندا:

1. فرەوانبوونی هەمەڕەنگیی زمان و فەرهەنگ بەتایبەت لە ژینگەی شاردا وەک دەرئەنجامێک لە دیاردەی کۆچی وەها بەرین کە لە مێژوودا نموونەی نییە.
2. هەڵکشانی داوای خوێندنی ئینگلیزی کە بنەماکەی بریتییە لەوەی دایکوباب و هەروەها بڕیاردەران پێیان وەهایە زمانی ئینگلیزی کلیلە بۆ پێشکەوتنی جڤاکی و ئابووری.
3. گۆڕانکاریی دەمەدرەنگەکانی سەدەی بیستەم لە ئابوورییەکی دامەزراو لەسەر بنەمای «جڤاکی پیشەساز»ەوە[98] بۆ «جڤاکی ئاگاداری»[99] کە بەرهەمی فراژووتنێکی تیژڕەوی تەکنۆلۆژییە.

(2006, p. 52)

هۆکاری یەکەم، لە سوێد تەنها شار ناگرێتەوە، بگرە بە ڕادەیەکی بەرز دەشتودەریش دەگرێتەوە چونکە کۆچهێنی تێدا نیشتەجێ دەکرێن. کۆچی بە کۆمەڵ هەم لە نێو وەڵاتدا دەچەرخێت و هەم لە نێو دەوڵەتاندا. هەتا دێت، هەم کۆچکاری زێدەتر دەبێت و هەم مرۆڤ لە ماوەی تەمەنی خۆیدا زێدەتر کۆچ دەکات، چ بۆ خوێندن بێت، چ بۆ کار و چ لەبەر هۆکاری دیکە.

هۆکاری دووهەم پێشڕەوتیی زمانی ئینگلیزییە و کاریگەری هەیە لەسەر پێگەی زمانی سوێدی. ئەمەش باسێکە لە پەیجۆریی فەرمیدا باسی دێت (*Mål i mun* 2002). لە لایەکەوە پێگەی زمانی سوێدی دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ئەو باڵادەستییەی زمانی ئینگلیزییەوە کە هەتا دێت فرەوانتر دەبێت. هەر بۆ نموونە سەیری ئەو هەموو فێرگەیەی سوێد بکە کە زمانی خوێندنیان ئینگلیزییە و هەروەها ئەو زیادبوونە تیژڕەوەی وشە و دەستەواژەی ئینگلیزی لە زمانی سوێدیدا. لە لایەکی دیکەوە باڵادەستیی زمانی سوێدی لە بواری فێرکاریدا بە توندی لە بەشی زمانەکانی دیکەی نێو جڤاک دەخوات، بۆ نموونە زمانی کەمایەتییەکانی نێو وەڵات: زمانی فینی، سامی، مەینکەیلی Meänkieli (فینیی تورنەدال)، یدیش Yiddish، ڕۆمانی و زمانی ئاماژەی سوێدی، هەروەها زمانە تازەکانی کەمایەتیی وەک عەرەبی، سۆماڵی و تورکی (Bästa språket 2005, Värna språken 2008).

هۆکارێکی سێهەمیش هەیە کاریگەریی زۆری لە سەر سوێد هەیە. ئەو فراژووتنە تیژڕەوەی «تەکنەلۆژیی ئاگاداری»[100] و زیادبوونی ڕێژەوی[101] ئاگاداری بە ڕادەیەکی بەرز کاریگەری هەیە لەسەر جڤاک و خوێندن. لەتەک پەیدابوونی دەستاوێژی دیژیتاڵ باس لە زمانی «فرەدۆخ» Multimodality دەکرێت. لەوەشدا ئاماژە بەوەی کارێکی ئاساییە کە هاوکات چەندین دۆخ و شێوازی زمانەکیی جوداواز بەکار ببرێت: مرۆڤ بەرانبەر

---

[98]- جڤاکی پیشەساز: Industrial society

[99]- جڤاکی ئاگاداری: Information society.

[100]- تەکنۆلۆژیی ئاگاداری: Information technology.

[101]- ڕێژەو: Flow. بڕوانە مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەرەی 121، سایتی مامۆستا: www.mamosta.net

کۆمپیوتەر دانیشتووە و گوێ لە موزیک دەگرێت، هاوکات خەریکی لە ئینتەرنێتدا خەریکی پەیدۆزییە، بە ماوس[102] و کیبۆرد[103] لاپەڕەی جۆراوجۆر بەسەر دەکاتەوە، ئیکۆنی جۆراوجۆر کلیک دەکات و تێبینی تایبەت تۆمار دەکات. ئەمانە بەتایبەتی زارۆک و جەوانان دەگرێتەوە کە لەتەک هەڤاڵێکدا بەرانبەر کۆمپیوتەر کار دەکەن. دەنگ و ڕەنگ، بزۆزی و مەندی تێکەڵ بە شێوازی هەمەجۆری نووسین دەکرێن.

دەیسا چۆن دەتوانین زارۆخانە و فێرگەی وەها ساز بکەین ئەو فرەڕەنگییەی زمان و سەوادە بەهەند بگرن کە لەم زەمانەی جیهانگیری و کۆچبارییەدا هەن و پشتیوانیشی لێ بکەن؟ چۆن دەتوانین ئەم ڕەوتەی دەرکنارکردنە[104] جڤاکی و ئابوورییەی ئەمڕۆ لە نێو گرووپی بەریندا ڕوو دەدات، هەڵگێڕینەوە؟ ئەم گرووپە بەرینانە کەسانێکن لە وەڵاتانی دیکەوە هاتوون، ئەوانەن لە سوێد زاون بەڵام لە نێو خێزانی کۆچهێندا یان بەشێکن لە کەمایەتییەکانی نێوخۆ. مامۆستا چی بکات باشە بۆ ئەوەی زارۆخانە و فێرگە بە جۆرێک بن زارۆک و جەوانان تێیاندا هەم پەرە بە زمانی خۆیان بدەن و هەم لە فێرگەدا سەرکەوتوو بن؟

«زمانەوانیی سیستەمداری کارکرد SFL» ی Halliday دەستاوێژێکی شرۆڤەکاری بیردۆزەکییە بۆ وردبوونەوە لە زمانی نێو پۆل بە مەبەستی پەیداکردنی زانست بۆ بەرسڤدانەوەی پرسیاری لەو بابەتانە. SFL بووە پردێک لە نێوان زمانناسیی نەریتی و ڕەچەڵەکناسی[105] Ethnography. لە ڕێی SFL ـەوە زمان دەبێتە پرۆسەیەکی جڤاکی و بنەمایەک دەبەخشێت بۆ ڕوونکردنەوەی چۆن و بۆچی زمان دێتە گۆڕین بە پێی ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت و بەپێی ئەو ئامانجەی بۆی بەکار دەهێنرێت. لەبەر ئەوەیە ئەم ڕێبازە بەتایبەتی گونجاوە بۆ تۆژینەوە لە ڕووداوی نێو پۆل و بۆ گرێدانی ڕووداوی فێرگە بە ڕووداوی نێو خێزان و نێو جڤاک.

وەک لە پاژی سێهەمدا باسی هات، چەمکی «تۆمار» لە نێو SFL ـدا شاچەمکە و باس لەو دەربڕینە زمانەکییانە دەکات کە لە بەستێنی جۆراوجۆری سەربە کایەی جۆراوجۆدا بەکار دەبرێت. Halliday چەمکی «تۆماری ئاکادێمی» بەکار دەهێنێت بۆ ڕاڤەی ئەو زمانەی لە بەستێنی فێرگەدا، لە لایەن مامۆستا، فێرخواز و کتێبی فێرگەوە بۆ دەربڕین لەو زانیارەی لەوێدا هەڵدەبەسترێت، دێتە بەکارهێنان. کەواتە چەمکی «تۆمار» بۆ دەربڕین نییە لەوەی ئێمە ڕاهاتووین بە زمانی جودای بزانین، بەڵکوو جۆری جوداوازی زمانە کە لە بەستێنی جۆراوجۆردا بەکار دەهێنرێت. لە پاژی پێنجەمدا «تۆماری ئاکادێمی» زێدەتر دێتە بەرباس.

**فراژووتنی فرەزمانەکی**

سنووردارکردنی دەرفەتی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی زمانی دایکزای خۆی - و هەروەها توانای سنووردار لە زانینی زمانی فەرمی و باڵادەست لە وەڵاتەکەدا - هۆکارێکە بۆ دەرکنارکردنی مرۆڤ لە بوارەکانی خوێندن، سیاسەت و ماف. لە باشووری «بیابانی مەزن» Sahara ی ئافریکا پتر لە دووهەزار و پێنجسەد زمان هەیە، بەڵام دەرفەتی بەکارهێنانی زمانی خۆ لە خوێندن و گوزەرانی جڤاکیدا بۆ زۆر کەس تەواو سنووردارە. پتر لە 30 وەڵاتی ئەو دەڤەرە زمانی فەرمی تێیاندا جودایە لە زمانی زۆرینە گەل. تەنها

[102]- ماوس: mouse، مشکەی ئامێری دیژیتاڵ...

[103]- کیبۆرد: Keyboard، تەختەکلیل-ی ئامێری دیژیتاڵ.

[104]- دەرکنارکردن: Marginalization، پەراوێزخستن.

[105]- ڕەچەڵەکناسی: Ethnography، ئێتنۆگرافی، ڕێبازێکی زانستییە بۆ ڕاڤە و بەراوردکردنی مرۆڤگەل و فەرهەنگی جۆراوجۆری جیهان.

13%ی زارۆکی دەچنە فێرگەیەکی بنەڕەتیی وەها بە زمانی دایکزای خۆیان تێیدا بخوێنن. (UNDP 2004 p.13, Cummins 2006)

فرەوانبوونی دیاردەی کۆچ بۆ سوێد وەها کردووە نەتوانین بە هاسانی زارۆک لە دوو گرووپی «زارۆک کە سوێدی یەکەم زمانیەتی» و «زارۆک کە سوێدی دووهەم زمانیەتی»-دا جودا بکەینەوە. لە زۆر باردا سەختە بزانین سوێدی یەکەم زمان یان دووهەم زمانی ئەو زارۆکەیە. کەواتە گرینگە مامۆستا زانستی هەبێت دەربارەی فراژووتنی زمان، فراژووتنی هەم تاکزمان و هەم فرەزمان، بۆ ئەوەی بزانێت چۆن پلانێکی گونجاوی وانە دابڕێژێت.

زۆر جار چەمکی «زمانی دایکزا» و چەمکی «یەکەم زمان» بە هاوواتای یەکدی بەکار دەهێنرێن. زۆر منداڵی لە سوێد خاوەن «یەکەم زمان»ێکی جودایە لە زمانی سوێدی، توانایەکی بەرزی لەو زمانەدا نییە، بەڵکوو زمانی سوێدیی لە لا دەبێتە بەهێزترین زمان، گەرچی سوێدی لێرەدا دووهەم زمانە. لەوانەیە کاری ئەوە بێت کە ئەو زارۆکەی یەکەم زمانی لە نێو خێزاندا هەیە، لە تەمەنێکی بەراییەوە دەچێتە زارۆخانە و هاوڕێی سوێدیزمان پەیدا دەکات و بەو شێوەیە زمانی سوێدییەکە دەبێتە زمانی سەردەست. زارۆکیش هەیە لە سوێد زاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ژینگەیەکدا گەورە دەبێت زمانی سوێدی تێیدا زۆر باو نییە، سوێدییەکەی لێ نابێتە یەکەم زمان. لەوانەیە دایکوباب زمانی جودای خۆیان هەبێت و بە زمانی خۆیان ئەو زارۆکە بدوێنن و چ دەرفەتێکی وەهایش نەبێت بۆ تێکەڵاوبوون لەتەک ژینگەیەکی سوێدیزمانی وەها ببێتە دنەدەر بۆ گەشەکردنی ئەم زمانەیان.

تەنانەت سنووری نێوان «فراژووتنی هاوکات» و «فراژووتنی پلەپلە»ی زمان بزۆزە. بۆ زۆربەی منداڵی سوێد چوونە زارۆخانە لە بەرایی تەمەنەوە بەس نییە بۆ ئەوەی سوێدییەکەی هێندە گەشە بکات بە «فراژووتنی هاوکاتی زمان» ناوزەد بکرێت. گەر زارۆک لە سوێد لە خێزانێکدا گەورە بێت تەنها دایک یان باوک سوێدیزمان بن، ئەوا بە کردەوە زمانی سوێدی دەبێتە یەکەم زمان. گەر مەبەست بێت زارۆک گەشە بە زمانی کەمایەتییەکەش بدات ئەوا ڕێک لەو خاڵەدا پێویستی بە پشتیوانییەکی زۆرە. ئەوجا ژمارەیەکی گەورە زارۆک هەن لە سوێد زاون و دایکوبابیان سوێدی زمانن بەڵام بەشێکی بەرینی ساڵانی گەورەبوون و فێرگەیان لە وەڵاتێکی دیکە بردۆتە سەر. سوێدیزانینی ئەمانیش بە هاسانی ناگاتە، نە ئاستی هاوپۆلانی تاکزمان کە تەنها لە سوێد گەورە بوون، نە فێرخوازی دیکەش کە سوێدی دووهەم زمانیانە.

فراژووتنی زمان لای زارۆکی کەڕ تارادەیەک دەکرێت بەراورد بکرێت بە فراژووتنی زمان لای زارۆکی فرەزمان. زارۆکی کەڕ گەر زوو لە بەرایی تەمەندا فێری «زمانی ئاماژە» ببێت ئەوا ئەمیان دەبێتە «زمانی دایکزا» لە لای. کێشەیەک لەوەدایە دایکوباب زووتر ئەم زمانە نازانن و دەبێت خۆیان فێر بکەن. لەبەر ئەوەیە زۆربەی زارۆک کە زمانی ئاماژە یەکەم زمانیانە، گەرچی سەیر ڕادەنوێنێت، منداڵی کەسانی کەڕن. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە دەگوترێت زمانی ئاماژە کۆسپ دروست دەکات بۆ فێربوونی ئاخافتن. ئەمیش هەر نموونەیەکە لە نۆرمی باڵادەستی تاکزمان. لەبەر ئەوەشە فراژووتنی زمان لای زۆر کەسی کەڕ تووشی ئاڵۆزیی دێت (بۆ نموونە بڕوانە Bergman & Nilsson 1999). توێژینەوەی درەنگتر هەیە پێشانی دەدات کە فرەزمانی سوودی بۆ زارۆکی کەڕ هەیە. ئەو منداڵەی بە زمانی ئاماژەی سوێدییەوە گەورە دەبێت، دەتوانێت پاشان زمانی ئاخافتنی سوێد وەک دووهەم زمان فێر ببێت. لە زۆر باردا زمانی نووسینیان دەگاتە ئاستێکی زۆر بەرزتر لە زمانی ئاخافتنیان.

بۆ نموونە Tvingstedt (1993) پێشانی داوە چۆن زارۆکی گوێکز (هێزی بیستنی کزە) کاتێک تێهەڵکێشی پۆلی بیسەران دەکرێت، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی خوێندندا، کەمتر دەوروبەری خۆی تێدەگات و پتر هەست بە

پەراوێز کەوتن دەکات. لەم ساڵانەی دواییدا چاندنی «بیسەوانەی لوولپێچ»[106] multiple-channel cochlear implant لای زارۆکی گوێکز برەوی سەندووە (Tvingstedt et al.1999). ئەم ئامێرانە جۆرە هەستکردنێک بە دەنگ دەدەنە زارۆک و ئارمانج ئەوەی زارۆک لە ژینگەی بیسەراندا بەشدار بێت. بەڵام ئامێرەکان نیگەرانیشیان لە نێو کەسانی کەڕدا پەیدا کردووە دەربارەی ئایەندەی فەرهەنگ و زمانی ئاماژەی خۆیان. Tvingstedt و کەسانی دیکەش دەڵێن گەر زارۆکی کەڕ بۆ هەڵکردن و بۆ فراژووتنی زانیار و توانا ناچار بن پەنا تەنها بۆ بیستن بەرن ئەوا فراژووتنی ڕاگەیاندنیان، هەستەکییان و هزرییان، دەکەوێتە مەترسیی گەورەوە.

هەر بۆ پێشاندانی نموونەیەک لە هەستی زارۆکێکی کەڕ بە فراژووتنی زمانەکیی خۆی، باس لە هێلێنا دەکەم کە لە خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتی تووشی هاتم. هێلێنا گێڕایەوە کاتێک ئەم منداڵ بووە، دایکوبابی هاندراون کە بە زمانێکی ڕوون بیدوێنن و زمانی ئاماژە بەکار نەهێنن، لەبەر ئەوە خۆیان فێری زمانی ئاماژە نەکرد. لە بری ئەوە دایکی بە دەستپێشخەریی خۆی هێلێنای فێری نووسین و خوێندنەوە کرد. بەم جۆرە هێلێنا بە یارمەتیی دایکی فێری زمانی نووسینی سوێدی بوو وەک یەکەم زمان. هێلێنا باس لە سەردەمی زارۆخانەی خۆت دەکات و دەڵێت لەبەر ئەوەی ئەم زارۆکێکی بەهێز بووە، فەرمانی گرتۆتە دەست و بڕیاری لە هەڵسوکەوتی ئەوانەی دیکە داوە. لەوانەیە بەشێکی زۆری ڕاگەیاندنیان لەشەکی بووبێت بەڵام دیارە زۆریشی ناکۆکی و لێک تێنەگەیشتنی لەتەک بووە. کە دەگاتە تەمەنی فێرگە دەبینێت ئاخافتن زمانی ڕاگەیاندنە و بنگەی ئەمیشیان هەڵبەت دەنگە. لەبەر ئەوە تێگەیشتنی ئەم زۆر سنووردار بووە. هێلێنا پاش چەند ساڵێک لە خوێندنی فێرگە ئەوجا دەرفەتی بۆ ڕەخسا فێری زمانی ئاماژە بێت. ئەمیان لە ماوەیەکی کورتدا بووە زمانە بەهێزەکەی هێلێنا.

هێلێنا دەڵێت لە تەمەنی دە ساڵیدا، پاش ئەوەی فێری زمانی نووسینی سوێدی، ئاخافتنی سوێدی، نووسینی ئینگلیزی و هەروەها زمانی ئاماژەی سوێدی بوو، ئەوجا کەوتە سەر ئەوەی تێبگات شتێک هەیە پێی دەگوترێت زمان و ئەمانە جۆری جوداوازن لە زمان.

گەر بیر لە هێلێنا بکەیتەوە تێدەگەیت باسکردن لە چەمکی وەک «یەکەم زمان» و «دووهەم زمان» لای تاکەکەس، چەند سەختە. لەوانەیە بشێت بڵێین ڕاگەیاندنی لەشەکی بە تێهەڵکێشی زمانی نووسینی سوێدی بووە یەکەم زمانی هێلێنا. بەڵام دیاریشە کە یەکەم زمانی هێلێنا بەکاری هێناوە بۆ ئەو فێربوونەی لە بەستێنی فێرگەدا دێتە چەرخاندن، زمانی ئاماژەی سوێدی بووە و هەر ئەمیش بووە بەهێزترین زمان لە لای. ئەوجا هێلێنا دەبێت دایک و سەرنج دەداتە منداڵە بیستەرەکەی خۆی چۆن هاوکات فێری هەردوو زمانی ئاماژە و ئاخافتنی سوێدی دەبێت. هیوادارم ئەم کوڕەی هێلێنا هێندەی پشتیوانی هەبێت بۆ پەرەدان بە زمانی ئاماژە کە ببێتە یەک لەو زمانانەی بە گەورەیی تێیاندا توانایە.

### تۆمار و شێوەزاری جۆراوجۆر

چەمکی «تۆمار» و «شێوەزار» بەکار دەهێنرێن بۆ نیشانەکردنی جۆری جوداوازی زمان. «تۆمار» بۆ باسە لە جۆری جوداوازی زمان کە یەک ئاخێوەر بەکاریان دەهێنێت لە دۆخی جوداوازدا و بۆ مەبەستی جوداواز. بەڵام «شێوەزار» بۆ دەربڕینە لە جۆری جوداوازی زمان لە نێوچە جیۆگرافیی جوداواز یان لە نێو مرۆڤگەلی جوداوازدا. زمانی ڕۆژانە و زمانی زانیار نموونەن لە «تۆمار»، بەڵام زاراوەی دەڤەرێکی دیاریکراو، لازاری جەوانی

---

[106]- بیسەوانەی لوولپێچ: multiple-channel cochlear implant، بۆ «بیسەوانە» بڕوانە مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەڕە 218، سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

هەمەڕەچەڵەک (جەوانی شارەکانی بۆ نموونە سوێد کە سەربە ڕەچەڵەکی هەمەجۆرن)، لازاری گەلێر و ژارگۆنی هەمەجۆر نموونەن لە «شێوەزار».

جوداوازیی زمان و زاراوە لە پاژی پێشوودا ڕاڤە کرا. بەر لە فرەوانبوونی ماسمێدیای هەمەجۆر، زاراوەکانی ئێمە لەچاو ئەمڕۆدا زۆر زێدەتر لە ئارادا بوون. ئاخافتن پتر سەردەست بوو، ئاخێوەریش پتر لەتەک کەسانی نێوچەی نێزیک خۆی دەدوا. بەدەم فروانبوونی کاریگەریی ماسمێدیاوە، مرۆڤ پتر کەوتە بەرتاوی ئەوەی پێی دەگوترێت سوێدیی ستاندارد، هەم ئاخافتنی و هەم نووسینی. هەتا دێت سەواد زیاد دەبێت و مێدیای جۆراوجۆر ئاخافتن پەخش دەکەن. کاریگەریی ئەم دیاردەیە لەسەر زمانی ئێمە بۆتە هۆی نێزیکبوونەی زاراوەکانمان.

هۆکارێکی دیکەی لاوازبوونی زاراوەکان زیادبوونی دیاردەی کۆچبارییە. ئێمە، لەچاو مرۆڤگەلی سەردەمانی کشتوکاڵ و بەراییەکانی پیشەسازیدا، ڕووبەرووی جۆری زێدەتری ئاخافتن دەبین. هاوکات لەتەک ئەم دیاردەیە، شێوەزاری دیکە پەیدا دەبن، بۆ نموونە ئەو لازارانەی زووتر باسیان هات کە جەوانی هەمەڕەچەڵک لە گەورەشارەکاندا بەکاری دەهێنن.

ئەوجا فرەوانبوونی دیاردەی نووسینیش بۆتە هۆی گۆڕان لە نووسیندا. دەکرێت بە شێوەیەکی ساکار بڵێین زیادبوونی ژمارەی کەسانی نووسەر و خوێنەر بۆتە هۆی سەرهەڵدانی شێوەزاری نووسینی نوێ. لە ڕۆژگاری خوێندنی خۆمدا، سالآنی شێست و هەفتاکان، سوێدیی ستاندارد نۆرم بوو بۆ گشت جۆرە نووسینێکی فێرگە. ڕێساگەلی داڕشتنی تێکست و دیاریکردنی ڕاست و هەڵە، تاڕادەیەک یەکڕەنگ بوو. لەم ڕۆژگارەدا دۆزینەوەی نووسیار بە شێوازی جۆراوجۆر گەڕانی زۆری ناوێت. زۆربەمان بۆ نووسینی یاداشت، «لیستی - لەبیرم - بێت» و کورتەپەیام بەگشتی بیر لە نووسین و خوێندنەوە ناکەینەوە. لە نووسینی وەهادا نۆرمی دیکە پەیڕەو دەکەین جودا لە نۆرمی نووسینی فەرمی. جار هەیە ڕێساگەلی ستانداردی پیتنووسین، ڕستە کەرتکردن، کورتکراوەکان، نیشانە و هێماکان... هتد دەبەزێنین. گەر ئاوڕ لە نووسین و خوێندنەوەی ئەلەکترۆنی بدەیتەوە دیاردەکە ڕوونترە. کورتەپەیام و چاتی ئینتەرنێت شێوازی نووسینی تایبەتیان پەیدا کردووە. دەشێت بڵێین زاراوە زارەکییەکان نێزیک خرانەوە لەیەک و زاراوەی نووسینی نوێ پەیدا کران. بە بەراورد لەتەک سەردەمانی دیکەدا، زمانی نووسینی ئێستا زێدەتر بەرگۆڕانە.

ئەم فراژووتە لەم ڕۆژگارەدا یەکجار تیژڕەوە و بەتایبەتی لە نێو زارۆک و جەواناندا لازار و ژارگۆنی هەمەجۆری نووسین نەک زارەکی لە بواری ئەلەکترۆنیدا گەشە دەکەن. کەواتە مامۆستایش دەبێت ئاگایی هەبێت دەربارەی «تۆماری زمانەکی»ی جۆراوجۆر و دەشبێت ستراتیژی هەبێت بۆ هەموارکردنی خوێندن لەتەک ئەو تۆمارانە، واتە مامۆستا دەبێت «ئاگایی زمانەکی»ی هەبێت.

**فراژووتنی زمانەکی - پەرەدان بە تۆما0631ی جۆراوجۆر**

وەها باو بووە فراژووتنی زمان بە پرۆسەیەکی هێڵەکی سەیر بکرێت. دەستپێک زارۆکی بچووک دەربڕینی ساکار فێر دەبێت، دەربڕینەکان لە ڕستە و دەستەواژەی کورتدا تێکدەبەستێت و پاشان پەرەیان پێ دەدات بەرەو دەربڕینی تایبەت و ڕستەی خاوەن ساختاری ئاڵۆزتر و ئەوجا ئەمانیش هەڵدەکشێن ڕووەو تێکستی سەرلەبەر. بەڵام پەیبردن بە گرینگیی پەرەدان بە تۆماری جۆراوجۆر، ڕوونی دەکاتەوە کە فراژووتنی زمان ناکاتەوە تەنها گەشەدان بە توانای زمان بۆ نهۆمی بەرزتر، بەڵکوو زێدەتر وەک «فرەواندنی گەنجینەی ڕاگەیاندنی فێرخواز، فرەڕەنگاندنی کارکردەکی» سەیر بکرێت (Baynham 1993, p5). واتە فێرخواز دەبێت دنە بدرێن نەک تەنها بۆ

پەرەدان بە جۆری جوداوازی زمان، هەم نووسین و هەم ئاخافتن، بەڵکوو دەبێت لە پەنا ئەوەشدا ئاگایی دەربارەی بەهای تۆماری جۆراوجۆریش پەیدا بکەن. دەبێت «ئاگایی زمانەکی» پەیدا بکەن، ئاگاییەک دەربارەی چۆنەتی چەرخانی زمان و دەربارەی چۆنەتی چەرخانی شێوەزاری جۆراوجۆر لە جڤاکدا (Garcia, Skutnabb-Kangas & Torres-Guzman 2006).

Ogulnick (2006) جەخت دەخاتە سەر پەرەدان بە ئاگاییەکی زمانەکی کە پەی بەرێت بەوەی زمان چۆن بە شێوەیەکی نادێمۆکراتانە بەکار دێت بە مەبەستی هەڵاوێردن و دەرکنارکردن، هەروەها چۆن بەکار دێت بە مەبەستی هاوئامێزاندن[107] و پاراستنی مافی مرۆڤکار. شکاندنی نمرەی ماتەماتیک لە فێرخوازێک زمانی سوێدیی لای دووهەم زمانە و لێکدانەوەی نادروست لە پرسیاری نووسراو دەکات، یان بڕیاردان لەسەر ئەوەی زارۆکی وەها نەزانە یان گەوجە بەس لەبەر ئەوەی زمانزانیی ئەو ڕێک نایەت لەتەک چاوەنۆڕیی مامۆستا و فێرگە لە زمانزانی، نموونەن لە بەکارهێنانی نادێمۆکراتانەی زمان. نموونەش لە زمانێکی ئامێزگیر ئەوەیە زمانی دیکەی جودا لە زمانی فەرمیی خوێندن لای فێرخوازی فرەزمان، لە بەستێنی خوێندندا بەهەند بگیرێت، وەک ئەوەی لە تۆژینەوەکەی Helot & Young (2006) پێشان دەدرێت کە سوود لە دایکوباب وەردەگرن بۆ خویاکردنی ئەو جۆرە زانیارانەی فێرخواز هەیانە.

SFL دەڵێت زمان هەمیشە لە بەستێندا، لە «بەستێنی جڤاکی»دا بوونی هەیە. ئەم بەستێنە جڤاکییە بریتییە لەو بۆچوون و چاوەنۆڕییانەی ئێمە لە یەکدیمان هەیە. بۆ نموونە چۆن سڵاو لە یەکدی دەکەین، مرۆڤ کاتێک لە دەرەوە تووشی یەکدی دەبن باس لە چی دەکەن یان ناکەن، چۆن زارۆک لە زارۆخانە دادەنێین یان وەردەگرینەوە، یان داڕشتنی دەستپێک و کۆتای نامەیەکی کەسەکی چۆن دەبێت. زارۆکی بچووک لە بەرایی تەمەنەوە بەشداری بەستێنی جۆراوجۆر دەبن و لەواندا پێویستی بە زمانە بۆ ڕاکێشانی سەرنج، جڵەوکێشی گەمە، هاوئامێزاندن یان دەرئامێزاندنی[108] کەسانی دیکە، دەربڕینی پێویستی، هەست و خواست و هەروەها بۆ تێگەیشتنی ئاگاداری. لە گوزەرانی خۆیاندا زارۆک بەردەوام خەریکی بێنەوبەرە و داڕشتنەوەی ئەو چاوەنۆڕییە فەرهەنگی و زمانەکییەن.

لە نێو SFL-دا مرۆڤ بەستێنی دۆخ لە دەراوی سێ هۆکارەوە تەماشا دەکات: «بابەت»[109] field، «لایەن»[110] tenor و «بار»[111] mode:

- «بوار field» باس لە بوار و نێوەڕکی بابەتی ڕاگەیاندنەکە دەکات، بابەتی نووسیارەکە، کاروبارەکە.

---

[107]- هاوئامێزاندن: inclusion، هەڵسوکەوتێک بۆ لە ئامێزگرتنی بەرانبەر. جێکردنەوە و لەسەرکردن.

[108]- دەرئامێزاندن: exclusion، هەڵسوکەوتێک بۆ لە دەرهاوێشتنی بەرانبەر. دەرکنارخستن.

[109]- بوار: field، یەکێکە لە سێ هۆکار کە لە ڕوانگەی زمانەوانیی SFL دا، کاریگەری هەیە لەسەر زمان. مەبەست لە «بابەت» لێرەدا ئەو بابەت و نێوەڕۆکەیە کە ئاخافتن و نووسین لێی دەدوێن. بۆ دوو هۆکارەکەی دیکە بڕوانە «لایەن» و «بار».

[110]- لایەن: tenor، یەکێکە لە سێ هۆکار کە لە ڕوانگەی زمانەوانیی SFL دا، کاریگەری هەیە لەسەر زمان. مەبەست لە «لایەن» لێرەدا کەسانی بەشدارن لە ڕاگەیاندندا، پەیوەندی نێوانیان و مەبەستیانە لەو ڕاگەیاندنە. بۆ دوو هۆکارەکەی دیکە بڕوانە «بوار» و «بار».

[111]- بار: mode، یەکێکە لە سێ هۆکار کە لە ڕوانگەی زمانەوانیی SFL دا، کاریگەری هەیە لەسەر زمان. مەبەست لە «بار» لێرەدا دەستاوێژی ڕاگەیاندنەکەیە: نووسینە، گفتوگۆیە، شێوازی ڕاگەیاندنە... هتد. بۆ دوو هۆکارەکەی دیکە بڕوانە «بوار» و «لایەن».

- «لایەن tenor» باس لە بەشداربوانی کارلێک دەکات، بۆ نموونە نووسەر/خوێنەر، ئاخێوەر/بیسەر
- «بار mode» باس لە شێوازی ڕاگەیاندنەکە دەکات، گوتارە یان نووسیار، نەخشی ئەو کارلێکە و شێوەزاری ڕاگەیاندنەکە

وێکڕا، ئەم سێ هۆکارە، دەبنە پێکهێنەری ئەو «تۆمار»ەی دێتە بەکارهێنان. زارۆک سەرەتای فێربوونی یەکەم زمانی خۆیان، فێری ئەو تۆمارە ڕۆژانەیە دەبن کە لەو بەستێنەدا برەوی هەیە و فێر دەبن باس لەوە بکەن «ئێستا و لێرە»دا بوونی هەیە. زارۆک فێر دەبن ئاماژە بە بابەتێک بکەن لە دەوروبەری خۆیاندا هەبێت و ڕووی دابێت. لەم «تۆماری ڕۆژانە»یەدا ئاخێوەران یەکدی دەبینن و ئاخافتن بە زمانی جەستە و دەربڕینی ڕووخسار پڕ دەکرێتەوە. لێرەدا باس لە بابەتێک دەکرێت هەم ئاخێوەر و هەم بیسەر دەیبینن: «ئەوە کەوت».

گەر زارۆک باس لە بابەتێک بکات زووتر یان لە جێیەکی دیکە ڕووی دابێت، «ئەوسا و لەوێ» ڕووی دابێت و بیسەر ئاگاداری نەبووبێت، ئەوسا گوتەی ئاخێوەر دەبێت وردتر و پتر پاتەوپات بێت: «تۆپەکە لە کورسییەکە بەربۆوە». واتە زارۆک دەکەوێتە سەر پۆلێنکردن و ڕاڤەکردنی ئەوەی تووشی خۆی بووە. جار هەیە زارۆک توانای ئەوەی نییە ئاگاداریی هێندە تەواو بدات کە بیسەری نائاشنا بە بابەتەکە، تێبگات. ماوەیەک دەخایێنێت ئەوجا زارۆک ئەو توانایە پەیدا دەکات ڕاڤەکەی وەها بێت منداڵی نائاشنای بابەت تێبگەیەنێت.

پەرەدان بەم توانای خۆدەربڕینەی پتر ورد و دەرهەستە،[112] کاتی دەوێت. زارۆک لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستی هەیە بەوەی ڕوانگەی بیسەر بزانێت بۆ ئەوەی بزانێت کامە ئاگاداریی گرینگە پێشکەش بکرێت، لە هەنگاوی دووهەمیشدا دەبێت پەرە بە زمانزانیی خۆی بدات بۆ دەربڕینی ئەو ئاگادارییە. Pauline Gibbons (2006) لە بەستێنی فێرکارییەوە نموونە دەهێنێتەوە دەربارەی ئەم فراژووتنی زمانە ڕووەو دەربڕینی ورد و پتر پاتەوپاتی بابەت:

- تەماشا، ئەوە وەها دەکات بجووڵێن! ئەوانە گیر نابن.
- بۆمان دەرکەوت ماگنێتەکە دەرزییەکانی گرت.
- ئەزموونەکەمان پێشانی دا کە ماگنێت بەشێک لە مێتالەکان کێش دەکات.
- کێشی ماگنێتکار تەنها لە نێوان بابەتی فەرۆماگنێتدا[113] پەیدا دەبێت.

(Gibbons 2006, p20)

نموونەی کۆتا لە زانیارستانێکەوە[114] وەرگیراوە بۆ بەراورد، ئەوانەی دیکە ڕاگواستەن لە تۆژینەوەی بەکارهێنانی زمان لە خوێندنی بابەتی ماگنێت، لە وانەی سروشتناسی[115]-دا. لە نموونەی یەکەمدا، زمانەکە دۆخبەندە، (ئەوە، ئەوانە). لەوەی دووهەمدا فێرخواز بۆ مامۆستا دەئاخفێت (ماگنێت، دەرزی) و زمانەکە وردترە. لە نموونەی

[112]- دەرهەست: Abstract ئابستراکت، مجاز. دەرهەستاندن Abstraction. بۆ پێچەوانەکەی بڕوانە بەرهەست.

[113]- فەرۆماگنێتیزم: Ferromagnetism.

114- زانیارستان: Encyclopedia. بڕوانە مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەڕە 501، سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

115- سروشتناسی: زانست.

سێهەمدا، کە ڕاپۆرتێکی نووسراوە، فێرخواز ئەنجامگیری دادەڕێژن. لە گشت ئەو نموونانەدا هەر یەک «کایە»یە، بەڵام پەیوەندییەکە فەرمیتر دەبێت و زمانەکە پتر ڕوو لە زمانی نووسین دەکات.

Gibbons پیشانی دەدات کە مامۆستا چۆن لە ڕێی دارشتنی وانەوە، ئەزموونەوە، گفتوگۆ و ڕاپۆرتی نووسراو، یارمەتیی فێرخوازەکانی خۆی دەکات هەڵکشێن لە «تۆماری ڕۆژانە»وە (یەکەم خاڵ) بۆ «تۆماری زانیاربێژ» (خاڵی دووهەم و سێهەم).

باسەکە پیشانی دەدات چەند گرینگە فێرخواز بەردەوام بێت لەسەر پەرەدان بە زمانی خۆی لە سەروو ئەو بناخەیەی هەیەتی و ئەمە گشت فێرخوازان دەگریتەوە. لەوەش بترازێت پیشانی دەدات کە مامۆستایانی زارۆخانە و فێرگە دەبێت بە تایبەتی سەرنج بدەنە پێویستییەکانی ئەو فێرخوازانەی سەربە زمانی دیکەن، واتە پێویستیی ئەو فێرخوازانەی بە بناخەیەکی دیکەی زمانەوە دێنە زارۆخانە و فێرگە، ئەمانە هێشتا ئەو سوێدییە نازانن کە فێرخوازی دیکەی تاکزمانی هاوتەمەنیان لە پۆلدا دەیزانن.

ئەم فێرخوازانە بۆ فێربوونی زمان و زانیار تووشی بەرۆکگیریی تایبەت دەبەن. بۆ دەرککردنی ئەم دیاردەیە بیر لە فێرخوازێک بکەوە تازە هاتۆتە سوێد و بۆ یەکەم جار سەرەتای ساڵی خوێندن لە پۆلدا تووشی زمانی سوێدی دەبێت. ئێمە پێمان وایە فێرخواز، لە تەمەنی هەفت ساڵاندا، کاتێک دێتە پۆلی یەکەم هەشتهەزار تا دەهەزار وشە بە یەکەم زمانی خۆی دەزانێت. بەگشتی ئەمەیە منداڵ لەو تەمەندا دەیزانێت. ئەوجا ئەم فێرخوازە دەبێت لە فێرگە فێری زمانی سوێدی بێت. کەواتە ئەم فێرخوازە دەبێت خۆی فێری هەم بناخەی زمانەکە، واتە «تۆماری ڕۆژانە»، بکات و هەم «تۆماری زانیاربێژ» کە دەکاتەوە زمانی فێرگە و زانیار. فێرخوازانی دیکەی تاکزمانی سوێدی داوەستاو نین، ئەوانیش بە بەردەوامی پەرە بە زمانی خۆیان دەدەن. بەگشتی وەها باوە کە فێرخواز ساڵانە لە فێرگە فێری یەکهەزار تا دووهەزار وشەی نوێ دەبێت. لێرەدا خویا دەبێت بەرۆکگیرییەکەی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە چەند گەورەیە. ئەو پێویستییە ڕوونتریش ئاشکرا دەبێت گەر بیر لەوەش بکەینەوە کە ئەم فێرخوازە دەبێت ئەم زمانەی سوێدییەی فێر دەبێت، وەک ئامرازێک بەکار بهێنێت بۆ فێربوونی بابەتەکانی خوێندن.

### فراژووتنی فرەزمانەکی لە زارۆخانە و فێرگەدا

تۆژەران چاودێریی زارۆکی نێو بارودۆخی وێکچوو کردووە و دەڵێن نێزیکەی یەک تا دوو ساڵی دەوێت بۆ ئەوەی زارۆک لە تەمەنی فێرگەدا فێری زمانی بناخە ببن، بەڵام فێربوونی تۆماری زانیاربێژی فێرگە بە ئاستێکی نێزیک لەوەی فێرخوازانی دیکەی تاکزمان دەیزانن، چوار تا دە ساڵی گەرەکە. تۆژینەوەی Wayne Thomas & Virginia Collier (1997, 2002) پیشانی داوە کە تەنانەت ئەو فێرخوازانەی لانیکەم چوار ساڵیان بە یەکەم زمان خوێندووە، جا لە وەڵاتی خۆیان بێت یان لە ڕێی خوێندنی جووتزمانەوە لە وەڵاتە تازەکە، توانیویانە پاش چوار ساڵ بگەنە ئاستێک بەربەراورد بێت لەتەک هاوپۆلی تاکزماندا. تۆژەران بۆیان دەرکەوت کە ئەو هۆکارەی گەورەترین کاریگەریی هەیە لەسەر درێژیی ئەو مەودایەی پێویستە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی زانینی دووهەم زمان کە گونجاوی تەمەن بێت، بڕی ئەو خوێندنەیە کە یەکەم زمان وەری دەگرێت. ئەم تۆژەرانە ئاشکراشی دەکەن کە گرووپی هەرە گەورەی دەکەونە بەر مەترسی ئەوانەن کە لە تەمەنی پێنج هەتا هەشت ساڵاندا دێنە وەڵاتی تازە و چ خوێندنێکیان بە یەکەم زمان بۆ تەرخان نییە.

ئەم بارودۆخە لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا پەیدایە و شێوازی ڕێکخستنی خوێندنی فێرگە بۆ فێرخوازی فرەزمان زۆرن. Baker (2001) باس لە بەرنامەی هەمەجۆر دەکات بۆ فێرخوازی فرەزمان و دابەشیان دەکات بەسەر شێوازی سوودبەخش و کەمتر سوودبەخش بۆ فرەزمانەتی. شێوازە سوودبەخشەکان «فرەسەوادی»[116] Biliteracy، سەوادیی فرەزمان-یش دەگرێتەوە. لە نێو شێوازە سوودبەخشەکانی Baker دەڵێت بۆ هەلومەرجی سوێد دەست دەدەن بریتین لە «بەرنامەی یەکرێچکە» و «بەرنامەی دووڕێچکە». لەو دوو بەرنامەیەدا، فێرخوازی سەربە زمانی دیکە بە درێژایی ساڵانی فێرگە، هەم بە زمانی دایکزا و هەم بە زمانی دووهەم، خوێندنی هەیە. بەرنامەی دووڕێچکە بۆ ئەو فێرخوازانەیە کە دوو زمانی دایکزای جوداوازیان هەیە. ئەمانە بە درێژایی ساڵانی فێرگە بە هەردوو زمانەکە خوێندنیان هەیە. ئامانجی خوێندن بەم دوو جۆرە بەرنامەیە فرەزمانیی چالاکە و خوێندنە بە هەردوو زمان. لە بەرنامەی دووڕێچکەدا، ئەم ئامانجە ئەو فێرخوازانەش دەگرێتە کە خەڵکی وەڵاتەکەن و تاکزمانن.

ئەو بەرنامانەی Baker (2001) پێی وایە سوودیان کەمترە بۆ فرەزمانی، ئەوانەن فرەزمانییەکی بەرتەسک ئەنجام دەهێنن. شێوازەکانی Baker پێی وایە گونجاوی سوێدن بریتین لە: «زمانخنکێن»،[117] «کشانەوە»[118] و «دەرباز».[119] چەمکی «زمانخنکێن» Submersion بۆ بەرنامەیەکە فێرخوازی زمانێکی دەرەکی دەخاتە پۆلێکەوە فێرخوازانی سەربە زمانی فەرمی خوێندنەکە بێت، بۆ نموونە فێرخوازێکی تازە کۆچهێن ڕاستەوخۆ بخەیتە پۆلێکی سوێدییەوە. چەمکی «زمانخنکێن» ئاماژەیە بەو دۆخە زۆر نالەبارەی ئەو فێرخوازە تێی دەکەوێت و هەروەها ئەو دەرهاوێشتە هەرە بەدەی هەیە بۆ فێرخوازەکە.

[«زمانخنکێن» Submersion- جودایە لە «زمانمۆرێن - زمان مۆرکردن» Immersion - ئەو بەرنامەیەی بۆ نموونە لە وەڵاتی کانادا پیادە دەکرێت و فێرخواز سەربە زمانی زۆرینە دەخرێنە نێو پۆلی فێرخوازانی سەربە زمانی کەمینە: لە کانادا دەبێتە چاندنی فێرخوازی ئینگلیزیزمان لە پۆلی فێرخوازانی فرانسیزمان. ڕێک ئەم پەیوەندیی زۆرینە کاریگەریی مەزنی هەیە لەسەر فراژووتنی زمان].

چەمکی «کشانەوە» Pullout بۆ بەرنامەیەکە، وەک «زمانخنکێن» فێرخواز ڕاستەوخۆ دەخاتە پۆلی تاکزمانەوە بەڵام فێرخوازەکە چەند کاژێرێک لەو پۆلە دادەبڕێت بۆ ئەوەی «دووهەم زمان» بخوێنێت، کە لێرەدا دەکاتەوە زمانی سوێدی. ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم بەرنامەیە بە «کشانەوە» بێتە ژماردن ئەوا دەبێت مامۆستای دووهەم زمان خوێندنی لەباری هەبێت، واتە توانای تەواوی هەبێت دەربارەی مەرجەکانی خوێندن بۆ فێرخوازی سەربە زمانی دیکە.

بەرنامەی «دەرباز» Transitional لە دەستپێکەوە فێرخواز بە یەکەم زمانی خۆی دەخوێنێت و هاوکات فێری دووهەم زمان دەکرێت. پاشان وردە وردە خوێندنی دووهەم زمانەکە زیاد دەکات و بەشەوانەکانی یەکەم زمان کەم دەکرێنەوە و لە کۆتادا نامێنن. لە سوێد بۆ نموونە، فێرخوازێکی عەرەبیزمان خوێندنی خۆی بە عەرەبی

[116]- فرەسەوادی: Biliteracy، سەواد بە چەند زمانێک.

[117] - زمانخنکێن: Submersion.

[118] - کشانەوە: Pullout.

[119] - دەرباز: Transitional.

دەبێت و فێربوونی زمانی سوێدیشی تەریب دەبێت. وردە وردە بەدەم هەڵکشانی ئەو فێرخوازە لە زمانی سوێدیدا، وانەکانی دەبنە سوێدی. کەواتە ئامانج لێرەدا گەشەی زمانی سوێدییە بەڵام زمانی دایکزا وەک یاریدەر بۆ ئەم فراژووتنە بەکار دەهێنرێت. زۆر لە پۆلە «فینی - سوێدی»ـیەکانی زەمانی زووتر لەم بابەتە بوون.

Baker ئەو بەرنامانەش جودا دەکاتەوە کە تێیاندا خوێندنی بابەت [وەک: ماتەماتیک، جڤاکناسی...] و خوێندنی زمان تێهەڵکێش دەکرێن. بەرنامە هەیە خوێندنی بابەت هەموار دەکات بە زمانی دایکزا بۆ ئەوەی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە باشتر بتوانن فریای وانەی بابەت بکەون. لەم جۆرە بەرنامانەدا وانەی دووهەم زمانیش وەک یاریدەر بەکار دەهێنرێت بۆ وانەی بابەت، بەوەی باسی ئەو «بابەتە» تێهەڵکێشی وانەی زمانەکە دەکرێت.

تۆژینەوە جۆراوجۆری زۆرن بۆ پەیدۆزیی ئەو مۆدێلانەی باشترین سوود دەبەخشن بە فێرخوازی سەربە زمانی دیکە. تۆژینەوەی ساڵانی زوو چەند کێشەیەکیان هەیە، بۆ نموونە ئەو دەمە باو نەبوو هۆکاری جڤاکی - ئابووری بەهەند بگیرێن، هۆکاری وەک ئاستی خوێندنی دایکوباب، ئاستی جڤاکیی خێزان، ناوچەی نیشیمەن و دۆخی فێرگە. لەوەش بترازێت تۆژینەوەکان تەنها لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجام دەدران و لەبەر ئەوەش نەدەکرا وێنەی پرۆسەیەکی درێژمەودا ببینین کە فراژووتنی زمان داوای دەکات.

ئەو تۆژینەوەیەی Thomas & Collier لە نێوان 1985-2001 خەریکی بوون کاریگەرییەکی گەورەی پەیدا کرد لەسەر دونیای تۆژینەوە دەربارەی سازمانی خوێندن بۆ فێرخوازی فرەزمان (1997, 2002). پتر لە چلودوو هەزار فێرخوازی ئامەریکا بە درێژایی تەمەنی خوێندنیان، پۆلی یەکەم هەتا دوازدەهەم، لەم تۆژینەوەدا بوون. زمانی دایکزای زۆری ئەو فێرخوازانە سپانی بوو. فێرخوازانی تۆژینەوەکە دابەش کرابوون بەسەر بەرنامەی جوداوازدا و بەرنامەکان لە فێرگەی جوداواز بە ئاستێکی بەرز پیادە دەکران و مامۆستاکانیشیان خوێندنی پێویستیان هەبوو.


فێرخوازان بە درێژایی ماوەی خوێندنیان تێستی جۆراوجۆر دەکران و ئەنجامەکانیش بەراورد دەکران بە ئەنجامی فێرخوازی دیکەی تاکزمانی ئینگلیزی. ئەنجامەکانی ئەو تۆژینەوەیە بە ڕوونی پێشانی دەدات کە دوو خاڵ زۆر گرینگن: پشتیوانیی بەهێز لە خوێندنی زمانی دایکزا و ئاوێزانی خوێندنی بابەت لەتەک خوێندنی دووهەم زمان.

تۆژینەوەکە پێشانی دەدات کە سەرکەوتنی فێرخواز لە خوێندندا تەواو بەرتاوی جۆری بەرنامەی پیادەکراوە. گشت بەرنامەکان لە سێ ساڵی یەکەمدا ئەنجامی باشیان هەیە، واتە بۆ ئەو فێرخوازنەی دەستپێکیان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، لەو دەمەدا کە هێشتا ئینگلیزی باش نازانن، پێشکەوتنیان خێرایە. ئەوەش دیاردەیەکی سروشتییە چونکە ئەمانە خەریکی فێربوونی ئینگلیزییەکن لە ئاستی بنەڕەتیدا، ئەمەش ئاستێکی زمانە ئەوان لە مێژە تێیدا زاڵن لە زمانی دایکزای خۆیاندا، کە زمانی سپانییە.

پاشان ئاشکرا دەبێت کە فێرخوازی گشت بەرنامە لاوازەکان، لە نێزیکەی چوارهەم ساڵەوە، فراژووتنیان خاوتر دەبێتەوە. مامۆستای ئازموودە دەزانن کە لە ساڵی چوارەمدا مەرجەکان سەختتر دەبن، نەک تەنها لەسەر توانای خوێندن و نووسین بەڵکوو بەگشتی لەسەر زمانزانی.

خوێندن لە ساڵانی بەرایی فێرگەدا بەگشتی بەرهەست و کردەکییە، بۆیە فێرخوازی کە هێشتا زمانی خوێندنی لە ئاستی بناخەدایە دەتوانێت تاڕادەیەکی باش پێبەپێی ئەوانەی دیکە هەڵکشێت. ئەم گرافەی دەیبینن بە ڕوونی ئەو دەرکنارکردنە پێشان دەدات کە زۆر جار لە چوارەم ساڵەوە دەست پێدەکات. کاتێک فێرخواز لە سیستەمی فێرکاریدا پتر هەڵدەکشێن، ئەوجا جوداوازیی گەشەی فێرخواز بە جوداوازیی بەرنامەکان ڕوون دەبێتەوە. وەک زۆر تۆژینەوەوەی دیکە، لێرەشدا دەبینین کێشەکان لە پەڕینەوە بۆ چوارەم ساڵ تیژ دەبنەوە.

تەنها دوو بەرنامە سوودبەخشەکەن، واتە ئەو دووانەی کە بە درێژایی ساڵانی خوێندن یارمەتیی زمانی دایکزا دەدەن، وەهان کە بەرهەمی فێرخواز هاوشانی هاوپۆلە تاکزمانە ئینگلیزییەکە بێت لە ساڵی دوازدەهەمدا.




English Learners’ Long-Term K-12 Achievement in Normal Curve Equivalents (NCEs) on Standardized Tests in English Reading Compared across Seven Program Models.

(Results aggregated from a series of longitudinal studies of well-implemented, mature programs in five school districts and in California from 1998-2000)

Program 1: Two-way developmental bilingual education (BE), including Content ESL
Program 2: One-way developmental BE, including ESL taught through academic content
Program 3: Transitional BE, including ESL taught through academic content
Program 4: Transitional BE, including ESL, both taught traditionally
Program 5: ESL taught through academic content using current approaches with no L1 use
Program 6: ESL pullout - taught traditionally
Program 7: Proposition 227 in California (sequential 2-year cohorts, spring 1998-spring 2000)

Copyright 8 2001, Wayne P.Thomas & Virginia P. Collier

جێی سەرنج ئەوەیە کە فێرخوازانی بەشدار لە بەرنامەی «دووڕێچکە»دا، واتە ئەو بەرنامەیەی تێیدا بە درێژایی ساڵانی فێرگە، خوێندنی گشت فێرخوازان بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و سپانی بوو، بەرهەمیان تەواو بەرزتر بوو لە تێکرای ئاستی ئەو فێرخوازانەی تاکزمان بوون لە پۆلی دوازدەدا.

کەواتە ئەم تۆژینەوەیە پشتیوانێکی بەهێزە بۆ سەنگی زمانی دایکزا. جگە لەوەش Thomas & Collier جەخت دەکەن لەسەر توانای فێرگە بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی یاریدەر لە ڕووی فەرهەنگی - جڤاکییەوە بۆ فێرخوازی سەربە زمانی دیکە. ئەوجا جەختیش دەخەنە سەر ئاستی جۆرایەتیی خوێندنەکە، کە فێرخوازی سەربە زمانی دیکە نابێت پەراوێز بخرێن بەڵکوو تێهەڵکێش بکرێن و پێویستیی هزری، ئاکادێمی و زمانەکیی فێرخواز ڕێبەر بێت.

تۆژەران ئەوەش پێشان دەدەن کە ئەو فێرخوازانەی لە لایەن دایکوبابەوە لە خوێندنی فرەزمانەکی دەردەهێنرێن و دەخرێنە بەر خوێندنی زمانی زۆرینەوە، بە ئەندازەیەکی بەرچاو بەرهەمیان دادەبەزێت. ئەمیان پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی بەرنامەی «دوو-زمانەکی» بۆ ئەوەی بەرهەمهێن بێت، دەبێت لانیکەم زێدەتر لە پێنج - شەش ساڵ دەومەدار بێت. بەرنامەیەک تەنها دوو-سێ ساڵ دەوامەی هەبێت، کاریگەریی سنووردارە.

## پاژی پێنجەم: تۆماری ئاکادێمیی زانیاربێژ

زارۆک هەر لە زارۆخانەوە پێویستی هەیە بە دەرفەت بۆ فراژووتنی زمان بۆ ڕاڤەکردنی باسی سەخت، بۆ چارەسەری کێشە و بۆ دەربڕینی ئاڵۆز. ئەوجا بۆ پەرەدان بە ئاگایی دەربارەی ئەو جۆرە زمانەی لە فێرگەدا دێتە بەکارهێنان و بۆ پەرەدان بەو زانیارەی دەوروبەر چاوەنۆڕە مرۆڤ بیزانێت، گرینگە زارۆک ئەو زمانە فێربێت کە ئامرازە بۆ دەربڕینی ئەو زانیارە. ئەم فراژووتنە دەبێت هەر لە سەرەتای زارۆخانەوە بکەوێتە کار. کەواتە مامۆستایانی زارۆخانەش لە داڕشتنی پلانی کاروباری خۆیاندا، دەبێت ئاگاییان هەبێت دەربارەی فراژووتنی زمانی زارۆک.

فێرخواز لە وانەی سروشتناسی (زانست)ـدا، جگە لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی ئەو چەمک و دەستەواژانەی تایبەتن بە بواری ئەم زانستە، دەبێت تێشبگات زانیار لەم بەستێنە زمانەکییەدا، لەم «دیسکۆرس» *Discourse* ـەدا،[120] چۆن دێتە داڕشتن. فراژووتنی ئەو زانیارانەی دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی کایەی جڤکناسی، بۆ نموونە دین و مێژوو، داوا لە فێرخواز دەکات ئەو پەیڤ، چەمک و داڕشتنە بزانن کە پێویستە بۆ هەڵبەستنی زانیار لەم بوارەدا. دەشێت باس لە زمانزانیی وەها بێت کە لە وانەی جڤاکناسیدا بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە گوتوبێژ، گفتوگۆ، بەڵگەکاری، ڕاگواستن و بەراورد... هتد.

زمان و زانیار تەواو ئاوێتەی یەکدین، بۆیە مامۆستا بەدەم پلانڕێژیی بابەتێکی تایبەتەوە، دەبێت ڕووکاری زمانیش لەو پلانڕێژییەدا بخوێنێتەوە. واتە خوێندنی زمان دەبەسترێتەوە بە نێوەڕۆکێکی ڕەسەنەوە.[121] لێرەدا چۆن گەشەی زانیار سوودمەند دەبێت بە تێهەڵکێشکردنی ڕووکاری زمانەکی، «گەشەی زمان»یش سوودمەند دەبێت بەوەی گرێ دەدرێت بە نێوەڕۆکێکی واتادارەوە. لەبەر ئەوەیە ناشێت پەرەدان بە زمانی سوێدی بە تەنها بخەینە ئەستۆی مامۆستای زمانی سوێدی، بەڵکوو دەبێت گشت مامۆستایانی زارۆخانە و فێرگە ئاگاییان هەبێت دەربارەی ڕووکارە زمانەکییەکانی فراژووتنی زانیار. کە دێتە سەر فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، کە هێشتا لە زمانی سوێدیدا نەگەیشتوونەتە ئاستێکی گونجاو بۆ ئەو تەمەنەی خۆیان، گرینگە سەرلەبەری ڕۆژی فێرگەیان فراژووتنی زمانی تێدابێت و دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ ڕاهێزانی زمانەکەیان. گەر بۆ فراژووتنی سوێدی تەنها ڕەوانەی لای مامۆستای زمانی سوێدی بکرێن، ئەوا هەڵکشانیان ماوەیەکی یەکجار درێژی دەوێت. سەرنجگیری لە زمان، لە گشت وانەیەکدا، گرینگە بۆ ئەوەی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە باشترین دەرفەتی هەبێت بۆ فێربوونی هەم زمان و هەم بابەت. کەواتە گشت مامۆستایانی زارۆخانە و فێرگە دەبێت زانستی بنەڕەتییان هەبێت دەربارەی نۆرەی زمان لە پرۆسەی فێربووندا، دەربارەی فێربوونی زمانی دیکە و هەروەها دەربارەی فێربوونی بابەتێک بە زمانێکی دیکە کە هێشتا تەواو لای فێرخواز فراژی نییە. گەر مامۆستا زانا نەبێت بەو هەلومەرجە تایبەتانەی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە هەیەتی، ئەوا مەترسیی پەیدا دەبێت لەوەی فێرخواز بۆ پەیداکردنی سەواد کە زانستی بنەمایە، تووشی کێشەی وەها بێت، پاشان چارەسەریان دژوار بێت.

Pauline Gibbons (2006) جەخت دەخاتە سەر نۆرەی مامۆستا بۆ هەڵبەستنی «پرد» لە نێوان زمانی ڕۆژانەیماڵەوە و «تۆماری زانیاربێژ»ی هەڵکشاوتری فێرگە. Mary J Schleppegrell (2004) فراژووتنی زمانی فێرخواز لە سالانی فێرگەدا بە فراژووتنێک ڕاڤە دەکات لە بەستێنی ساکارەوە بۆ بەستێنی زانکۆ. Inger Lindberg (2004) دەڵێت ئەم فراژووتنە ڕەوتێکە لە گفتوگۆ دەربارەی گۆڕینەوە کالاوە، ئێستا و لێرە، بۆ گۆڕینەوەی ئاگاداری information، ئەوسا و لەوێ، لە دیسکۆرسی ستوونباری ڕۆژانەوە بۆ دیسکۆرسی ئاسۆباریی فێرکارییەوە.

---

[120]- دیسکۆرس: Discourse، بەستێنی زمانەکی، ئاخافتن یان ڕاگەیاندنێک، زانیارێکی تایبەت بگرێتە خۆ، لە هەر جۆرێک بێت.

[121]- ڕەسەن: Authentic، دروست، پێچەوانەی خەیاڵکرد، هەڵبەستراو... هتد.

**دیاردەی زمانەکی لە زمانی فێرگەدا**

ئەو جوداکارییەی Åke Viberg (1993) هێنایە بەرباس لە نێوان ژێرخان و ژوورخانی زماندا، دەشێت ببێتە سنووری نێوان ئەو زمانەی مرۆڤ چاوەنۆڕە فێرخواز فێری بووبن بەر لە دەستپێکی فێرگە و ئەو زمانەی مرۆڤ چاوەنۆڕە فێرخواز لە ساڵانی فێرگەدا فێری ببن. ژێرخان بە ڕاڤەیەکی ساکار دەکاتەوە ئەو زمانەی زارۆک بە زمانی دایکزای خۆی لە تەمەنی پێنج ساڵاندا دەیزانێت. ژوورخانیش دەکاتەوە ئەو زمانەی فێرخواز لە ساڵانی فێرگەدا فێری دەبێت. لای زۆر کەس ئەم فراژووتنە پاش فێرگەش بە درێژایی تەمەن لە ڕێی ویست و کاری کەسەکییەوە دەوامەی هەیە.

چەمکەکانی Jim Cummins (1979): «زمانزانیی ڕاگەیەن» Basic interpersonal communicative skills (BICS) و «زمانزانیی زانیاربێژ» Cognitive academic language proficiency (CALP) کە لە پاژی چوارەمدا باسی هات، بە جۆری وێکچوو دێنە بەکارهێنانی بۆ جوداکردنەوەی زمانزانیی جۆراوجۆر. «زمانزانیی ڕاگەیەن» ڕێک ئاماژەیە بەو زمانەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت لە ڕاگەیاندنی زارەکیی ڕۆژانەدا. بەڵام «زمانزانیی زانیاربێژ» باسی لە زانینێکی پێویستە بۆ بەکارهێنانی زمان لە بەستێنی پتر فەرمیی وەک بەستێنی فێرکاریی نێو فێرگە. ڕێک ئەم «زمانزانیی زانیاربێژ»یە کە فێربوونی کاتی زۆر دەوێت (Cummins 2000, Thomas & Collier 2002) و لەم پاژەدا جەختی لەسەر دەکرێت.

گرینگە لەبیرمان بێت کە ئەم جوداکارییانە[122] هەڵبەستەن، لە ڕاستیدا زمانی فرەجۆر تێهەڵکێشی یەکدی دەبن. بۆیە ڕەخنە ئاڕاستەی Cummins هەیە دەڵێت جوداکاریی نێوان BICS و CALP زۆر ساکارە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جوداکارییە سوودبەخشە چونکە پێشانی دەدات فێرخواز تووشی چ بەرۆکگیرییەکی زمانەکی دەبن و چ توانایەکی زمانەکییان پێویستە پەرەی پێ بدەن. ئەوجا بۆ ئەوەی لەبیریشمان بێت کە ئەم جوداکارییە هەڵبەستەیە، ئەوا دەکرێت ئەم دوو جۆرە جوداوازە بکەینە دوو سەرپەڕی یەک زنجیرەبەندە:


نوێنەری سەرپەڕێکیان دەبێتە ئەو زمانی زارەکییە کە بە توندی گرێدراوی دۆخێکی دیاریکراوە (بەستێنبەند) و زۆر جار زمانی جەستەی تێهەڵکێش دەکرێت، بۆ نموونە:

- یەکەم: تەماشا!
- دووهەم: زۆر باشە!

نوێنەری سەرپەڕەی دووهەم دەبێتە زمانی نووسیاری فەرمی، بۆ نموونە زانستنامەیەکی ئاکادێمی (تۆژنامە - نامەی تۆژینەوە).

بۆ ڕاڤەکردنی جوداوازیی نێوان ئەو دوو جۆرە زمانە Cummins (1996, 2000) مۆدێلێکی دارشتووە دوو تەوەری هەیە: تەوەری پلەی «بەستێنبەندەتی» و تەوەری پلەی «دژواریی زانیاربێژەتی».

[122]- جوداکاری: Distiction.




Cummins (1996, 2000)

زمانفێربوون لە گۆشەی دەستەچەپی خوارەوە، بواری **A**، دەست پێدەکات. ئەمیان دەکاتەوە «تۆماری زمانەکیی ڕۆژانە». ئارمانج گەیشتنە بە گۆشەی دەستەڕاستی سەرەوە، بە بواری **D**، کە دەکاتەوە «تۆماری زمانەکیی زانیاربێژ»، کە پێشی دەگوترێت «تۆماری ئاکادێمی». ئەم زمانەیان هەم زانیاربێژە و هەم بەستێنرەها، واتە مرۆڤ باس لە بابەتێک دەکات کە لە زەمان و زەمینێکی دیکەدا ڕووی داوە، ئەوەی دەشێت بە دەستەواژەی «ئەوسا و لەوێ» بێتە دەربڕین.

دەیسا چین ئادگارەکانی ئەم «تۆمارە زانیاربێژەی فێرگە» و ئەم زمانە ئاکادێمییە؟ «خشتەی جوداکاریی نێوان ژێرخانی زمانەکی و ژوورخانی زمانەکی» پێشانی دەدات ئەم تۆمارە جگە لە نووسین، زمانی دەربڕینیشە لە گوتاری فەرمی. ئەم تۆمارە نۆرمی نووسین دەکاتە بنەما و زۆر جار تێکستی نووسراو لەخۆ دەگرێت. ئەمیان لەبەر ئەوەی زمانی مۆنۆلۆگ (تاک ئاخێوەر)ـە و بەرسڤی دەستوبرد لە لای ئارمانج نییە، مەرجی گرانتری لەسەرە کە دەربڕینی زۆر ورد و دروست بێت و هەروەها ڕاگەیەنی ئاگاداریی پێویست بێت. ڕوونی و دروستی دوو بەهای زۆر سەنگینن لە زمانی فێرگەدا. Mary J. Schleppegrell (2001, 2004) جوداوازیی فەرهەنگی[123] و ڕێزمانەکی[124] (جوداوازیی سەربە فەرهەنگ ((وشەدان)) و ڕێزمان) لە نێو کارلێکی زارەکی و زمانی ڕۆژانە لە لایەک، و زمانی فێرگە، تۆماری زمانەکیی زانیاربێژ، تۆماری ئاکادێمی، لە لایەکی دیکە پێشان دەدات. «خشتەی جوداوازیی نێوان کارلێکی زارەکی و زمانی فێرگە» بەشێک لەو جوداوازییانەی زمان پێشان دەدات کە Schleppegrell ئاماژەیان پێ دەدات.

---

[123]– فەرهەنگ: Lexicon، وشەدان، فەرهەنگی: Lexical.

[124]– ڕێزمان: Grammar، ڕێزمانەکی: Gramatical.

پێشکەشکردنی زانستی فێرگە دەبێت بە شێوەیەکی چوست نێوەڕۆکی باسێک بداتە خوێنەر و بیسەرێکی ڕاستەوخۆ کە بەرتەکی نییە. ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی چەند ئادگارێکی زمانەکی ڕەپێش بخرێن. لەبەر ئەوەی نووسین ناتوانێت پەنا بەرێتە بەر زمانی جەستە، ڕووخسار و دیاردەی دیکەی زمانبەدەر، زمانی زانیاربێژ پەنا بۆ ئامراز دیکە دەبات بۆ دەربڕین لە هەڤبەندیی لۆژیکانە. یەک لەو ئامرازانە پلەبەندیی ڕستەیە، کە تێیدا شارستە، پاڕستە و ناوئاخن ڕێک دەخرێن. ئەم هونەرەش پێویستی بە هەڤگری[125] پتر تایبەت هەیە، وەک: «بەهۆی»، «چونکە»، «لە ڕێی»، «وێڕای» و ئەوجا ئاوەڵکاری خاوەن واتای پتر ورد، بۆ نموونە: «بەم شێوازە»، «گەرچی»، «کەچی»، «بەڵام». لە زمانی بەرایی تەمەنی زارۆکدا کە نێزیکە لە زمانی ڕۆژانەی دیالۆگبارەوە، هەڤگری وەک: «و»، «پاشان»، «ئەوسا» باون و ڕستەکانی بەدوا یەکدیدا زنجیرە دەبەستن بێ ئەوەی شارستە و پاڕستەی ڕوونی تێدا بێت.

[125]– هەڤگر: Conjunction، ئامرازی پێوەندی، Hevgir، بڕوانە *Saladin's English-Kurdish dictionary*.

| «خشتەی جوداکاریی نێوان ژێرخانی زمانەکی و ژوورخانی زمانەکی» | | |
|---|---|---|
| | ژێرخانی زمانەکی<br>زمانزانیی ڕاگەیەن | ژوورخانی زمانەکی<br>زمانزانیی زانیاربێژ |
| Field<br>(بوار، کاروبار، ئەوە مەبەستەی دێتە ڕاگەیاندن) | بارودۆخی ڕۆژانە، بەستێنی نافەرمی، نێو ماڵ و خێزان، لە دەوروبەر، بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی سەربە خێزان، بواری بلۆگ و چاتی ئینتەرنێت، ئیمەیل... هتد | بارودۆخی ساختاربەند و بەستێنی فەرمیی وەک فێرگە، کڵێسە، جڤینی فەرمیی سازمان، بەستێنی بیرۆکراتی، ساخڵەمی. جاریش هەیە ڕێوڕەسمی تایبەت، مارەبەستن، مۆراندنی زارۆک، بێنەوبەری دادگە. |
| Tenor<br>(لایەن، بەشداربووان) | خێزان، خزم، یار و یاوەر | کەسانێکی لە بەستێنێکی پتر فەرمیدا یەک دەگرنەوە، وەک مامۆستا و فێرخواز، پزیشک و نەخۆش، کەشیش و ئەندام بازنەی دینی. جاریش هەیە بەبێ پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، وەک: نووسەر و خوێنەر، مێدیاکار و بیسەر/بینەر. |
| Mode<br>(بار، شێوازی ڕاگەیاندن: نووسین یان گوتار) | بەگشتی ئاخافتنە، بەڵام نووسینیش هەتا دێت زیاد دەبێت، وەک کورتەپەیام، چات... وردە ئاخافتنی دیالۆگبار | بەگشتی نووسینە بەڵام جاریش هەیە گوتاری فەرمیی وەک وانەبێژی، سەمینار و گوتاری ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن. مۆنۆلۆگبار. |

| | | |
|---|---|---|
| شێوەزار | نۆرمی ناستاندارد، زاراوە، لازاری جڤاکی و شێوەزاری دیکە باوە. لە نووسیندا زۆر جار کورتکراوە، وێنە و هێما تێکەڵ دەکرێن | زمانی ستاندارد باوە، لە سوێد زمانی سوێدی یان ئینگلیزییە |
| | زۆر جار ڕستەی ناتەواوی هەیە | ڕستەی پڕ و ڕستەسازیی هەڵکشیو، شارستە و پارستەی فرەنهۆم |
| | وشەی خاوەن واتای فرەوان | چەمکی خاوەن واتای دیاریکراو |
| | کار لە ڕستەدا ڕاگەیەنی بەشێکی زۆری واتایە | دەستەواژەی هەڵکشیوی ناڤەکی |
| | دیاردەی زمانبەدەر، وەک: زمانی جەستە و ڕووخسار، ساکاراندن | شێوازی وەشانی ئاگاداری، داڕشتنی پاتەوپات، ڕاڤەی وردەکار |
| نەخشی کارلێککردن | دیالۆگ<br>کارلێک بەرتاوی هۆکارە «جڤاکی-فەرهەنگی»یەکانە | مۆنۆلۆگ |
| | هەست و لایەنی کەسەکی دێنە دەربرین | ڕاڤەی بابەتەکی، بێلایەن و دروست باوە |
| | زۆر جار فیدباکی دەمودەست، ئاگاداریی زیادەی نییە، بەتایبەتی لە سوێدیدا درێژدادڕین باوی نییە | ئاگاداریی فرەپات، واتە ئاگاداریی زێدە، باوە چونکە بواری فیدباک نییە |

«جوداکاریی نێوان ژێرخانی زمانەکی و ژوورخانی زمانەکی» - کۆتای خشتە

**«خشتەی جوداوازیی نێوان کارلێکی زارەکی و زمانی فێرگە»**

| | کارلێکی زارەکی | زمانی فێرگە |
|---|---|---|
| نیشانە | دیالۆگ | مۆنۆلۆگ |
| | ئاگاداریی شاش، واتە مەودای نێوان وشەی ئاگاداریبەخش شاشە | ئاگاداریی سفت، مەودای نێوان وشەی ئاگاداریبەخش سفتە |
| | پەیوەندیی لۆژیکانە بە دیاردەی زمانبەدەر، دێنە دەربڕین، بۆ نموونە ئاوازی زمان | پەیوەندیی لۆژیکانە بە ڕوونی و لە ڕێی وشە و ڕێزمانەوە، دێنە دەربڕین |
| فەرهەنگ (وشەدان) | چەمکی گشتی، وشەی خاوەن واتای بەرفرەوان، وەک «مرۆڤ» و «خەڵک» لەبری دیاریکردنی کەسی مەبەست. | چەمکی تایبەتی دیاریکراو |
| | ژمارەی «کار» زۆرە لە ڕستەدا | ژمارەی «ناو» زۆرە لە ڕستەدا |
| | «کار» لێرەدا باس لە کردەوە دەکات: باز بدە، ڕا بکە، یاری بکە | «کار» لێرەدا پتر سەربە ڕێزمانە، وەک: هەیە، هەیەتی، دەبێت، دەچەرخێت، ڕوو دەدات |
| | جێناو کارایە، وەک: ئەو یاری دەکات | وشەی فەرهەنگی کارایە: کوڕەکە یاری دەکات |

| | | |
|---|---|---|
| ڕێزمان | ساختاری ڕسته بریتییه له «زنجیرەسازی» chining، واته ڕسته به یارمەتیی «هەڤگر»ی وەک: «و» تێک دەبەسترێن و ئەوجا له ڕێی تۆنی دەنگەوه ساختاری گوتەکه ڕێک دەخرێت | پاڕستەسازی (بەکارهێنانی پاڕسته، ڕستەی «پەیوەستی ناچارەکی» *restrictive relative clause* زۆر جار له شێوەی دەستەواژەی ناڤەکیدا)<br>ساختارێکی هەرەمی، سەرەتا بیرۆکەیەک پێشکەش دەکرێت و پاشان ئەو بیرۆکەیه وەک مژارێک له ڕستەیەکی دیکەدا و به دەستەواژەیەکی ناڤەکی به ئاگاداریی دیکەوە دێتەوه بەرباس |
| | زۆر جار هەڤگر دێته سەرەتا، وەک: و، پاشان، ئەوجا | هەڤگر کەمترن بەڵام فرەجۆرترن پەیوەندییەکان به ڕوونی دێنه ڕاگەیاندن |
| | «نیهاد» به ڕوونی دێته دەربڕین | ناڤەکیاندن بۆ دەربازبوون له دەربڕینی لایەنی کار، بۆ نموونه «داهێنانی تەلەفۆن لەلایەن Bell ـەوه»، لەبری «تەلەفۆن لەلایەن Bell ـەوه داهێنرا». |
| | پەیوەندیی لۆژیکانه له ڕێی «ئاهەنگی تۆن» intonation ـەوه دێته دەربڕین | پەیوەندیی لۆژیکانه به ساختاری ناڤەکی Nominal و کارەکی Verbal دێته دەربڕین. ناڤەکیاندن و فرەواندنی دەستەواژەی ناڤەکیی خاوەن ئاگادارییەکی زۆر |

«جوداوازیی نێوان کارلێکی زارەکی و زمانی فێرگە» - کۆتای خشته.

*[بۆ ئەم سێ چەمکه «زنجیرەسازی»[126] chining، «پەیوەستی ناچارەکی»[127] restrictive relative clause، ناڤەکیاندن[128] بڕوانه پەراوێزەکانیان].*

Schleppegrell (2001) ئەو ئادگاره تایبەتەی «زمانی فێرگە»یش باس دەکات که دەستپێک بیرۆکەیەک پێشکەش دەکرێت و پاشان له دەستەواژەی داهاتوودا ئەو بیرۆکەیه وەک مژارێک،[129] وەک «نیهاد» له

[126]- زنجیرەسازی: chining، واته تێکبەستنی ڕسته به یارمەتیی «هەڤگر»ی وەک «و».

[127]- ڕستەی پەیوەستی ناچارەکی: restrictive, or defining, relative clause، ڕستەیەکه ناچاره پەیوەستەکه پێشان بدات بۆ ئەوەی گشت واتاکەی ڕوون بێت، بۆ نموونه «ئەو ئامۆزایەی ئەم باشترین پەیوەندیی لەتەک هەبوو، نیشتەجێی ڕۆژاڤا بوو». ڕسته «پەیوەستی خواستەکی» non-restrictive or non-defining relative clause ئەوەی که پەیوەستەکه تێیدا زیادەیه و گەر نەشبێت واتا لێڵ ناکات، بۆ نموونه «گوندەکەی خزمانی، که ئەم خۆش خۆش سەردانی دەکرد، له ڕۆژاڤا بوو».

[128]- ناڤەکیاندن: Nominalization، گۆڕینی کار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار به ناو، بۆ نموونه: مەرگی ژنەکه، له بری ژنەکه مرد، ترسی مرۆڤ له تاریکی، لەبری مرۆ دەترسێت له تاریکی...

[129]- مژار: Theme، تێما، بابەت.

«دەستەواژەی ناڤەکی»ی[130] هەڵکشیودا دیتەوە پێش، ئەوجا ڕستە دوای ڕستە ئاگاداریی دیکەی دەخاتە پاڵ. ئەم ڕاگواستەیە لە کتێبی جڤاکناسیی پۆلی شەشەمەوە دەکەمە نموونە:

«تۆ خۆت و هەرچی لە دەوروبەری تۆیە لە ئاتۆم پێکهاتوون. ئاتۆمیش پێکهاتووە لە ناوکێکی دەورەدراو بە بەرگێک لە ئەلەکترۆن. هەم ناوک و هەم ئەلەکترۆن بە کارەبا بارکراون».

ڕستەی یەکەم خوێنەر دەکاتە مژاری سەرشار، «تۆ». پاشان بیرۆکەکە وەک پەیامێک پێشکەش دەکرێت، ئەوەی دەبێتە کرۆکی تێکستەکە، کە هەموو شتێک بریتییە لە ئاتۆم. لە ڕستەی دووهەمدا «ئاتۆم»، بەوەی وەک «نیهاد»[131] بەرایی ڕستە دەگرێت، دەبێتە مژار و ئەمیش پەیامێک، ئاگاداریی نوێ، بەدووی خۆیدا دەهێنێت: «ناوکێکی دەورەدراو بە بەرگێک لە ئەلەکترۆن». لێرەدا «پەیام»ـەکەیە بە «دەستەواژەی ناڤەکی»ی هەڵکشیو دێتە دەربڕین. پاشان لە ڕستەی سێهەمدا، «ناوک» و «ئەلەکترۆن» مژارن، لە شێوەی زانراودا وەک نیهاد و پەیامێکی نوێ لە دەستەواژەیەکی گوزارەکیدا[132] بەدووی خۆیدا دەهێنێت: «بە کارەبا بارکراون». «کار»ەکانی ئەم کۆپلەیە لەو جۆرەن کە باس لە کردەوەیەکی چالاک ناکەن: «پێکهاتوون»، «کراون».

گرینگە لە یادمان بێت کە ئەم یان ئەو جۆرە زمانە نە ئاڵۆزترە و نە کاریگەرترە لەوەی دیکە، بەڵکوو هەر یەکەیان لە بەستێنی خۆیدا کارایە. بەڵام ئەگەر زارۆک لە دەرەوەی فێرگە پەیوەندی بە زمانی فێرگەکارەوە نەبێت، لەوانەیە کێشە بێتە ڕێی. باشترین پەرەدان بە زمانزانیی لەم جۆرە، بەکارهێنانی زمانەکەیە لە بەستێنێکدا کارکردی ڕوون بێت.

دیسان گرینگە لە یادمان بێت کە باس لە دوو تۆماری دابڕاوی زمانەکیی نییە، بەڵکوو باس لە زنجیرەبەندییە. زارۆکی زارۆخانە و ساڵانی بەرایی فێرگە خۆیان بەم جۆرە زمانە ڕادەهێنن، لە مامۆستای دەبیستن و لە نووسیندا دەیخوێننەوە، خۆیشیان لە ئاستێکی بنەڕەتییدا بەکاری دەهێنن. ئەوجا لەبەر ئەوەی پەیداکردنی سەواد گرینگترین بەشن لە کاری ساڵانی یەکەمی فێرگە، ئەوا گرینگە مامۆستا ئەم بەشەی فراژووتنی زمان بە وردی ڕەچاو بگرن.

پەیداکردنی سەواد تەنها فێربوونی تەکنیکی کۆدبەست و کۆدکردنەوەی تێکست نییە، بەڵکوو بە هەمان ڕادە پەرەدانە بە توانای نووسینی تۆماری زانیاربێژ. بەرکەوت لەتەک تێکستی ئەدەبی، هەم لە ڕێی خوێندنەوەی خۆ و هەم لە ڕێی گوێڕادێران بۆ خوێندنەوەی کەسی دیکە، ئەزموون دەداتە زارۆکی بچووک دەربارەی زمانی مۆنۆلۆگبار. ئەوجا گرینگیشە فێرخواز کار لەتەک تێکستی زانستی جۆراوجۆریش بکەن، بۆ ئەوەی فێربن خۆیشیان زمان لەو بابەتەدا بەرهەم بهێنن. هەروەها کتێبی «فاکت»یش بۆ منداڵان گرینگە، هەم زانستیان پێ دەبەخشێت و هەم دەرفەتی ناسینی زمان و تێکستی ئەو بوارە.

---

[130]– دەستەواژەی ناڤەکی: Noun phrase or Nominal phrase (NP)، دەستەواژەیەک، واتە بەشێکی ڕستە، کە لە ڕووی ڕستەسازییەوە بە «ناو» دادەنرێت. دەشێت ناوێکی کارای تاک بێت، بۆ نموونە: «کچەکە»، یان جێناوێک بێت، بۆ نموونە «ئەو»، یان زنجیرەیەک وشەی کە ناوێک تێیدا شاوشەیە. بۆ «ناڤەکی» بڕوانە «زاراوەسازیی پێوانە».

[131]– نیهاد: Subject، بەشێکی ڕستەیە بریتییە لە ناو، ئاوەڵناو، جێناو، چاوگ... و گوزارەی پێویستە.

[132]– گوزارە: Predicate، دەستەواژەی گوزارەکی Predicative expression. بەشی دووهەمی ڕستەیە و گوزارە لە نیهاد دەکات.

## توانای تێکستکاری

ڕێک ئەم ئادگاری مۆنۆلۆگبارە لە زمانی زانیاربێژدا مەرجی «توانای تێکستکاری» دەسەپێنێت، مەبەستیش لێی: توانای تێگەیشتن و دەربڕینی بیری درێژمەودایە هەم بە گوتار و هەم بە نووسین (بڕوانە پاژی سێهەم). واتە زانست دەربارەی ڕێکخستنی زمان لە یەکەی درێژمەودادا بۆ ئەوەی پەیامەکە ڕاگەیەن بێت لای وەرگر، زانست دەربارەی بەکارهێنانی پەیوەندیی کاتبەند[133] (وابەستەی کات: ئیستا/پاشان، پێش ئێستا/پاشان، پاش ئێستا/پاشان)، پەیوەندیی نێوان کەسانی نێو باسەکە (شاکەس، لاکەس... هتد)، داڕشتنی تێکستی تێکبەستە لەتەک پاراستنی خاڵی سەرنجگیر بۆ ڕاگرتنی سوورەداوی مەبەست بۆ ئەوەی مەبەستی گرینگ لە تێکستەکەدا بزر نەبێت.

توانای تێکستکاری ئەو ستراتێژانەیش دەگرێتەوە کە مەودا دەخاتە نێوان ئاخێوەر و خودی باسەکە، ستراتێژی کەسی سێهەم لەبری کەسی یەکەم بەکار دەهێنێت و هەروەها ستراتێژی سەربە ئاماژەدان و مژار. شێوازێکی باو بۆ ئاماژەدان بە کەسانی جوداوازی نێو باسەکە، ناساندنیانە لە بەرایی باسەکەدا و پاشان ئاماژەدانە بە ناو یان شێوەی زانراویان. ئەوجا بۆ ئاماژەی فرەپات دەکرێت جێناو بەکار بێت، جاریش هەیە گەر ئاماژەکە لە تێکستەکەدا ئاشکرا بێت، مرۆڤ خۆی لە ئاماژەدانی پاتەوپات دەبوێرێت. ئەمەش نموونە:

*هەبوو نەبوو کچێک هەبوو. کچەکە ناوی مەریەم بوو. مەریەم لە باخەکەدا یاری دەکرد، لە ناکاو دەنگێکی بیست و ترسا.*

بە بۆچوونی Lindberg (1995) زارۆک لە تەمەنی پێنج - نۆ ساڵاندا ئەم توانایە پەیدا دەکەن. بەگشتی زارۆکی بچووک بە «ئەز - شێوە» و «ئێستا» دەئاخفن. ئەم دیاردەیە لە نووسینی زارۆکانی زارۆخانە و ساڵانی بەرایی فێرگەدا ئاشکرایە. پاشان لەوە دەرباز دەبن بۆ ئاستێکی تێدا کەسی سێهەم و کاتی ڕابوردوو بەکار دەهێنن. زارۆک، زۆر جار هەتا ڕادێن، بە کەسی سێهەم و دەمی ڕابوردوو باس دەکەنەوە بەڵام وردەوردە و بەگشتی نائاگایانە، دەچنەوە لای کەسی یەکەم و دەمی ئێستا.

کەواتە زارۆک پێویستی بە ڕاهێنانە لەسەر «ساختاری بێژاندن»، ڕاڤەکردن و گرتنی «ڕوانگەی دەرەکی». ئەوەیش هەر باوە کە گچکە زارۆکی ڕاهاتوو لەسەر کارلێکی دیالۆگبار، لە تێکستە بەراییەکانی خۆیاندا زێدەڕەوی دەکەن لە بەکارهێنانی جێناودا.

ئەم نموونەیە لە تۆژینەوەی Lindberg (1995) ڕادەگوێزم بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست:

ئەرێ پێم وایە دایکی بوو

کە لەوێ دانیشتبوو

ئەویش چاودێریی منداڵەکەی ئەوی دەکرد

پاشان کوڕێک هات

و قسەی لەگەڵ کرد

---

[133]- کاتبەند: Temporal، وابەستەی کات: ئیستا/پاشان، پێش ئێستا/پاشان، پاش ئێستا/پاشان.

Lindberg (1995, p49)

لێرەدا دەبین تێکستەکە چۆن لێڵ و لێکدانەوەی دژوار دەبێت چونکە جێناو ئاماژە بە کەسێک دەکات تەواو ئاشکرا نییە.

وەک باسی هات، زارۆک لە سەرەتادا دەمی ئێستا بەکار دەهێنێت و پاشان دەپەڕێتەوە بۆ دەمی ڕابوردوو. ئەمە ڕێبازێکە بۆ دابڕینی ئاخێوەر لە خودی باسەکە. ئەوجا زارۆک بۆ نووسین لە دەمی ڕابوردوودا، پێویستیان بە توانایە بۆ دەربڕین لە پەیوەندیی کاتبەند، ئەوەی «پاش ئەو دەمە» ڕووی دا، «ئایەندەی ڕابوردوو»[134] *Future in the Past*، بۆ نموونە: «پاشان ئەو دەبا بچێتە ڕاوەماسی»، ئەوجا ئەوەی «پێش ئەو دەمە» ڕووی دا، «ڕابوردووی تەواو»[135] *Pluperfect*، بۆ نموونە: «چوو بوو بۆ ڕاوەماسی». بڕوانە ئەم نموونە جوانە لە نووسینی فێرخوازێکی پۆلی سێهەم، باس لە ڕووداوێک دەکات سەربە دەمی ڕابوردوو، بەڵام بۆ ڕاڤەکردنی باسێکی «بەسەرچوو» کێشەی هەیە (Wedin 2011):

من چووم بۆ فێرگە. پاش شەش کاژێر

من هاتمەوە ماڵ. ئەو لەوێ نەمابوو! ئەو لێرە نییە.

بارام چوو بۆ دارستان.

نووسەر دەبا لێرەدا «ڕابوردووی تەواو» بەکار بهێنێت و بنووسێت: «بارام چوو بوو بۆ دارستان». ئەم کێشەکە بەوە چارە دەکات کە لە ڕستەی پێشوودا بچێتە دەمی ئێستەوە: «ئەو لێرە نییە» و پاشان دەمی ڕابوردوو بەکار بهێنێت بۆ باسکردنی ئەوەی زووتر ڕووی دابوو: «بارام چوو بۆ دارستان».

دەربڕین لە «ئایەندە لە دەمی بەسەرچوودا»، «ئایەندەی ڕابوردوو». لای زارۆک سەختە، پێویستی هەیە بە ڕاهێنان بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر ئەم باسەدا. زارۆک پێویستی بە دەرفەتی زۆری ڕاهێنانە بۆ باسکردنی ڕووداوی دەمی ڕابوردوو، پێویستیشە بە هاریکارییە بۆ دەربڕینی پەیوەندیی کاتبەند.

کاتێک منداڵ گەورەتر دەبن دەکرێت تێکست بکرێتە سەرشار بۆ دنەدانی توانایان لە داڕشتنی دەستەواژەی هەڵکشیوی ناڤەکی، بۆ نموونە: «ئەو پشیلە بچووکەی لەسەر مێزەکە دانیشتبوو» لە بری تەنها «پشیلەکە»، هەروەها دەستەواژەی سەربە ئاوەڵناو. بەکارهێنانی زمانێکی وردتر و پتر ڕاڤەکار دەبێتە دەرفەتێکی خۆڕسک بۆ فێرخوازانی سەربە زمانی دیکە پەرە بەم زمانە بدەن. نووسینە بەراییەکانی زارۆک پێشانی دەدات کە پێویستیشە گوتەی ڕاستەوخۆ لە تێکستدا بە نیشانەی ڕاگواستە[136] یان بە داش[137] دیاری بکرێت. لێرەدا مامۆستا دەتوانێ

---

[134]– ئایەندەی ڕابوردوو: *Future in the Past*، واتە ئایەندە لە ڕوانگەی ڕابوردەوە، «کتێبەکەم پەیدا کرد چونکە دەبا بیخوێنمەوە» – لە ڕابوردوودا «پەیدام کرد» چونکە دەبا لە ئایەندەدا «بیخونمەوە».

[135]– ڕابوردووی تەواو: *Pluperfect*، بۆ نموونە «کاتێک من گەیشتم نەسرین ڕۆیشتبوو».

[136]– نیشانەی ڕاگواستە: Quotation marks، نیشانەیەکە بۆ دیاریکردنی گوتەی ڕاستەوخۆ کە ڕادەگوێزرێت بۆ نێو تێکست: «...» یان "...".

[137]– داش: Dash، کورتەهێڵی پێش گوتەی ڕاستەوخۆ: «–».

سوود له تێکستی فێرخواز وەربگرێت بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات و پێشانی بدات گوتەی ڕاگواستە چۆن دیاری دەکات. مامۆستا بەم کارەی لە «نێزیکترین زۆنی فراژووتن»ی فێرخوازەکدا یارمەتیی پێشکەش دەکات.

### ئاخافتن و سیستەمی نووسین

نەریتی فێرگەی سوێد وەها بووە خوێندنی سیستەمی نووسین سەرنج لە فێربوونی خوێندنەوە گیر بکات. ڕیشەی ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنی «کاتێکەس»[138] - ی سەدەی شازدە و بەدواوە. ئەو دەم، دەسەڵاتی کەنیسە وەهای بە بەرژەوەند دەزانی گشت کەسێکی ڕسکاو فێری خوێندنەوەی «کاتێکس» و فەرمانەکانی دیکە بێت، بەڵام هاندانی گەل بۆ بەرهەمهێنانی نووسین مەبەست نەبوو. بەگشتی مرۆڤی خوێندەوار پتر خۆشجڵەوە، بەڵام مرۆڤێکی بنووسێت و بیروڕای خۆی ڕاگەیەنێت پتر لاجڵەوە.

بەڵام تۆژینەوەی دەیان ساڵی ڕابوردوو پێشانی داوە کە پەیداکردنی سەواد هاسانترە گەر مرۆڤ بۆ فێربوونی نووسین بەرهەمی نووسینی خۆی بکاتە سەرشار چونکە لەوەدا مرۆڤ بیروڕای خۆی دەردەبڕێت نەک وەک لە خوێندنەوەدا، بیروڕای کەسێکی دیکە ڕاڤە بکات (Liberg 2006).

ئەو جوداوازییە دابڕەش گۆیا هەیە لە نێوان ئاخافتن و نووسیندا، ئاشکرا بوو کە وێژەنگە.[139] وەک زووتر باسی هات، هەم زمانی ستانداردی نووسین بۆ ئاخافتنیش بەکار دەهێنرێت و هەم شێوەزاری نافەرمی و ڕۆژانەیش، بە هۆی ئەم هەڵکشانە خێرایەی تەکنیکی IT، زۆر خێرا دەرفەتی نووسینی فرەوانتر پەیدا دەکات.

لەوانەیە «چۆنی دەڵێیت وەهایشی بنووسە» لە دەستپێکدا بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین ستراتێژێکی باش بێت بۆ زارۆک، بەڵام دەبێت پرۆسەیەکی تەریبیش بچەرخێت بۆ پەرەدان بەو زمانە فەرمییەی نووسین کە هەم لە وێژەنووسی و هەم لە فاکتنووسیدا بەکار دەهێنرێت. لەبەر ئەوە گرینگە ژووری پۆل، لە زارۆخانە و لە فێرگە، دەرفەرتی زەنگین بۆ فێرخواز بڕەخسێنێت بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموونی خۆیان دەربارەی زمانی هەم ئاخافتن و هەم نووسین لە بوار و بابەتی جۆراوجۆردا. بەو کارە بەستێنی ڕەسەن پەیدا دەبێت بۆ فراژووتنی تۆماری جۆراوجۆری زمانەکی. فراژووتنی سیستەمی نووسین لە پاژی شەشەم و هەفتەمدا وردتر دێتەوە بەرباس.

### کارلێکی نێو پۆل

کارلێکی زارەکیی نێو پۆل بە پلەی یەکەم سێ کارکردی هەیە (Halliday 1993, Cummins 2000). یەکەم: لە لایەن مامۆستا و فێرخوازە بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی وێکڕا زانیار هەڵچنن، دووهەم: بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی فێرخواز ئاشنای نۆرم و بۆچوونی بڕیاردە بن، سێهەم: دەبێتە گرینگترین دەستاوێژی فێرخواز بۆ فراژووتنی زمان. لە هەر یەک لەم سێ کارکردەدا، کارلێکی مامۆستا - فێرخواز شانۆرەی هەیە. مامۆستا و فێرخواز، وێکڕا چالاکانە زانیار هەڵدەبەستن و هاوکات پرۆسەی جڤاکاندنی فێرخوازیش بە سیستەمی ئەو نۆرمانەی سەردەستن، دێتە چەرخاندن.

---

[138]– کاتێکەس: Catechism، خوێندنی کڵێسە، خوێندنی مەسیحایەتی، کتێبە، زنجیرەیەک پرسیار و بەرسڤە بە مەبەستی ئاشنابوون بە باوەڕی مەسیحایەتی، دێتە خوێندن.

[139]– وێژەنگ: Illusion، وەهم، زرەخەیاڵ، فریو.

لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە تۆژینەوە هەیە دەربارەی کارلێکی نێو پۆل. تۆژەران Sinclair & Coulthard (1975) ئەو کورتەبەرسفە سێباڵە کلاسیکەیان پێشاندا کە لە پۆلدا باوە: «دەستپێشخەری - بەرسف - فیدباک»[140] Initiation-Response-Feedback (IRF)، کە بریتییە لەوەی مامۆستا بە گوتەیەکی کورت، زۆر جار بە پرسیارێک، دەستپێشخەری دەکات، فێرخواز بەرسفی هەیە و ئەوجا مامۆستا سەرنجی خۆی دەکاتەوە فیدباکی ئەو بەرسفە. زۆر جار ئەم کارلێکە بریتییە لە پرسیاری کۆنترۆڵکار، مامۆستا ئاراستەی فێرخوازی دەکات. Heath (1983) پێشانی داوە کە وەڵامدانەوەی پرسیاری لەو جۆرە باسێکی بەربەیار نییە لای هەموو فێرخوازێک. ئەمە نموونەیەکی هەڵبەستراو:

مامۆستا: پێتەختی فرانسە ناوی چییە؟

فێرخواز: پاریس.

مامۆستا: دروستە!

تۆژینەوەکەی Heath پێشانی داوە کە گرووپی فێرخواز هەن چاوەنۆڕی پرسیاری «ڕەسەن» دەکەن، واتە پرسیارێک مرۆڤ ئاراستەی دەکات بۆ ئەوەی شتێک بزانێت، بۆ نموونە «دەستەوانەکەت لە کوێ داناوە؟»، ئەمانە لایان سەیر بوو مامۆستا پرسیارێک ئاراستە بکات بۆ خۆی پێشتر وەڵامەکەی بزانێت.

کارلێکی نێو پۆل، لە بواری تۆژینەوەی جۆراوجۆردا بۆتە بابەتی لێوردبوونەوە، بۆ نموونە بواری سەربە ڕەچەڵەکناسی، جڤاکناسی، «شرۆڤەی گوتار»،[141] و بەتایبەتی لە ڕشتەی «مرۆڤناسیی زمانەوانی»[142] (Heath 1983)، مایکرۆ-ڕەچەڵەکناسی[143] (Mehan 1979, Cazden 1988) و هەروەها «شرۆڤەی ڕەخنەگرانەی گوتار»[144] (Gee 1996). تۆژەر Lindberg (2004) دەڵێت «تۆژکاریی پۆل»[145] لە ڕوانگەی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، پێشانی داوە کە «وانەبێژیی ڕاستەوخۆ»ی نەریتی[146] لە نموونەی IRF نابێتە یاریدەر بۆ فراژووتنی زمان بگرە خەفەکاریشە بۆی، چونکە دەرفەتی تەواو ناداتە ڕێژنەی زمان لە پۆلدا. فێرخوازی سەربە زمانی دیکە پێویستی هەیە بە دەربڕینی درێژخایەنتر و بە دەرفەت بۆ بێنەوبەرەی زمانەکی. ئەم پێویستییە بەو کارلێکە باشتر دابین دەبێت کە، بۆ نموونە، لە کاری گەلدەستی نێو گرووپی بچووک دەیبەخشێت.

---

[140] - دەستپێشخەری - بەرسف – فیدباک: Initiation-Response-Feedback (IRF).

[141]- شرۆڤەی گوتار: Discourse analysis (DA), discourse studies، گوتارناسی، چەمکێکی گشتییە بۆ شرۆڤەی زمان، چ زارەکی بێت، چ نووسیار و دارشتەی هێما و نیشانەی تایبەت.

[142]- مرۆڤناسیی زمانەوانی: Linguistic anthropology.

[143]- مایکرۆ-ڕەچەڵەکناسی: Microethnography, Ethnographic microanalysis of interaction، شرۆڤەکاریی ورد لە کارلێکی تۆمارکراو.

[144]- شرۆڤەی ڕەخنەگرانەی گوتار: Critical discourse analysis (CDA)، ڕشتەیەکە لە «بیردۆزەی ڕەخنە» خەریکی تۆژینەوە و شرۆڤەکارییە لە گوتار (دیسکۆرس) و دیاردەی دیکەی جڤاکی، بەتایبەتی ساختاری دەسەڵات.

[145]- تۆژکاریی پۆل: چەمکێکە بۆ دەربڕین لە تۆژینەوەی گشت کاروبار و خوێندنی نێو پۆل.

[146]- وانەبێژیی ڕاستەوخۆ: Direct instruction، شێوازی نەریتیی دەرسگوتنەوە کە مامۆستا تێیدا ئاخێوەری شاندەرە و فێرخواز بەگشتی خامۆشانە وەرگرن.

لەتەک ئەوەشدا Lindberg (2004) ئاماژە دەکات بەوەی تۆژینەوە هەیە پێشانی داوە کە گۆڕانکاریی تاڕادەیەک بچووک لە نەخشیIRF دا کاریگەریی باشی دەبێت بۆ فراژووتنی زمان لای فێرخواز. مامۆستا لەبری ئەوەی بەرتەسکانە بەرسڤی فێرخواز هەڵسەنگێنێت، فێرخواز هان بدات بۆ بیرکردنەوە، دنەیان بدات بۆ بەڵگەکاریی دەربارەی بۆچوونەکانیان و گرێدانیان بە ئەزموونەکانی خۆیانەوە، کاریگەری زۆر باشی دەبێتە لەسەر فراژووتنی زمانی ئەو فێرخوازانە. هەروەها Schleppegrell (2004)-یش دەڵێت کارلێکی IRF دەشێت لە چەند بەستێنێکدا و بۆ چەند مەبەستێک، سوودی هەبێت.

Lindblad & Sahlström (2001) تۆژینەوەیان هەیە لە ئاستی باڵای فێرگە بنەڕەتییەکانی سوێد و دەڵێن فێرگەی ئەم سەردەمەی سوێد کەمتر کارلێکی IRF ی هەیە و زێدەتر ڕووی لە کاری سەربەخۆ و کاری گەلدەستی نێو گرووپی بچووکە لەتەک بەشێک ڕێنوێنی لە مامۆستاوە. ئەم دیاردەیە، وەک چەندین تۆژینەوەی دیکەش پێشانی دەدات، بە ڕادەیەکی زێدەتر زارۆخانە و سالانەی بەرایی فێرگە دەگرێتەوە.

Gibbons (2006, 2008) جەخت دەکاتە سەر ئەوەی مامۆستا دەبێت دەرفەت بداتە فێرخوازان بۆ بێنەوبەرەی زمانەکی و نابێت زمانەکە زیاد لە پێویست ساکار بکات. گەرچی جار هەیە ساکاراندن ڕێگەی تێگەیشتن لە مەودایەکی کورتتدا خۆش دەکات بەڵام دەرفەتی گرینگ بۆ پەرەدان بە تۆماری ئاکادێمیی زانیاربێژ لە فێرخواز زەوت دەکات. لەبری ساکاراندن، گشت فێرخوازان پێویستیان بە بەرۆکگیریی هەم هزرکاریی هەیە و هەم زمانەکی.

جۆرێک هەیە لە کارلێکی نێو پۆل بۆتە جێی سەرنجی تاتیبەت لە نێو دیداکتیکی ماتەماتیکدا، پێی دەگوترێت: «ئاراستەکردن». مەبەست لەم ئاراستەکردنە ئەوەیە مامۆستا بۆ یارمەتیدانی فێرخواز، پرسیاری ڕێنوێنی لێ دەکات و کێشەکەی بۆ پارەپارە دەکات بۆ ئەوەی فێرخواز خۆی بگاتە بەرسڤی دروست، بەڵام زۆر جار بێ ئەوەی تێگەیشتنی لەتەک بێت.

لە تۆژکاریی پۆلی وەها کە زۆربەی فێرخوازانی سەربە ژینگەی فرەزمانن، یان سەربە خێزانی لاوازن لە ڕووی جڤاکی - ئابوورییەوە، خویا دەبێت کە باوترە مامۆستا لە پۆلی وەهادا پتر فەرماندارانە ڕەفتار بکەن و کەمتر دەرفەت بدەنە فێرخواز دەستپێشخەری خۆیان هەبێت (Johnston & Hayes 2008, Wedin 2009, Deen, Hajer & Kolle 2008). تۆژینەوەکان پێشانیشی دەدەن کە ئەم هەڵکشانەی فەرمانداریی مامۆستا و داکشانەی مەرج لەسەر فێرخواز، دڵگەرمیی فێرخوازانی خامۆش کردۆتەوە. تۆژەران Johnston & Hayes نەخشێکیان لێ ئاشکرا بوو کە تێیدا مامۆستا پرسیاری وەها ئاراستە دەکات کە تەنها بە یەک یان دوو پەیڤ بەرسڤ بدرێتەوە و بە دەگمەن نەبێت داوا لە فێرخواز ناکات پەرە بە بەرسڤەکەی خۆی بدات. تۆژەر Nauclér (2000) یش پێشانی دەدات کە تەنانەت مامۆستایانی زارۆخانەش پرسیاری وەها ئاراستەی منداڵی خاوەن پاشخانی سوێدی دەکەن داوای بەرسڤی ئاڵۆزتر بکات بەڵام منداڵی خاوەن پاشخانی تورکی پرسیاری وەهایان ئاراستە دەکرا بەرسڤیان کورت و ساکار بێت. Deen, Hajer & Kolle پێشانی دەدەن مامۆستا کە دێتە سەر هاندانی فێرخواز بۆ ئەوەی خۆیان زانستی خۆیان لە ماتەماتیکدا هەڵبەستن، تێگەیشتنی فێرخواز لە بابەتەکە هەڵدەکشێت.

## نێوتۆژەکانی[147] خوێندن

کەواتە گرینگە فێرخواز دەرفەتی زەنگینیان هەبێت بۆ بەرکەوت لەتەک زمانی زانیاربێژدا و هەروەها خۆیشیان وردە وردە بکەونە بەرهەمهێنانی زمانی وەها. بۆ زۆرێک لە فێرخوازانی سەربە زمانی دیکە و زۆرێک لەوانەی بەرکەوتێکی وەهایان لە دەرەوەی فێرگە لەتەک ئەم زمانە سوێدییەدا نییە، ئەم باسە بۆ سەرکەوتنیان لە فێرگەدا، شانۆرەی هەیە.

Gibbons (2006) جەخت دەکات لەسەر ئەوەی «ئاشکرایی» لە کارلێکی نێو پۆلدا سوودی هەیە بۆ فێربوونی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە. ئەم ئاشکراییە هەم ڕوتینی هاونەواز دەگرێتەوە، هەم ئاشکرایی لە نێوەڕۆکی بابەت و سنووری نێوان بابەتەکاندا. هەروەها ئاشکراییش دەگرێتەوە لە نەخشی «نۆرەگرتن» و لە نۆرمی نێو پۆل و چێواندنی[148] شێوازی جۆراوجۆری کارلێکی وەک «کاری سەربەخۆ»، «گرووپکاری» یان وانەی مامۆستافەرمان. ئەم دەڵێت «نۆرەگرتن» بەتایبەت سوودی هەیە بۆ فێرخوازی کەمدوو، کە لێرەدا دەرفەتیان دەبێت بۆ دەربڕین.

بۆ ئەوانەی هێشتا سوێدی بەڕادەی هاوپۆلی سوێدیزمان نازانن، پێویستیان بە ئاگاداریی زێدەتر، زۆرە. واتە ئەمانە پێویستیان هەیە بەوەی ئاگاداری وەربگرن هەم بە شێوەی جۆراوجۆر و هەم بە دەستاوێژی جۆراوجۆر. گەر هەمان ئاگاداری بە شێوازی فرەجۆر، بۆ نموونە بە گوتن، بە وێنە و بە ئاماژە... پێشکەش بکرێت، دەرفەتی تێگەیشتن، بۆ ئەو فێرخوازانەی جارێ زمانزانییان تەواو نییە، فرەوانتر دەبێت.

ئەوجا ئاشکرایی هەمەجۆریش گرینگیی پەیدا دەکەن، لەبەر ئەوەی فێرخواز گەر ناچار نەبن هەوڵ بدەن ئاگاداریی دیکەی پێویست مەزەندە بکەن، خاڵی گرینگ هاسانتر دەدۆزنەوە. کەواتە ئاشکرایی لەم بابەتانەدا گرینگە:

- ڕوتین
- نەخشی نۆرەگرتن
- نۆرمی نێو پۆل
- پەڕینەوە لەم «کارلێک»ـەوە بۆ ئەو «کارلێک»
- سنووری نێوان بابەت

مەبەست لە «ئاشکرایی ڕوتین» ئەوە نییە گشت کاروبارێک لە ژێر جڵەوگیریی وردی مامۆستادا بێت، مەبەست ئەوەیە ڕوتینی بڕیاردە بۆ هەموان ڕوون و یەکنەوا بێت. ئەم باسە «نەخشی نۆرەگرتن» و نۆرمیش دەگرێتەوە، نۆرەی کێیە بێتە گۆ، کەی، چۆن و دەربارەی چی. ئەم سیستەمی پۆلی سوێدییە، بۆ کەسانێکی لە فێرگەی دیکەی سالاپەرستەوە هاتوون، سەرشێوێن دێتە بەرچاو. ڕێسای ڕانەگەیەندراو زۆرن و بۆ فێرخواز سەختە بزانێت چی ڕەوایە. ئەم پەشێوییە فێرخوازی سوێدیش دەگرێتە کە ماوەیەک نیشتەجێی وەڵاتی دیکە

[147]- نێوتۆژ: Implication، پەیوەندیی نادیار بەڵام بەردەرک.

[148]- چێواندن: گیرکردن لە نێو چێوە (چوارچێوە)-دا.

بوون و له فێرگەی خاوەن ڕێسا و نۆرمی جودا خوێندوویانە. کیژە پاشەبەرەکەی خۆم کە ساڵانی بەرایی فێرگەی لە وەڵاتی تانزانیا بردە سەر، پاش یەک هەفتە لە فێرگەیەکی سوێدیدا وەهای گوت:

> مرۆڤ نازانێت چی بکات. مامۆستا دەڵێت نابێت فێرخواز لە خۆیەوە وەڵام بداتەوە، دەبێت دەست هەڵبرێت و چاوەڕێی ئاماژە مامۆستا بکات ئەوجا بێتە گۆ. پاشان پرسیارێک ئاراستەی پۆل دەکات. من دەست هەڵدەبرم بەڵام ئەوانەی دیکە ڕێک وەڵامەکە بە دەنگی بەرز دەڵێن. مامۆستایش دەڵێت: دروستە! من تێناگەم کەی بە قسەی مامۆستا بکەم و کەی بە قسەی نەکەم، بەڵام ئەوانەی دیکەی نێو پۆل دەزانن.

گرینگیشە سنووری نێوان شێوازە جۆراوجۆرەکانی کارلێک کە لە پۆلدا پیادە دەکرێن، ئاشکرا بن. بۆ نموونە سنووری نێوان کاری کەسەکیی خۆ بەرانبەر وانەی گشت پۆلەکە. لەوانەیشە سنوور بێت لە نێوان کاتی کۆبوونەوەی پۆل بۆ گفتوگۆی باسێکی تایبەت و کاتی کۆبوونەوەی پۆل بۆ گوێڕادێران لە وانەیەکی مامۆستا. ئەمانە دۆخی جۆراوجۆرن و شێوازی جوداوازی کارلێکیان هەیە و هەروەها سەرنجگیری خاڵی جوداوازیشن.

سنووری نێوان بابەت مەرج نییە تەنها بابەتی خوێندن بگرێتەوە، دەشێت بواری وانەکان یان بواری مژاری جوداواز بێت. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ بزانێت خەریکی چییە، چی لێرەدا سەرنجگیرە و چییە ئەوەی چاوەنۆڕ دەکرێت لە فێرخواز لەم دەرفەتە دیاریکراوەدا فێری ببێت.

## پاژی شەشەم: لە ئاخافتنەوە بۆ نووسین

زۆر خاڵ هەن، هەر زوو بەر لە دەستپێکی فێربوونی نووسین، لای زارۆک ڕوو دەدەن و پاشان کاریگەرییان دەبێت لەسەر پەیداکردنی سەواد. لە کاروباری زارۆخانە و پۆلی ئامادەکاردا زۆر بابەت هەن مامۆستا دەتوانن بیکەن بە مەبەستی یارمەتیدانی فراژووتنی زمان لای زارۆک بەر لە دەستپێکی پەیداکردنی سەواد.

نێزیکەی بیست ساڵێک دەبێت زارۆخانە و فێرگەی سوێد کەوتوونەتە فرەواندنی ئەو ماوەیەی دیاریکراوە بۆ جەخت کرد لەسەر پەرەدان بە تواناکانی سەواد لای زارۆک. ئەم ڕەوتە هاوکات هات لەتەک پەیدابوونی چەرخاندنێکی نوێ لە چەمکی «سەواد» کە ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ تۆژینەوەی نێوەڕاستی هەشتاکان.

زووتر وەها باو بوو پەیداکردنی سەواد بسپێرێت بە پۆلی یەکەم و دووهەم، نەسەلماندنێکی زۆریش هەبوو، بەتایبەتی لەلایەن کۆڕی مامۆستایانەوە، بەرانبەر ئەوەی زارۆک زووتر لە ماڵ و زارۆخانە فێری سەواد بێت. ئەمە تەواو جوداواز بوو لە نەریتی ئەنگلۆسەکسۆنی کە فێرکردنی فەرمیی سەواد چەند ساڵێک زووتر دەستی پێ دەکرد و بە کارێکی ڕەوا دەزانرا کە دایکوباب زارۆکی خۆیان فێری خوێندنەوە نووسین بکەن. لەبەر ئەوە ئاوڕدانەوەیەک لە پاشخانی مێژووی سوێد لەم بوارەدا لەوەیە خراپ نەبێت.

**فێربوونی خوێندنەوە لە سوێد - ڕوانگەیەکی مێژوونۆڕ**

سوێد یەکێکە لە وەڵاتە بەراییەکانی جیهان کە خوێندنەوەزانیی گشتی تێدا پیادە کرا. وەک دەرئەنجامێک لە «ڕیفۆرمی پرۆتێستانەتی»،[149] کە کڵێسەی دەوڵەتیی سوێد کاتۆلیکەتیی[150] گۆڕی بە پرۆتێستانەتی،[151] دەوڵەت لە سەدەی شازدەیەمەوە دەستی دایە هەڵمەتێک بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی لە نێو گەلدا.

سەرنجگیری لەسەر خوێندنەوە نەک نووسین دیاردەیەکی ڕێکەوت نەبوو. سەردارانی دەوڵەت و کڵێسە مەبەستیان بوو ئاپۆرەی گەل بتوانن فەرمان و ڕێساگەلی بۆ نموونە تەوجیل و نووسیاری دیکەی دینی بخوێننەوە. هۆکارێکی هاسانکار لێرەدا ئەوە بوو لە «ڕیفۆرمی پرۆتێستانەتی»دا زمانی نووسین و کاروباری کڵێسەی لە لاتینەوە گۆڕی بە سوێدی. ئەم هەنگاوە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێسا و فەرماننامەی فرەجۆری دەوڵەتیش هاسانکار بوو. یەکەم تەرجەمەی تەوجیل بۆ زمانی سوێدی ساڵی 1526 بڵاو کرایەوە. پاشان لە ساڵانی 1540 دا «کاتێکس»ی سوێدی بڵاو کرایەوە بۆ ئەوەی ئاپۆرەی گەل ڕێک ئەوە بخوێنێتەوە کە دەگونجێت لەتەک ئەوەی فەرمانڕەوایان بە گونجاویان دەزانی.

سەرەتا، ئەرکی بڵاوکردنەوە خوێندنەوە لە نێو گەلدا بە کەشیش و خوێندەوارانی دیکەی نێو کڵێسە سپێردرا پاشان وردە وردە ئەرکەکە خرایە ئەستۆی سەردارانی خێزان. ئەوجا ئەرکی کەشیش، و هەتا ڕادەیەکیش زەنگەوانی[152] کڵێسە، بووە کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی فێربوونەکە لە نێو گەلدا. ئەمانە ماوەماوە بۆ «توانادۆزیی[153] خێزان» دەچوونە سەرەدانی ماڵان. بەم شێوەیە دەکرا سوێدیگەل لە دووهەم بەشی سەدەی هەڤدەیەمەوە بە

[149]- ڕیفۆرمی پرۆتێستانەتی: Protestant Reformation.

[150]- کاتۆلیکەتی: Catholicism.

[151]- پرۆتێستانەتی: Protestantism.

[152]- زەنگەوان: کارگوزاری کڵێسەیە، لە سەردەمانی ناڤیندا، لە پەنا کارەکانی دیکەدا سەرپەرشتی زەنگلیدانی کڵێسەشی لە ئەستۆ بوو.

[153]- توانادۆزی: تێست، ئیمتیحان. تاقیکردنەوە.

میللەتێکی خوێندەوار دابنرێت و بەشێکی بەرینی ئەوانەی، بەر لە چەرخاندنی «فێرگەی گەل» ساڵی 1842، ئەرکی پرۆسەی فێرکردنی خوێندنەوەیان لە نێو گەلدا کەوتە ئەستۆ، کەسی ئاسایی بوون (Isling 1991).

جۆری خوێندنەوەی ئەو سەردەمانە تەواو جودا بوو لەوەی فێرگەی ئەم ڕۆژگارە پێشەمیی دەداتێ. شاڕێبازی فێربوون ئەو دەمە «لە-پاش-گوتنەوە» بوو، کەواتە بەشێکی زۆر لەوەی «تواناوزیی خێزان»ی ئەو دەمە بە خوێندنەوەی دادەنا، ئەمڕۆ بە ئەزبەرکردن دادەنرێت. مێژوونووس هەن دەڵێن سەرەتای چەرخاندنی «فێرگەی گەل» لە 1842-دا، چ فرەوانێکی لە فێربوونی خوێندنەوەدا بەدەمەوە نەبوو، بگرە بە پێچەوانە (Wagner 1990, Isling 1990). لەبەر ئەوەی گوندنیشین ناچار دەکران خانووی فێرگە ساز بکەن و مامۆستا ڕاگرن، خێزانیش ناچار دەکران منداڵیان بنێرنە فێرگە، دوور نییە جۆرێک لە بەرخۆدانی خامۆش زەنەی کردبێت. خۆ مەرج نییە گشت جارێک کەسی هەرە گونجاو لە فێرگە تازەسازەکاندا دامەزرابێت، ئەو دەم چاوەنۆڕ دەکرا زارۆک بەر لە دەستپێکی فێرگە خوێندنەوە بزانن، لەبەر ئەوە فێرخواز، نە لە ماڵ و نە لە فێرگە، بە باشی فێری خوێندنەوە نەدەکران.

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، لە کۆتای 1850 ـاکاندا بڕیار درا، «فێرگەی سەرەتایی» Småskola دوو ساڵانە پیادە بکرێت. ئەمانە مامۆستای خانمانیان هەبوو کە پاشان لە «فێرگەی مامۆستایانی سەرەتایی» Småskoleseminarium خوێندنیان بۆ ساز کرا. کەواتە لە سوێد پرۆسەی فێرکردنی خوێندنەوە پێش دامەزراندنی فێرگە کەوت، لەبەر ئەوە دەبێت سیستەمی فێربوونی خوێندنەوە لە فێرگەی ئەمڕۆی سوێددا لەبەر تیشکی ئەو نەریتە سەیر بکرێت کە «تواناوزیی خێزان»ی تێدا پیادە دەکرا.

لەتەک ئەم «فێرگەی مامۆستایانی سەرەتایی»یەدا ڕێنامەی نەریتیی بۆ خوێندنەوە و ڕێبازی فێرکاریی خوێندندەوە داڕێژران و هەر ئەوانەش بوونەتە بنەما بۆ فێرکاریی خوێندندەوە و نووسینی ئەم ڕۆژگارە. ساڵی 1868 کتێبی «خوێندنەوە بۆ فێرگەی گەل» داڕێژرا و پاشان ساڵی 1912 یەکەم کتێبی دروستی خوێندندەوە *Sörgården* بڵاوبۆوە. بە ڕاسپاردەی فەرمانگەی دەوڵەت بۆ داڕشتنی کتێبێکی خوێندنەوە دەربارەی جیۆگرافیای سوێد، Selma Lagerlöf ی نووسەر ساڵی 1907، چیرۆکی «گەشتنامەی نیلس» *Nils Holgerssons underbara resa genom Sverige* ئامادە کرد و ساڵی 1935 کتێبی «وەرن بخوێنینەوە» *Nu ska vi läsa* ی Elsa Beskow بڵاوبۆوە.

ئەم فراژووتنە وەهای کرد بەرپرسایەتیی سەوادی بنەڕەتی بگوێزرێتەوە، لە خێزانەوە بۆ فێرگە. ئەوجا لە دووهەم نیوەی سەدەی بیستەمەوە سەوادکاری بووە پاوانی فێرگە. لە سەرەتای تەمەنی پیشەییمدا وەک مامۆستای ئاستی بەرایی، ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکان، زۆر مامۆستا بەدگومان بوون بەرانبەر هەم دایکوباب گەر یارمەتیی منداڵی خۆیان بدەن بۆ پەیداکردنی سەواد بەر لە دەستپێکی فێرگە، هەم مامۆستایانی زارۆخانەش گەر یارمەتیی فێرخوازیان بدایە بۆ پەیداکردنی سەواد. پەیداکردنی سەواد بووە بابەتیک کە دەبا لە فێرگەدا بچەرخێت و دۆزینەوەی «باشترین» ڕێبازی فێرکاری، باسێک بوو دەبا لە نێو کۆڕی مامۆستایانی کارادا بێتە گوتوبێژ.

«مۆدێلی بۆرنهۆلم»[154] کە زادەی پرۆژەیەکە ساڵانی هەشتاکان بە ڕێبەرایەتیی Ingvar Lundberg پیادە کرا و لای زۆر مامۆستا بووە مایەی گۆڕینی دیدیان بەرانبەر کاتی دەستپێک بۆ گەشەی فێربوونی نووسین. وەک دەرئەنجامێک لەم پرۆژەیە مرۆڤ هاتە سەر دنەدانی ئەوەی بە «ئاگایی زمانەکی» ناوزەد کرا، هەر زوو لە زارۆخانەوە. مەبەستیش لە «ئاگایی زمانەکی»، ئاگایی بوو لە بواری ڕێزمان و دەنگناسیدا. تۆژینەوە پێشانی دا

[154]- مۆدێلی بۆرنهۆلم: Bornholmsmodellen.

که ئەم کارە بەتایبەت سوودی بۆ فێرخوازانێک هەیە گەر وەها نەبا تووشی کێشەی گەورە دەبوون لەتەک سەوادا، لەبەر ئەوەی کاتیان زێدەتر دەبێت بۆ فراژووتنی زمان (Lundberg & Frost 1988). لەبەر ئەمەیە «گەمەی زمانەکی» وەک سەرەتایەک بۆ فراژووتنی زمان، لە زارۆخانەدا جێی گرت.

پرسی زمان لە نەریتی پەیداکردنی سەواد لە فێرگەی سوێدیدا پێشەمی نزمی هەبووە. لە نەریتی بەهێزی تاکزمانی سوێدیدا، سەرنج گیر دەکرا لە فێربوونی خوێندنەوە بە ئاڕاستەی ڕاهێزانی چەند توانایەکی فەرمیی وەک زانینی «کۆدکردنەوە» و «دەنگ دەربڕین». بەڵام خودی زمانەکەی بەکار دەهێنرا بۆ سەواد، کێشەڕێژ[155] نەدەکرا، مەگەر دەگمەن. هاوئاهەنگ لەتەک نەریتی «خوێندنی کاتێکس»دا، لێرەش خوێندنەوە جێی سەرنج بوو، نووسین دەکەوتە سێبەرەوە.

بەشێکی زۆر لەوەی لە «خوێندنی کاتێکس»دا هاتە بەرهەم، وەک خۆی و بەبێ کێشەڕێژی لە نەریتی فێرکاریدا مایەوە، بەڵام بەدەم گەشەی ڕوانگەی تازەوە کە بەرهەمی توێژینەوەی نوێن، ئەو میراتە کەوتە ژێر پرسیارەوە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەمدا، ژمارەیەک توێژینەوە لە سوێد بڵاوکرانەوە تێیاندا بۆچوونی نەریتی دەربارەی سەواد کێشەڕێژ کران (Edling 2006, Folkeryd 2006, af Geijerstam 2006, Ewald 2007, Fasth 2007, Jönsson 2007, Björklund 2008). گرینگە مامۆستا ئاگادار بن لەو نەریتانەی هەن بۆ سازکردنی دەرفەت بۆ گونجاندنی ئەوەی لە زارۆخانە و فێرگەی ئەمڕۆدا دەچەرخێت لەتەک جڤاکی ئەمڕۆ و ئایەندەدا.

### ڕوانگە لە نووسین

توێژەرانی مرۆڤناسی،[156] بە تایبەت ئەوانەی سەربە دونیای ئانگلۆسەکسۆن،[157] لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا کەوتنە سەر گومانکردن لەوەی پێیان دەگوت «مۆدێلی سەوادی ئاوتۆنۆم».[158] ئەم دیدەی «سەواد» بە دیاردەیەکی سەرفەراز دەزانێت، دەڵێت سەواد دەکاتەوە فێربوونی هونەری وەک پیتنووسیی دروست، وشەنووسیی دروست، خوێندنەوەی دروستی تاکە پیت و هەروەها وشە، زۆر جار بەدەر لە بەستێنێکی سروشتی. لە چێوەی ئەم بۆچوونەدا، سەواد دەبنە هونەرێکی مرۆڤ یەکجار فێریان دەبێت و تەواو، پاشان ئەو توانایەی مرۆڤ پەیدای کردووە، هەتا هەیە جار دوای جار لە بەستێنی جۆراوجۆردا پیادەیان دەکات. توانای نووسین دەبا بە ڕاهێنان بێت لەسەر بەشە جوداوازەکانی ئەم هونەرە و دەبا فێرخواز خۆی ئەم وردەهونەرانە گرد بکاتەوە و پاشان وێکڕا لە بەستێنی نوێدا بەکاریان بهێنێت. ئەم مۆدێلە دەڵێت «سەواد» دیاردەیەکی بێلایەنە مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاری دەهێنێت.

توێژەرانی سەربە New Literacy Studies (NLS)، بۆ نموونە Street (1984, 1993, 1995), Gee (1996), Barton & Hamilton(1998), Barton, Hamilton & Ivanic (2000), Barton (2001) کەوتنە بەرۆکگیریی ڕوانگەی «سەوادی ئاوتۆنۆم». Street پێشنیازی «مۆدێلی سەوادی ئایدیۆلۆژیانە »[159] دەکات کە جۆری جوداوازی

---

[155]- کێشەڕێژی: Problematization داڕشتنی بیرۆکەیەک یان دیاردەیەک لە شێوەی کێشەدا- ئەم چەمکە بە زۆری لە بواری زانستی و توێژینەوەدا بەکار دێت.

[156]- مرۆڤناسی: Anthropology.

[157]- ئانگلۆسەکسۆن: Anglo-Saxon.

[158]- مۆدێلی سەوادی ئاوتۆنۆم: Autonomous Model of Literacy.

[159]- مۆدێلی سەوادی ئایدیۆلۆژیانە: Ideological model of literacy.

«سەواد»ی تێدایە بۆ بەستێنی جۆراوجۆری جڤاکی و فەرهەنگی. ئەم باس لە «سەواد» دەکات وەک تۆژینەوە لە «چالاکی». لەم بوارەدا دوو چەمکی «فرەسەواد»[160] و «سەوادی ڕەخنەکار»[161] هاتنە کایەوە.

مەترسییەکی لەو دوو ڕوانگەیەوە سەر هەڵدەدات لەدەستدانی سەنگی زمانەکەیە. ڕوانگەی ئاوتۆنۆم سەرنجگیری شێوازی نووسینە و کەمتر ئاوڕ لەو بەستێنە جڤاکییە دەداتەوە زمان تێیدا دەچەرخێت. ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی پتر سێرەگیری بەستێنی جڤاکییە و کەمتر ڕووکاری زمانەکیی سەواد بەهەند دەگرێت. نووسین ڕووکارێکی زمانە و دەبێت وەهایش سەودای لەتەک بکرێت. پەیداکردنی سەواد دەکاتەوە پەرەدان بە زمانزانی. واتە کار بەوە تەواو نابێت مرۆڤ خۆی فێری لێکدانەوە و بەکارهێنانی شێوازی نووسین بکات، واتە پیت و نۆرمەکانی نووسین، بەڵکوو دەشبێت مرۆڤ خۆی فێری ئەو جۆرە زمانە بکات کە لە نووسیندا بەکار دێت و پەرە بە زانستی خۆی بدات دەربارەی ئەو بەستێنە جۆراوجۆرانەی نووسین تێیاندا بەکار دێت. لە ڕێی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت واتا و ئەزموونی جۆراوجۆر بڕاستێنێت، بۆ نموونە لە چێوەی نووسیاردا.

«زمانەوانیی سیستەمداری کارکرد SFL» دەڵێت زمان دەستاوێژێکە بۆ هەڵبەستنی واتای خاوەن کارکرد. Frances Christie (2005) جەخت دەخاتە سەر جوداوازیی نێوان نووسین و پیادەکاریی دیکەی جڤاکی، بۆ نموونە نۆرمی پۆشاک و ڕازاندنەوە خوان. هەروەها جەختیش دەخاتە سەر مەترسیی چاوپۆشین لە گرینگیی زمان بۆ ناسنامە، زانین و فێربوون. مەترسی هەیە لەوەی مرۆڤ ڕووکاری ساختارەکیی زمان وێڵ بکات کە دەبێت فێریان بێت. بەوەش مامۆستا بنەمای گرینگی فێرکاریی لەدەست دەدەن.

Christie جەختیش دەخاتە سەر مەترسیی چاوپۆشین لە جوداوازیی نێوان زمانی ئاخافتن و زمانی نووسین، کە دەکاتەوە یارمەتیی نەدانی مامۆستا لە فێرکردنی نووسیندا. کێشە لەوەدایە هەردوو مۆدێلی هەم ئاوتۆنۆم و هەم ئایدیۆلۆژی سەرنجگیر نین لە ساختار و لە سازمانی زمان. لەبەر ئەوە لێرەدا وردتر سەرنج دەدەینە جوداوازییەکانی نێوان زمانی ئاخافتن و زمانی نووسین.

**جوداوازیی نێوان زمانی ئاخافتن و نووسین**

جوداوازیی نێوان زمانی ئاخافتن و زمانی نووسین هۆکاریان زۆرە، وەک زووتریش ئاماژەی پێ درا، لەم ساڵانەی دواییدا ئەو جوداوازییانە کەم بوونەتەوە و مەودای نێوان ئەو دوو جۆر زمانە تەسک بۆتەوە. هۆکارێکی جوداوازییەکان بریتییە لەو دەستاوێژە، لەو مێدیایەی بەکار دەهێنرێت. ئاخافتن، بە گشتی دەنگ بەکار دەهێنێت کە لە زارەوە دەچێت بۆ گوێ، لەم ڕۆژگارەشدا بە زۆری لە ڕێی مێدیای فرەجۆری ئەلەکترۆنییەوە. بڵاوبوونەوەی نووسینیش هەتا دێت زێدەتر پەنا بۆ مێدیای ئەلەکترۆنی دەبات، بەڵام شێوازە نەریتییەکەی لە دەستەوە بۆ چاوە و نیشانە و پیت دەکاتە بنەما. جوداوازییە نەریتییەکان پەیوەندیشیان هەیە بەوەی نووسین پتر بۆ بەستێنی فەرمی بۆ گواستنەوەی ئاگاداری بووە لە نێوان کات و شوێنی جوداوازدا. وەک زووتر باسی هات، سنووری نێوان زمانی ئاخافتن و نووسین هەتا دێت کاڵتر دەبێتەوە هۆکاریش هەم تەکنیکی هاوچەرخە و هەم زێدەتر بەکارهێنانی نووسینە لە بەستێنی ڕۆژانە و نافەرمیدا.

---

[160]– فرەسەواد: *Multiliteracies*.

[161]– سەوادی ڕەخنەکار: *Critical literacy*.

ئێمە، وەک هاسانکاری، لێرەدا بۆ پەیجۆری لە جوداوازیی نێوان ئاخافتن و نووسین، وەک دەستپێک «ئاخافتنی نموونە»، واتە ڕاگەیاندنی ڕۆژانە، و «نووسینی نموونە»، واتە ئەو زمانەی لە کتێبی فێرگەدا بەکار دێت، دەکەینە سەرشار. واتە بەگشتی دەبێتە جوداوازیی نێوان «زمانی ڕۆژانە» و «زمانی زانیاربێژ» (بڕوانە پاژی پێنجەم).

ئەم خشتەیە لایەنی «نموونە» لە ئاخافتن و لە نووسین دەکاتە سەرشار. «ئاخافتنی نموونە» واتە ئەوەی لە زارۆک چاوەنۆڕ دەکرێت بەر لە دەستپێکی فێرگە بیزانێت، بەشدار بێت لە ڕاگەیاندنی ڕۆژانەدا. «نووسینی نموونە» واتە ئەوەی لە زارۆک چاوەنۆڕ دەکرێت لە ماوەی خوێندنی فێرگەدا فێری ببێت، بەشدار بێت لە ڕاگەیاندنی نووسراوی سەربە بەستێنی زانیاربێژدا.

| **ڕاگەیاندنی زارەکی** | **ڕاگەیاندنی نووسراو** |
| --- | --- |
| دیالۆگبارە، کارلێک سەنگی زۆرە | مۆنۆلۆگبارە، ساختاری تێکست گرینگە |
| بەرسڤی ڕاستەوخۆ | بەرسڤی نییە |
| «کار»ی چالاک | دەستەواژەی تایبەت و هەڵکشیوی ناڤەکی |
| دیاردەی زمانبەدەر گرینگن | وشەی تایبەت، ڕستەسازیی هەڵکشیو |
| باسی لە ئێستا و ئێرەیە، بەستێنبەندە | باسی لە ئەوسا و لەوێیە، بەستێنڕەهایە |
| نێوەڕۆک سەرنجگیرە | هەم نێوەڕۆک و هەم شێوە سەرنجگیرن |
| خشتەی جوداوازیی توانا لە نێوان زمانی زارەکی و زمانی نووسراودا | |

هاوسەما سەنگی لە ئاخافتندا زۆرە. منداڵێکی بچووک دەتوانێت ڕووداوێک بگێڕێتەوە گەر بیسەرێکی گەورەتر هەبێت بە پرسیارکردن یارمەتی بدات بۆ ئەوەی ئاگاداری و بەستێنی نێو ئاخافتنەکە یەک بگرنەوە هەرچەند منداڵەکە هێشتا ماویەتی بە تەنیا ئەو کارە ئەنجام بدات. بەڵام لە نووسیندا، نووسەر دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژتر وشە بگرێتە دەست و بە شێوازکی وەها باسەکە دارێژێت تەنانەت ئەو کەسەی ئەو دەمە لەوێدا نییە، تێی بگات. ئەمە داوای توانا دەکات هەم بۆ ڕێکخستنی تێکست و هەم بۆ پێشاندانی ئاگاداریی گرینگ. لە دۆخی ئاخافتندا، بیسەر دەتوانێت بە بەرسڤی ڕاستەوخۆ داوای ڕوونکردنەوەی زێدەتر بکات بەڵام خوێنەر چاوەڕێیە گشت ئاگاداریی پێویست لە نووسینەکەدا هەبێت. هاوکات خوێنەری ئازمووده هەیە لە نێو تێکستەکەدا باز دەدات بۆ دۆزینەوەی ئاگاداریی پێویست و بۆ خۆ لادان لە بەشێکی دیکەی.

ئەم تایبەتمەندییە دەرفەت دەداتە نووسین زێدە ئاگاداری پێشکەش بکات کە ئاخافتن هەڵی ناگرێت. خۆڕاگریی بیسەر لە ئاست زێدەئاگاداری نێو ئاخافتن، دیاردەیەکی جڤاکییە و بەپێی فەرهەنگی زمانەکی دێتە گۆڕین. بەگشتی مرۆڤ لە فەرهەنگی سوێدیدا خۆڕاگریی لە ئاست زێدەئاگاداریی نێو ئاخافتن بەرتەسکە و چاوەڕێیە ئاخێوەر زوو بگاتە خاڵی مەبەست و لەوێدا بمێنێتەوە. ئەمە باسێکە بەپێی فەرهەنگ دێتە گۆڕین. فەرهەنگ زۆن ڕێ دەدەن بە لاباس و نموونەکاریی زێدەتر لەوەی لە سوێد باوە.

تەنانەت خۆڕاگریی لە ئاست ئەوەی ئاخێوەر لە ئاخافتندا وچان بگرێت یان بیسەر نۆبەبڕی بکات، لە نێوان فەرهەنگی جوداوازدا جوداوازیی هەیە. لەو بەستێنگەلەی سەربە زمانی ئاخافتنن لە تانزانیا کە من لێیان شارەزام، ئاخێوەر، گەر بەراروردی بکەم بە سوێد، بۆی هەیە هەم زێدەتر بڵێت و هەم وچانی درێژتریش بگرێت بێ ئەوەی نۆبەبڕی لێ بکرێت. فەرهەنگی ئاخافتنی دیکەش هەیە نۆبەبڕین تێیدا بۆ پێشان دانی دڵگەرمی و بەهەندگرتنە.

لە ئاخافتندا «کاری چالاک» زۆرن کە باس لە ڕووداو دەکەن بەڵام نووسین «ناو»ی دیاریکراوی زێدەتر تێدایە کە زۆر جار بە شێوازی ناساندن گەشەیان پێ دەدرێت (بڕوانە پاژی پێنجەم). دیاردەی زمانبەدەریش، بۆ نموونە ئاماژە، نیشانەی ڕووخسار، تۆنی دەنگ، خێرایی گوتن… لە ئاخافتندا دێنە بەکارهێنان. بەڵام لە تێکستی درێژتردا مەرجی دارشتنی دیاریکراوی واتاڕوون هەیە. ئەمەش داوای ڕستەسازی و ساختاری هەڵکشیو دەکات، هەروەها داوای گەنجینەیەکی زەنگینی وشەزانی دەکات.

ئەمانەش باسگەلێکن فێرخواز دەبێت فێریان بێت ڕووەو توانای هەڵکشیوی نووسینزانی. لە ئاخافتنی نموونەدا، مرۆڤ بەگشتی باس لە ئێستا و ئێرە دەکات، بەمەش دارشتنی ئاخافتنەکە دەکەوێتە بەرتاوی ئەم بەستێن و دەوروبەرە. بۆیە لێرەدا دەربڕینی گشتی، جێناو، ڕستەی داپچڕاو، پارچەڕستە و پەیڤی دەرکنار دیاردەی باون. هەرچی نووسینە مەرجی تەواو جوداوازی هەیە لەسەر هەڵبژاردنی وشە و ڕستەی سەرلەبەر چونکە هەم واتاڕوونی و هەم واتاوردیی پێویستترن.

**ئامادەکاریی بۆ سیستەمی نووسین**

لای زارۆکی بچووک ئاخافتن و داکەوتێکی ئاخافتنەکە نوێنەرایەتیی دەکات دوو بابەتی تەواو جودا نین. بۆ ئەوەی زارۆک بتوانێت سەواد پەیدا بکات ناچارە سەرنج لە ڕووخساری زمانەکەش گیر بکات، واتای تاکەتاکەی دەنگەکان و پەیوەندیی نێوانیان تێبگات. پەیبردن بەوەی ئەم وشانە: «پشیلە، **پشیلە**، پشیلە» یەک واتایان

هەیە بەڵام «پشیلە، پلیشە، شەپیلە» هەمان بابەت نین، کارێکی خۆڕسک نییە بۆ کەسێکی هێشتا فێر نەبووبێت نووسین چۆن دەچەرخێت. زارۆک دەبێت فێر بێت لە نووسیندا چی گرینگە و چی گرینگ نییە.

ئەو بابەتانەی بۆ تێگەیشتنی نووسین کە زارۆک پێویستە فێریان بێت، لە لایەن تۆژەر Bente Eriksen Hagtvet (2002) دابەش کراوە بەسەر چوار شابواری پێداگۆگیدا، واتە ئەو هونەر و زانستە جوداوازانەی دەبێت بۆ فراژووتنی توانای نووسین، دنە بدرێن. چوار شابوار بریتین لە:

- زمانزانیی گشتی
- تێگەیشتن و پەرەدان بە زمانێکی هەڵکشیو
- مێتازانین دەربارەی بیرکردنەوە، زمان و ڕاگەیاندن
- ئەزموونی سەواد

کە دێتە سەر یەکەم شابوار، تۆژەر جەخت دەکات لەسەر ئەوەی زارۆک پێویستیی هەیە بە ڕاهێنانی زۆر لەسەر ئەو زمانەی وابەستەی دۆخ نییە، دەربڕینی مەودادرێژ، بەکارهێنانی زمان بۆ ئاڕاستەکردنی کردەوە و چارەسەری کێشە، هەروەها دەربڕین و تێگەیشتنی پەیامی بەستێنبەدەر.

شابواری دووهەم دەڵێت گرینگە زارۆک دەرفەتی هەبێت هەم بۆ بەرکەوت لەتەک زمانی هەڵکشیودا، هەم بۆ بەکارهێنانی زمانی وەها، مەبەستیش لە زمانی هەڵکشیو ئەوەیە کە زووتر بە «زمانی زانیاربێژ» یان «زمانی ئاکادێمی» ناوزەد کرا. گرینگە زارۆک ڕاهێنانی هەبێت لەسەر مۆنۆلۆگ، ساختاری بێژاندن، ڕاڤەکردن و فەرماندان و هەروەها بەکارهێنانی ڕوانگەی دەرەکی.

شابواری سێهەم دەڵێت زارۆک پێویستیی هەیە بە دەرفەت بۆ ڕاڤەکردن و گوتوبێژی بیر و بیرکردنەوە، زمان و ڕاگەیاندن. وەها باشە گفتوگۆمان هەبێت لەتەک زارۆکدا دەربارەی بیرکردنەوەی خۆمان، ئەو زمانە چۆنە کە بەکاری دەهێنین، لە بەستێن و دۆخی جوداوازدا چۆن دەئاخفین. ئەمە بەشێکە لە فراژووتنی «ئاگایی زمانەکی». دەشێت باس لە ڕستەسازی بێت، یان لە هەڵبژاردنی وشە و پێکهاتەی وشەکان.

شابواری چوارەم باسی لە ئەزموونی سەوادە. لێرەدا گرینگە زارۆک دەرفەتی زەنگینی هەبێت بۆ نووسین لە بەستێنێکی سروشتیدا. بۆ نموونە کاتێک زارۆک خەریکی نووسینن، کارمەند لەتەکیان دانیشێت، یان پەیامی مامۆستا بۆ دایکوباب بە نووسین بدرێتە دەست فێرخواز. هەڵبەت خوێندنەوەی دەنگداریش دەگرێتەوە بۆ زارۆکان. بەکارهێنانی زمانی جودا و سیستەمی نووسینی جودا لە کاروباردا سوودی زۆرە بۆ فراژووتنی «ئاگایی زمانەکی» لای زارۆک، بۆ دەرککردنی زمانی خۆیان و زمانی کەسانی دیکە. کەواتە «ئاگایی زمانەکی» تەنها ئاگایی دەنگناسی و ڕێزمانی ناگرێتەوە، بەڵکوو ئاگاییشە لە بەکارهێنانی جۆری جوداوازی زمان و لە کاریگەرییان.

تۆژینەوەیەکی نۆروێژی پێشانی داوە کە فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، پتر خەمسارد بوون بەرانبەر «گەمەی زمانەکی»ی وەها کە لە ساڵانی بەرایی فێرگە برەویان پەیدا کردبوو Vesteraas Danbolt & Iversen) (Kulbrandstad 2008. بۆچوون وەها بوو کە هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم گەمانە وشەی زۆریان تێدایە کە ئەم زارۆکانە تێیان ناگەن. بۆ دەرفەتدان بە ڕوانگەی فرەزمانەکی لە نێو گشت زارۆکاندا، زمانێکی خەیاڵکرد پێشکەش کرا: زمانی ورچەبەفرینە. ئەم زمانە گەلدەستە لە پۆلدا ساز کرا و گرێ درا بە مژارێکی کاری نێو پۆل. ئامانج لەم کارە بریتی بوو لەوەی «ئاگاییەکی زمانەکی» لە نێو گشت زارۆکاندا پێک بێت ئەویش لە ڕێی

گرێدانی ئەو زمانانەی ئەوان دەیزانن، کە نۆرویژی یەک بوو لەوان. مەبەست ئەوە بوو بەم جۆرە دەرفەتێک بدرێتە زارۆک بۆ پەیبردن بە ماکی زمان، هەم بە ژێدەرە فرەجۆرەکانی و هەم بە شێوازی هەڵبەستنی زمان.

**ڕاهێنان بەرەو فراژووتنی سیستەمی نووسین**

بۆ هاسانکردنی فێربوونی نووسین، دەتوانیت بۆ نموونە سەرنجی منداڵەکە ڕاکێشیت بۆ چۆنەتیی پێکهاتنی وشەی لێکدراو، بۆ شێوازی گەردانکردن (مۆرفۆلۆژی)، بۆ دەنگی جۆراوجۆر... هتد. زۆر کتێبی سەربە «گەمەی زمان» بۆ زارۆک، دیاردەی لەم بابەتانە وەک ڕاهێنان پێشکەش دەکەن.

نموونەیەک لە ڕستەسازی (سینتاکس)ی بۆ زارۆکی پێنج - شەش ساڵان سەختە تێی بگەن ئەوەیە ڕیزبەندی ڕستەکەی دەگوترێت ڕێک نەیەت لەتەک ڕیزبەندی ڕووداوەکەی باس دەکرێت. زارۆک وەها ڕاهاتوون گوتار و ڕووداو هاونەواز بن:

«سەرەتا دەستتان دەشۆن و ئەوجا دێن دادەنیشن بۆ ئاشخواردن».

گەر بڵێیت:

«دێن دادەنیشن بۆ ئاشخواردن پاش ئەوەی دەستتان دەشۆن».

لەوانەیە منداڵەکە دانیشتن و ئاشخواردنەکە پێش بخات چونکە ڕستەکە وەهای زنجیرە کردووە. ئەو زارۆکەی بە زمانی ئاخافتنی سویدی ڕاهاتووە لەوانەیە وەها تێبگات کە ئەو ناوەی لە سەرەتای گوتنەکەدا دێت هەر خۆی «کارا»یە، ئەو کەسەیە کارەکە دەکات، ئەو ناوەی پاشان دێت «بەرکار»ە، ئەو کەسەیە کارەکەی بەرانبەر دەکرێت. ئەمەش زۆربەی ڕستەکان دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

سەگەکە پشیلەکە ڕاودەنێت.

بەڵام ڕستە هەیە، جۆرێکی دیکەیە، بۆ نموونە ڕستەی «کارابزر»:[162]

پشیلەکە لە لایەن سەگەکەوە ڕاودەنرێت.

دۆخی دیکەش هەن «کارا»، ئەوەی کارەکە دەکات، نابێتە «نیهاد»، بۆ نموونە:

پشیلەکە دەکەوێتە بەر ڕاونانی سەگەکە.

ڕاونانی پشیلەکە درێژخایەن بوو.

ڕاوەپشیلە چڕ بوو.

[162]- کارابزر: Passive voice.

لەم دوو ڕستەیەی کۆتادا «کارا» تەواو بزرە، ئەمەش جۆرە داڕشتنێکی باوە لە نێو کتێبی فێرگەدا و هەروەها بۆ دەربڕین لەو جۆرە زانیارەی لە فێرگەدا باسی دێت. ئەمەش چەند نموونەیەک لە کتێبی جڤاکناسیی پۆلی شەشەم:

- پاش ژماردنی دەنگی گەل، ئەو 349 کورسییەی پارلەمان دابەش دەکرێت بەسەر پارتیی جۆراوجۆردا. (کێ دەنگەکان دەژمێرێت و کێ کورسی دابەش دەکات؟)
- دەشێت چاو بەراورد بکرێت بە کامێرا. (کێ بەراورد دەکات؟)
- «چاو»ی کامێرا بە «ئۆبژەکتیف» ناوزەد کراوە. (کێ ناوزەدی کردووە؟)
- لە باشووری چین داری توو دەچێنرێت، ئەمەش بۆ بژێوی کرمی ئاوریشم. (کێ دەچێنێت؟)
- مرۆڤێکی ئیسلام دینی بێت پێی دەگوترێت موسڵمان. (کێ پێی دەڵێت؟)
- لە مەنارەکانەوە بانگی نوێژ دەدرێت. (کێ بانگ دەدات؟)
- ئەوجا سیاسەتمەدارێکی ڕەشپێست، نێلسۆن ماندێلا، کرایە سەرۆکی وەڵات. (کێ کردییە سەرۆکی وەڵات؟)
- وەڵاتی زائیر ساڵی 1960 سەربەخۆیی وەرگرت. (لە کێی وەرگرت؟)

کەواتە زارۆک دەبێت لە ساڵانی بەرایی فێرگەوە پەرە بەم جۆرە زمانە بدەن بۆ ئەوەی باش ئامادە بن بۆ خوێندنی ساڵانی داهاتوو. هەروەها وشەی لێکدراویش دیاردەیەکە دەبێت زارۆک سەرنجگیری بێت. بۆ نموونە جوداوازیی نێوان «گەل»، «مێگەل» و «گەلەگا» یان «چاوپۆشی» و «شیکپۆشی»... هتد بۆ باسکردن لە جوداوازیی واتایان، پاش و پێش کەوتنی بەشەکان و هتد.

«سەروا»[163] و هەڵبەستۆکی زارۆکان بەتایبەتی لە پاش پرۆژەی «بۆرنهۆلم»ـەوە، برەوی لە زارۆخانەدا پەیدا کردووە. هەڵبەستۆک بەگشتی خۆشن و لە زۆر جۆر گەماندا جێیان دەبێتەوە. بۆ ئەو زارۆکانەی زمانی سوێدی لایان زمانی دووهەمە، گۆرانی و هەڵبەستۆک دەبنە یاریدەری باش بۆ فراژووتنی زمان. لەوەش بترازێت زرنگییەکی زمانەکی تێدایە منداڵ خۆشیی لێ دەبینن. زارۆک هەیە چێژی تایبەت لەم جۆرە زمانە دەگرن و هەڵبەستۆکی خۆیان ساز دەکەن. «سەروا»یش یارمەتی زارۆک دەدات بۆ پەیبردن بە شێوازی زمان، چونکە سەروا وابەستەی شێوازی وشەیە، دروستتر بڵێین وابەستەی دوابڕگەی وشە یان ڕستەیە. زارۆکی بچووک لایان سەختە تاکە وشە و دەنگ جودا بکەنەوە. پەیبردن بەوەی کامانە وشە سەروان، یارمەتییان دەدات سەرنجگیری شێواز و دەنگی زمانکە بن، ئەمەش سوودی هەیە بۆ فێربوونی نووسین.

گرینگە لە یادمان بێت کە ڕاهێنانی بەرنامەبەندی فەرمی بۆ فێربوونی زمان بۆ زارۆک سوودبەخش نییە. ئەمە بەتایبەتی گرینگە بیری لێ بکەینەوە کاتێک زارۆک شێوازی ڕێزمانی وەها بەکار دەهێنن کە ڕێک ناتەت لەتەک زمانی ستانداردا. ئەمەش تەنها بۆ زارۆکی سەربە زمانی دیکە نییە. لای زۆر لە زارۆکان کاتی دەوێت هەتا پەی دەبەن بە لایەنی ڕیزپەڕ لە زماندا. بۆ فراژووتنی زمانی زارۆک وەها باشترە بەرکەوتی هەبێت لەتەک زمانی ئاخافتن و زمانی نووسراو بە شێوازی جۆراوجۆر، بۆ نموونە بیستنی خوێندنەوەی کەسێکی دیکە یان

---

[163]- سەروا: Rhyme. بەشاوەند، پاشبەند، قافیە. بڕوانە «فەرهەنگی خاڵ».

گەمەی زمان، وەک لەوەی ئاماژە بە هەڵەکەی بکەیت یان ئاگایانە هەوڵ بدەیت ڕایبهێنیت لەسەر شێوازی دروست.

جار هەیە لە کتێبی تەرخان بە «ئاگایی زمانەکی»ـدا بۆ زارۆکی زارۆخانە و پۆلی ئامادەکار دەبینیت ڕاهێنان هەیە دەربارەی ئەوەی ڕیزپەڕە لە زمانی دروستدا. بەڵام من پێم وایە باشترە گەر مامۆستا دنەی زارۆک بدات زمان لە دۆخی زێدەتر بەرۆکگیردا بەکاربهێنن و یارمەتی زارۆک بدەن بەوەی پێشانی بدەن کە شێوازی جوداواز هەیە بۆ دەربڕینی زمانەکی. زارۆک گەر یارمەتی بدرێت سەرنجگیری دیاردەی جوداواز بێت لە زمانەکەدا و گەر کونچکاوی و خولیای تێدا بێتە هورووژاندن بۆ پەیدۆزیی زمانەکە، ئەو زارۆکە هەم پەرە بە زمانەکەی خۆی دەدات، هەم زانستیشی زیاد دەکات دەربارەی زمان و بەکارهێنانی زمان، واتە جگە لە زمانزانی، «ئاگایی زمانەکی»یشی زیاد دەکات.

فێربوونی نووسینیش هەر وەک فێربوونی ئاخافتن، بەوە دەبێت زارۆک بەشدار بێت لە دۆخی سروشتیی وەهادا نووسین تییاندا بێتە بەکارهێنان. Caroline Liberg (2006) جەخت دەخاتە سەر ئەوە زارۆک بە سەواد، سەوادی خۆی سەردەخات. Heath (1983) دەڵێت زارۆک بەر لەوەی فێری خوێندنەوە بن، دەخوێننەوە بۆ ئەوەی فێر بن. مەبەستیشی ئەوەیە فێرخواز گەر لە دەوروبەرێکدا بن نووسینی لێ بێت، ئەو نووسینە بۆ فێربوون بەکاردەهێنن. هەر بۆ نموونە زارۆک نووسینی سەر کێلەڕێ و ناو ئەو کتێبانە «دەخوێنێتەوە» کە هێندەی بیستوون ئەزبەری کردوون، ئەمە دەبێتە «گەمەخوێندنەوە». نموونەیەکی دیکە ئەوە کە زارۆک لە داتاوازیدا[164] بە یارمەتیی نووسینی جۆراوجۆر لە گەمەکەدا خۆیان پێش دەخەن. ڕاهێنانی باش بۆ دنەدانی ئەم فراژووتنە ڕێک ئەوەیە کە زارۆک دەرفەتی هەبێت زمان لە شێواز و دۆخی جۆراوجۆردا بەکار بهێنێت، هەم ئاخافتن و هەم نووسین. لە پاژی هەفتەمدا پتر لەم باسە دەدوێین.

### فراژووتنی سیستەمی نووسین لای زارۆکی فرەزمان

کتێب زۆرن بیردۆزە و ئامۆژگاریی پێشان دەدەن دەربارەی کارکردنی فێرگە لەتەک پەیداکردنی سەواد. لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئەو کارە لێرەدا فرەپات بکرێتەوە. لەبری ئەوە چەند ڕووکارێکی دنەدانی سیستەمی نووسین لای زارۆکی فرەزمان دەخەینە بەرباس. لەبەر ئەوەی نووسین ڕووکارێکە لە زمان و هەر وەک زمانیش دەبێت لە بەستێنی خۆڕسکی جڤاکیدا بێتە فێربوون، گرینگە ژینگەیەک لە دەوروبەری زارۆک ساز بکەین تێیدا دنەدان هەبێت بۆ بەکارهێنانی نووسین لە بەستێنی جۆراوجۆردا و بۆ پەرەدان بە توانای جۆراوجۆری سەواد.

ئەم کارە لای زۆربەی منداڵ کارێکی سەخت و درێژخایەنە. زارۆک پێویستی هەیە بەوەی لە ژینگەیەکی ئارامدا کار بکات، هەراسان نەکرێت، پێویستی بە هۆشگیرییە. منداڵ زۆرن کە پێویستیان بە کەسانی گەورەساڵە لە ئاستە جوداوازەکانی فراژووتنی زماندا یاریدەریان بن.

لەبەر ئەوەی خوێندنەوە و نووسین دیاردەی جڤاکین و بۆ ڕاگەیاندنی نێوان مرۆڤ بەکار دەهێنرێن، گرینگە فێرخوازیش دەرفەتیان هەبێت بۆ ئەزموونی هاوکۆ کە نووسینی تێیدا بێت. لە فێرگەی هاوچەرخی سوێددا، جەخت پتر لەسەر تاکە و لایەنی هاوکۆ وەلا دەنرێت. زووتر وەها باو بوو کە سەواد کاروبارێکی هاوکۆ بێت،

[164]– داتاوازی: Computer game – گەمەی جۆراوجۆر کە بە ئامێری ئەلەکترۆنی دەکرێن.

گەلدەست لە پۆلدا پیادە بکرێت. بەشێکی ئەو ڕەوتەی ئەوسا، ئێستا باوی نەماوە، بۆ نموونە «دیکتامەن»[165] و خوێندنەوەی یەک بە دوا یەکی نێو پۆل بە دەنگی بەرز.

گرینگیی بەکارهێنانی ئەو زمانانەی فێرخواز دەیانزانێت زووتر باسی هات. کاری سروشتی ئەوەیە زانستی نوێ، بۆ نموونە سەواد، بەو زمانە بێت کە مرۆڤ تێیدا زاڵە. بۆ بەشێک لە فێرخوازەکان وەها باشە ئەم زانستە نوێیە بە زمانێکی دیکە فێربن نەک بە سوێدی. لە بارێکدا ئەو کارە دەرفەتی سازبوونی نەبێت، بە هۆی بۆ نموونە نەبوونی مامۆستای زمانی دایکزا، ئەوسا فێربوونەکە بە زمانی سوێدی دەبێت، گەرچی فێرخوازەکە هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستێکی نێزیک ئاستی هاوپۆلانی خۆی لە سوێدیدا. لە باری وەهادا توانای مامۆستا بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی فێربوونی نووسین ئەوەندەی دیکە گرینگتر دەبێت.

گەر ناچاربین دەستپێکی فێربوونی نووسین بە زمانی سوێدی پیادە بکەین ئەوا گرینگە کەسێک بدۆزینەوە چەند وشە و دەستەواژەیەک بە زمانی دایکزای فێرخوازەکە بنووسێت بۆ ئەوەی ئەم زارۆکە دەرفەتی هەبێت بە زمانی خۆیشی ئەو نووسینە ببینێت. هەڵبەت ئەم کارە ئاڵۆزتر دەبێت گەر سیستەمی نووسینی زمانەکەی دیکە لاتینی نەبێت. ئەوسا هەر نەبێت منداڵەکە فێر بێت ناوی خۆی بە زمانی دایکزا بنووسێت.

گەر مامۆستا بۆ نووسینی زمانی دایکزا پەیدا بێت و سیستەمی نووسینیش جودا بێت، بۆ نموونە سیستەمی عەرەبی بێت، ئەوسا گرینگە مامۆستایانی ئەو فێرخوازە، مامۆستای پۆل، مامۆستای زمانی دایکزا و مامۆستای زمانی سوێدی وێکرا کۆ ببنەوە و پێک بێن لەسەر باشترین ستراتێژ بۆ پەرەدان بە زمانی نووسین لای ئەم فێرخوازە. لەوانەیە وەها باش بێت ئەم فێرخوازە دەستپێک سەوادی عەرەبی پەیدا دەکات و پاشان خەریکی زمانی سوێدی بێت. ئەمەش پێویستی بە پشتیوانییەکی بەهێز هەیە لە لایەن کەسانی گەورەساڵی عەرەبیزانەوە. باری دیکە هەیە تێیدا باشتر وەهایە جەخت لەسەر زمانی سوێدی بکرێت و عەرەبی بکەوێتە خانەی دووهەمەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمیان کۆسپ دەخاتە ڕێی جووتسەوادیی[166] فێرخواز، واتە گەیشتن بە توانای سەواد بە پتر لە یەک زمان، گرینگە دەرفەتدۆزیی تەواو بکرێت بۆ پەرەدان بە زمانەکەی دیکەی فێرخواز.

گرینگە فێرخواز زمانی نووسین فێر بێت و هاوکات پەرە بە زمانی دایکزای خۆیشی بدات. سەنگی فێربوونی نووسین بە زمانی دایکزا زووتر باسی هات. زۆر بەستێن هەیە مرۆڤ بە ئەندامێکی دروست ناژمێرن لە پەیوەستی زمانەکیی خۆیاندا گەر ئەو ئەندامە توانای سەواد بەو زمانە نەبێت. هەر بۆ نموونە، بەشداری لە تۆڕە جۆراوجۆرەکانی ئاگاداریی نێو ئینتەرنێت بە زمانی جودا پێویستی هەیە بەوەی مرۆڤ نووسینی ئەو زمانە بزانێت. Kamilla György Ullholm ڕوونی دەکاتە کە کوڕێکی چواردە ساڵانی دانیشتووی سوێد و بە ڕەچەڵەک هەنگاری، چ بەرتەکی دەبێت لە نووسینی هاوتەمەنێکی خۆی کاتێک لە ئینتەرنێتدا بە زمانی هەنگاری دەنووسێت و هەڵە لە نووسینەکەدا دەکات، ئەم کوڕەیان دەڵێت: «ئیدی زانیم ئەمە نووسینیش نازانێت!» (2010 p44).

کەواتە فراژووتنی سیستەمی نووسین بە زمانی خۆ کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی ناسنامەی زارۆک و جەوان. لە وەڵاتێکدا کە زمانی زۆرینە هێندە بەهێز بێت، وەک پێگەی زمانی سوێدی لە سوێد، مرۆڤ پێویستی بە یارمەتیی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی توانای نووسین بە زمانەکەی دیکەش دەرفەتی فراژووتنی هەبێت بۆ ئاستێکی باش.

---

[165]– دیکتامەن: Dictation، ئیملا، نووسینەوەی تێکستێکی کەسێکی دیکە دەیخوێنێتەوە.

[166]– جووتسەواد Biliterate، سەواد بە دوو زمان.

**زمانێکی فراژووی نووسین**

جوداوازیی نێوان زمانی ئاخافتنی ڕۆژانە و زمانی نووسین بەدەم هەڵکشانی فێرخواز لە پۆلەکانی فێرگەدا، هەڵدەکشێت. فێربوونی نووسین لە تەمەنێکی بەراییدا سوودی ئەوەیە نووسینەکە بە زمانێک دەبێت زۆر نێزیک لە زمانی ئاخافتنیانەوە. ئەو دەمەی زارۆک خۆی لە نێو پرۆسەکەدایە بۆ پەرەدان بە توانا بنەڕەتییەکانی خوێندنەوە و نووسین، دەبێت ئەو زمانی نووسینەی خەریکی دەبن، ساکار بێت. هەرچی بەرۆکگیریی زمانەکیی هەیە دەبێت بکەوێتە بەشی ئاخافتنەوە.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە ڕێگە لە زارۆک بگرین و ڕێ نەدەین تێکستی وەها بخوێنێتەوە کە بە سەختیان دەزانین، وەک ئەوەی لە شێست و هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕووی دەدا، یان ڕێیان بدەین تەنها تێکستێکی ڕوونکراوە بخوێندنەوە. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە هەتا زارۆک دەگاتە ئاستێکی هەڵکشاوتری سەواد، وەها باشە بەرۆکگیریی زمانەکی بکەوێتە بەشی ئاخافتنەوە.

پرۆسەی فێربوونی زمانی نووسین، کاریگەری هەیە لەسەر فراژووتنی زمان لای زارۆک، لەوانەیە ئەمیان کەمێک خاو بێتەوە و لەوانەیشە پاشەکشە بکات. خۆ ئاشکرایە کە فێربوونی نووسین وزەیەکی زۆر دەبات. کاتێک بەرۆکگیریی زمانەکی دەخرێتە بەشی ئاخافتنەوە ئیدی دژواریی زۆر زێدەتر ناکەوێتە سەر سەواد. هەر کاتێک توانای زارۆک لە سەواددا گەیشتە ئاستێکی هەڵکشیو ئەوسا دەکرێت نووسین بکەینە جڵەوکێشی گەشەی زمانیان.

ئەم خاڵە بەتایبەتی گرینگە بیری لێ بکەینەوە گەر زارۆک کێشەی هەبێت لەتەک فراژووتنن زمانی نووسیندا و ماوەیەکی زۆری بوێت هەتا دەگاتە ئاستێک ڕێژەوی باش بێت. بۆ ئەوەی کۆسپ نەخەینە ڕێی فراژووتنی زمانیان، گرینە بەرکەوتی زمانی هەڵکشیو بکەوێتە بەشی ئاخافتنەوە و زارۆک دنە بدرێن خۆیان لە گوتاردا بەکاری بهێنن. ئەو زارۆکەی لە تەمەنێکی زوودا ڕێژەوی خوێندنەوەی باش بێت، خۆی دەتوانێت بگات بەو زمانە لە ڕێی خوێندنەوەی کتێبی خۆیەوە بەڵام ئەوەی پێویستی بە کاتی زێدەترە بۆ گەیشتن بەو ئاستە، پێویستی بە یارمەتیی مامۆستایە، بۆ نموونە کتێبی بۆ بخوێنێتەوە یان پێویستی بە دنەدانە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زارەکی بابەتی سەختتر و هەڤبەندیی ئاڵۆزتر دەرببڕێت.

Christie (2005) ڕوونی دەکاتەوە کە مەوداگرتن لە «ئێستا و ئێرە»، ئەوەی بەگشتی نووسین دەیبەخشێت، کاریگەریی تایبەت دەئافرێنن. یەکەم کاریگەرییەکی تۆژەر ڕەپێشی دەخات ئاماژەیە بە ژێدەر، وردتر بڵێم دوو ئاکاری ئەو کاریگەرییە: تێکستی تێکبەستە چۆن ساز دەکرێت و چۆن لە تێکستدا ئاماژە بە کەس و کاڵا دەکرێت. لە ئاخافتندا زۆر جار بەستێن، تۆندانان (گۆڕینی تۆنی دەنگ) و زمانی جەستە دەبنە یاریدەر بۆ ئاماژەدان بە کەس و کاڵا:

- دەکرێت ئەوەم بدەیتێ؟ (ئاماژە دەکات بۆ کاڵاکە)
- ئەمەیان باشترە. (کاڵاکە دەهێنێتە پێش)
- ئەوەیانم پێ باشترە. (ئاماژەیەک بە سەر دەکات)

لە نووسیندا دەبێت مرۆڤ بە تێکست ئاماژە بدات. لە ئاخافتندا ژێدەر بەگشتی دیاریکراوە، وەک ئەوانەی سەرەوە، واتە مرۆڤ باس لە کەسێک یان شتێکی دیاریکراو دەکات. بەڵام لە تێکستی سەربە سروشتناسی (زانست) ـدا، ئاماژە گشتین.

«گەرچی هەزاران جۆر درەخت لە نێو «چۆمەڵان»[167] Rainforest ی گەرمەسێردا[168] هەیە، کەچی دارستان یەکشێواز خۆی دەنوێنێت». (لێرەدا باس لە جۆرێکی تایبەتی درەخت و چۆمەڵانی دیاریکراو نییە، باس لە دارستانێکی تایبەتی نییە، باس بە گشتییە لە جۆری درەخت، چۆمەڵان و دارستان.)

«ماسی گەر لە قووڵایی پتر لە سەد مەتر بژین بەگشتی ڕەنگێکی زیوپۆشیان هەیە». (باس لەم ماسییانەیە بەگشتی، نەک جۆرێکی تایبەت.)

جوداوازیی نێوان ژێدەری گشتی و تایبەت، نموونەیەکە لە دیاردەی زمانەکی کە زارۆک دەبێت لە فێرگە فێریان بێت بۆ ئەوەی بزانێت چۆن ژانرە و تێکستی جوداواز جودا بکاتەوە. Christie باس لە «پێشڕەوتی مزارەکی»[169] Thematic progression و «تێرپەیڤی»[170] Lexical Density و هەروەها زمانگۆڕکێ لە کەسی یەکەمەوە بۆ کەسی سێهەم، دەکات. «پێشڕەوتی مزارەکی» باس لە بەرەوپێشچوونی تێکستەکە دەکات. لە زمانی سوێدیدا بەگشتی ئەم پێشڕەوتییە بەوە دەکەین کە لە دەستپێکی ڕستەدا دادەنرێت. ئەمە نموونەیە لە نووسینی دوو کیژۆڵەی پۆلی سێهیەم:

چ هاوینێکی سەیرە!

هەبوو نەبوو کیژێک هەبوو، ناوی سۆزان بوو.
ئەو هاوینی زۆر لا خۆش بوو.
ڕۆژێک ئەو لە خەو ڕابوو
شتێکی سەیری بینی.
بینی بەفر دەبارێت.
ئەو چووە لای دایکی و پێ گوت.
دایکیش زۆر خەمناک بوو
چونکە دەزانێت
سۆزان چەندی هاوین پێ خۆشە
و جارێ مانگی گەلاوێژە
باشە ئەمە کەی کاتی بەفربارینە

[167]- چۆمەڵان Rainforest، بڕوانە مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەڕە 156، سایتی مامۆستا www.mamosta.net.

[168]- گەرمەسێر: Tropics، «منطقة إستوائية» ئەو پارچەیەی زەوییە کە «کەمەرەی زەوی» Equator نێوەندی دەگرێت و دەکەوێتە نێوان دوو «کەمەرەی قرژاڵ» Tropic of Cancer و «کەمەرەی کارژۆڵە» Tropic of Capricorn.

[169]- پێشڕەوتی مزارەکی: Thematic progression، پێشڕەوت لە مزارێکی تایبەتدا، بۆ نموونە نووسین، خوێندنەوە... هتد.

[170]- تێرپەیڤی: Lexical density، چڕیی فەرهەنگی، چەمکێکی تایبەتە بە شرۆڤەی تێکست: Text analysis، مەبەست لێی ڕێژەی شاوشەیە بەرانبەر وشەی ڕێزمانی. «شاوشە» لێرەدا دەکاتەوە ناو، ئاوەڵناو، زۆربەی کار و زۆربەی ئاوەڵکار. وشەی ڕێزمانی دەکاتەوە: جێناو، ئامرازی هەمەجۆر، کاری یاریدەر، بەشێکی ئاوەڵکار و ئاوەڵناو. سەرچاوە:
https://www.grammarly.com/handbook/organization-and-development/text-level-measurements-adequate-writing/2/lexical-density/

بەڵام دڵنیاش نەبوو
ئایا بڕوا بەو گوتەیە بکات

دەبینین کە کیژۆڵەکان داستانەکەی خۆیان بە سەرەدێڕێک و پاشان بە «هەبوو نەبوو...» دەست پێدەکەن. بەم جۆرە دەزانین کە ئەمە چیرۆکە و بە دەستەواژەی «هەبوو نەبوو...» نووسەران خۆیان لە تێکستەکە دادەبڕن کە بەم جۆرە دەخرێتە ژانرەی داستانەوە. ئەوجا پاش ناساندنی شاکەس: «سۆزان»، دەیکەنە مزار: «ئەو». دەستپێکی دیکەی لێرەدا بەکار دێت بریتییە لە «هەڤگر» و «پاهەڤگر»[171] Subordinate Conjunction (ئەوجا، و، وەک، بۆ، بەڵام) و یەک جاریش ئاوەڵکاری کات «ڕۆژێک». ئەمە شێوازێکی باوە بۆ دارشتنی «پێشڕەوتی مژارەکی» لە چیرۆک و بێژاندنی ساکاردا. بە هەمان شێواز تێکستی ئاخافتن و نووسین دێنە دارشتن.

کاتێک دەڵێین تێکستی سەربە کتێبەکانی فێرکاری بابەتی جۆراوجۆر پتر «تێرپەیڤن»، واتە ئاگادارییان تێدا چڕترە، بەتایبەتیی لە تێکستی سەربە سروشتناسی (زانست)ـدا. ئەمەش بۆ فێرخوازی سەربە زمانی دیکە کە هێشتا زمانی سوێدییان لە ئاست هاوپۆلەکانیان نییە، دەکاتەوە سەرەداوی کەمتر لە تێکستێکەدا گەر وشە و دەستەواژەی تێدایە بێت لێیان نامۆ بن. لێرەدا پشتیوانی لە مامۆستاوە گرینگە کە بە وێنە، ئاماژە و شێوازی دیکە ئەو زانستە ڕوون بکاتەوە.

لە سەرەوە نموونەکەی «هەبوو نەبوو» مان بینی. نووسەران، بەو دەستپێکە مەودا لە باسەکە دەگرن و پێشانی دەدەن کە خۆیان بەشداری چیرۆکەکە نین. بەکارهێنانی کەسی سێهەم ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ نووسەر مەودا بگرێت لە تێکست و لە خوێنەر، بۆ خۆ ڕەهاکردن لە ئەزموونی ڕاستەوخۆی کەسەکی. گرینگە فێرخواز دەرفەتیان هەبێت بۆ کار لەتەک تێکستی جۆراوجۆر بکەن، بۆ نموونە لە ڕوانگەی کەسی یەکەم، دووهەم و سێهەمەوە بنووسن و ئەوجا گوتوبێژ ساز بکەن دەربارەی کاریگەریی جۆراوجۆری ئەو تێکستانە.

### پەرەدان بە ستراتێژیی هەڵکشیوی سەواد

گرینگە زارۆک، پاش فراژووتنە بەراییەکەی سەواد، کە تێیدا ئاشنای بنەماکانی نووسیین دەبن، پێش بکەون و پەرە بدەن بە ستراتێژی هەڵکشاوتری سەواد کە پێویستیان دەبێت لە خوێندنی باڵاتردا. کە دێتە سەر ستراتێژی خوێندنەوە زۆر جار دەبێتە باس لە خێرایی خوێندنەوە. ئەوەش ئاساییە چونکە گرینگە خوێندنەوە خۆشڕەوت بێت، هاوکات دەبێت فێرخواز فێری «هونەری خوێندنەوە»ی جوداواز بێت، شێوازی جوداوازی خوێندنەوەی تێکستی جوداواز. ڕاستە خوێندنەوەی تەکنیکی گرینگە، بەڵام خوێندنەوە دەبێت پەرەی پێ بدرێت و فێرخواز فێر بێت هەڵویستێکی ڕەخنەگرانە لە تێکست بگرێت. چەند توانایەکی خوێندنەوە لای زارۆک کە دەبێت گەشەیان پێ بدرێت، ئەمانەن:

- خوێندنەوەی بانوێنە
- خوێندنەوەی بابەتدۆزانە - بۆ دۆزینەوەی بابەتێکی دیاریکراو لە نێو تێکستدا
- توانای هەڵبژاردنی لایەنی هەرە گرینگ لە تێکستدا

---

[171]- پاهەڤگر: Subordinate Conjunction، هەڤگری لاوەکی.

- خوێندنەوە لە ئامانج و مەبەستی جوداوازەوە
- وردبوونەوەی ڕەخنەگرانە لەوەی دەخوێندرێتەوە
- لێکدانەوەی تێکست
- خوێندنەوەی ئافرێنەرانە

پێویست نییە ئەم فراژووتنە چاوەڕێ بێت هەتا سالانی هەڵکشاوتری فێرگە. خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە، گوتوبێژ دەربارەی لێکدانەوەی جۆراوجۆر و خوێندنەوە ڕووە ئامانجی جۆراوجۆر کارێکە مرۆڤ لەتەک فێربوونی خوێندنەوەدا دەتوانێت خەریکی بێت و سوودی لێ ببینێت. لە جڤاکی ئەم ڕۆژگارەدا کە ڕێژەوێکی گەورەی ئاگاداریی هەیە و زارۆکیش دەگرێتەوە، گرینگەی زارۆکیش فێربێت هەڵوێستی ڕەخنەگرانە لە تێکست بگرێت. فێرخواز، بەدەم سالانی فێرگەوە پێویستیان دەبێت بە هەڵکشان لە خوێندنەوەی تێکستی سەربە فاکت لە بابەتی جۆراوجۆردا. واتە دەبێت فێربن پێرست و سەرەنجام بەکار بهێنن و هەروەها فێربن لە خوێندنەوەی ساختاری تێکستەوە شامەبەست بدۆزنەوە. واتە، هەر بۆ نموونە، فێرخواز بە خوێندنەوەی ناونیشانی بابەت و دێڕەکانی دەستپێک، بتوانێت سەرەنجامێک لە تێکستەکە دەربکات.

کە دێتە سەر خوێندنەوەی کتێبی فێرگە، لێکدانەوەش بۆ وێنە، نیگار و خشتە و سوودمەندبوون لێیان بۆ تێگەیشتن لە تێکستی نووسراو، باسێکی گرنگە. کەواتە گرینگە فێرخواز دەرباز بن لەو سنوورەی وەها دەخوازێت مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە تێکست، پیت بە پیت و لە بەرگەوە بۆ بەرگ بخوێنێتەوە و پیتکارانە تێکست لێک بداتەوە. زارۆک پێویستیان هەیە پەرە بە توانای خۆیان بدەن بۆ جڵەوکێشیی خوێندنەوەی خۆیان، بۆ نموونە، دۆزینەوەی ستراتێژی باش بۆ یاداشتگرتن. بەو جۆرە فراژووتنی خوێندنەوە و نووسین یەکدی پەلکێش دەکەن و خوێندنەوەی چالاک دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ڕاهاتن بە ستراتێژی جۆراوجۆری نووسین. Dysthe et al. (2002) شێوازی هەمەجۆری یاداشتنووسی ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە دووجار یاداشتنووسی و «نەخشەی بیر».

پاشان فێرخواز پێویستی دەبێت بە پەرەدان بە توانای نووسینی تێکستی هەمەجۆر. جۆرەکانی نووسین لە فێرگەدا زۆرن بۆ نموونە: بێژەکی، ڕێنوێن، ڕاڤەکار، ڕوونکار و بەڵگەکار. فێرخواز دەبێت فێربن جوداوازیی هەیە لە نێوان تێکستێک دەربڕین بێت لە دڵگەرمیی کەسەکی و تێکستێک داوای هەڵوێستێکی بابەتبین بکات. Dysthe et al. (2002) ئەم جۆرە دووهەمی نووسین دەکاتە دوو بەش: بیرنووسی[172] و پێشکەشنووسی.[173] ئەوەی یەکەمیان نووسینی تازەبابەتە، وەک دەفتەری یاداشت، تۆماری ڕۆژانە و ڕەشنووس، ئەوەی دووهەم دارشتنەوەی زانستە، بۆ نموونە پوختەی باس، ڕاپۆرتی زانستی و سەرەنجام. فێرخواز دەبێت، پاش فێربوونی ئاستی بەرایی نووسین، ئەم جۆرە جوداوازانەی نووسینیش فێر بێت. لەبەر ئەوە سەرخستنی سەواد نابێت ئەرکی تەنها مامۆستای زمانی سوێدی بێت، بەڵکوو دەبێت مامۆستای بابەتەکانی دیکەش بیخەنە بەرنامەوە بۆ ئەوەی فێرخواز یاریدەری هەبێت لە سەوادی جۆراوجۆری گشت ئەو بابەتانە.

[172]- بیرنووسی: تێهەڵکێشکردنی بیرکردنەوە و نووسینە، بیرکردنەوەیە بە نووسین. پەیدۆزی و پەیجۆری و ڕێشەدۆزیی بیرە بەدەم نووسینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بیرە بۆ خۆ، نەک بۆ بەرانبەر.

[173]- پێشکەشنووسی: نووسینێکی جوان دارێژراو بۆ پێشکەشکردن دەست بدات. بەرهەمەکەی بۆ ڕاگەیاندنی پەیام و نێوەڕۆکە لەتەک وەرگردا، لەبەر ئەوە بەهەندگرتنی بەرانبەر گرینگە.

گرینگە مەرجەکانی فێربوونی نووسین و خوێندنەوە زۆر تیژڕەوانە هەڵنەکشێن. بۆ یارمەتیدانی خۆباوەڕی زارۆک، گرینگە فراژووتنی بەرایی نووسین لە شێوازی گەمەدا و بەدەر لە مەرجی گران بچەرخێت. ویست و ئارەزوو بۆ پەیداکردنی سەواد هۆکاری هاندەری گرینگن. لەبەر ئەوە گشت جۆرە نووسینێکی خۆبەخۆی بەدەر لە مەرجی دروستایەتی باشە بۆ ئاستە بەراییەکانی نووسین. پاشان کە فێرخواز پێویستی بە فێربوونی ستراتیژی ئاڵۆزتر دەبێت، مەرجەکان هەڵدەکشێن.

لێرەدا، بەرنامەڕێژی کات و بەستەنەوەی جۆری ڕاهێنان بە تەمەنی جوداوازەوە، باسێکی تەواو ناجۆرە. ئەوە مامۆستایە، بە کارامەیی خۆی و بە ئاشنابوونی بە پێویستییەکانی فێرخواز، بڕیاری ڕەوتی کار و کات دەدات. خولیای فێرخوازیش هۆکارێکی هاندەری گرینگە. لەبەر ئەوە دەبێت دەرفەتی تەواو بدرێتە فێرخواز خۆی بابەتی سەوادەکە هەڵبژێرێت، مامۆستایش دنەی دەدات بۆ دۆزینەوەی بواری نوێ و شێوازی دەربڕینی نوێ.

## پاژی هەفتەم: ژانرە لە بەرایی تەمەندا

فێرخوازی سەربە زمانی دیکە پێویستی هەیە بە ژینگەیەکی زەنگینی زمان و فەرهەنگ، بە ستراتێژی زۆر و بە دەرفەتێکی فرەوان بۆ پەرەدان بە گشت نۆرەکانی خوێنەر.

(Gibbons 2006, p119)

سالانێکە «پێداگۆگیی ژانرەبین»ی ئاوسترالیازادە برەوی لە نێو فێرگەی سوێدیدا پەیدا کردووە. «پێداگۆگیی ژانرەبین» دەڵێت فێرخواز دەبێت ئەو «شێواز»ە جوداوازانەی نووسین فێر بن کە لە بەستێنی جۆراوجۆردا دێنە بەکارهێنان، بەتایبەتیش لە بابەتە جۆراوجۆرەکانی فێرگەدا. ژانرەی جۆراوجۆر خاوەن مەبەست، ساختار و ئادگاری زمانەکیی جۆراوجۆرن.

بابەتەکانی فێرگە، جگە لەوەی شێوازی جۆراوجۆری زمان و چەمکی جۆراوجۆر بەکار دەهێنن، ساختاری نووسیاریشیان جودایە. لە بابەتی وەک ماتەماتیک، فیزیا و کیمیادا، زۆر جار ڕستەی کورتی پڕ لە فاکت بە دەربڕین و چەمکی تایبەتەوە دێتە بەکارهێنان. بەمە دەگوترێت: نووسیارەکە تێرپەیڤە (ئاگاداریی تێدا چڕە). لە بابەتی وەک جڤاکناسی و مێژوودا، وەها باوە نووسیارەکە پتر بێژەکی[174] بێت. ئەم شێوازی نووسینە درێژترە و زمانێکی پتر ڕاڤەکار بەکار دەهێنێت. مرۆڤ چاوەنۆڕە فێرخواز بەرهەمی نووسراوی خۆی لە بابەتی جوداوازدا بە زمانی جودا پێشکەش بکات. ڕاپۆرتێکی ئەزموونگەی فیزیا زۆر جوداوازە لە نووسیارێکی سەربە جڤاکناسی یان مێژوو.

لە جڤاکناسیدا وەها باوە فێرخواز بە خوێندنەوەی خۆیان ئاگاداری لە سەرچاوەی هەمەجۆرەوە گرد بکەنەوە و بە نووسین ئەو ئاگادارییانە داڕێژنەوە. لە بابەتی سروشتناسی (زانست)ـدا وەها باوە فێرخواز نووسینەکەی خۆیان بە نیگارکێشی، ئەزموونکاری، وێنە و دایەگرام پڕ بکەنەوە و لێرەدا فێرخواز دەبێت بە ئەندازیەکی بەرزتر پەیڕەوی ڕێساکانی نووسین بکات.

لەبەر ئەوەیە «پێداگۆگیی ژانرەبین» دەڵێت گرینگە لە فێرگەدا یارمەتیی فێرخواز بدرێت بۆ ئافراندنی نووسیاری خاوەن مەبەستی جوداواز. Gibbons (2006) ڕێبازێکی تایبەتی کاری هەیە لە «پێداگۆگیی ژانرەبین»ـدا، بە مۆدێلی بازنەی پەرەدان بە نووسینی فێرخواز لە ژانرەی جۆراوجۆردا، «مۆدێلی بازنە» ناوزەد کراوە. ئەم مۆدێلی بازنەیە باس لە چوار ئاست دەکات:

1. هەڵبەستنی زانست لە بواری بابەتەکەدا
2. تۆژینەوە لە تێکستی سەر بەو بوارەی بابەت بۆ پەیداکردنی نموونە
3. نووسینی تێکستێکی هاوکۆ
4. نووسینی تێکستی کەسەکی

دەشێت ئەم مۆدێلە بۆ کارکردن دەربارەی مژارێکی تایبەت، «مژارکاری»، بخرێتە گەڕ و لەوانەیە چەند هەفتەیەک بخایەنێت تا هەر چوار ئاستەکە دەچەرخن. Gibbons جەخت دەکات لەسەر ئەوەی ئەم مۆدێلە «ڕەچەتە» نییە پەیڕەوی بکرێت، بگرە ئامرازێکە بیدەیتە فێرخواز بۆ فراژووتنی سەرفەراز و ئافراندە. لە کتێبەکەی خۆیدا (Gibbons 2006) زۆر پێشنیازی هەمەجۆر دەدات دەربارەی ڕاهێنان بۆ تێهەڵکێشکردنی گوێڕادێران، ئاخافتن، سەواد لەتەک نێوەڕۆکی بابەتی لە بواری جۆراوجۆردا. لە پاژەی دەهەمدا سەرەداوێکی دیکەش پێشکەش دەکەم دەربارەی چەرخاندنی سەواد لە «مژارکاری»ـدا.

---

[174]– بێژەکی: Narrative، تێکستی بێژەکی واتە تێکستێک سەربە ژانرەی بێژاندن، گێڕانەوە بێت. بڕوانە: بێژاندن: Narration.

## فێرکردنی نووسین «پاتەوپات» بێت یان نا

ڕەخنەیەکی باو هەیە دەڵێت «پێداگۆگیی ژانرەبین» مۆدێلێکە بە ڕادەیەکی بەرز ڕێسابەند و نۆرمبەخشە. ئەمیان جوداوازە لەو «پێداگۆگیی نووسینی پرۆسەبین»ـەی لە هەشتاکانی سەدی بیستەمدا برەوی هەبوو. لە فێرگەی سوێدیدا بۆچوونێکی باو هەبوو دەیگوت فێرخواز خۆیان لە ڕێی بەکارهێنانی تێکستەوە فێری شێوازی جۆراوجۆری نووسین دەبن. وەهایش چاوەنۆڕ دەکرا فێرخواز بە شێوەیەکی ئاوتۆماتیک فێری ستراتیژی جۆراوجۆری نووسین ببن.

SFL و «پێداگۆگیی ژانرەبین» دەڵێت فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، هەروەها فێرخوازی سەربە زمانی یەکەمیش گەر لە دەرەوەی فێرگە بەرکەوتیان لەتەک شێوازی جۆراوجۆری نووسین نەبێت، زیانخۆر دەبن، مەگەر فێرگە پاتەوپات دەرفەتی ڕاهێنانی ئەو بابەتە برەخسێنێت کە چاوەڕێین فێرخواز بیزانێت. Gibbons (2006a) و تۆژەرانی دیکەش لە بزاڤی ژانرەبیندا دەڵێن، گەر ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەی تێکست پاتەوپات لە فێرگەدا ڕەپێش نەخرێن، پەرەدان بە کارامەیی پێویست، بۆ فێرخوازێکی لە دەرەوەی فێرگە بەرکەوتی نەبێت لەتەک ئەو شێوازانەی تێکستدا، دژوارە.

لێرەدا مەبەست گەڕانەوە نییە بۆ فێرکردنی نەریتیی ڕێزمان و ڕاهێنان بە دیاردەی دابڕاو لە بەستێنی خۆی. بە بۆچوونی Gibbons مەبەست لە «فێرکردنی پاتەوپاتی نووسین» دەبێتە:

> فێرخواز هان دەدرێن بیر بکەنەوە لەوەی زمان چۆن بەکار دەبرێت بۆ مەبەستی فرەجۆر و لە ئاست بیسەر و خوێنەری زۆر جوداوازدا. مامۆستایش جەخت دەخەنە سەر ڕووکاری زمانەکیی وەها فێرخواز فێری ئەو هونەرە بکەن. ئەم مۆدێلە هاندەرە بۆ بەشداربوونی چالاکانە لە فێربووندا، بۆ نووسینی سەربەخۆ و بۆ توانای خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە لە شێوازی بەکارهێنانی زمان لە بەستێنی ڕەسەندا، بۆ نموونە بەکارهێنان بە مەبەستی فریودان.
> (Gibbons 2006, p. 91)

## پێداگۆگیی ژانرەبین

فێرگەی سوێد زۆر جار بۆ فراژووتنی سەواد تەواو سەرنجگیری «بێژاندن»ـە. خوێندنەوەی چیرۆک و داستان، هەروەها نووسینی ئازادانەی فێرخواز خۆی، بەگشتی پێگەی سەلمێنراوی خۆی هەیە لە کاروباری فێرگەدا. ئەمەش دیاردەیەکی سروشتییە، چونکە بەستنەوەی خولیای زارۆک بۆ چیرۆک و داستان بە فراژووتنی سەواد لای زارۆک، کارێکی گونجاوە.

«پێداگۆگیی ژانرەبین»، کە توند وابەستەی «زمانەوانیی سیستەمداری کارکرد SFL» ـە، جەخت دەخاتە سەر ئەوەی شێوازی دیکەی زمانیش سوودی هەیە بۆ زارۆخانە و ساڵانی بەرایی فێرگە. Frances Christie (2005, p. 149) ئەم ژانرانە دیاری دەکات:

- پەیڕەوکاری (ڕوتین)
- بێژاندنەوە

- بێژاندنەوەی پەیڕەوکاری
- بێژاندن
- ڕاپۆرت
- ڕوونکردنەوە

گەرچی دەشێت ژانرەی دیکەش لە سالانی بەرایی فێرگەدا پەیدا بن بەلام Christie پێی وەهایە ئەمانە گرینگن. منیش لە نێویاندا «بێژاندن» بە ژانرەی هەرە گرینگ دەزانم و لێرەدا دەیکەمە دەستپێک.

**بێژاندن**

بێژاندن Narration، گرینگە بۆ فراژووتنی زمانی زارۆک، بەتایبەتیش بۆ فراژووتنی فێربوونی نووسین لایان. لە بێژاندندا ڕێک هونەری «مۆنۆلۆگ»، بەردەوامیی گوتار بۆ ماوەیەکی درێژتر و دەربڕینی بیرۆکەی درێژمەودا دێنە ڕاهێنان. بێژاندن دەبێتە ڕاهێنان هەم بۆ ئاخێوەر و هەم بۆ بیسەر/خوێنەر پەی بەرن بە بیری کەسێکی دیکە و بەوەش مەودا بگرن لەوەی دێتە گوتن. بێژاندن ڕاهێنانی توانای زمانەکیشی بەدەمەوەیە، بۆ نموونە بەکارهێنانی زمانێکی پتر ورد و پاتەوپات، بە دەستەواژەی هەلکشیوی ناڤەکییەوە و هەروەها ڕاهێنانی نووسیاربەست،[175] واتە داڕشتنی نووسیار و هاژووتنی بەرەو پێش. (2005) Christie ئەم ساختارە خشتەکییانە بۆ بێژاندن دیاری دەکات: سەرەردەری - ئالۆزکان - چارەسەر و کۆتابوون[176] *Orientation-Complication-Resolution*. فەرموون ئەمەش تێکستێکە لە بەرهەمی فێرخوازێکی پۆلی دووهەم:

گەردوون

من و سەگەکەم بە سواری گالیسکە سوورێکمان دا بە دەوری هەسارەی هورمز Jupiter دا سەگەکەم ئەو[177] خەریک بوو بمرێت. من چاکەتەکەی خۆمم دایە و بەوە کەمێک گەرم بۆوە. پاشان گەشتی زەویمان کرد و لەوێ نانمان خوارد و خۆمان گەرم کردەوە. دەبا لە مال بمێنین. گەشت خۆشە بەلام خانە خاسترە.

دەبینین ئەم فێرخوازە بەرێوەیە فێری هونەری بێژاندن بێت. لێرەدا، گەرچی لە ڕستەی یەکەمەوە دەزانین بێژانەکە دەربارەی چییە، بەلام «سەرەدەری»یەکی ڕوون لە شاکەس (کەسایەتی یەکەم) و بابەتی نووسینەکە پەیدا نابێت. پاشان «ئالۆزکان»ێک دێتە پێش و سەر دەنێت بە «چارەسەر» و «کۆتابوون»ـەوە.

---

[175]- نووسیاربەست: Cohesion (linguistics)، بەستێنێکی ڕێزمانی Grammatical cohesion یان وشەدانی Lexical cohesion ـیە لە نووسیندا ڕستە و دەستەواژە لەیەک گرێ دەدات بۆ بەخشینی واتا.

[176]- سەرەردەری - ئالۆزکان - چارەسەر و کۆتابوون: *Orientation-Complication-Resolution*.

[177]- هەلەی تایپ نییە، مندالەکە وەهای نووسیوە.

دەشێت لە زارۆخانە و فێرگەدا، بێژاندنی زارەکی، وەک ئامادەباشی سەیر بکرێت بەرەو پەرەدان بە زمانی نووسین. بێژاندن جۆرێکە لە نووسیار و پێ دەچێت هەبێت لە گشت جڤاک و فەرهەنگی مرۆڤدا. بێژاندن پردێکە بۆ گواستنەوە زانیار لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێک و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک. لە جڤاکێکدا نووسین کارا نەبێت، بێژاندن دەبێتە پارێزەری «یادی کۆیەکی»،[178] بۆ پاراستن و پەرەدان بەو زانیارەی گرد بۆتەوە. مێژووی گرووپێک بۆ نموونە لە ڕێی بێژاندنەوە زیندەپارێز دەکرێت. لە جڤاکی نووسینبەدەردا چەند کەسێکی دیاریکراو ئەرکی بێژاندنی بابەتی گرینگیان پێ ڕادەسپێردرێت، بۆ نموونە نەژادناسی،[179] مێژووی خێزان و ڕێسای بڕیاردە. بێژاندنی لەم بابەتە زۆر جار شێوازی هۆنراوە دەگرنە خۆ چونکە بۆ یادەوەری هاسانترە.

فەرهەنگی جوداواز، شێوەی بێژاندنی جوداوازی هەڵبەستووە و بێژاندن لەوێدا بە شێوازی جوداواز و لە دەرفەتی جوداوازدا دێنە کایەوە. لای زۆربەی خێزانی ڕۆژهەڵاتی ئافریکا، وەها باوە ئاشپەزیی بکەوێتە ئێوارەی تاریکەوە، چونکە تاریکی ڕێگە لە کاری دیکە دەگرێت. ئاش لە سەر ئاگری کراوەیە و کوڵاندن کارێکی کاتخایەنە، جار هەیە چەند کاژێرێکی دەوێت. ئەمەش دەرفەتێکی خۆڕسکە بۆ ژن و زارۆک لە دەوری ئاگر، یان لە ئاشپەزخانە، بۆ بێژاندن خڕ ببنەوە. پیاوان لەو کاتەدا دەچنە سەرەدانی یەکدی و لە نێو ئەوانیشدا بێژاندن دیاردەیەکی گرینگە.

لەو فەرهەنگەی من ساڵانی 2003-1999 تێیدا خەریکی تۆژینەوە بووم، لە نێو گەلی نیامبۆ Nyambo دا لە دەڤەری کاراگوە Karagwe ی خۆراوای باکووری تانزانیا، شێوازی هەمەجۆری بێژاندن گەشەی کردبوو (Wedin 2004). مرۆڤگەل لە باری هەمەجۆردا دەکەوتنە باسی ڕووداوێکی ئاگاداری بووبن. لە دیداری ئێوارانی پیاواندا، زۆر جار سیاسەت خۆی دەکردە باس و لێرەدا دەربڕینی زمانەکیی وەها هەڵکشاو دەهاتە دەربڕین لای جەوانان تەواو بەردەرک نەبوون.

لە نێو ژن و زارۆکی ئاشپەزخانەدا چیرۆکی نەریتی بەسەر دەکرانەوە کە تێیاندا پیاو، ژن و زارۆکەکانیان دەهاتنە بەرباس. زۆر جار گۆرانی دەبوونە بەشێک لە بێژاندنی لەم جۆرە و پاشان بە گوتەیەکی پەندئامێز دانیشتنەکە گرد دەکرایەوە. بە ڕۆژ کوڕان خەریکی شوانی و گاوانی بوون و لە نێو ئەواندا جۆرێکی دیکەی بێژاندن گەشەی دەکرد وردەکاری و مەتەڵی دەکردە بنەما.

Shirley Brice Heath (1983) باس لە جڤاکی Piedmont Carolina دەکات و پێشانی دەدات چۆن نەریتی بێژاندن لە نێو چینی مامناوەندی ڕەشپێستدا چەند بەرتاوی نووسیارە دینییەکانە، بەتایبەتی تەوجیل. لێکدانەوەی زۆر وردی تەوجیل بە گرینگ دەزانرا و گوتاری خۆکردی خەیاڵزادە بە درۆ. بەڵام هەر لەوێ، لە نێو چینی کرێکاری ڕەشپێستدا، بێژاندنی خەیاڵکرد بەرز دەنرخێندرا و باسەکانی نێو گۆڤاری هەفتانە جێی تایبەتیان لە بێژاندندا دەگرت.

لە زارۆخانە و فێرگەدا گرینگە مامۆستا پشتیوانی لە بێژاندنی زارۆک بکەن، بۆ نموونە بە ڕەخساندنی دەرفەرت بۆ بێژاندنیان. لە ئامەریکا دیاردەی sharing-time باوە کە دەرفەت دەداتە فێرخواز بۆ یەکتر بێژن. لە سوێدیش، بە تایبەتی لە زارۆخانە، «بازنەی بەیان» جۆرێکە لەو باسە. لەم دۆخەدا گرینگە یەکبەیەکی زارۆک دەرفەتی هەبێت بۆ گوتەی درێژمەودا. جار هەیە مامۆستا بۆ ئەوەی دەرفەتی بێژاندن بداتە گشت زارۆکان، ماوەی هەر

[178]– یادی کۆیەکی: Collective memory، زاراوەیەکە بۆ دەربڕین لە یادەوەرییەکی مرۆڤگەل، چەند کەسێک بن یان گەل و گەلانی سەرلەبەر.

[179]– نەژادناسی: Genealogy، مێژووی نەژاد و پەیوەستی خێزانەکی.

یەکەیان کورت دەکاتەوە، بەڵام گرینگە هەر فێرخوازێک دەرفەتی هەبێت بۆ دەربڕینی بیری درێژمەودا و بێژاندنی درێژخایەن. دەشێت دوارۆژی هەفتە داوا لە دوو – سێ فێرخواز بکەیت لە ڕۆژانی پشوودا باسێکی تایبەت ئامادە بکەن بۆ بێژاندنی سەرەتای هەفتە. یان داوا لە چەند زارۆکێک بکەیت ڕۆژێکی دیاریکراو بووکەڵەیەکی خۆیان بهێنن بۆ پۆل و لە دیداری بەیانیاندا، باسی لێ بکەن.

نۆرەی مامۆستا لە باری وەهادا بریتییە لەوەی مەودای بێژاندن بۆ زارۆکی ئاخێوەر تەرخان بکات، واتە کارێک بکات زارۆکی دیکە بێدەنگ و سەرنجگیر گوێڕادێرن بۆ گوتەی ئاخێوەر بۆ ئەوەی ئەمیان بتوانێت بێ نۆبەبڕی گوتەی خۆی پێشکەش بکات. گەر پێویستیش بوو، مامۆستا دەتوانێت لە ڕێی ئاڕاستەکردنی پرسیارەوە، یارمەتیی زارۆک بدات، بەتایبەتی بچووکەکان، بۆ پێشکەشکردنی ئاگادارییی زێدەتر و ڕوونکردنەوەی مەبەست. مامۆستا بەمجۆرە دەتوانێت یارمەتی زارۆک بدات بۆ پەرەدان بە چیرۆکەکەی خۆیان و بۆ هەڵکشانی توانای بێژاندنیان.

دەشکرێت زارۆک هان بدرێن باس لە نیگارکێشیی خۆیان بکەن. پاشان دەکرێت ئەم بێژاندنە هەڵکشێت بۆ نووسین دەربارەی ئەو نیگارکێشییەی خۆ، ئەوجا بگاتە داڕشتنی چیرۆکی خۆساز، بە وێنە و تێکستەوە و پێشکەشکردنی بۆ هەموو پۆلەکە.

وێنەی خۆکردی زارۆک جۆرێکن لە بێژاندن. مامۆستا گەر بەپەرێز بێت لە دەربڕینی بەهابەخشی وەک «جوانە!»، «باشە!» و لەبری ئەوانە فێرخواز هان بدەن باس لە وێنەکانی خۆیان بکەن، دەبێتە یاریدەر بۆ فراژووتنی بێژاندنی زارۆک. گەشەکردنی توانای نووسین لای بەشێکی زۆری زارۆک ڕێک وێنەکێشانە و تێکستی بۆ پەیدا دەبێت، دەستپێک کەسی ڕسکاو گوتەی زارۆک دەنووسێتەوە و دەبێتە تێکستی وێنەکان، پاشان وردە وردە زارۆک خۆی بەدەم فێربوونی نووسینەوە وێنەکان بە تێکست دەڕازێنێتەوە. ئەمەش دەبێتە پەڕینەوەیەکی خۆڕسک لە بیرۆکەوە بۆ تێکست لە ڕێی وێنەوە.

زارۆکی دیکە هەن «گەمەنووسین»[180] (Eriksen Hagtvet 2002) و «بەرەنووسین» (Liberg 2006) دەکەنە دەروازەیەک ڕووەو فراژووتنی توانای نووسین. زارۆک پەی دەبات بەوەی کەسانی گەورەساڵ دەنووسن و خۆیشیان بۆ بێژاندن دەست دەدەنە «نووسین». جار هەیە «بێژاندن»ـی درێژخایەن دێنە تۆمارکردن. جار هەیە بە چاوی گومانەوە سەیری ئەم جۆرە نووسینە کراوە کە هونەری نووسینی نەریتی بەکار ناهێنێت. دیدی بەرتاوی ڕەوشتایەتی پێی وابوو ئەم جۆرە «گەمەنووسین»ـە کاریگەریی نایەتیی[181] دەبێت لەسەر فراژووتنی نووسین لای زارۆک. بەڵام تۆژینەوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی پێشانی داوە ئەو نیگەرانییە بنەمای نییە. تۆژینەوەکەی Kjertmann (1999) لە دانمارک پێشانی داوە کە «گەمەنووسین»ـی زارۆک دنەدەری ئایەتی[182] هەیە لەسەر فراژووتنی نووسین لای زارۆک.

تۆژەر Ulrika Leimar ڕێبازی «خوێندنەوە لەسەر بنەمای ئاخافتن»[183] پێشکەش دەکات کە تێیدا نووسینەوەی چیرۆکی خۆ لە لایەن زارۆکەوە لە فێرگەدا دەکرێتە ڕێبازێک بۆ گەشەدان بە فێربوونی نووسین. مامۆستا دەفتەری وێنەکێشی بۆ فێرخواز ئامادە دەکات، فێرخواز وێنەی چیرۆکەکەی خۆی دەکێشێت و مامۆستا لە زمانی فێرخوازەکەوە چیرۆکی وێنەکە لە پەراوێزیدا دەنووسێتەوە. فێرخواز نووسینەکەی مامۆستا پڕ دەکاتەوە و پاشان

---

[180]– گەمەنووسین: مەبەست ئەو خەتوخاڵەیە زارۆک بە نیازی نووسین دەیانکێشێت.

[181]– نایەتی: نێگەتیڤ، نەرێنی negative.

[182]– ئایەتی: پۆزەتیڤ، ئەرێنی positive.

[183]– خوێندنەوە لەسەر بنەمای ئاخافتن: Läsning på talets grund - LTG.

ورده ورده دەست بەسەر پرۆسەی ئەو چیرۆکنووسییەدا دەگرێت و دەگات بەوەی خۆی چیرۆکی درێژ بنووسێتەوە. ئەوجا تێکستەکان لە پۆلدا بۆ فێرخوازان دەخوێندرێنەوە. بەم جۆرە بێژاندن دەکرێتە بنەمایەکی گرینگ بۆ پەرەدان بە نووسین و زارۆک دەکەوێتە نووسین دەربارەی دۆخێکی ڕەسەن، لە بەستێنێکدا کە زمانی زارۆک خۆی دەبێتە دەراوی تێکست، «خوێندنەوە لەسەر بنەمای ئاخافتن»، لە بەستێنێکدا کە تێکست وەرگری سروشتی دەبێت: هاوپۆل، مامۆستا و دایکوباب.

**گفتوگۆ دەربارەی بێژاندنی زارۆک**

گرینگە ئەوەی فێرخواز دەینووسێت هەم واتای هەبێت و هەم وەرگر (خوێنەر) ی سروشتی. تۆژینەوەکەی Dyson (1997) پێشانی دەدات گرینگە کەسانی گەورەساڵ لە دەوروبەری زارۆک گرینگی بدەن بەوەی فێرخواز دەینووسن. زارۆکی پێنج تا نۆ ساڵان چیرۆکی خۆیان دەنووسی و لەوەی پێی دەگوترێت *Author's Theatre (1997)* پێشانی یەکدیان دەدا. دەرفەتی ڕاهێنان دەدرایە زارۆک تێکستی خۆی بخوێنێتەوە و یارمەتیش دەدرا چۆن ئەو تێکستە پێشکەش بکات. ئەم دەرفەرتانەی نواندن کرانە بۆنەی گرینگ بۆ کۆبوونەوە.

بەو شێوەیە نووسینی زارۆک خۆیان دەبنە سەرشار بۆ ئاخافتن دەربارەی تێکست و فراژووتنیان و هەر زوو پرسی فرەجۆر دێنە بەرباس، بۆ نموونە: چییە وەها دەکات تێکست سەرنجگیر بێت، مرۆڤ چی بکات باشە بۆ ڕاگرتنی تێکست لە سەرەتاوە هەتا بنەتا، کامیان بەکاربهێنین باشە کەسی یەکەم یان سێهەم، دەمی ئێستا یان ڕابوردوو.

لە بەرایی بێژاندنی زارۆکدا گرینگە مامۆستا ئامادە بێت بۆ بیستنی شێوازی فرەجۆری بێژاندن. زارۆک لە دەستپێکدا بە نەرێتی جۆراوجۆری بێژاندنەوە دێنە فێرگە. ئەو شێوازەی لە چیرۆکی زارۆکاندا باوە و دەڵێت: «هەبوو نەبوو...» و پاشان بە «چەپکێک گوڵ و چەپکێک نێرگز...» تەنها جۆرێکن لە چەندین جۆری چیرۆکبێژی لە جیهاندا. لەم سەردەمی مێدیایەدا هەر فێرخوازی سەربە زمانی دیکە نین کە نەرێتی گێڕانەوەی جوداوازیان هەیە. زارۆک فیلمی کارتۆنی سەربە فەرهەنگی دیکە دەبینن. لەم ساڵانەی دواییدا کارتۆنی زارۆکانی ژاپۆنی برەوی پەیدا کردووە و زۆر منداڵ ڕاهاتوون بەو ساختاری بێژاندنەی تێیاندا هەیە.

گوتوبێژ دەربارەی نەرێتی جوداوازی بێژاندن و بەراوردکردنی بۆ نموونە «مانگا»[184] Manga–ی ژاپۆنی، دیزنی Disney ئامەریکایی لەتەک چیرۆکی زارۆکانی خۆماڵیدا باسێکی سەرنجڕاکێشە لەگەڵ زارۆکی گەورەتردا بێتە ئەنجام. بێژاندنی «مانگا» بۆ نموونە، درێژخایەنن، لەوانەیە چەندین بەرگ کتێب پڕ بکەنەوە بەڵام دیسان سەرەتا و بنەتای ئاشکرایان هەیە. چیرۆکەکان زۆر جار هەستی فرەجۆر و کەسانی سەربە تەمەنی جوداوازی تێدایە. چیرۆکیان هەیە لای گەورە بەرخواستە، هەیشە لای زارۆک، هەیە لای کوڕ برەوی هەیە، هەیشە لای کیژ. بەراوردکردنی ئەم شێوازی بێژاندنە بە شێوازی «دیزنی» و شێوازی خۆماڵی، کارێکی لەبارە.

گرینگە مامۆستا سینەفرەوان بێت و فێرخواز هان بدات زمانی خۆیشیان لە بێژاندندا بەکار بهێنن. بۆ فێرخوازی تازەهاتووی ئەم وەڵاتە، بێژاندن بە زمانی خۆیان دەبێتە ڕێگەیەک بەرەو فێربوونی زمانی سوێدی. زووتر باسمان لە تەرخانکردنی دەرفەت کرد بۆ نووسین بە زمانی خۆیان، گەر بیزانن. بە یارمەتی، بۆ نموونە مامۆستای زمانی دایکزا، یان هەر کەسێکی دیکە ئەو زمانە بزانێت، دەکرێت نووسینەکان تەرجەمەی سوێدی بکرێن. بەو جۆرە

[184]مانگا: Manga، چیرۆکی وێنەداری ژاپۆنی، کارتۆنی ژاپۆنی.

سوود لە زمانزانیی زووتری فێرخواز دەبینرێت بۆ گەشەکردنی سوێدییەکەی. بۆ فێرخوازی دیکەی ماوەیەکی درێژە لە سوێدن، نووسین بە هەردوو زمانەکە دەبێتە هاندەر بۆ فراژووتنی هەردوو زمان.

Jim Cummins (2006) باسی دەکات چۆن پرۆژەیەک لە کانادا چالاکانە فێرخوازی هان دەدا بۆ نووسینی فرەزمان. زارۆک گەلدەست تێکستی خۆیان دەنووسی. Cummins باس لە سێ کچ دەکات بە ڕەچەڵەک پاکستانی و زمانی ئینگلیزی و ئوردوو-یان بە پلەی جودا دەزانی. ئەمانە وێکڕا تێکستێکیان دارشت بە هەردوو زمان، ئەم دیوی بە زمانی ئوردوو، ئەو دیوی بە زمانی ئینگلیزی. ئەم نووسینە گەلدەستە بووە یاریدەر بۆ پەرەدان بە نووسینی هەردوو زمانەکە لای هەرسێکیان. ئەوەی لە ئوردوودا زاڵ بوو لەم بەشەدا یاریدەر بوو، ئەوەی لە ئینگلیزیدا سەردەست بوو، لەبەشەکەی دیکەدا. ئەم کارە لەتەک زارۆکی بچووکیشدا دەکرێت. ئەو تێکست یان وشەیەی دەنووسرێت لە پەنا وێنەکەی زارۆک کێشاویەتی، دەکرێت بە یارمەتیی کەسانی دیکەی دەوروبەر، بە زمانی منداڵەکەش بنووسرێت.

تەکنیکی دیژیتاڵ دەرفەتی هەمەجۆر بۆ بێژاندن تەرخان دەکات، هەم بە بەرنامەی کارلێک و هەم بە ئامرازی جۆراوجۆر بۆ نووسین و نیگارکێشی. ئینتەرنێت و دەستاوێژی هەمەجۆری تەرجەمەکار دەرفەتی پەیوەندی و ڕاگەیاندن بە زمانی جۆراوجۆر دەداتە فێرخوازی سەرانسەری جیهان. فێرخوازی فرەزمان لە بواری وەهادا دەرفەتی خۆڕسکی دەبێت بۆ بەکارهێنانی نووسین بە زمانی جودا بۆ ڕاگەیاندن. ئینتەرنێت دەرفەتیش تەرخان دەکات بۆ ئازوگوێزی تێکستی سەربە کاروباری فێرگە لەتەک فێرخوازی شوێنی دیکە. ئینتەرنێت دەرفەتی ڕاگەیاندن تەرخان دەکات لەتەک فێرخوازانی وەڵاتی دیکە، بە ئینگلیزی یان هەر زمانێکی دیکەی دەیزانن.

ڕەپێشخستنی زمانی زارۆک لە کاروباری زارۆخانە، پۆلی ئامادەکار و فێرگەدا بەهایەکی هێماکاری گەورەی بۆ زارۆک هەیە. Hélot & Young (2006) باس لە پرۆژەیەکی فرانسی دەکەن، پۆلەکان فێرخوازی فرەزمانیان زۆرە. لەم پرۆژەیەدا دایکوبابی فێرخواز بانگهێشت دەکرێن باس لە زمان و فەرهەنگی خۆیان بۆ منداڵەکان بکەن. ئەم هەنگاوە کاریگەریی باشی دەبێت لەسەر «ئاگایی زمانەکی» لای گشت منداڵەکان. سوودی ئەم کارە تەنها بۆ منداڵی ئەو دایکوبابانە نەبوو، بگرە بۆ هەر هەموو، چونکە خولیای گشتیان گەرمتر بوو هەم بۆ فرانسی و هەم بۆ زمانەکانی دیکەی دایکزا. Hélot & Young باس لەوەش دەکەن چ کاریگەرییەکی هەبوو لەسەر فێرخواز کە دایکوبابی خۆی دەبینێت نۆرەی مامۆستای هەیە، کە مامۆستای خۆی دەبینێت وەک فێرخواز فێری وشە و دەستەواژەی زمانی ئەم دەبن، کە بۆ یەکەم جار دەبیستێت ناوی خۆی بە دروستیی لە پۆلدا دێتە گوتن. هەروەها مامۆستاکانیش ڕوونیان کردۆتە کە پاش ئەم سەرەدانی دایکوبابە، فێرخوازی سەربە زمانی دیکەی نێو پۆل، لە پۆلدا و بە زمانی فرانسی باشتر دەهاتنە گۆ و بەوەش هەستی هاوکۆبوون لە پۆلدا باشتر هاتە کایەوە.

### ژانرەی دیکە

Christie (2005) – جگە لە بێژاندن – ژانرەی دیکەش ڕیز دەکات کە لە بەرایی تەمەندا دەبینرێن:
*پەیڕەوکاری، بێژاندنەوە، بێژاندنەوەی پەیڕەوکاری، ڕاپۆرت و ڕوونکردنەوە.* یەکەم ژانرەیان، «پەیڕەوکاری»، لە لایەن مامۆستاوە دێتە بەکارهێنان بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاهێنانێک، بەڵام زارۆکیش دەتوانن بەکاری بهێنن. Christie ڕەچەتەی خۆراک دەکاتە نموونە. هەنگاوی یەکەم ناساندنی ئەو خۆراکەیە بەنیازین سازی بکەین، بۆ نموونە شەکرلەمە. پاشان کەرەستەی پێویست بۆ ئەو خۆراکە، پێکهاتەکانی، دێنە بەرباس. ئەوجا پەیڕەوکاریی کارەکە

هەنگاو بە هەنگاو ڕوون دەکرێنەوە. زۆر جار تێکستی وەها لە شێوەی خاڵی ژمارەداردا دێتە داڕشتن. مامۆستا لە پۆلدا ڕێنوێنییەکان زارەکی ڕوون دەکاتەوە و پاشان خاڵە ژمارەدارەکان بۆ ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی ئەو پەیڕەوکارییە لە سەر تابلۆ دەنووسێت. زارۆک ئەم خاڵانە بەدەم کارەوە بەکار دەهێنن بۆ بیرکەوتنەوەی هەنگاوەکان.

ژانرەی دووهەم، «بێژاندنەوە»، واتە زارۆک بەسەرهاتێکی خۆیان دەبێژنەوەی. Christie سێ هەنگاو لە بێژاندنەوەدا دیاری دەکات: «سەرەدەری»، «ڕاڤەی بەسەرهاتەکە» و ئەوجا «نەو – سەرەدەری». لە هەنگاوی یەکەمەدا، «سەرەدەری»، بەگشتی بەشداربوان و شوێن باس دەکرێن. هەنگاوی دووهەمیش ئاشکرایە. پاشان بەسەرهاتی جوداواز، بەگشتی بە پێی زنجیرەی کات، دێتە بەرباس. لەم بەشەدا پەیوەندیی کات لە نێوان ڕووداوی جۆراوجۆردا گرینگن و ئەم باسە بە گەردانی کار دێتە دەربڕین (بۆ نموونە: «چوو»، «چووبا»، «دەبا چووبا») و ئاوەڵکار («ئەوجا»، «ئەوسا»، «پاشان»، «کاتێک»). دیسان گرینگە ئاخێوەر پێشانی بدات کێ چی دەکات، واتە بەکارهێنانی نیهاد و جێناو بە جۆرێکی گونجاو. لە هەنگاوی سێهەمدا، «نەو – سەرەدەری»، وەها باوە تێکستەکە گرێ دەدرێتەوە بە سەرەتای خۆیەوە: «ئەوجا دیسان گەڕاینەوە ماڵ».

«*بێژاندنەوەی پەیڕەوکاری*» شێوازێکی تایبەتە لە «بێژاندنەوە» کە بە تایبەتی لە بواری سروشتناسیدا دێتە بەکارهێنان. بۆ نموونە داوا لە فێرخواز دەکرێت باسێک پێشکەش بکەن دەربارەی ئەزموونێکی پیادەیان کردووە، بۆ نموونە پاش چاندنی تۆو، یان پاش تێکەڵکردنی چەند شلەمەنییەکی جوداواز. Christie (2005) بۆ «*بێژاندنەوەی پەیڕەوکاری*» سێ هەنگاو دیاری دەکات: «مەبەست»، «ڕاڤەی هەنگاوی جوداواز» و «سەرەنجام». سەرەتا «مەبەست»ێک، مژارێک، بۆ تێکستەکە دیاری دەکرێت. پاش ئەوە «ڕاڤەی هەنگاوی جوداواز» پێشکەش دەکرێن، بۆ نموونە ڕاوەستان، ئاودان، ناشتن لە جێیەکی ڕووناکدا، چرۆکردنی ڕوەک، گەیشتە ئەو ئەندازەیە... هتد. لە کۆتادا سەرەنجام پێشکەش دەکرێت، با بڵێین: ڕوەک پێویستی بە ڕووناکی و ئاوە.

ژانرەی پێنجەم کە Christie (2005) دەڵێت ساڵانی بەرایی برەوی هەیە بریتییە لە «ڕاپۆرت». ئەمیان لە بابەتی سروشتناسی و جڤاکناسیدا باوە. فێرخواز بەر لە نووسین خەریکی فێربوونی بابەتێک دەبن، بۆ نموونە گیانەوەر. فێرخواز ماوەیەک پەیدۆزیی لەو بابەتە دەکەن، ئاگاداری خڕ دەکەنەوە و سەرنج تۆمار دەکەن بۆ ئەوەی پاشان ببێتە بناخەیەک بۆ ڕاپۆرتەکە. لە فێرگەی سوێدیدا بەمە دەگوترێت فێرخواز خەریکی «تۆژینەوەیە». Christie دەڵێت دەستپێکی ڕاپۆرت بریتییە لە «پۆلێنکاری»یەکی گشتی: «سەگ گیانەوەری دەستەمۆن». پاشان «ڕاڤەکاری» دێت، بۆ نموونە شێوەی گیانەوەرەکە، ماڵەکەی، ڕەفتاری، خۆراکی... هەڵبەت ئەم ڕاڤەکارییە لە گوێرەی بابەتی باسەکە شێوە دەگۆڕێت.

ژانرەی شەشەم کە Christie (2005) باسی دەکات «ڕوونکردنەوە»یە. ڕوونکردنەوەش بە دیدی Christie دوو هەنگاوە: «دیاریکردنی دیاردە» و «زنجیرەی ڕوونکردنەوە». دەستپێکی تێکستەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئەو دیاردەیەی خەریکە ڕوون دەکرێتەوە. پاشان ڕوونکردنەوەی بە زنجیرە دێتە پێشکەشکردن، بۆ نموونە: «سەرەتا... و ئەوجا... پاشان... و لە کۆتادا...».

## پاژی هەشتەم: خوێندنەوەی دەنگدار

کتێبیش هەیە /.../ کە دێتە سەر مەبەست، هیچی تێدا نییە. کتێبەکە دادەخەیت و دەڵێیت «ئەوجا چی؟».

«کتێبی – ئەوجا - چی» کتێبی باش نین بۆ زارۆک. ئەمانە زارۆک لە کتێب و لە خوێندنەوە دەتارێنن و کەس ئەوەی ناوێت. /.../ کتێبێک کاریگەریی نەبێت کتێبێکی باش نییە، نە بۆ زارۆک و نە بۆ گەورە. کتێب گەر زارۆکی هێنایە پێکەنین، گریان، هاوار، لەرزین یان خۆ لوولدان، ئەوجا لە دڵیان گیر دەبێت و تێیدا دەمێنێتەوە.
Fox2001, p. 110

«خوێندنەوەی دەنگدار» چالاکییەکە لە نێو زۆر خێزاندا بایەخی بەرزی هەیە. کچە گەورەکەم هەر زوو فێر بوو کتێب بۆ چی باشە. ئەو تازە پێی گرتبوو دەیزانی گەر بێتە لام و کتێبێکی بەدەستەوە بێت ئەوا من دەست لە کار هەڵدەگرم، دادەنیشم و دەیخەمە سەر کۆشم و کتێبەکەی بۆ دەخوێنمەوە. واتە پەی بردبوو بەوەی کتێب «بلیت»ـە بۆ دانیشتن لەسەر کۆشی دایە. پاشان بەدەم شیردان بە خوشکوبرای بچووکترەوە، خوێندنەوەی دەنگدار و باسکردن لە تێکست بەردەوام بوو. کچەکەم خوێندنەوەی دەنگداری هێند لە لا خۆش بوو، هەتا درەنگ ئەوجا خۆی دەستی دایە خوێندنەوە. ئاخر هیچ پێویستی نەبوو خۆی بخوێنێتەوە. لەبری خوێندنەوە زۆری دەنووسی. خوێندنەوەکە بابڵێین لەخۆڕا هات. هێندەش خوێندنەوەی دەنگداری لە لا خۆش بوو، لە تەمەنی هەرزەکاریشدا کتێبی دەهێنایەوەماڵەوە و داوای خوێندنەوەی دەنگداری لە نێو خێزانەکەدا دەکرد. خۆی کتێبەکەی خوێندبۆوە و دەیویست ئێمەی خێزانیش ئەو چێژەی لێ وەربگرین. کەواتە دەکرێت خوێندنەوەی دەنگدار کارکردی فرەجۆری هەبێت، هەر بۆ نموونە، وەک یاریدەر بۆ فراژووتنی زمان، وەک هۆکار بۆ هەڵکردنی جڤاکی و بۆ چێژگیریی هاوکۆ.

خوێندنەوەی دەنگدار کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر فراژووتنی زمان لای زارۆک، بەتایبەتیش لەسەر فراژووتنی نووسینزانی لە لایان. بەوەش خوێندنەوەی دەنگدار نۆرەیەکی گرینگی دەبێت لە زارۆخانە، پۆلی ئامادەکار و لە فێرگە. سەنگی گەورەی هەیە گەر مامۆستا و پێداگۆگی دیکە بە دەنگ تێکست بۆ زارۆک بخوێندنەوە. بەڵام خوێندنەوەی دەنگداری ڕێسابەند لە پۆلدا لە لایەن زارۆک خۆیانەوە ئەو سەنگەی نییە. ئەم جۆرە خوێندنەوە دەنگدارە نەریتێکی دێرینی هەیە لە فێرگەدا، مامۆستا داوا لە فێرخوازان دەکات، بە زنجیرە و یەکبەیەک، پارچە تێکستێک بەدەنگ بخوێندنەوە و ئەوانەی دیکە تەماشای تێکستەکە بکەن. بەردەوامبوون لەسەر ئەم نەرێتە سوودی نییە.

زۆر فێرخواز ئاشکرایان کردووە چەند گرژ و پەشێو دانیشتوون و چاوەڕێی نۆرەی خۆیان کردووە و لەبری ئەوەی ئاگایان لە خوێندنەوەی هاوپۆلەکانیان بێت کەوتوونەتە مەزەندەکردنی ئەو پارچەیەی بەر خۆیان دەکەوێت. خوێندنەوەی دەنگداری بەزۆر سوودێکی بەرچاوی بۆ فراژووتنی خوێندن پێشان نەداوە. بەڵام خوێندنەوەی دەنگدار لە گرووپی بچووکدا سوودی زۆرە و پاشان دێینە سەر ئەو باسە. هەروەها خوێندنەوەی دەنگدار لەتەک کەسێکی گەورەدا، خوێندنەوەی دەنگدار دووبەدوو، دەرفەتە بۆ چێژگیریی هاوکۆ.

سەرەتا سەیری چەند ڕووکارێک دەکەین لە خوێندنەوەی دەنگداری مامۆستا. بۆ نموونە خوێندنەوەی دەنگداری تێکستی ئەدەبی و خوێندنەوەی دەنگداری تێکستی زانستی. خوێندنەوەی دەنگداری تێکستی ئەدەبی، بۆ نموونە کتێبی زارۆکان، چیرۆک و کتێبی وێنەدار، لە زارۆخانە و لە نێو دەستەزارۆکی بەرایی لە فێرگەدا دەبینرێن. خوێندنەوەی دەنگداری تێکستی زانستی زۆر جار بریتییە لە خوێندنەی تێکستێک پەیوەند بە کارێکەوە. بۆ نموونە خوێندنەوەی بابەتێکی سەربە جڤاکناسی. بۆ نموونە پاییز بابەتی خوێندنە و تێکستێک دەخوێنینەوە دەربارەی گیانەوەران چۆن خۆیان بۆ زستان تەیار دەکەن. یان باس لە گیانەوەری دەستەمۆیە و تێکستێک دەربارەی مانگا، هەسپ یان بەراز دەخوێنینەوە. لە بابەتی «چاخی بەردین»ـدا دەشێت تێکستێک بخوێنینەوە شیمانەی گوزەرانی خێزان لە چاخی بەردیندا بەسەر بکاتەوە. ئەم جۆرە تێکستانە بۆ پرکردنەوەی وێنەی ئەو بابەتەیە فێرخواز خەریکیەتی. تێکستەکان بۆ ئەوەیە یارمەتیی فێرخواز بدەن خۆی بخاتە نێو ئەو باسەی دەیخوێنێت، ژیانی ئەو دەم و بوارە چۆن بووە. هەر دەڵێیت «دەنگ» دەبەخشینە نێوەڕۆکی باس و دەرفەت دەدەینە فێرخواز لە ڕوانگەی خۆیەوە بڕوانێتە باسەکە. خوێندنەوەی دەنگدار دەشێت لە بابەتی جوداوازدا «دەنگ» بداتە باسی جودا، بۆ نموونە زارۆکی کات و شوێنێکی دیکە، یان گیانەوەرێک. دەرفەتیش دەدات

فێرخواز خۆی بخاتە نێو بۆچوون و گوزەرانی کەسانی دیکەوە. ئەم خوێندنەوە دەنگدارە «گیان دەکات وەبەر» باسەکەدا بۆ ئەوەی فێرخواز هاسانتر پەی بەرێت بەو نێوەڕۆکە و خۆی دەرکی خۆی هەڵبەستێت.

لەوانەیە لە فێرگەدا خوێندنەوەی دەنگدار لە تێکستی ئەدەبی پتر باوی هەبێت. دەشێت خوێندنەوەی کورتەچیرۆک بێت لە یەک دانیشتندا، یان خوێندنەوەی داستانێکی درێژ یان ڕۆمانێک بێت بە چەند دانیشتنێک. زارۆکی بچووک پێیان خۆشە گوێ بۆ چیرۆکی کورت ڕادێرن، گەر زۆریش بچووک بن ئەوا فرەپاتبوونەوەی هەمان چیرۆکیان زۆر لا پەسەندە. ئەم زارۆکانە زۆر جار تێکستەکە ئەزبەر دەکەن و چێژ دەگرن لەوەی خۆیان تێکستەکە پڕ بکەنەوە. ئەمە دەرفەتی نایاب دەداتە فێرخواز بۆ تێگەیشتن لە بەکارهێنانی نووسین. لە فێرگەدا کتێب هەیە تایبەت بە خوێندنەوەی دەنگدار و لە کاتی دیاریکراودا، بۆ نموونە بازنەی بەیان یان جڤینی بەر لە فراڤین، دەهێنرێنە پێش.

لای زۆربەی مامۆستایانی زارۆخانە و فێرگە، ئەم خوێندنەوە دەنگدارە کارێکی سوودبەخشە. خوێندنەوەی دەنگدار ساتێکی ئارام دەرەخسێنێت بۆ چێژگیریی هاوکۆ. ئەمەش دەبێتە ڕاهێز بۆ هەستی یەکبوون لە گرووپدا. هەر کۆبوونەوە لە دەوری بابەتێکی سەرنجڕاکێش و دڵگیر بۆ خۆی بایەخدارە و نابێت ویڵ بکرێت. لەم ڕۆژگارەدا کە ژاوەژاوی مێدیا تێیدا بەهێزە و زارۆک دەکەونە بەر تاوی بەرداشتی[185] زۆر و تیژڕەو، لەوانەیە ساتێکی خاوی ئارام سوودی خۆی هەبێت. تێکستی مەبەست دەشێت ببێتە دەراو بۆ گوتوبێژ دەربارەی دۆزی گرینگ، چ پرسی سەربە بوون بێت، چ پرسی بیردۆزەکی بێت کە پەیوەندە بە خوێندنی بابەتەوە.

خوێندنەوەی دەنگدار، بۆ زارۆکی هێشتا لەو ئاستەدا نین خۆیان تێکستی هەڵکشیو بخوێندنەوە، دەبێتە دەرفەتێک هەم بۆ وەرگرتنی ئەو زانیارەی لە تێکستەکەدا هەیە، هەم بۆ بەرکەوت لەتەک ئەو شێوازە زمانەی هەیە لە تێکستەکەدا. سەرباری ئەوەش، خوێندنەوەی دەنگدار لە بەرایی تەمەنەوە دەرفەت دەداتە زارۆک بەشدار بن لە چالاکییەکانی سەربە زمانی نووسین و هەروەها چالاکیی جڤاکیی وەها کە لە دەوروبەری نووسیندا پەیدا دەبن. زارۆک دەرفەتیان دەبێت بۆ ڕاهاتن لەسەر تواناکانی دەبنە بەشێک لە خوێندنەوە، بۆ نموونە ئاڕاستەی خوێندنەوە، سەرنجگیری لە شێواز، چۆنەتیی کتێبگرتن و هەڵدانەوەی پەڕە و... هتد. بەم جۆرە، خوێندنەوەی دەنگدار سوودێکی گەورەی هەیە بۆ فراژووتنی نووسین و بەشێکی گرینگە بەرەو پەیداکردنی سەواد.

جگە لەوانەش، خوێندنەوەی دەنگدار دنەی خەیاڵ دەدات. زارۆک کە کتێبی هەمەڕەنگی بۆ دەخوێندرێتەوە، بەرداشتی هەمەجۆر پەیدا دەکات کە بۆ توانای ئافراندن سوودبەخشن.

**خوێندنەوەی دەنگدار بۆ فێرخوازی سەربە زمانی دیکە**

بۆ فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، خوێندنەوەی دەنگدار یاریدەرێکی گرینگە بۆ فێربوونی زمانی دیکە. خوێندنەوەی دەنگدار دەشێت ببێتە سەرچاوەیەک بۆ داخونێکی باش بە مەرجێک کار لەتەک تێکستی وەها بکرێت دنەی فێربوونی زمان بدات. واتە تێکستەکان دەبێت ڕەسەن بن، نەک وەک ئەوەی جاروبار دێتە بەرچاو تێکست هەیە تەنها بۆ خوێندنەوە دارێژراوە. ئەمەش نموونە لە تێکستی نارەسەن:

شیرین و سیامەند سەگێکیان هەیە

سەگەکە ناوی کەمانەیە

---

[185]- بەرداشت: Impression.

تێکستی وەها ڕوونکەرەوە چ دنەیەکی زمانەکیی وەها نابەخشێت زارۆک لێی سوودمەند بن. گەر مەبەست ئەوەیە فێرخواز بتوانێت نووسین لە بەستێنی واتادارادا بەکار بهێنێت، دەبێت ئەو تێکستانەش کە ڕووبەرووی دەبنەوە لەو بابەتە بن. Fox (2001) دەڵێت گرینگە زارۆک ڕووبەڕووی کتێبی وەها بێت کە کاریگەری هەبێت، یان وەک خۆی دەڵێت: «نیگەرانی»یەک لای زارۆک پەیدا بکات. مەبەستیشی ئاماژەیە بەوانەی گرێدراون بەو پێویستییەی مرۆڤ کە خۆشەویست بێت لای دەوروبەر. Fox ئاماژە دەکات بە کتێبی وەها کە باس لە تاسەی مرۆڤ دەکەن بۆ ئاسوودەیی، ڕانەگەیشتن بەوەی بەرخواستە، شکەستهێنان، هێڤیداری، کۆشان بۆ شتێک، ترس، خەم، شەرمەزاربوون و... هتد. کەواتە ئەو دڵگەرمییەی تێکستەکە دەیبەخشێت بە مرۆڤ، شامەبەستە.

پێشمەرجێکی دیکەی گرینگ بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دەنگدار ببێتە یاریدەری فراژووتنی زمان لای فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، ئەوەیە فێرخواز بەدووی تێکستەکە بکەون و لێی تێبگەن. بەشێکی زۆری ئەوەی لە زارۆخانە و فێرگەی سوێددا دەنگدارانە دەخوێندرێنەوە، بەرهەمی نووسەرانی وەک Elsa Beskow و Astrid Lindgren، سەرشارێکی سوێدیی ڕوونیان هەیە. دەراوی ئەم تێکستانە فەرهەنگی سوێدییە، دیدی سوێدییە بۆ خێزان، زارۆک و سروشت، جیهانبینیی سوێدییە. زۆربەی سوێدی بۆ نموونە کتێبەکانی Elsa Beskow & Astrid Lindgren بە «کتێبی باشی منداڵانە» دەزانن. من نەمدەزانی ئەم بۆچوونە هەموو کەسێک ناگرێتەوە هەتا هاوکارێکم کە ئینگلیزە و دانیشتووی سوێدە پێمی گوت چەند کتێبەکانی ئاسترید لیندگرێن دەدزێنێت و چەند لاری هەبوو لەوەی فێرگە ئەو کتێبانە «بسەپێنرێت» بەسەر منداڵەکانیدا. ئاواتەخواز بوو دەرفەتی هەبێت ڕێ بگرێت لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە لە پۆلی منداڵەکانی خۆیدا. هەڵبەت بۆچوونی لەم بابەتە لای سوێدییەکان زۆر سەیرە، بەڵام لە فێرگەیەکدا کە بۆ هەموان بێت، مامۆستا ناچارە جاروبار ئەو «چاویلکە فەرهەنگییە»ی خۆی لادات و هەوڵ بدات تێکستەکان لە ڕوانگەی دیکەشەوە سەیر بکات. [هەڵبەت شتێک نییە تەواو سەرلەبەر «فەرهەنگی سوێدی» بێت، بەڵام لێرەدا ئەم چەمکە دەستەواژەیەکی گشتییە بۆ ئەوەی ئێمە پێمان وایە سوێدییە - نووسەر].

گەر مامۆستا پێی وەها بێت گشت فێرخوازان بەهەمان شێوە پەی بە تێکستە خوێندراوەکان دەبەن، ئەوا زانیار و ئەزموونی ئەو فێرخوازانە ڕووپۆش دەکات کە سەربە زمانی دیکەن. کاتی خوێندنەوەی دەنگدار لە پۆل و جڤینی بەرینی فێرخوازاندا، زۆر دەگمەنە فێرخوازێک تێنەگەیشتنی خۆی لە نێوەرۆکی باسەکە ڕاگەیەنێت بەتایبەتی گەر وەها بزانێت ئەوانەی دیکە تێدەگەن. زۆربەی منداڵ لە باری وەهادا لەبری ئاشکراکردنی تێنەگەیشتن، بێدەنگی هەڵدەبژێرن.

Gibbons (2005) جەخت دەخاتە سەر ئەوەی لەبیرمان بێت کە ئێمە زۆر جار پێمان وەهایە گشت فێرخوازان ئاشنان بەو ئاماژە فەرهەنگییانەی لە کتێبی زارۆکاندا دێنە دەربڕین. فێرخوازی سەربە زمانی دیکە ناچارن جگە لە فێربوونی زمانی خوێندن، کە سوێدییە، ئاشنای ئەو فەرهەنگەش بن کە زمانەکەی تێدا دەچەرخێت. هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە مامۆستا بەپەرێز بێت لە پێشکەشکردنی تێکستی نامۆ بۆ ئەو فێرخوازانە، بەپێچەوانە. ئاشنابوون بە دیاردەی گرینگی فەرهەنگی، وەک ئەو جیهانانەی Elsa Beskow & Astrid Lindgren هەڵیدەبەستن، زانیاری گرینگن لە سوێد، بەتایبەتیش ساڵانی خوێندن. کەواتە فێرخواز لەم بوارەشدا، هەر وەک لە بواری فێربوونی زماندا، پێویستی بە یارمەتییە. Gibbons دەڵێت گرینگە ئەم زانیارە هەڵچنرێت بەر لە دەستپێکی

خوێندنەوە، دەنا مەترسی زۆرە کە تێکستەکان ببنە هۆی دابڕانی ئەم فێرخوازانە لەوەی کە لە پۆلدا دەگوزەرێت، مەترسیی پەراوێزکەوتنی فێرخوازان.

لەبەر ئەوە گرینگە مامۆستا دەرفەت بداتە فێرخوازی سەربە زمانی دیکە نێوەڕۆکی تێکستەکان تێبگەن. لەوانەیە وشە هەبێت پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێت، لەوانەیشە «پێشزانیار»[186] دەربارەی ئەو دیاردانەی دەبنە بنەمای باسەکە، پێویست بێت. کتێبی منداڵان هەیە دیدێک لە زارۆک و پەروەردەی زارۆک پێشان دەدات دەیان ساڵی بەسەرچووە و لەوانەیە برەوێکی وەهای نەمابێت. هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە کتێبی وەها بەهای نەماوە، نا، بەڵام فێرخواز دەبێت یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی دەرکیان بکات. کتێبەکانی ئاسترید لیندگرێن دیدێک پێشکەش دەکەن زارۆک تێیدا سەرفەرازە و لە ئاست ڕێساکانی دایکوبابدا سەرچڵە. ئەمە لەوانەیە لە فەرهەنگی دیکەدا دیدێکی نامۆ بێت. ڕاستە ئەمانە وەک نوێنەر بۆ کتێبی سوێدیی زارۆکان بوونیان گرینگە، بەڵام لە فێرگەیەکدا کە بۆ هەموانە دەبێت مامۆستا توانای هەبێت لە ڕوانگەی دیکەشەوە تەماشای تێکست بکات.

ئاخافتن دەربارەی تێکستە خوێندراوەکە، پێشکات و هاوکات و پاشکاتی خوێندنەوەکە، ڕێگەیەکە بۆ یارمەتیدانی دەرککردن لای فێرخواز. Gibbons (2006) نموونەی بەرهەستی باشی هەیە بۆ ڕاهێنانی ئەم بابەتە. زارۆک هەیە، بۆ نموونە فێرخوازێکی هێشتا زمانەکە باش نازانێت، پێویستی هەیە بەوەی چەند جارێک هەمان تێکست ببیستێت، پێویستی هەیە بەوەی پێشکات تێکستەکە لە گرووپی بچووکدا ببیستێت و دەرفەتی ئاخافتنی تێدا بێت. گەر مامۆستا هەوڵ بدات تێکستی سەربە فەرهەنگی دیکەش پەیدا بکات، بۆ نموونە چیرۆک و کتێبی زارۆکان، ئەوا خوێندنەوەی دەنگدار دەرفەت ساز دەکات بۆ گوتوبێژ دەربارەی فەرهەنگ و بەهای جۆراوجۆر، دەبێتە دەرفەتێکی فێربوون بۆ هەموان، بە مامۆستا خۆیشیەوە. لێرەدا بوونی مامۆستای زمانی دایکزا و مامۆستای زمانی سوێدی وەک زمانی دووهەم، زۆر گرینگە.

دەشکرێت تێکست لە کتێبی جووتزمان بۆ خوێندنەوەی دەنگدار هەڵبژێرین. مەبەست ئەو کتێبانەیە کە هەمان تێکستی بە دوو زمانی جودا تێدایە. کتێبی لەو بابەتە لە سوێدیی ئەم سەردەمەدا دەگمەنن بەڵام لە زارۆخانە و فێرگەی وەڵاتانی دیکە جیهان زۆرن. کتێبی وەها دەکرێت بدرێتە دەست دوو مامۆستا، مامۆستا و فێرخوازێک دایکوبابێک... و بە نۆرە هەر یەک بە زمانێک تێکستەکە بۆ فێرخوازان بخوێندنەوە.

**خوێندنەوەی دەنگدار لە گرووپی بچووکدا**

گەرچی من پێم باش نییە زارۆک ناچار بکرێت بۆ خوێندنەوەی دەنگدار بەرانبەر گشت پۆلەکە، بەڵام جار هەیە خوێندنەوەی دەنگدار لە گرووپی بچووکدا باشە. ئەگەر گرووپەکان بچووک بن، تێکستەکە بەلای فێرخوازەکەوە واتادار بێت، خوێندنەوە دەنگدارەکە وەها بێت فێرخوازانی دیکە بتوانن دووی بکەون و تێی بگەن و لایان جێگیر بێت، ئەوا خوێندنەوەی دەنگدار لە گرووپی بچووکدا کارێکی گونجاوە.

واتە ئەم کارە بۆ کاتێک باشە کە فێرخواز گەیشتبێتە ئاستێکی وەها بتوانێت سەربەخۆ بە جۆرێک بخوێنێتەوە کە فێرخوازی هاودەستە ببیستن و تێی بگەن. زۆربەی منداڵ هەتا پۆلی سێهەم ناگەنە ئەم ئاستە، هەیشە هەتا پۆلی شەشەمی پێویستە و هەیشە هەر ناگات.

[186]- پێشزانیار: Prior Knowledge، زانینی پێشکات، زووتر.

ڕێکخستنی گرووپی بچووک بۆ خوێندنەوەی دەنگدار بەرۆکگیرییەکی پێداگۆگییە بۆ مامۆستا. وەها باشە چەند کەسێکی ڕسکاو بۆ یارمەتیی کەسی خوێنەر لەوێدا ئامادەبن. مامۆستا دەبێت خەیاڵفرەوان بێت بۆ دۆزینەوەی شێوازی ڕێکخستنی گونجاو. لەوانەیە مامۆستای یاریدەر هەبێت لە گرووپەکاندا هاریکار بێت. لەوانەیە فێرخوازی گەورەتر هەبێت لە پۆلی باڵاترەوە بێت بۆ هاریکاری، «فێرخوازی پشتیوان». لەوانەیە کەسانی دیکە ڕسکاو لە فێرگەکەدا هەبن بۆ هاریکاری.

لە مامۆستایەتیی خۆمدا، جارێک داوام لە کارگوزارێک کرد هاوکاریم بکات، زۆری پێ خۆش بوو ئەو جۆرە پەیوەندییە هەبێت لەتەک فێرخوازان. ئەو گرووپەی کارگوزار تێیدا یاریدەر بوو، لێیان خۆش هات لەوەولا لە ژووری کارگوزار خوێندنەوەی دەنگداریان هەبێت. لەوانەیە ئەو ژوورە زۆر لەبار نەبووبێت، بەڵام هەم فێرخواز و هەم کارگوزار ئەو گرووپکارییەیان زۆر پێ باش بوو، خوێندنەوەش ڕێک لەم گرووپەدا زۆر گەرم بوو. گرووپێکی دیکە هەبوو، لە خوێندنەوەدا باش بوون و دەیانویست کەمێک سەرفەرازانە کار بکەن. ئەمانە لە ژووری جومناستیک، «ئەسپەدارین»ـیان بە خانەی خۆیان هەڵبژارد. بانەکەیان لابرد و خۆیان تێخزاند. جێگەیان تەنگ و تاریک بوو بەڵام خوێندنەوە چڕ و پڕی تێدا ئەنجام درا. [جێی ئاماژەیە بڵێم یەک لەو زارۆکانە ئەمڕۆ هونەرمەند و نووسەری کتێبی زارۆکانە].

لە خوێندنەوەی دەنگداردا، وەک لە زۆر باری دیکەدا، ڕێگەچارەیەکی دیاریکراو نییە بۆ هەموان بگونجێت، بەڵکوو مامۆستا بەپێی بارودۆخی خۆی و توانای فێرخوازانی، ڕێگەچارە هەڵبژێرێت. بە دیدی من، خوێندنەوەی دەنگداری فێرخواز خۆی ئەو بەهایەی نییە فێرخوازی دیکەش دانیشن گوێی بۆ ڕادێرن گەر بە باشی گوێیان لێ نەبێت. لە باری وەهادا پێم وایە ئەو کاتە بۆ خوێندنەوەی بێدەنگ تەرخان بکرێت باشترە.

# پاژی نۆهەم: ئاخافتنی نووسراوی ئەلەکترۆنی

دەستاویژی ئەلەکترۆنی هەتا دێت پتر برەو پەیدا دەکات. ئەمەش دیاردەیەکە بەتایبەتی زارۆک و هەرزەکار دەگرێتەوە بۆیە زارۆخانە و فێرگە دەبێت هەڵوێستی لێ بگرن. پرسیار چیدی ئەوە نییە کۆمپیوتەر لە خوێندندا بەکاربهێنرێت یان نا، پرسیار ئەوەیە چۆن بەکاربهێنرێت. گۆڕانکارییەکانی ئەو ڕووبەرە زمانەکییەی ئێمە کاری تێدا دەکەین چ کاریگەرییەکیان هەیە لەسەر کاروباری ئێمە؟ زانیار و ئەزموونی زارۆک و هەرزەکار چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێت و ئێمە چۆن هەڵویستی لێ بگرین؟ تا چ ڕادەیەک کاروبار بگونجێنین لەتەک بارودۆخی ئەم ڕۆژگارەدا و چالاکانە تێبکۆشین بۆ گۆڕینی بارودۆخ؟

زۆر منداڵ لە بەرایی تەمەنەوە بەرکەوتیان هەیە لەتەک نووسین لە ڕێی دەستاویژی فرەجۆری ئەلەکترۆنییەوە. بوونی پارچەی ئەلەکترۆن لە نێو لیستۆکدا هەتا دێت برەوی زێدەتر دەبێت و ئەوەش جار هەیە زارۆک ڕووبەڕووی نووسین دەبنەوە. زارۆک بە داگرتنی دوگمەی ئەلەکترۆنی دەتوانن «چاودێری»ی بووکەڵەی ئەلەکترۆنی بکەن و «هاودەمی»یان لەتەک دۆستی ئەلەکترۆنی هەبێت، چ ڕاستینە و چ خەیاڵکرد. بە کۆمپیوتەر دەتوانن بەشدار بن لە هەڵبەستنی جیهانی خەیاڵکرددا، بە تەنیا یان گەلدەست لەتەک یاریدەری دیکەی خەیاڵکرددا. زارۆکیش دەستاویژی لەو بابەتە بەکار دەهێنن و بەو جۆرە کار لەتەک نووسینی جودا و زمانی جودا دەبێت.

لەم ڕۆژگارەدا چ سەیر نییە زارۆک ببینیت هێشتا خوێندنەوە نووسینی نەریتی فێرنەبووە کەچی دەتوانێت، لە ڕێی بەکارهێنانی نووسینەوە، سەرەدەری لە داتاوازیی[187] ئاڵۆز بکات. زۆر جار ئەو تێکستانە بە زمانی ئینگلیزین و گرافیکی وەها هەڵکشیویان لە دەورە تەواو جودا لەوەی ئێمە بە گونجاوی دەزانین بۆ دەستپێکی سەواد.

نووسینی ئەلەکترۆنی دەستاویژی دیکەش بۆ سەوادیی زارۆک پێشکەش دەکات تەواو جوداوازە لە پێنووس و دەفتەری فێرگە. بۆ نووسینی، بۆ نموونە، کورتەپەیام بە تەلەفۆنی مۆبایەل دوگمە دیتە داگرتن ئەویش بە سیستەمی تایبەت. هەر دوگمەیەک بەرانبەر چەند نیشانەیەکە و نووسەر دەبێت سیستەمی ڕێکخستنیان بزانێت. بۆ نموونە سیستەم هەیە تێیدا دوگمەیەکی تایبەت یەکجار داگریت پیتێکت دەداتێ، دوو جار دایگریت پیتێکی دیکەیە و... هتد. هەیە وشەت بۆ پڕ دەکاتەوە. بەردەوام کورتکراوە و سیستەمی نوێی هێما پەیدا دەبن.

خوێندنەوەش لە دیمەندەری مۆبایەلەوە جوداوازە لە خوێندنەوەی نەریتی کتێب. ژمارەیەکی سنوورداری نیشانە لە دیمەندەری ئەلەکترۆنیدا جێیان دەبێتەوە، پەیدابوونی بەردەوامی زمانی هێمانووس و بەرسڤی خێرا لە بواری کورتەپەیامدا، دەبنە مایەی پەنابردنە بەر ستراتێژی نوێ بۆ خوێندنەوە. دیاردەی سەربە ژارگۆن و لازمانی دەستەبەندی لەم زمانی نووسینەدا بەهەمان جۆری زمانی زارەکی برەو پەیدا دەکات. واتە بەکارهێنەران، کە زۆربەیان زارۆک و هەرزەکارن، هەم فێری نۆرم و ستراتێژی نوێ دەبن بۆ ئەم جۆرە «نەریتەی سەواد» و هەم چالاکانە بەشداری داڕشتنیان دەبن.

ئاخافتنی نووسراوی ئەلەکترۆنی تاڕادەیەک جودایە لە سەوادی نەریتی. زۆر جار دوو - سێ زارۆک وێکڕا بەرانبەر دیمەندەری کۆمپیوتەر کۆ دەبنەوە، یەکیان کیبۆردی بەدەستە و یەکیان ماوس. خوێندنەوە تێکەڵ بە سەیرکردنی وێنەی هەم مەند و هەم بزۆز و هەروەها دەنگکاریی جۆراوجۆر دەبێت. کاری هەمەجۆر لەسەر دیمەندەر پێشان دەدرێن، نیگار و هێمای جۆراوجۆر سەرەتاتکێ دەکەن، کرتە لێرە و لەوێی دیمەندەرەکە دەکرێت بۆ جێگۆڕکێ لە نێوان تێکست، ڕەنگ و دەنگدا. جار هەیە زارۆک هاوکات کار لەسەر دوو دیمەندەر

[187]- داتاوازی: Computer game، گەمەی جۆراوجۆری ئەلەکترۆنی.

دەکەن، گوێ لە موزیک دەگرن و فایەل دادەگرن، پەیام دەنێرن، موزیک و فیلم لەگەڵ کەسانی دیکەی هەم ناسیار و هەم نامۆ، ئاڵوگۆڕ دەکەن.

ماوەیەک مەیلێک هەبوو بۆ ڕێبەستن لە بەکارهێنانی بەرهەمی ئەلەکترۆنی لە فێرکاریدا و سەرنج هەبوو دەیویست زارۆخانە و فێرگە بەپەرێز بێت لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر. هاوکات مەیلی دیکەش هەبوو دەیگوت وەها باشە هەرچی تازەیە ڕەخنەبەدەر بسەلمێنرێت. ئەمیشیان هەر کێشەدار بوو، چونکە کەرەستەی ڕاهێنان هەبوو سەربە بۆچوونی کۆنەباو، بۆ نموونە کەرەستەی ڕاهێنانی سەربە بۆچوونی ڕەوشتایەتی، لە شێوازی دیژیتاڵکاردا دەهاتنەوە مەیدان. بەڵام ڕاهێنانی ڕوتینکار، ڕاهێنانی بەشی بچووکی دابڕاو بە دەنگ و ڕەنگی دیژیتاڵکار نابنە کەرەستەی باش. بەرنامەی کۆمپیوتەریش وەک هەموو کەرەستەیەکی دیکەی فێرکاری دەبێت ڕەخنەگرانە بێتە هەڵسەنگاندن.

زۆر لە مامۆستایان هەستیان کردووە بڕیاردەران لایان هاسانترە پارە بۆ کڕینی کۆمپیوتەر تەرخان بکرێت بەڵام بۆ دامەزراندنی مامۆستای پێویست، بۆ نموونە مامۆستای تایبەت، مامۆستای زمان و زمانی دایکزا، دەستگیرن. هەست دەکرێت کەمخەرجی تەنها بۆ دامەزراندنی مامۆستایانە نەک بۆ کڕینی کەلوپەلی دیژیتاڵ.

فێرگە دەبێت بزانێت کامە جۆر نووسینی ئەلەکترۆنی دۆزێکە بۆ فێرگە خۆی پێوە خەریک بکات. مەیدانێکی فرەوان هەیە لەوێدا سەربە «کاتی ئازاد»ە و بە هیچ جۆرێک باسێک نییە بچێتە ژێر سایەی فێرگەوە. هەرزەکارانیش پێویستیان بە بواری خۆیان هەیە. ناکرێت گشت چالاکییەک ملکەچی ڕێسا و چاودێریی فێرگە بێت.

دۆزێکی دیکەش هەیە پەیوەست بە بەکارهێنانی دەستاوێژی ئەلەکترۆنییەوە، بەتایبەتی کۆمپیوتەر و مۆبایەلەوە، ئەویش دۆزی یەکسانییە. زارۆک بە پاشخانی ئابووریی جۆراوجۆرەوە دێن بۆ فێرگە. هەیە هەر لە بەراییی تەمەنەوە دەستاوێژی ئەلەکترۆنیی هەڵکشیوی هەبووە، هەیشە چ دەرفەتێکی وەهای بۆ نەڕەخساوە. فێرخوازی سەربە زمانی دیکە زۆرن کە باری دارایی خێزانیان وەها نییە لە ماڵ کۆمپیوتەر و مۆبایەلیان هەبێت. هەڵبەت زۆر منداڵی سوێدیش هەن لەو بارەدان. فێرگە چ هەڵویستێکی لەم باسە هەبێت؟ نەبوونی بیرکردنەوەیەکی باش لەم بوارەدا دەبێتە مایەی پتر پەراوێزخستن و دەرکنارکردن. ئەمە گرینگە بیری لێ بکەینەوە بۆ نموونە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کێ و کەی کار لەسەر کۆمپیوتەری فێرگە بکات. گەر جڵەوگیری تێدا نەبێت، ئەوا دوور نییە فێرخوازی ڕاهاتوو بە داتاکاری لە فێرگەش زێدەتر خەریکی کۆمپیوتەر بێت و فێرخواز ڕانەهاتوو وەلا بنرێت. هەڵبەت ئاسانیش نییە دەرفەتی زێدەتر بدرێتە فێرخوازی ڕانەهاتوو ئەگەر نۆرەکاریی بڕیاردەر بێت. کەواتە دیسان ژیریی مامۆستا گرینگە بۆ بڕیاردان لە باسی وەهادا.

### کێ پسپۆرە، مامۆستا یان فێرخواز؟

ئەم پێشڕەوتە تیژڕەوەی دەستاوێژە هەمەجۆرەکانی ئەلەکترۆنی، لەتەک ئەو ڕاستییەی دەڵێت ئەم پێشڕەوتە لە نێو جەواندا تیژڕەوترە، زارۆخانە و فێرگەی خستۆتە دۆخێکی تەنگەتاوەوە - زۆر جار زارۆک لە مامۆستاکانی پتر شارەزای ئەم دەستاوێژانەیە. لەبەر ئەوەی یەکێک لە بنەماکانی فێرگە گواستنەوەی زانیارە لە کەسانی ڕسکاوەوە بۆ نەوەی پاش خۆی، زۆر باس دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە کە فێرخواز لە چەند بابەتێکدا شارەزاتر بێت لە مامۆستا. کەواتە مامۆستا دەبێت تاڕادەیەک لە ڕۆڵی خۆی ورد ببێتەوە و بە ڕژدیش تێبکۆشێت بۆ بەشداریی چالاکانە لەم فراژووتنەدا.

لەوانەیشە کاتی هاتبێت ئەو ئەفسانەی دەڵێت فێرخواز لە مامۆستا تواناترە، پووچ بکرێتەوە. ڕاستە مرۆڤ زانستی جوداوازی هەیە. لە جڤاکی بەرگۆڕدا، وەک ئەمەی ڕۆژگاری ئێمە، زارۆک و جەوان خێراتر فریای دیاردەی نوێ دەکەون و لەبەر ئەوە زانستێک پەیدا دەکەن لای کەسانی گەورەساڵ پەیدا نییە. بەڵام ئەمە ناکاتە ڕەشکردنەوەی گشت زانیاری زووتری نێو جڤاک. ڕاستە زارۆک دەتوانن بەشێک لە کارکردەکانی کۆمپیوتەر باشتر بەکاربهێنن، بەڵام ئەو ئەزموون و زانیارە هەڵکشیوەیان نییە کە مامۆستا هەیەتی لە بواری وەک سەوادا. پێویستیمان بە مرۆڤی شارەزا لە بۆ نموونە ستراتێژی هەڵکشیوی سەواد، زیادی کردووە نەک کەم. خوێندنی ڕشتەی مامۆستایەتی درێژتر کراوە، مەرجیش لەسەر ئاستی زانستانەی مامۆستا هەڵکشیوە، بەتایبەتی مامۆستایانی زارۆخانە و سالانی بەرایی فێرگە. کەواتە هێشتا گرینگە فێرخواز ئەو سەوادە فێر ببن کە پێویستە بۆ سالانی بالاتری فێرگە. ئەمەش بوارێکە مامۆستا تێیدا تواناترە. بەکارهێنانی «تەکنۆلۆژیی ئاگاداری و ڕاگەیاندن»[188] Information and communications technology (ICT)، دۆزی سەربە ئاکار، دەستوور و ماف، پێداگۆگی و پرسی مرۆڤکاری گشتگیر، ڕەپێش دەخات، لەم بوارانەشدا ئەزموونی کەسانی گەورەساڵ گەنجینەیەکی گرینگە.

فرەوانبوونی مەیدانی ئاگاداری و هەروەها زیادبوونی بەکارهێنانی دەستاوێژی ئەلەکترۆنی، مەرجی گەورەتر دەخەنە ئەستۆی مامۆستا. دەشێت بڵێین لە جڤاکی ئەمرۆدا «ژاوەژاو»ێکی زمانەکی هەیە مامۆستا دەبێت ڕکابەریی بکات. مامۆستای ئەمرۆ هەم بەرەنگاری ڕکابەرییەکی تەواو جوداواز دێت و هەم مەرجیش لەسەر ئەوەی فێرخواز دەبێت فێری ببێت، زیادی کردووە.

فێرخواز دەبێت هەم فێری هونەرەکانی سەوادی نەرێتی بن کە فێرگە خەریکیانە، ئەوانەی زووتر باسیان هات، هەم فێری ستراتێژی نوێ بن کە پێویستن بۆ ئەم شێوازە تازانەی «نەرێتی سەواد» کە پەیدا دەبن. ئەمەش مەرجی گران و تاڕادەیەک نوێ، دەخاتە ئەستۆی مامۆستا.

**خوێندنەوەی دیمەندەر**

خوێندنەوەی دیمەندەر هەم وێکچوونی هەیە لەتەک خوێندنەوەی کاخەز و هەم جوداوازی. ئەمیان زۆر جار پارەپارەیە، خوێندنەوەی کورتەڕستە و پەیڤی هەڵبڕاوی لێرە و لەوێیە، لەوانەیشە ئەمە گەورەترین جوداوازی بێت. پەیدۆزیی نێو ئینتەرنێت و ڕووپەلگۆڕین، سەرەتاتکێی ڕیکلام و بابەتی دیکە دەبنە هۆی ئەم پارەپارەبوونەی خوێندنەوە. ڕووپەلی ئینتەرنێت هەیە چەندین لاپەیامی جوداوازی بە تەنیشت شاپەیامی ڕووپەلەکەوە ڕیز کردووە و جاروباریش، بەدەر لە خواستی خوێنەر، بابەتی دیکە سەرهەڵدەدەن. ئەمانەش بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنج، ئاگایانە داڕێژراون. تەنانەت لە زۆربەی بەرنامە جیددییەکاندا، بۆ نموونە بەرنامەکانی وشەکاری و ئامارکاری، چێوەی جوداواز بە ئاگاداریی جۆراوجۆرەوە سەرەتاتکێ دەکەن. لەبەر ئەوە توانای پەیدۆزیی ئاگاداری، لەبێژنگدان، پەیجۆریی ڕەخنەگرانە و هەڵبژاردنی ئەوەی دروست و لەبارە، تواناگەلێکی گرینگن بۆ ئەم جۆرە خوێندنەوەیە. هەروەها توانای سەرنجگیری لەوەی مرۆڤی خۆی مەبەستیەتی و خۆپارێزی لە ئاگاداریی لابەلا، توانایەکی گرینگە.

[188]- تەکنۆلۆژیی ئاگاداری و ڕاگەیاندن: Information and communications technology (ICT).

جگە لە خوێندنەوەی پارەپارە، دیمەندەر بۆ خوێندنەوەی تێکستی درێژیش بەکار دێت. E-brary، کتێبخانەی ئەلەکترۆنی بۆ پەخشی کتێب و گۆڤاران، نموونەیەکن لەو بەرنامانەی دەرفەت بۆ خوێندنەوەی درێژ بە دیمەندەر دەرەخسێنن. ڕاستە دەکرێت ئەو تێکستانە لەسەر کاخەز دەرنووس بکرێن، بەڵام بە پلەی یەکەم بۆ خوێندنەوەی ئەلەکترۆنییە. لە ebrary دا خوێنەر هەر بە شێوازی ئەلەکترۆنی دەتوانێت پارچەتێکست نیشانە بکات، کۆپی بکات و لە جێی دیکە تێکستە جێنشین بکات. کەواتە خوێنەر دەبێت شارەزای ئەو جۆرە دەستاوێژانەش بێت.

گوتمان خوێندنەوەی پارەپارە خەسڵەتی باوە بۆ خوێندنەوەی ئەلەکترۆنی و هەر لەبەر ئەوەش گرینگە فێرگە جەخت بکات لەسەر فراژووتنی ئەو هونەرانەی پێویستن بۆ خوێندنەوەی تێکستی سەرلەبەر و درێژ، بۆ نموونە خۆشڕەوتی، خێرایی و هەروەها تێگەیشتن و توانای داڕشتنی تێکستی درێژ. هەروەها لەبەر ئەوەی خوێندنەوەی دیژیتاڵ ڕووی لە هەڵکشانە و خوێندنەوەی کتێب دادەشکێنێت، گرینگە مامۆستا دنەی فێرخواز بدات بۆ خوێندنەوەی کتێب.

جوداوازییەکی سەرەکی لە نێوان کتێب و ڕووپەلی ئینتەرنێتدا، ساختاری تێکستە. ئینتەرنێت لە شێوەی «نەخشەی هزر»[189]-دا چنراوە و ڕووپەلی دیژیتاڵیش هەر ئەو ساختارەی هەیە، بەڵام کتێب ساختارێکی هێڵەکی هەیە، سەرەتا و بنەتای دیاریکراوە. ئەمەش باسێکە دەکرێت لە پۆلدا ببێتە مایەی بەراوردکردن لە نێوان شێوەی ڕێکخستنی ئاگاداری لە تێکستی جۆراوجۆردا بە دەستاوێژی هەمەڕەنگ.

**نووسینی ئەلەکترۆنی**

نووسینی ئەلەکترۆنی بۆتە هۆی پەرەسەندنی نووسین بە چەندین شێوازی نوێ کە تێیاندا هێما، کورتکراوە، دەنگنووس،[190] وێڵکردنی نیشانەی ناوبڕ و... هتد کە وێکچوونی زۆرە لەتەک ئاخافتنی زارەکیدا. هەروەها نووسکاری ئازموودەش، بۆ نموونە: نووسەر، تۆژەر، ڕۆژنامەنووس، سەکرەتێر... هتد، دەستاوێژی ئەلەکترۆنی زۆر بەکار دەهێنن. ئەو جۆرە نووسینە زووتر پێمان دەگوت نووسینی هەڵکشیو، کە دەشکرێت بە «نووسینی زانیاربێژی فێرگە» ناوزەدی بکەین، بەڕادەیەکی بەرز پەنا دەباتە بەر «بەرنامەی وشەکاری».[191] کەواتە فێرخواز بەدەم پەرەدان بە نووسینی خۆ، دەبێت شارەزای ئەو دەستاوێژانەش بێت.

ئەو دەرفەتانەی بەرنامەکانی وشەکاری دەیڕەخسێنن دەبنە مایەی پەرەسەندنی ستراتێژی نوێی نووسین. Dysthe et al. (2002) باس لە نووسکاری جۆراوجۆر دەکات و بە «پلانڕێژ» و «داڕێژەرەوە» ناوزەدیان دەکات. «پلانڕێژ» بەر لە دەستپێکی نووسینی تێکستەکەی خۆی پلانی زۆر وردی بۆ دادەڕێژێت، بەڵام «داڕێژەرەوە» پەنا دەباتە بەر ڕێژەوی نووسین و پاشان دێتەوە سەر داڕشتنەوەی تێکستەکە. «پلانڕێژ» لەوانەیە وەها باش پلانی خۆی داڕشتبێت تەنها پڕکردنەوەی بە تێکست پێویست بێت. بەڵام «داڕێژەرەوە» لەوانەیە ناچار بێت چەند جارێک تێکستەکەی خۆی بنووسێتەوە هەتا دەگاتە ئاستێک خۆی پێی ئاسوودە بێت. هەردوو جۆریش سوود لە نووسینی ئەلەکترۆنی دەبینن، بەڵام من پێم وایە «داڕێژەرەوە» پتر لێی سوودمەندە. هەر ئەو هاسانییە

[189]- نەخشەی هزر: Mind map.

[190]- دەنگنووس: نووسینی وشە بەو جۆرەی دێتە گوتن.

[191] - بەرنامەی وشەکاری: Word processor program.

له دەستکاریی تێکست، داڕشتنەوەی ساختار، لێ دەرکردن، گواستنەوە، فرەواندن، تێبردن و... هتد دەرفەتی باشترین دەستکاری تێکست دەداتە «داڕێژەرەوە». ئەو کەسەی خۆی بە تاپەر تێکستی تایپ کردووە، دەزانێت بوونی دەستاوێژی ئەلەکترۆنی چ سوودێکی هەیە بۆ دەستکاری و چاککردنی تێکست.

زارۆکی زووتر تەنها پێنووسیان بۆ نووسین بەکارهێناوە و دژوارییەکی زۆریان تێدا دیوە، بەکارهێنانی کیبۆرد و دیمەندەر دەبێتە یارمەتییەکی گەورە. کیبۆرد کاری نووسین هاسانتر دەکات و بەوەش دەبێتە هاندەرێک بۆ فراژووتنی نووسین لای فێرخواز. ئەو دەرفەتانەی لە بەرنامەکانی وشەکاری و نیگارکاریدا هەن بۆ نەخشاندنی تێکست بە ڕەنگ و شێوازی فرەجۆر، دەشێت بە هەمان شێوەی پێنووس بخرێنە کار بۆ داڕشتنی چیرۆک و هۆنراوە. زارۆک هەر زوو لە زارۆخانە و پۆلی ئامادەکاردا دەتوانن سوود لە دەستاوێژی ئەلەکترۆنی وەربگرن بۆ ئافراندنی وێنە و تێکست. دەشکرێت بەرهەمی هەر یەک لەو زارۆکانە، لە «بەرگی ئەلەکترۆنی»ی تایبەت بە خۆیاندا پاشەکەوت بکرێت.

**نووسین بە کیبۆرد**

مامۆستا هەیە کیبۆرد بۆ هەنگاوە بەراییەکانی فێربوونی نووسین بەکار دەهێنێت، چ کیبۆردی کۆمپیوتەر بێت چ کیبۆردی ساکارتر کە تەرخانە تەنها بۆ نووسین. چ هۆکارێک نییە بۆ بەدگومانبوون لە بەکارهێنانی کیبۆرد لە بەرایی فێربووندا. زۆر منداڵ هەیە گرتنی پێنووس و نیگارکێشیی پێیان لە لا سەختە. بەکارهێنانی کیبۆرد دەربازیان دەکات لەو سەختییە، Arne Trageton (2005) پێشانی داوە کە فێرخواز هەر زوو دەتوانن بە کیبۆرد تێکست بنووسن درێژتر بێت لەچاو بەرهەمی پێنووسدا. بەم جۆرە کیبۆرد لە بەرایی تەمەندا دەبێتە دنەدەر بۆ فراژووتنی نووسین. هاوکات گرینگیشە فێرخواز فێری دەستوخەتێک بێت خوێندنەوەی هاسان بێت و فێری بەکارهێنانی پێنووس بێت بە جۆرێک دەستوپەنجە و باسکی ماندوو نەکات. لەبەر ئەوە گرینگە زارۆک هەردوو هونەرەکە فێر ببن، هەم بەکارهێنانی پێنووس و هەم بەکارهێنانی کیبۆرد. کەواتە ئەرکی فێرگە هەر ئەوە نییە دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ فێربوونی دەستوخەت، بەڵکوو دەبێت هونەری بەکارهێنانی چوستی کیبۆردیش فێری منداڵ بکات.

ئەوجا گرینگە ئەم هونەری سەوادەی ئەلەکترۆنی نەکرێتە بارگرانی لەسەر پلانی وانە و خشتەی مامۆستا کە هەر بۆ خۆی چڕ و سیخناخە. باشتر وەهایە هەڵسەنگاندنەوەی نوێ بۆ شێوازی کاروبار و ڕێکخستنەوەیان بکرێت. بەکارهێنانی کیبۆرد لە بەرایی تەمەندا دەبێتە دنەدەر بۆ خۆشڕەوتی فێربوونی نووسین و زارۆکی زوو فێری بەکارهێنانی کیبۆرد و ماوس ببن، توانایان لەو جۆرە هونەرەدا هەڵکشاوتر دەبێت.

**نووسینی فرەزمان**

دەستاوێژی ئەلەکترۆنی دەرفەتی نوێ دەداتە فێرخوازی فرەزمان. زووتر باسمان لە نووسینی تێکستی فرەزمان کرد، بۆ نموونە هەمان تێکست بە دوو زمان بنووسرێتەوە، هەر زمانەی لەسەر ڕووپەلێک. دەشکرێت کاتێک فێرخواز تێکستی کورت دەنووسن، بۆ نموونە دێڕێکی کورت لە ژێر هەر نیگارێکدا، نووسینەکە ببێتە دوو دێڕ، هەر یەکەیان بۆ زمانێک. فێرخوازی فرەزمان دەتوانێت سوود لە ئینتەرنێت و دەستاوێژی هەمەجۆری تەرجەمە وەربگرێت بۆ پەرەدان بە زمانەکانی خۆی. هەڵبەت تەرجەمەکردنی ئەلەکترۆنی پێویستی بە دەستکاری هەیە،

بەڵام دیسان یاریدەرێکە لەو کارەدا. بەرنامەکانی تەرجەمەکاری ئەلەکترۆنی ئەمڕۆ هەم بەرتەسکن و هەم جۆرایەتییان ژێروبانە، بەڵام بەردەوام لە پێشڕەویدان.

فێرخوازی فرەزمان بەتایبەتی پێویستی هەیە بە ڕاگەیاندن لەتەک زارۆک و هەرزەکارانی وەڵاتانی دیکە. خێزان، دۆست و هاوکاران بە دونیادا بڵاوبوونەتەوە و لە ڕێی ئینتەرنێت و ئیمەیلەوە پەیوەندی لەتەک یەکدی ڕادەگرن و پەیوەندیی نوێیش دەبەستن. ئەم باسە گرووپی دینی و زمانەکی دەگرێتەوە کە ئەندامانیان بە دونیادا بڵاوبوونەتەوە. بۆ ئەو گرووپانەی لە دەست ستەم و چەوساندنەوە هەڵاتوون، بۆ گرووپانی لە وەڵاتانی خۆیان یاسابەدەرن، ئینتەرنێت زۆر جار بۆ پەخشی دەنگوباس سەنگی گەورەی هەیە. بۆ فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، ئەم بوارە زۆر گرینگە، نە تەنها بۆ فێربوونی زمانی خۆی، بەڵکوو بۆ پێکهێنانی پێناسەیش. لەم بوارەدا زانستی فێرخواز و خێزانیان یاریدەرێکی باشە بۆ کاروباری فێرگە و پێویست نییە مامۆستا بکرێتە یەکەم سەرچاوەی زانیار. بەڵام گرینگە مامۆستای زمانی دایکزا یان کەسی دیکەی ئەو زمانەی فێرخواز دەزانێت، لێرەدا بەتایبەتی بۆ نووسین هاوکار بێت.

لە نووسیندا کەماسیی زمانزانی ئاشکراتر دەبێت و لە زۆر بەستێندا مرۆڤ دەکەوێتە بەر گومان و کەمرێزی گەر زۆر لە نۆرمی گردەبڕ لا بدات.

## داتائاکار و داتاپارێزی

ئەو لافاوی ئاگادارییە کە ئینتەرنێت ڕەخساندوویەتی، ناچارمان دەکات زارۆکیش فێری «سەرچاوەدۆزی»[192] بکەین، واتە زارۆک فێر بێت بڕیار بدات لە دروستی و نادروستیی سەرچاوە. ئەمە باسێکی گرینگە گەر فێرخواز لە ئینتەرنێتدا خەریکی پەیدۆزیی ئاگاداری بێت. مامۆستا گەر لەم بوارەدا نیگەرانیی هەبوو، وەها باشە لێگەڕانی ئاگاداری سنووردار بکات بە سایتی دیاریکراو، بۆ نموونە ئەوانەی پەیوەندییانە هەیە بە کاروباری فێرگەوە.

گرینگیشە مامۆستا ئاگاداری ڕێساکانی «خاوەندارەتی (کۆپیڕایت – مافی کۆپیکردن Copyright) بێت. وێنە، موزیک و فیلم بە ڕێسای کۆپیڕایت پارێزراون و مرۆڤ بۆی نییە بە ئارەزووی خۆی کۆپییان بکات و بڵاویان بکاتەوە مەگەر بە ڕوونی نووسرابێت کە ئەو کارە ڕەوایە. واتە مامۆستا بۆ نییە بێ مۆڵەت بەرهەمی لەو بابەتە لە پۆلدا بەکار بهێنێت. لەوەش بترازێت، مامۆستا دەبێت ئاگادار بێت لەوەی بواری ئەلەکترۆنی، بۆ نموونە ئینتەرنێت، ئیمەیل و مۆبایەل، مەیدانێکن تێیاندا بوختان و چەپاندن برەویان هەیە.

## دەستاوێژی دەنگی

بەکارهێنانی تەکنیکی دیژیتاڵ بۆ دەنگکاری[193] دەروازەی نوێ بە ڕووی کاروباری فێرگەدا دەکاتەوە. فێرخواز خۆیان دەتوانن موزیک و بەرهەمی دیکە خۆیان دیژیتاڵانە بە کۆمپیوتەر، مۆبایەل و... هتد تۆمار بکەن. دەنگ

---

[192]– سەرچاوەدۆزی: Source criticism (information evaluation)، وردبوونەوە و پەیجۆریی لە سەرچاوە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە بۆ هەڵسەنگاندنی دروستی و چەوتیی ئاگادارییەکانی دێنە بەرباس.

[193]– دەنگکاری: کارکردن لەسەر دەنگ، تۆمارکردنی دەنگ، دەستتێوەردانی دەنگ.

لێرەدا دەبێتە فایەل و لە ئامێری ئەلەکترۆنیدا پاشەکەوت دەکرێت بۆ بەکارهێنانەوە. فێرخواز دەتوانن بەرهەمی خۆیان، بۆ نموونە موزیک یان بەرنامەی ڕادیۆی خۆیان پەخش بکەن. سایتی فرەمێدیا[194] هەیە لە ئینتەرنێتدا بۆ ڕێنوێنی بەرهەمهێنانی لەو بابەتە. لێرەشدا، کە دێتە سەر پەخشکردنی بەرهەمی خۆ، گرینگە مافی خاوەندارێتی ڕەچاو بگرین. ئەوەی دەنگی تۆمار دەکرێت دەبێت ئاگدار بێت لەوەی دەنگەکەی پەخش دەکرێت و ئەوەش دەرئەنجامی خۆی هەیە.

**مێدیای جڤاکی**

بەردەوام جۆری نوێی مێدیای جڤاکی دێنە کایەوە. هەیە مەگەزی کەمتەمەنن هەیشە دەوامەدار. ڕیزکردنی ناوی ئەو بەرهەمانە لێرەدا زۆر گونجاو نییە چونکە لەوانەیە بەر لە پەخشی ئەم کتێبە، بەشێکیان نەمێنن. ئەمەش ئاماژەیە بە ڕەوتی گۆڕانکاریی لە مێدیای دیژیتاڵدا لەچاو داوەستان و نەگۆڕیی مێدیای کاخەزبەند. بەگشتی مێدیای جڤاکی هەیە دەستاوێژی پەخشە، بۆ نموونە YouTube و هەیشە سەکۆی ڕاگەیاندنە بۆ نموونە Twitter. سەکۆ هەیە ڕێ بە دەستەبەندی دەدات. زۆر منداڵ هەن ڕووپەلی خۆیان ساز دەکەن و ئەوجا دۆست و خزمانی خۆیان بانگێشت دەکەن بۆ ئەو ڕووپەلە. سەکۆی دیکە هەیە دەرفەت دەدات مرۆڤ داوای هاودەم بکات. خێزان هەیە ئاگایانە سەکۆی وەها هەڵدەبژێرن کە زارۆک دەرفەتی پەیوەندیی تەنها لەتەک ناسیاردا هەبێت. سەکۆی ئاواڵە مەترسیی ئەوەی هەیە زارۆک تووشی کەسانێک بن مەبەستی دیکەیان هەبێت. مەترسیی لە پەیدابوونی کەسانی منداڵباز و گیرۆدەی بەرهەمی سێکسی باسێکی شاراوە نییە. لەبەر ئەوە گرینگە منداڵ فێر بکرێن ئاگاداریی دروست، بۆ نموونە ناو، ژمارەی تەلەفۆن و ئادرەس نەدەنە کەسی نەناس. زارۆک، بۆ پاراستنی خۆیان، دەبێت شارەزای ڕێسا بناخەییەکانی پاراستن بن کە ڕاگەیاندنی ئەلەکترۆنی دەگرێتەوە. گرینگیشە ئاگادار بن لەوەی وێنەیەکی لە ئینتەرنێتدا پەخش بکرێت دەگاتە دەست هەموو کەسێکی سەرلەبەری جیهان و دەرفەتی سڕینەوەی نامێنێت. پەخشکردنی وێنەیەک یان پارچەفیلمێک بۆ شۆخیکردن لەتەک کەسێکی دیکەدا، لەوانەیە دەرهاویشەی گەورەی هەبێت.

**کۆمپیوتەر – هەڕەشەیە یان دەرفەت؟**

کۆمپیوتەر هەم سوودی گەورەی بۆ کاروباری فێرگە هەیە، هەم هەڕەشە. کەواتە زۆر گرینگە مامۆستا ئاگاداری ئەم بوارە بێت و چالاکانە بەشداری پرۆسەی فراژووتنی بێت، بەتایبەتی بۆ مامۆستای زارۆکی بچووک. مامۆستا دەبێت بەشدار بێت، نەک تەنها لە کڕینی دەستاوێژی دیژیتاڵی فێرکاریدا، بەڵکوو لە دارشتنی بەرنامەی کڕینیشدا. «تابلۆی دیژیتاڵ» هەیە لە کۆمپیوتەر دەبەسترێت و ڕێ دەدات بە مامۆستا بەدەم بزاوتنەوە، فەرمانداریی تابلۆکە بکات. تەنانەت فێرخوازیش دەتوانێت تابلۆی دیژیتاڵ وەک دیمەندەر بۆ پێشاندانی بەرهەمی خۆی بەکاربهێنێت.

---

[194]– فرەمێدیا: Multimedia، فرەدەستاوێژی پەخش، بۆ نموونە تێکست، دەنگ، ڕەنگ، ڤیدیۆ… هتد.

پاژی دەهەم: فراژووتنی زمان و زانیار - ڕێبازێکی تێکبەستە

مرۆڤ، بە تێکبەستنی هەردوو فراژووتنی هەم بابەتی خوێندن و هەم «زمانی زانیاربێژی فێرگە»، زۆر سوودمەند دەبێت. ئەم تێکبەستنە دەرفەت دەداتە فێرخواز لە بەستێنێکی سروشتیدا پەرە بە زمانی خۆی بدات. ڕاستە، جار هەیە سوودی هەیە گەر فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، لە لاوە خەریکی فێربوونی چەند دیاردەیەکی زمانەکە ببن، بەڵام ڕەخساندنی بەستێنی سروشتی لە گرووپی دابڕاودا، کارێکی هاسان نییە. تێکبەستنی فێربوونی بابەتی دیکەی خوێندن و فێربوونی زمانی سوێدییان، کە لای ئەوان زمانی دووهەمە، گرینگترین هۆکاری زمانفێربوون دابین دەکات، ئەویش کاتە.

بەڵام ئەم کارە هەر بەوە تەواو نابێت فێرخوازی سەربە زمانی دیکە لە پۆلدا دانیشن و گوێ لە وانەی ئاسایی بگرن. گەر دۆزی زمان لە پلانڕێژیی وانەدا جێی بۆ تەرخان نەکرابێت، ئەوا مەترسی هەیە فێرخوازی سەربە زمانی دیکە، نە زمانەکە فێر بێت و نە ئەو زانستەی مەبەستە. ئەوسایش مەترسیی هەیە فێرخواز لە پۆلدا خۆی بە شتی دیکەوە خەریک بکات. لەبەر ئەوە گرینگە دۆزی زمان ببێتە بەشێک لە پلانڕێژیی بابەتی نوێ.
Gibbons (2006, p 164-167) ڕوونی دەکاتەوە مامۆستا چۆن سەرنج لەو مەرجانە گیر بکات کە زمانەکین و بابەتی وانەکە داوایان دەکەن و هەروەها توانای فێرخواز لەو مەرجانەدا. Gibbons ڕاڤەی دەکات چۆن مامۆستا دەتوانێت پرسیار بکاتە «لینزی زمان» (چاویلکەی زمان) بۆ پەیبردن بە ڕەهەندی زمانەکی لە بابەتەکەدا. بەشێک لەو پرسیارانەی پێشنیازیان دەکات، ئەمانەن:

- چ مەرجێکی زمانی ئاخافتن لێرەدا هەن؟
- چ ڕاهێنانی گوێڕادێران لێرەدا هەن؟
- کامانە تێکست مەرجن فێرخواز بیانخوێندنەوە؟
- چ جۆرە تێکستی نووسراو دێتە کایەوە؟
- کامە هەڵبەستنی ڕێزمانەکی لەم بابەتی وانەیەدا مەرجە فێرخواز بەکاریان بهێنێت؟
- کامە «وشەخان»[195]ی تایبەت بە بابەتی وانەکە گرینگە فێرخواز هەیبێت بۆ تێگەیشتنی وانەکە؟

پاش ئەوەی ڕوون دەبێتەوە کامە توانای زمانەکی پێویستن بۆ وانەی داهاتوو، مامۆستا دەبێت پەیجۆری بکات دەربارەی ئاستی زاڵبوونی فێرخواز لەو توانا پێویستانەی زمانەکیدا. ئەم پەیجۆرییە بۆ ئەوە نییە ئاستی فێرخواز بە یەکدی بەراورد بکرێن بەڵکوو بۆ پلانڕێژیی وانەیە. Gibbons ئەم پێشنیازانە دەکاتە نموونە بۆ مامۆستا چۆن پەیجۆریی بکات دەربارەی ئاستی زاڵبوونی فێرخواز لە توانای زمانەکیی پێویستدا: سەرنجگیری، ئاخافتن، دەرئەنجام لە ڕاهێنانی جۆراوجۆر و هەروەها خۆهەڵسەنگاندنی فێرخواز خۆیان. ڕاستە مامۆستا ناتوانێت ئەم هەڵسەنگاندنە لە گشت وانەیەکدا بۆ یەکبەیەکی فێرخوازان ئەنجام بدات، بەڵام دەتوانێت بە هاریکاریی مامۆستای زمانی سوێدی دەکرێت توانای زمانەکیی فێرخواز دیاری بکرێت و بەکاربهێنرێت بۆ بەرنامەڕێژیی وانەکە. تەنانەت مامۆستای زمانی دایکزایش لێرەدا دەتوانێت هاریکار بێت و ئاگاداری بدات دەربارەی توانای زمانەکیی فێرخواز لەو بوارەدا و بە زمانی دایکزا و ئەمەیش دەبێتە هاسانکاری. Gibbons (2006, p 167-174) نموونە پێشکەش دەکات بۆ ڕێکخستنی کار بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانای زمانەکیی فێرخواز بەر لە چەرخاندنی وانە.

---

[195]– وشەخان: Vocabulary، گەنجینەی وشە، وشەزانی.

وەها باشە ڕووماڵکردنی زمانزانی گەلدەست بە هاریکاریی چەند مامۆستایەک بێتە ئەنجام، بۆ نموونە دەستەیەکی کار بریتی بێت لە مامۆستای چەند پۆلێکی تەریب، لەتەک مامۆستای زمانی سوێدی و مامۆستای زمانی دایکزا. پاش ئەوەی مامۆستا وێنەیەک پەیدا دەکات دەربارەی ئەو بەرۆکگیریی زمانەکییانەی کاری داهاتوو خەریکیان دەبێت، ئەوجا کاتی پلانڕێژیی ئەو چالاکییانەیە کە پێویستن. Jim Cummins (2000) ئەم سێ بنەما پێداگۆگییە دیاری دەکات بە سەرشار بۆ پلانڕێژیی وانە:

- سەرنجگیری لە نێوەڕۆک
- سەرنجگیری لە زمان
- سەرنجگیری لە بەکارهێنانی زمان

مەبەست لە بنەمای یەکەم، «سەرنجگیری لە نێوەڕۆک»، ئەوەیە مامۆستا بابەتی مەبەست بە شێوەیەکی بەردەرک پێشکەش بکات. کەواتە بۆ فێرخوازی سەربە زمانی دیکە کە هێشتا زمانە سوێدییەکەی نەگەیشتۆتە ئاستی هاوپۆلانی، دەبێت پێشکەشکردنی وانەکە بە شێوەیەکی پتر بەرهەست و هەمەڕەنگ بێت. بەگشتی، ئەو زانستەی سالانی بەرایی دێتە بەرباس لەو جۆرەن کە بە شێوەیەکی بەرهەست پێشکەش دەکرێن. بۆ نموونە باسی پاییز، کێشان و تەرازوو، ئاژەڵی نێو مێرگ... هتد. کە دێتە سەر باسی گەردوون و چاخی بەردین، دیارە باسەکە سەختتر دەبێت.

گەر مامۆستا توانا بێت ئەو زانستە بە شێوازی جودا و بە دەستاوێژی جودا ڕوون بکاتەوە، باسەکە باشتر بەردەرک دەبێت. هەروەها گرینگە مامۆستا ئاگادار بێت لەو دیاردە فەرهەنگی و جڤاکییانەی پەیوەستن بەو بابەتەی پێشکەش دەکرێت. هەڵبەستۆکی زارۆکان، کتێب و چیرۆکی زووتر بیستوویانە و خوێندوویانە نموونەن لەو بابەتانەی دەبێتە مایەی جوداوازیی لە نێوان فێرخوازدا. سەرباری ئەوانەش فەرهەنگی گەلێر هەیە، بۆ نموونە بەرنامەی تیڤی، موزیک و گۆرانیی باو، گۆڤاری نیگاربێژ.[196]

گەر مامۆستا وەها بزانێت گشت فێرخوازان هەر ئەو چێوەی فەرهەنگییەیان هەیە کە مامۆستا خۆی هەیەتی، بۆ نموونە موزیک، تێکستی ئەدەبی و ماسمێدیا، مەترسی زۆرە کە فێرخوازانی سەربە فەرهەنگی دیکە یان پەراوێز بکەون یان بێبەش بن لە زۆر بابەتی گرینگی پێویست بۆ خوێندنەکەیان. لە جڤاکی بەرگۆڕی ئەم ڕۆژگارەماندا، وەها باشە بزانین کە زۆربەی فێرخواز سەربە هەمان چێوەی فەرهەنگیی مامۆستا نین، بگرە چێوەی فەرهەنگیی جوداوازیان هەیە.

نموونەیەک دەهێنمەوە دەربارەی مامۆستا کە وەهای دادەنێت گشت فێرخوازانی سەربە پاشخانێکن بەڵام وەها دەرناچێت. مامۆستای ئەو پۆلەی کچەکەم لێی دەخوێند، داوای لە فێرخوازان کرد بچنەوە ماڵ و پرسیار لە دایەگەورە و باوەگەورەیان بکەن جڤاکی ئەو دەمە چۆن بووە. کچەکەم هاتە ماڵ و پرسیاری کرد چۆن بکات، چونکە دایکوبابی من و دایکوبابی باوکی دانیشتووی دوو هەرێمی جودای وەڵات بوون. لەو پۆلەدا فێرخوازی کۆچهێنی تێدا نەبوو، بەڵام گەر هەبا، ئایا ڕاهێنانی وەهایان چۆن چارەسەر دەکرد؟

نموونەیەکی دیکە ئەو سێ کوڕە کۆچهێنەیە کە Inger Tinglev (2005) لە تۆژینەوەکەیدا باسیان دەکات. مامۆستای سوێدی داوا لە پۆل دەکات پارچە هۆنراوەیەکی خۆیان لایان جوانە، ئامادەی بکەن بۆ سبەی.

---

[196]– گۆڤاری نیگاربێژ: comic magazine گۆڤاری وەها چیرۆک بە نیگارکێشی دەگێڕێتەوە.

کوڕەکان تێگەیشتن کە باس لە هۆنراوەی سوێدییە. هەڵبەت ئەم ڕاهێنانەیان پێ ساز نەکرا و سبەی بەبێ هۆنراوە هاتنە پۆلەوە. گەر مامۆستا گوتبای ئێوەش هۆنراوە بە زمانی خۆتان هەڵبژێرن و خۆتان ئامادە بکە بە سوێدی ڕوونی بکەنەوە، ئەوا ئەمانیش بەشداری ڕاهێنانەکە دەبوون و سوودیش وەردەگیرا لە زانستی زووتریان. لەسەر نەکردن دەبێتە هۆکار بۆ پەراوێزخستنی ئەم کوڕانە بەوەی دەچنەوە ڕیزی پشتەوە و لە نێو خۆیاندا بە زمانی خۆیان دەیکەنە گفتوگۆ و بەوەش هەر خۆیان چالاکانە دەبنە هۆکاری دابڕانیان لە خوێندن.

شێوازێک بۆ وردبوونە لە ئاستی تێگەیشتنی فێرخواز، ئەوەیە داوایان لێ بکەیت بە شێوەی جۆراوجۆر باس لەو بابەتە بکەن کە فێری بوون. دەربڕینی فێرخواز لە فێربوونی خۆی دەشێت بە ئاخافتنی زارەکی بێت، هێڵکاری و نیگارکێشی، یان نمایش بێت.

بنەمای دووهەم کە Cummins دیاری دەکات، «سەرنجگیری لە زمان»، دەڵێت مامۆستا دەبێت ئاگادار بێت لەو ڕەهەندە زمانەکییەی بابەتی وانەکە هەیەتی. فێرخواز، جگە لەوەی دەبێت فێری وشە، دەستەواژە و چەمکی پێویست بن کە بۆ دەربڕینی ئەو زانیارە دێنە بەکارهێنان، دەبێت ئاگاداریش بن لەوەی ئەو زانستە چۆن دێتە دەربڕین. ئەمەش هەر لە ساڵانی بەرایی فێرگەوە داوای مامۆستای وەها دەکات ئاستی باشی هەبێت لەو زانستەی دەگوترێتەوە. کاتێک فێرخواز سەرگەرمی ئەزموونێکن، بۆ نموونە کەلوپەلی داکەوتە[197] و سەرکەوتە،[198] گرینگە دەرفەتیان هەبێت بۆ دەربڕین لەوەی فێری بوون، ئەوجا بە هاریکاریی مامۆستا ئەو شێوازی دەربڕینە فێر ببن کە باوە لە ڕاڤەی سروشتناسیدا. کەواتە لای زارۆکی بچووک، دەبێت دەربڕینی زانست سەرەتا زارەکی بێت و پاشان ڕوو لە نووسین بکات. هەڵبەت داوا لە زارۆکی بچووک ناکرێت ئەزموونامە داڕێژن بەڵام دەکرێت ئاشنا بن بە ڕاپۆرتاندنی لەو بابەتە. دەشێت بۆ نموونە دیاریکردنی سەردێڕ بکەنە دەستپێک، پاشان لیستێک ڕێز بکەن بە کەرەستەی بەکارهاتوو، مەبەستی تۆژینەوەکە ئاشکرا بکەن، چییان کرد و لە کۆتادا گەیشتنە چی. بەم شێوازە زارۆک فێر دەبن زمان بەو جۆرە بکار بهێنن کە دیسکۆرسی سروشتناسی داوای دەکات.

بنەمای سێهەم، «سەرنجگیری لە بەکارهێنانی زمان»، باسی لە بەکارهێنانی زمانە لای فێرخواز خۆی، کە فێرخواز خۆی دەرفەتی هەبێت هەم بۆ دەربڕین لە زانیار و هەم بۆ ئافراندنی زانیار. لێرەدا دیدێکی بەرفرەوان لە زمان دەتوانێت دەرفەت بداتە فێرخواز بۆ ئافراندنی هونەر، هۆنراوە، وێژە و موزیکی پەیوەست بە بابەتی وانەکەوە. لە ئاخافتنی زانیار و فرەواندنی ڕوانگەی زانستانەدا، دەکرێت شێوازی جوانکارانەی فرەجۆر بۆ دەربڕین بێتە بەکارهێنان. بەم جۆرە زمان بە شێوازێکی بەرین لەتەک بابەتی وانەدا دێنە تێکبەستن.

ئەوەی دەبێتە بناخەی ئەو سێ بنەمایە و هەروەها بناخەی تێکبەستنی فراژووتنی زمان و بابەتی وانە، بوونی کارلێکە هەم لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا و هەم لە نێوان فێرخواز خۆیاندا. ئەو یارمەتییەی مامۆستا پێشکەشی دەکات دەبێتە هۆی فرەواندنی ئەو گەنجینەیەی فێرخواز هەیەتی و ڤیگۆتسکی لە بیردۆزەکەی خۆیدا دەربارەی «نێزیکترین زۆنی فراژووتن» ZPD باسی دەکات. فێرخواز بۆ دەربڕین لە زانیار، لە سەرەتادا زمانێک بەکار دەهێنێت ئادگاری زمانی ڕۆژانەی پێوەیە، بەڵام بە یارمەتیی چالاکانەی زمانەکیی مامۆستا لە ماوەی کارەکەدا، فێرخواز فێر دەبێت زمانێک بۆ دەربڕین لەو زانستە نوێیەی خۆی بەکار بهێنێت ڕووی لە «زمانی زانیاربێژ»

---

[197]– داکەوتە: شتێکی ژێر ئاو بکەوێت، پێچەوانەی «سەرکەوتە». سەرچاوە مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەڕە 60، سایتی مامۆستا www.mamosta.net

[198]– سەرکەوتە: شتێکی سەر ئاو بکەوێت، پێچەوانەی «داکەوتە». سەرچاوە مەسعوود محەمەد، «زاراوەسازیی پێوانە»، لاپەڕە 60، سایتی مامۆستا www.mamosta.net

بێت. کەواتە مامۆستا و فێرخواز بە شێوەیەک لە زانیار کۆ دەبنەوە کە فێرخواز خۆی تێگەیشتنی خۆی هەڵبەستێت و هاوکات توانایش پەیدا بکات بۆ دەربڕین لەو زانستە.

Gibbons (2006a) ئەم پرۆسەی فێربوونە وەها ڕاڤە دەکات: فێرخواز دەستپێک لە ڕێی زمانەوە فێری زانست دەبێت، ئەوجا، لەبەر ئەوەی مامۆستا سەرنج لە زمان گیر دەکات، فێرخواز فێری زمان دەبێت، پاشان فێرخواز دەکەوێتەوە سەر فێربوونی زانست لە ڕێی زمانەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە ئاستێکی هەڵکشاوتردا.

لابەرهەمێکی گەش لەم ڕێبازە، کە سوودی بۆ فێرخوازی سەربە یەکەم زمانیش هەیە، ئەوەیە فێرخوازی سەربە زمانی دیکە دەتوانن تێهەڵکیشی کاروباری پۆل ببن بێ ئەوەی دابڕێن لە پرۆسەی فراژووتنی زمانی دووهەم، کە سوێدییە. فێرخوازی سەر بە زمانی دیکە، لە بری ئەوەی لە پۆل دابڕێن و لە پەناوە خەریکی فێربوونی زمانی سوێدی بن، هەر لە پۆلەکەدا فریای بەشێکی بەرینی ئەو فراژووتنە دەکەون.

بەڵام ئەم ڕێبازە مەرجی گرانی هەیە لەسەر مامۆستا و داوای لێ دەکات دەرکی هەبێت بۆ نۆرەی زمان لە فێرکاریدا، داوای لێ دەکات هاریکار بێت لەتەک مامۆستای بابەتی دیکەدا بۆ ڕێکخستنی وانەکە بە شێوەیەک فێرخوازی جێی مەبەست لێی سوودمەند بێت.

هەڵبەست ئاشکرایە کە مامۆستا لە کاروباری خۆیدا بۆی هەیە کەرەستەی هەمەجۆری فێرکاری بەکار بهێنێت، بەڵام گرینگ ئەوەیە مامۆستا، ڕەهەندە زمانەکییەکانی نێو بابەتەکە و هەروەها پێویستییەکانی فێرخواز بکاتە سەرشار بۆ پلانرێژیی وانە و چالاکیی نێو پۆل. کەواتە کاروباری مامۆستا ناشێت بە داڕێژگەی پێشکات بڕیاردە ئاراستە بکرێت.

ئەو تۆژەرانەی دیڤچوونیان هەبووە دەربارەی ئەو مامۆستایانەی فێربوونی زمان و فێربوونی بابەت تێک دەبەستن، نموونەیان پێشان داوە لەوەی چۆن مامۆستا دەتوانێت یارمەتیی فراژووتنی زمانەکیی فێرخواز بکات.
Derewianka (1991) ڕوونی دەکاتەوە مامۆستای ئاوسترالیا چۆن کار لەتەک زارۆکی بچووک دەکەن دەربارەی بابەتی «بەرد» و داوا لە فێرخواز دەکەن نۆرەی «زانستکار» بگرن و بکەونە ڕیشەدۆزی و شرۆڤەکاریی بابەتەکە. Schleppegrell & de Oliveira (2006) بەرهەمی پرۆژەیەکی وانەی مێژوو شرۆڤە دەکەن تێیدا فێرخواز فێری دەربڕین دەبن لە زانستی مێژوو بە زمانێکی زانیاربێژ ئەویش لە ڕێی گفتوگۆی گەلدەستەوە دەربارەی هەم زمان و هەم نێوەڕۆکی کتێبەکانی مێژوو.

Gibbons (2006) تۆژینەوەی هەیە لە کاری مامۆستا چۆن ڕێبەرایەتیی فێرخواز دەکات لە ڕێی چەند ڕیشەدۆزییەک دەربارەی ماگنێت و هاوکات یارمەتییان دەدات بۆ دەربڕین لە ئەنجامی ڕیشەدۆزییەکانی خۆیان لە چێوەی دیسکۆرسێکی سروشتناسانەدا. Kramer-Dahl et al. (2007) شرۆڤەکاریی هەیە دەربارەی کاری مامۆستا لە وانەی جڤاکناسیدا کە هەوڵ دەدات بۆ سەرخستنی دەرکی فێرخواز لە دۆزەکانی سەربە دانیشتوان و هاوکات پەیدۆزی دەکات لە توانایان بۆ دەربڕینی ئەو زانستە. Hammond (2006) تۆژینەوەی هەیە دەربارەی هەوڵی مامۆستا بۆ تێکبەستنی زمان و نێوەڕۆک لە وانەی وێژەدا.

خاڵی هاوبەش لە گشت ئەو تۆژینەوانەدا بریتییە لە تێکبەستنی وانەی پاتەوپاتی زمان لەتەک وانەی بابەت، هەروەها ڕەخساندنی دەرفەتی بەرهەستە بۆ فێرخواز فێر بن باس «لە» زمان بکەن، و فێری نەخشی نووسین بن. فێرخواز، هەنگاو بە هەنگاو، فێر دەبن نۆرەی «زانستکار» بگرن و تێکستی وەها داڕێژن خۆتەیار بێت.

ئەو تۆژینەوانە پێشانیشی دەدەن کە فێرخواز، بەدەم پەرەدان بە توانای دەربڕینی پتر پاتەوپات لە دەرکی خۆیان، پەرەش دەدەن بە دەرکی ڕۆژانەبینی زووتری خۆیان بەرەو دەرکێکی پتر سیستەمبەند و تایبەتمەند. فێرخواز

ڕاستەوخۆ نەچوونە سەر ژانرەکانی زمانی نووسین، بەڵکوو فراژووتنیان پلەپلە و بە یارمەتیی مامۆستا بوو. پاش ئاخافتنەکانی سەرەتا کە فێرخواز دەیبێت لەتەک کەسانی ناسیاردا، دەگەنە بێژاندنەوە کە ژانرەیەکی ئاخافتنی ڕۆژانەیە و فێرخواز باش شارەزایەتی. بێژاندنەوە داوای هونەر دەکات بۆ مەوداگرتن لە نێوەڕۆک، کە مرۆڤ لە دەرکی بەرانبەرەوە بێتە گۆ، باسەکەی ڕاگەیەن بێت، بە زمانێکی پاتەوپات بێتە گۆ.

نۆرەی مامۆستا لە بێژاندنەوەدا بریتییە لە یارمەتیدانی بێژاندن و ئاماژەدان بە دیاردەی زمانەکیی وەها کە بێژاندن لێی سوودمەند دەبێت. بۆ نموونە بەکارهێنانی ئاوەڵکار بۆ دەربڕین لە زنجیرەی کات: «سەرەتا... ئەوجا... پاشان...».

**بەرنامەڕێژیی وانە**

Kramer-Dahl et al. (2007) سیستەمێکی «پۆتان»[199] بەکار دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی دارشتنی وانە لە لایەن مامۆستاوە بە مەبەستی یارمەتیدانی فێرخواز بۆ فراژووتن ڕووەو زانستێکی پتر تایبەتمەند و زمانێکی زێدەتر خۆتەیار. مامۆستا بەدەم کاتەوە ڕاهێنانی دژوارتری دەدایە فێرخواز، هەم لە ڕووی زانستەوە و هەم لە ڕووی زمانەوە. ئەم مۆدێلە لێرەدا پێشان دەدرێت بەرهەمی ئەو تۆژەرانەی کردۆتە سەرشار بۆ پێشاندنی بەرنامەڕێژیی وانە لە زارۆخانە و ساڵانیی بەرایی فێرگەدا بە مەبەستی سەرخستنی هەم زمانزانی و هەم بابەتزانیی فێرخواز. کەواتە ئەم مۆدێلە نموونەیەکی دیکەی تازەیە سەرچاوە لە مۆدێلی Kramer-Dahl et al. دەگرێت، نەک هەمان مۆدێل.

تەوەری ئاسۆبار، تەوەری-x، فراژووتنی زمان پێشان دەدات لە ئاستێکی ساکارەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر. تەوەری ستوونبار، تەوەری-y، فراژووتنی زانستی بابەت پێشان دەدات لە ساناوە بۆ ئاڵۆز. مامۆستا بۆ یارمەتیدانی فراژووتنی هەم زمان و هەم زانستی فێرخواز، وانبێژییەکەی خۆی وەها بەرنامەڕێژ دەکات لە گۆشەی دەستەڕاستی خوارەوە (1A) دەستپێ بکات و ئەوجا هەنگاو بە هەنگاو، بە ڕاهێنانی هەمەجۆر، بەرۆکگیرییەکان زیاد بکات ڕووەو گۆشەی دەستەچەپی سەرەوە (3D). هەر بۆ ئەوەی مۆدێلەکە ڕوونتر بێت، فراژووتنی زمان بە پیتی A-D و فراژووتنی زانستیش لە 1-3، لە ساکار و بەرهەستەوە بۆ ئاڵۆز نیشانە کراون.

دەکرێت شێوازی ئەم مۆدێلە بەراورد بکەین بە سیستەمتی پۆتانی Cummins (بڕوانە پاژی پێنجەم) کە تێیدا فراژووتنی زمانی دووهەم لە ساکار و بەرهەستەوە هەڵدەکشێت بۆ ئاڵۆز و دەرهەست. لە فێرکردنی فێرخوازی سەربە زمانی دیکە گرینگە مامۆستا لە سەرەتادا جەخت بخاتە سەر هەڵکشان بۆ ئاستێکی باشی زانستی و مەرجی زمانەکی سووکتر بکات.

دەیسا پلانی وانە دەشێت لە خانەی 1A وە دەست پێبکات و بچێتە 1B & 1C و پاشان هەڵکشێت بۆ 2A, 2B & 2C و... هتد. بەو جۆرە پلانەکە ڕەوتێکی لەم بابەتەی لێ ساز دەبێت:

- 1A - بیرۆکەبارانە
- 1B - بێژاندنەوە

[199]- پۆتان: Coordinate system، سیستەم یان تەوەری پۆتان، سیستەمێکە بۆ دیاریکردنی شوێنی خاڵێکی تایبەت بە یارمەتیی چەند تەوەرێکی یەکتربڕ، ژمارەی تەوەرەکان وابەستەی ژمارەی ڕەهەندەکانی سیستەمەکەیە.

- 1C – گوتوبێژ

- 2A – وروژاندنی پرسیاری نوێ
- 2B – بێژاندنەوە
- 2C – ئەنجامی نوێی پەیوەندی بە باسی زووتر

- 3A – وروژاندنی پرسیاری نوێ
- 3B – بێژاندنەوە
- 3C – گردکردنەوەی ئەنجامەکان
- 3D – پێشکەشکارییەکی فەرمی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 3<br>دژوەستان هەیە لە نێوان سەرچاوەکاندا،<br>زانینی پسپۆرانە بەرانبەر دیاردەی ڕۆژانە،<br>گشتاندنی زانیار | A3<br>پرسیاری نوێ | B3<br>بێژاندنەوە بە یارمەتیی مامۆستا | C3<br>گردکردنەوەی ئەنجام، پلانرێژیی ڕاپۆرتاندن و پێشکەشکاری | D3<br>پێشکەشکاریی فەرمی بە تێکست، وێنە و شێوازی دیکەی ڕاگەین |
| 2<br>سەرچاوەی فرەجۆری زانیار | A2<br>ورووژاندنی پرسیاری نوێ، ئاخافتن دەربارەی چۆنەتیی بەرسڤ، داڕشتنی شێوازی کار | B2<br>بێژاندنەوە بە یارمەتیی مامۆستا | C2<br>ئەنجامی نوێ دەبەسترێنەوە بە ئەنجامی زووترەوە | |
| 1<br>سەرچاوەی تاکوتەرای زانیار | A1<br>بیرۆکەبارانە لە گرووپدا | B1<br>بێژاندنەوە بە یارمەتیی مامۆستا | C1<br>گوتوبێژ دەربارەی ئەو دۆزانەی دێنە ئاراوە | |
| | A<br>بەستێنبەند، نافەرمی لە گرووپی بچووکدا | B<br>خۆتەیار، گوتاری فەرمی، ڕاپۆرت لە بەرانبەر پۆلدا و بە هاریکاریی مامۆستا | C<br>گوتاری خۆتەیار، ڕوانگەی فرەجۆر | D<br>داڕشتنی تێکستی فەرمی، بە نووسین، گوتار، وێنە و... هتد. |

ماموٚستا لە ڕێی ئەم پلانەوە ڕێنوێنیی فراژووتن دەکات لە ئاستێکی بەرهەستەوە بوٚ ئاستێکی دەرهەست، لە پرسیاری دیاریکراوەوە بوٚ گشتاندن و لە ساختارێکی زمانەکی ڕوٚژانەوە بوٚ زمانێکی پتر زانیاربێژی پاتەوپات، کە هەم زمانی فەرمیی ئاخافتن و نووسین دەگرێتەوە، هەم دەستاوێژی دیکەی دەربڕین، بوٚ نموونە وێنە، موزیک و دراما. هەنگاوەکانی بەرایی وەها باشە لە «گرووپی زمان»ـدا پیادە بکرێن بوٚ ئەوەی فێرخوازی دیکەش کە سەر بەو زمانەن، بەشداری بیروٚکەبارانەکە ببن. دەشکرێت فێرخواز بەشداری دوو گرووپ ببن: «گرووپی بنەما» و «گرووپی شارەزایان». لە گرووپی جوٚراوجوٚری شارەزایاندا خەریکی توٚژینەوەی جوٚراوجوٚر دەبن و پاشان دەگەڕێنەوە بوٚ گرووپی بنەما و باس لەو زانستە بوٚ فێرخوازانی دیکە دەکەن کە لە گرووپی شارەزایاندا پەیدایان کردووە.

ئەم شێوازی کارە دەرفەتی خوٚڕسک دەداتە فێرخواز بوٚ دەربڕین لەو زانستەی پەیدای کردووە. لەتەک گشت هەڵکشانێکی مەرجی زانستی، واتە لەتەک هەر هەنگاوێک بوٚ هەڵکشان بە تەوەری ستوونی زانیاردا، لە زماندا دەگەڕێینەوە بوٚ ڕاهێنانی ساکار و لەوێوە هەڵدەکشێین بوٚ ئاستی زمانەکیی بەرزتر. بوٚ زاروٚکی بچووکی زاروٚخانە و سالانی بەرایی فێرگە، لەوانەیە وەها باش بێت کار تەنها بە چەند هەنگاوێک بکەین. بەلام ماموٚستای پوٚلی بەرزتر دەتوانن گشت هەنگاوەکان پیادە بکەن. ئەم کارەش داوای تەرخانکردنی کاتی تەواو دەکات بوٚ هەر مژارێک (تێما، بابەتی خوێندن). هەر مژارێک، لانیکەم چەند هەفتەیەکی پێویستە بوٚ بزاوتن لە 1A بوٚ 3D، لەوانەیشە چەند مانگێک. لە ڕێی تێکبەستنی بابەتی جوداوازەوە، نە تەنها بابەت و زمان بەڵکوو لەتەک ئەوانیشدا بابەتی جودا، بە هونەریشەوە، دەتوانین بەشێکی زوٚری خوێندنەکە بەرەو یەک مژار ئاڕاستە بکەین.

بوٚ فێرخوازی سەربە زمانی دیکە کە هێشتا زمانی سوێدییەکەی زوٚر باش نییە، هاریکاریی ماموٚستای زمانی دایکزا، لەم بوارەدا زوٚر گرینگە. بوٚ گەیشتنی فێرخوازی لەو جوٚرە بە ئاستی زانستیی پێویست، لەوانەیە وەها باش بێت ژمارەی بابەتەکان کەم بکرێت بەلام بێ کەمکردنەوەی قووڵی خوێندنەکە. واتە نەخت و پوخت، کاری تەواو لەسەر چەند بابەتێکی کەم بکرێت باشترە لە کاری نیوەچڵ لە زوٚر بابەتدا. خاڵی گەش بوٚ فراژووتنی هەم زمان و هەم زانست لای فێرخواز، ڕێک گەیشتنی فێرخوازە بەو ئاستانەی مەرجی زانستییان هەیە و بەروٚکگیریی تێدا دەبینن.

«...»

## سەرچاوە

Abrahamsson, Tua & Bergman, Tua (red.) (2008). Tankarna springer före. Att bedöma ett andraspråk i utredning, Stockholm: Stockholm universitets förlag.

Au, Katheryn; H. & Asam, Claire, L. (1981). Effective literacy instruction: Findings of the Kamehameha elementary education program. I: Flood James, L, Heath, Shirley, B. & Lapp, Diane (red.) Handbook of Research on Teaching Literacy Through the Communicative and Visual Arts. New York: Macmillan Library reference USA, s. 688-693.

Axelsson, Monica (2004). Skolframgång och tvåspråkig utbildning. I: Hyltenstam, Kenneth & Lindberg, Inger (red.) Svenska som andraspråk - i forskning, undervisning och samhälle, Lund: Studentlitteratur, s. 503-537.

Axelsson, Monica (2005). Litteracitetsutveckling i Stockholms flerspråkiga forskolor. I: Axelsson, Monica, Rosander, Carin & Sellgren, Mariana, (red.) Stärkta trådar Flerspråkiga barn och elever utvecklar språk, litteracitet och kunskap. Stockholm: Rinkeby språkforskningsinstitut.

Axelsson, Monica, Rosander, Carin & Sellgren, Mariana (red.) Stärkta trådar - flerspråkiga barn och elever utvecklar språk, litteracitet och kunskap. Stockholm: Rinkeby språkforsknings institut.

Bachman, Lyle, F. & Palmer, Adrian, F. (1996). Language Testing in Practice. Designing and Developing Useful Language Tests. Oxford: Oxford University Press.

Baker, Colin (2001). Foundations of Bilingual Education and Bilingualism. Clevedon: Multilingual matters.

Barton, David (2001). Literacy in everyday contexts. I: Verhoeven, Ludo & Snow, Catherine (red.) Literacy and Motivation. Reading Engagement in Individuals and Groups, London: Lawrence Erlbaum associates. Publishers.

Barton, David & Hamilton, Mary (1998). Local Literacies. Reading and Writing In one Community. London: Routledge.

Barton, David, Hamilton, Mary & Ivanic, Roz (red.) (2000). Situated Literacies, Reading and Writing in Context. London: Routledge.

Baynam, Mike (1993). Literacy in TESOL and ABE: Exploring common themes. Open letter, 2:2, s. 4-16.

Bergman, Britta & Nilsson, Anna-Lena (1999). Teckenspråket. I: Hyltenstam, Kenneth (red.) Sveriges sju inhemska språk. Ett minoritetsspråksperspektiv. Lund: Studentlitteratur, s. 329-351.

Bergman, Pirkko; Sjöqvist, Lena; Bülow, Kerstin & Ljung, Birgitta (1992). Två flugor i en small. Att lära på sitt andra språk. Stockholm: Liber.

Björklund, Elisabeth (2008). Att erövra litteracitet. Små barns kommunikativa möten med berättande, bilder, text och tecken i forskolan. Göteborg: Acta Gothoburgensis.

Bästa språket. En samlad svensk språkpolitik (2005). Regeringens skrivelse 2005/06:2.

Cazden, Courtney (2001/1988). Classroom Discourse. The Language of Teaching and Learning. Portsmouth: Heinemann.

Celîzade, Mesûd Muhemmed. Saytî Mamosta, www.mamosta.net:

- *Zarawesazîy pêwane* - http://mamosta.net/Kteeb/Kteebi_PDF/ZarawesaziyPeewane.pdf
- *Mirov û dewruber* - http://mamosta.net/Kteeb/Kteebi_PDF/Mirov_u_Dewruber.pdf

Chomsky, Noam (1959). Review of "Verbal Behavior" by B. F. Skinner. Language, 35, s. 26-58.

Christie, Francis (2005). Language education in the Primary Years. Australia: University of New South Wales Press Ltd.

Cummins, Jim (1979). Cognitive/academic language proficiency, linguistic interdependence, the optimum age question and some other matters. Working Papers on Bilingualism, 19, s. 121-129.

Cummins, Jim (1996). Negotiating Identities. Education for Empowerment in a Diverse Society. Ontario: California Association for Bilingual education.

Cummins, Jim (2000). Language, Power and Pedagogy. Bilingual Children in the Crossfire. Clevedon: Multilingual Matters Ltd.

Cummins, Jim (2006). Identity texts: The imaginative construction of self through multiliteracies pedagogy. I: Garcia, Ofelia, Skutnabb-Kangas, Tove & Torres-Guzman, Maria, E. (red.) Imaging Multilingual Schools. Languages in Education and Glocalization. Clevedon: Multilingual Matters, s. 51-68.

Deen, Jeanine; Hajer, Maaike & Koole, Tom (red.) (2008). Interaction in Two Multicultural Mathematics Classrooms: Mechanisms of Inclusion and Exclusion. Amsterdam: Aksant.

Derewianka, Beverly (2004). Rocks in the head. Children and the language of geology. I: Carter, Ronald (red.) Knowledge about Language and the Curriculum. London: Hodder & Stoughton, s. 197-215.

Dyson, Anne, H. (1993). Social Worlds of Children Learning to Write in an Urban Primary School. New York: Teachers College, Columbia University.

Dyson, Anne, H. (1997). Writing Superheroes. Contemporary Childhood, Popular Culture, and Classroom Literacy. New York: Teachers College, Columbia University.

Dysthe, Olga; Hertzberg, Frøydis & Løkensgard, Hoel Torlaug (2002). Skriva för att lära. Skrivande i högre utbildning. Lund: Studentlitteratur.

Edfeldt, Åke (1982). LUS. Läsprocessen, grundbok om läsforskning. Stockholm: Liber utbildningsförlag.

Edling, Agnes (2006). Abstraction and Authority in Textbooks. The textual paths towards specialized language. Uppsala: Acta Universitatis Upsaliensis.

Van Eerde, Dolly & Hajer, Maaike (2008). The integration of mathematics and language learning in multiethnic schools. I: Cesar, M. & Kumpulainen, K. (red.) Social Interaction in Multicultural Settings, s. 269-295.

Ellis, Rod (1985). Classroom Second Language Development A Study of Classroom Interaction and Language Acquisition. Oxford: Pergamon.

Ewald, Annette (2007). Läskulturer, elever och Ititeraturläsning i grundskolans mellanår. Malmö: Malmö högskola.

Fasth, Carina (2007). Sju barn lär sig läsa och skriva. Familjeliv och populärkultur i möte med förskola och skola. Uppsala: Acta Universitatis Upsaliensis.

Folkeryd, Jenny (2006), Writing with an Attitude. Appraisal and Students texts in The School Subject of Swedish. Uppsala: Acta Universitatis Upsaliensis.

Fox, Mem (2001). Läsa högt. En bok om högläsningens förtrollande verkan. Ystad: Kabusa Böcker.

Ganuza, Natalia (2008). Syntactic Variation in the Swedish of Adolescents in Multilingual Urban Settings. Subject-verb order in declaratives, questions and Subordinate clauses. Stockholm: Stockholm University.

Garcia, Ofelia, Skutnabb-Kangas, Tove & Torres-Guzman, Maria, E. (red.) (2006), Imagining Multilingual Schools. Languages in Education and Glocalization. Clevedon: Multilingual Matters.

Gee, James, P. (1996). Social Linguistics and Literacies. Ideology in Discourses. London: Routledge Falmer.

af Geijerstam, Åsa (2006). Att skriva i naturorienterade ämnen i skolan. Uppsala: Acta Universitatis Upsaliensis.

Gibbons, Pauline (2006). Stärk språket, stark lärandet. Språk-och Kunskapsutvecklande arbetssätt för och med andraspråkselever i klassrummet. Uppsala: Hallgren & Fallgren.

Gibbons, Pauline (2008). ”It was taught good and I learned a lot”: Intellectual Practices and ESL learners in the middle years. Australian Journal of Language and Literacy, 31:2, s. 155-173.

Gustavsson, Lennart (1988). Language Taught and Language Used. Dialogue Processes in Dyadic Lessons of Swedish as a Second Language Compared with Non-didactic Conversations. Linköping: TEMA Communication Studies, University of Linköping.

György-Ullholm, Kamilla (2010). Flerspråkighet, enspråkighet och etnisk identitet, I: Musk, Nigel & Wedin, Åsa (red.) Flerspråkighet, identitet och lärande. Skola i ett föränderligt samhälle. Lund: Studentlitteratur.

Hagberg-Persson, Barbro (2006). Barns mångfaldiga språkresurser i skolan. Uppsala: Skrifter utgivna vid Uppsala universitet.

Hagtvet, Bente, E. (2002). Skriftspråksutveckling genom lek. Hur skriftspråket kan Stimuleras i förskoleåldern. Stockholm: Natur och Kultur.

Halliday, M. A. K. (1993). Towards a language-based theory of learning. Linguistics and Education, 5, s. 93-116.

Halliday, M. A. K. (2004). An Introduction to Functional Grammar. 3:e utgåvan. Reviderad av Matthiessen, C. M. I. M. London: Hodder Arnold.

Hammond, Jennifer (2006). High challenge, high support. Integrating language and content instruction for diverse learners in an English literature classroom. Journal of English for Academic Purposes, 5, s. 269-283.

Hansegård, Nils, E. (1968). Tvåspråkighet eller halvspråkighet? Stockholm: Bonniers.

Hatch, Evelyn, M. (1979). Discourse analysis and Second Language Acquisition. I: Hatch, Evelyn, M, (red.) Second Language Acquisition. A book of readings. Rowley, Mass. Newbury House, s. 401-435.

Heath, Shirley, B. (1983). Ways with Words: Language Life and Work in Communities and Classrooms. Cambridge: Cambridge University Press.

Helot, Christine & Young, Andrea (2006). Imaging multilingual education in France. A language and cultural awareness project at primary level. I: Garcia, Ofelia; Skutnabb-Kangas, Tove & Torres Guzman, Maria, E. (red.) Imaging Multilingual Schools. Languages in Education and Glocalization. Clevedon: Multilingual Matters, s. 69-90.

Hyltenstam, Kenneth & Tuomela, Veli (1996). Hemspråksundervisningen. I: Hyltenstam, Kenneth (red.) Tvåspråkighet med förhinder? Invandrar- och Minoritetsundervisning i Sverige. Lund: Studentlitteratur, s. 9-109.

Håkansson, Gisela (1995). Yla som vargar tala som folk. Om djurens och Människornas kommunikation. Stockholm: Liber.

Isling, Åke (1991). Från Luther till LTG. I: Malmgren, G. & Thavenius, J. (red.) Svenskämnet i förvandling. Historiska perspektiv – aktuella utmaningar. Lund: Studentlitteratur, s. 140-157.

Johansson i Backe, Kerstin (2003). Som om jag inte fanns. Stockholm: Rabén & Sjögren.

Johansson, Ken & Hayes, Debra (2008). "This is as good as it gets ":Classroom lessons and learning in challenging circumstances. Australian Journal of Language and Literacy, 31:2, s. 109-117.

Jönsson, Karin (2007). Litteraturarbetets möjligheter. En studie av barns läsning i årskurs F-3. Malmö: Malmö högskola.

Kjertmann, Kjell (1999). Skriftsprog och skolestart. En effektsundersögelse i to klasser af en sammenhaengen mellem förskolepaedagogik och laese- och skriveudvikling i skolestarten. Danmark: Sprogpaedagogisk Skriftserie 1 årg 1 nr 1.

Kramer-Dahl, Anneliese, Teo, Peter & Chia, Alexius (2007). Supporting knowledge construction and literate talk in secondary school studies. Linguistics and Education, 18:2, s. 167-199.

Krashen, Stephen, D. (1982). Principles and Practice in Second Language Acquisition. Oxford: Pergamon.

Lainio, Jarmo (1999). Språk, genetik och geografi – om kontinuitetsproblematiken och debatten om finska som minoritetsspråk. I: Hyltenstam, Kenneth (red.) Sveriges sju inhemska språk. Lund: Studentlitteratur, s. 138-204.

Leimar, Ulrika (1976). Läsning på talets grund. Läsinlärning som bygger på barnets eget språk. Lund: Liber Läromedel.

Liberg, Caroline (2006). Hur barn lär sig läsa och skriva. Lund: Studentlitteratur.

Lindberg, Inger (1995). Referential Choice in Swedish Narrative Discourse. I: Scandinavian working Papers on Bilingualism (SWPB) nr 10, Centrum för tvåspråkighetsforskning, Stockholms universitet, s. 1-104.

Lindberg, Inger (2004). Samtal och interaktion. Ett andraspråksperspektiv. 1: Hyltenstam, Kenneth & Lindberg, Inger (red.) Svenska som andraspråk. I forskning, undervisning och samhälle. Lund: Studentlitteratur, s. 461-497.

Lindbladh, S. & Sahlström, F. (red.) (2001). Interaktion i pedagogiska Sammanhang. Stockholm: Liber.

Lundberg, Ingvar & Frost, Jørgen (red.) (1988). Om Sproglig opmærksomhed. Hvidbog fra Fredensborg-konferencen 8-10 oktober 1987.

Macken-Horarick, Mary (1996). Literacy and learning across the curriculum. Towards a model of register for secondary school teachers. I: Hasan, Ruqaiya & Williams, Geoffrey (red.) Literacy in Society New York: Addison Wesley, Longman, s. 232-278.

Marainen, Johannes (2007). Jag – en same i det svenska samhället. I: Westergren, Eva & Åhl, Hans (red.) Mer än ett språk. Antologi om flerspråkigheten i norra Sverige, Stockholm: Norstedts akademiska förlag.

Mehan, Heugh (1979). Learning Lessons, Social Organization in the Classroom, Cambridge: Harvard University Press.

Mål i mun, Förslag till handlingsprogram för svenskaspråket (2002), Kommittén för svenska språket. Stockholm: Fritzes offentliga publikationer.

Naucler, Kerstin (2000): ”... sen blev det svårare och svårare”. Om turkiska och svenska barns socialisation inför skolstarten och deras läsförståelse i år 4. 1: Åhl, Hans (red.) Svenskan i tiden. Verklighet och visioner Stockholm: Nationellt Centrum. HLS Förlag, s. 225-243.

Nya språk lyfter (2008). Stockholm: Skolverket.

Ogulnick, Karen (2006). Popular education and language rights in indigenous Mayan communities. Emergence of new social actors and gendered voices. I: Garcia, Ofelia, Skutnabb-Kangas, Tove & Torres-Guzman, Maria, E. (red.) Imaging Multilingual Schools, Languages in Education and Glocalization, Clevedon: Multilingual Matters.

Philips, Susan, U. (1993). The Invisible Culture, Communication in Classrooms and Community on the Warm Springs Indian Reservation, Illinois: Waveland Press, Inc.

Schieffelin, Bambi, B. & Ochs, Elinor (1986). Language Socialization Across Cultures, Cambridge: Cambridge University Press.

Schleppegrell, Mary, J. (2001). Linguistic features of the language of schooling. Linguistics and Education, 12:4, s. 431-459.

Schleppegrell, Mary, J. (2004). The Language of Schooling A Functional Linguistics Perspective, London: Lawrence Erlbaum Associates, Publishers.

Schleppegrell, Mary, J. & Oliveira, Luciana C. (2006). An integrated language and content approach for history teachers. Journal of English for Academic Purposes, 2006:5. London: Elsevier, s. 254-268.

Sinclair, John, McH. & Coulthard, Malcolm, R. (1975). Towards and Analysis of Discourse. The English Used by Teachers and Pupils, London: Oxford University Press.

Slotte-Lüttge, Anna (2005). Ja vet int va de heter på svenska. Interaktion mellan tvåspråkiga elever och deras lärare i en enspråkig klassrumsdiskurs, Åbo: Åbo akademisförlag.

Snow, Catherine (1977). The development of conversation between mothers and babies. Journal of Child Language, 4:1, s. 1-22.

Street, Brian, V. (1984). Literacy in Theory and Practise, Cambridge: Cambridge University Press.

Street, Brian, V. (red.) (1993). Cross-cultural Approaches to Literacy. Cambridge: Cambridge University Press.

Street, Brian, V. (1995). Social Literacies Critical Approaches to Literacy in Development, Ethnography and Education. New York: Longman Publishing.

Communicative Competence: Some roles of Comprehensible Input and Comprehensible Output in its Development. I: Gass, Susan, M. & Madden, Carolyn, G. (red.) Input in Second Language Acquisition. Rowley, Mass: Newbury House Publishers, s. 235-256.

Säljö, Roger (2000). Lärande i praktiken. Ett sociokulturellt perspektiv. Stockholm: Prisma.

Säljö, Roger (2005). Lärande och kulturella redskap. Om lärprocesser och det kollektiva minnet. Stockholm: Norstedts akademiska förlag.

Söderberg, Margareta (2002). Interaktion i språkbadsdaghem. Vasa: Universitatis Wasaensia.

Söderbergh, Ragnhild (1988), Barnets tidiga språkutveckling. Malmö: Gleerups.

Teleman, Ulf (1979). Språkrätt Lund: Liber Läromedel.

Teleman, Ulf (1991). Lära svenska. Om språkbruk och modersmålsundervisning Stockholm: Almqvist & Wiksell.

Thomas, Wayne, & Collier, Virginia (1997). School Effectiveness for Language Minority Students. NCBE Resource Collection Series, No. 9, George Washington University, http://www.ncbe.gwu.edu/ncbepubs/resource/effectiveness.

Thomas, Wayne & Collier, Virginia (2002). Reforming educational policies for English language learners means better schools for all. The State Education Standard, 3:1. (The quarterly journal of the National association of State Boards of Education, Alexandria, Virginia).

Tinglev, Inger (2005). Inkludering i svårigheter: Tre timplanebefriade skolors svenskundervisning. Umeå: Umeå universitet.

Trageton, Arne (2005). Att skriva sig till läsning. IKT i förskoleklass och skola. Stockholm: Liber.

Tvingstedt, Anna-Lena (1993). Sociala betingelser för hörselskadade elever i vanliga klasser. Stockholm: Almqvist & Wiksell.

Tvingstedt, Anna-Lena, Preisler, Gunilla& Ahlström Margareta (1999). Cochleaimplantat på barn: en psykosocial uppföljningsstudie. Malmö: Malmö högskola.

Wagner, Daniel, A. (1990). Literacy in a Global Perspective. I: Lundberg, Ingvar & Høien, Torleiv (red.) Literacy in a world of Change. Stavanger: Centre for reading research.

Watson-Gegeo, Karen-Anne (1992). Thick explanation in the ethnographic study of child socialization. A longitudinal study of the problem of schooling for Kwara'ae (Solomon Islands) children. New Directions for Child Development, 58, s. 51-66.

Wedin, Åsa (2004). Literacy Practices in and out of School in Karagwe, The Case of Primary School Literacy Education in Rural Tanzania. Doktorsavhandling, Stockholm: Centre for research on Bilingualism, Stockholms universitet.

Wedin, Åsa (2009). Monologen som en resurs i klassrummet. Pedagogisk forskning i Sverige, 13:4, s. 241-256.

Wedin, Åsa (2010), A restricted curriculum for second language learners – a self-fulfilling teacher strategy? Language and Education, 24:3, s. 171-184.

Wedin, Åsa (2011). Utveckling av tal och skriftspråk hos andraspråkselever i skolans tidigare år. Didaktisk tidskrift, 20:2, s. 95-118.

Vesteraas Danbolt, Ann-Marit & Iversen Kulbrandstad, Lise (2008). Klasseromskulturer for språklcering. Didaktisk fornying i den flerkulturelle skolen. Oslo: Oplandske Bokförlag.

Westergren, Eva & Åhl, Hans (red.) (2007). Mer än ett språk: en antologi om flerspråkigheten i norra Sverige. Stockholm: Norstedts akademiska förlag.

Viberg, Åke (1993). Andraspråksinlärning i olika åldrar. I: Ceru, Eva (red.) Svenska som andraspråk. Mera om språket och inlärningen. Lärarbok2. Stockholm: W & K Utbildningsradion, s. 13-83.

Wittenstam, Rune, Nordling, Erik, Fröroth Marianne & Fröroth, Rune (2002). Vida varlden3. Stockholm: Almqvist & Wiksell.

Wong-Fillmore Lily & Snow, Catherine (2000). What Teachers Need to Know About Language. Clearinghouse on Languages and Linguistics. Special Report.

Värna språken. Förslag till språklag (2008). Språklagsutredningen. Stockholm: Fritzes.

«...»